حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتیی زانکۆی ڕاپەڕین

کۆلێژی پەروەردە

بەشی زمانی کوردی


# لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان

نامەیەکە

**محمد قادر محمدامین**

پێشکەشی کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی ڕاپەڕینی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

**سەرپەرشت**

**پ.ی.د. شیروان حسین حمد**

**٢٠٢١ی زاینی** **٢٠٧٢١ی کوردی**

# بەڵێننامە

من کە ناو و واژووم لە خوارەوە هاتووە، بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی(**لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان**)، هەمووی کاری ڕەسەنی خۆمە، جگە لەو شوێنانەی ئاماژەم پێکردون، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی ماستەرنامەکە کاری سەربەخۆی خۆمە، بە چاودێری سەرپەرشتی نامەکەم. پێشتر ئەم نامەیەم بڵاو نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ لایەنێکم نەکردوە، بۆ ئەوەی بڕوانامەی پێوەربگرم، هەروەها پابەندم بەوەی ئەگەر لە شوێنێک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکە نەدابێت.

واژوو

ناوی خوێندکار/ محمد قادر محمدامین

ڕێکەوت: / /٢٠٢١

---

من کە ناوو واژووم لە خوارەوە هاتووە، پشتگیری ئەوە دەکەم، کە ئەم ماستەرنامەیە لە ژێر چاودێری من لە کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ ئامادەکراوە و نوسراوە، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر، لە زمانی کوردیدا. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی گفتوگۆ بکرێت.

واژوو

سەرپەرشت: پ.ی.د. شیروان حسین حمد

ڕێکەوت: / /٢٠٢١

مــن كە نــاو و واژووم لە خــوارەوە هــاتووە، پشــتگیری ئەوە دەکەم، کە ئەم ماســتەرنامەیە هەمــوو پێویستییەکانی جێبەجێکراوە، هەروەها پاڵپشت بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتی نامەکە، من ئەم ماستەرنامەیە بۆ لیژنەی گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو

پ.ی.د سەرکەوت عومەر ئیبراهیم

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت: / /٢٠٢١

من کە ناو واژووم لە خوارەوە هاتووە، پشتگیری ئەوە دەکەم، کە هەموو پێویستییەکانی ئەم ماستەر نامەیە جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم ئەم نامە بەم شێوەیە بۆ لیژنەی گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو

خالد قوربانی حمە

بەرپرسی هۆبەی خوێندنی باڵا/کۆلێژی پەروەردە قەڵادزێ

ڕێکەوت: / /٢٠٢١

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن

ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم ماستەر نامەیەمان بە ناونیشانی(**لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان**)، کە لەلایەن خوێندکار (محمد قادر محمدامین) پێشکەشکراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە زمانی کوردیدا خوێندەوە، هەروەها لەگەڵ خوێندکارەکە، دەربارەی ناوەڕۆکی نامەکە و لایەنەکانی تر گفتوگۆمان کرد، بڕیارماندا بە پەسەندکردنی نامەکە بە پلەی(            ) وپێدانی بڕوانامەی (ماستەر) لە زمانی کوردیدا.

واژوو
ناو: پ.د. شهاب طیب طاهر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوتی/  /  / ٢٠٢١

واژوو
ناو: پ.د. شیلان عمر حسین
ئەندام
ڕێکەوتی/  /  / ٢٠٢١

واژوو
ناو: پ.ی.د. دلێر صادق کانبی
ئەندام
ڕێکەوتی/  /  / ٢٠٢١

واژوو
ناو: پ.ی.د شیروان حسین حمد
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوتی/  /  / ٢٠٢١

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین پەسەند کرا.

واژوو
ناو/ د. هیوا مینە محمود
ڕاگری کۆلێژی پەروەردە
ڕێکەوتی/  /  / ٢٠٢١

# پێشکەش

## ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- گڵکۆی باوکم.
- دایکم و برا و خوشکەکانم.
- هاوسەر و منداڵەکانم.
- هەموو هاوڕێ و ئازیزانم.
- ئەوانەی زمانی کوردییان خۆشدەوێت و خزمەتی دەکەن.

# سوپاس و پێزانین

بەر لە هەمووکەس سوپاس و ستایش بۆ یەزدانی مەزن، کە ئەم دەرفەتەی پێدام.

- سوپاسی دایکی خۆشەویستم دەکەم، گەیشتنم بە ئەمڕۆ بەهی ئەو دەزانم.
- سوپاسی هاوسەرم (م. ڕاژان) و جگەرگۆشەکانم (لیا، ئۆسا، ئاسا) دەکەم، چونکە لە کاتی زێڕینی ئەوانم گرت و لەو ماوەیەدا نەمتوانی وەک پێویست چاودێرییان بکەم.
- سوپاسی هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەم، کە لە ئەلفوبێیەکەی ئەمین باڵدارەوە، تا ئەمڕۆ وانەیان پێگوتووم.
- سوپاسی هەموو ئەو دۆست و هاوڕێیانە دەکەم، کە لە پێدانی سەرچاوە بێبەشیان نەکردووم.
- سوپاسی هەردوو بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، دەکەم، کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندین.

# لیستی هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| [ ] | نیشانەی سیمای واتایی |
| + | پۆزەتیڤ/ ئەرێ |
| – | نێگەتیڤ/ نەرێ |
| ± | سیمای دوانەیی |
| * | نارێزمانی/ بێ واتا/ نالۆژیکی |
| = | هاوواتا |
| × | دژواتا |
| ⟷ | بەرانبەری واتایی |
| ⟵ | دەبێتە/ بریتییە لە |
| / / | نیشانەیە بۆ قاڵبی بڕگە |
| /– / | مۆرفیم/ پێشگر |
| / –/ | مۆرفیم/ پاشگر |
| ... | هی تریش |
| ب.گ | بەرهەمهێنان و گوێزانەوە |
| GB | دەسەڵات و بەستنەوە |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Economical | ئابوریی |
| Member Collection | ئەندام وشەیی |
| | بـ |
| Syllabic | بڕگەیی |
| Basic | بناغەیی |
| Obligatory | بە خورتی |
| Opposition | بەرانبەری |
| Ungradable | بێ پلە |
| Thesis | بیردۆز/خۆیەتی |
| | پـ |
| Lexical Paradigm | پاڕادایمی فەرهەنگی |
| Partonymy | پارەوانی |
| Paradigmatic relation | پەیوەندیی ستوونی |
| Lexical relation | پەیوەندیی فەرهەنگی |
| Syntagmatic relation | پەیوەندیی ئاسۆیی |
| Semantic relation | پەیوەندیی واتایی |
| Taxonomic | پۆلی |
| Syntactic structure | دروستەی سینتاکسی |
| Semantic component | پێکهاتەی واتایی |
| | تـ |
| Competence | توانست |
| Conotative meaning | توێکڵە واتا |
| Input | تێکردە |
| Paris | تەرز/ جوتۆکە |
| | س |
| Standard | ستاندارد |
| Extended Standard | ستانداردی فراوانکراو |
| Metalanguage | سەروزمانی/ مێتازمانی |

| | |
|---|---|
| **ج** | |
| Incompatible | جیاوازی |
| Position | جێکەوتە |
| Outside world | جیهانی دەرەوە |
| **چ** | |
| Performance | چالاکی |
| **خ** | |
| Kinship | خزمایەتی |
| **د** | |
| Surface structure | دروستەی ڕووکەش |
| Phonological structure | دروستەی فۆنۆلۆژی |
| Deep structure | دروستەی قوڵ |
| Logical structure | دروستەی لۆژیکی |
| Antonym | دژواتا |
| Gradable antonym | دژواتای پلەدار |
| Complement antonym | دژواتای تەواو |
| Directional antonym | دژواتای ئاڕاستەدار |
| Antonymy | دژواتایی |
| Output | دەرکردە |
| Binary | دوو پەلکەیی |
| Government and binding | دەسەڵات و بەستنەوە |
| **ڕ** | |
| Diachronic | ڕێبازی مێژوویی |
| Synchronic | ڕێبازی ئێستایی/وەسفی |
| Case grammer | ڕێزمانی باروحاڵەت |
| Generative Grammer | ڕێزمانی بەرهەمهێنان |
| Universal Grammer | ڕێزمانی جیهانی |
| Etymology | ڕیشەناسی/ ئیتمۆلۆژی |
| Minimal pairs | ڕێگەی جووتۆکە |

| | |
|---|---|
| ز | |
| | |
| Generative Linguestics | زمانەوانیی بەرهەمهێنان |
| Mathematical linguistics | زمانەوانیی ماتماتیکی |
| Object Language | زمانی بابەت زمانی |
| ژ | |
| Co-hyponyms | ژێرخانەکان |
| س | |
| Segment | سەگمێنت |
| Universal Feature Systems | سیستەمی سیمای جیهانی |
| Distinictive feature | سیمای جیاکەرەوە |
| ش | |
| Componential analysis | شیکاری پێکهێنەری |
| Lexical decomposition | شیکردنەوەی فەرهەنگی/ لیکسیکی |
| ف | |
| Polysemy | فرەواتایی |
| Generative Phonology | فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان |
| ق | |
| Parole | قسە/ توانا |
| ک | |
| Denotative meaning | کرۆکە واتا |
| Minimalist Program | کەمترین پرۆگرام |
| Co-meronym | کۆمیرۆنیم |
| ڵ | |
| Ambiguity | لێڵی |
| م | |
| Meronymy | میرۆنیمی |
| Anthropologists | مرۆڤناسان |
| ن | |
| Informal | نافەرمی |
| Internally | ناوخۆیی |

| | |
|---|---|
| Content | ناوەڕۆک |
| Sign Content | ناوەڕۆکی هێمای زمانی |
| Phonetic repesentations | نواندنی دەنگی |
| Semantic repesentations | نواندنی سیمانتیکی |
| Marked | نیشانەکراو |
| distribution Marking | نیشانەکردنی دابەشبوون |
| Formal marking | نیشانەکردنی فۆرمی |
| Semantic marking | نیشانەکردنی واتایی |
| Unmarked | نیشانەنەکراو |
| Destinguish marker | نیشانەی جیاکەرەوە |
| Grammatical marker | نیشانەی ڕێزمانی |
| Semantic marker | نیشانەی واتایی |
| هـ | |
| Homonymy | هاوبێژی |
| Homograph | هاوپیت |
| Homophony | هاودەنگی |
| Collocation | هاوڕییەتی |
| Absolute Synonym | هاوواتای تەواو |
| Context –defeneedent synonym | هاوواتای دەوروبەربەند |
| Implicational Synonym | هاوواتای شاراوە |
| Partial Synonym | هاوواتای ناتەواو |
| Synonymy | هاوواتایی |
| Hyponymy | هایپۆنیمی/ گرتنەوە/ داپۆشین |
| Election | هەڵبژاردن/ دیاریکردن |
| Coda | هێشووی دواوە |
| Signifier | هێما/ ئاماژە |
| Signified | هێمابۆکراو/ ئاماژەبۆکراو |
| Semioitics | هێمالۆجی |
| و | |
| Generative Semantics | واتاسازیی بەرهەمهێنان |

| | |
|---|---|
| Interpretive Semantics | واتاسازیی لێکدانەوە |
| Grammatical meaning | واتای ڕێزمانی |
| Lexical Meaning | واتای فەرهەنگی |
| Monosomic words | وشە یەک واتاکان |
| Superordinate Word | وشەی سەرخان |
| Holonymy | وشەی گشت |
| Sound Image | وێنەی دەنگی |

# پێرستی هێڵکارییەکان


| ژمارەی هێڵکاری | ناوی هێڵکاری | لاپەرە |
|---|---|---|
| **هێڵکاریی ژمارە (١)** | پەیوەندییە واتاییەکان | ٦ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٢)** | پەیوەندیی سیستەمی زمان بە جیهانی دەرەوە | ١٧ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٣)** | پەیوەندیی فۆڕم و وێنەی هۆشەکی | ٢٢ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٤)** | سێگۆشەی واتایی | ٢٤ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٥)** | پەیوەندیی بەرانبەری | ٥١ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٦)** | هایپۆنیمی (لەپێکردن) | ٥٤ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٧)** | میرۆنیمی وشەی (مەکینە) | ٥٦ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٨)** | پەیوەندیی نێوان هایپۆنیمی و میرۆنیمی | ٥٨ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٩)** | تیۆری ستاندارد | ٧١ |
| **هێڵکاریی ژمارە (١٠)** | واتاسازیی بەرهەمهێنان | ٧٥ |
| **هێڵکاریی ژمارە (١١)** | پەیوەندیی واتا و فۆڕم لە واتاسازیی بەرهەمهێناندا | ٧٦ |
| **هێڵکاریی ژمارە (١٢)** | نیشانە زمانییەکان | ٩٥ |
| **هێڵکاریی ژمارە (١٣)** | وشەی (پاپا) | ١٠١ |
| **هێڵکاریی ژمارە (١٤)** | هایپۆنیمی (کتێبی ئاسمانی) | ١٣٠ |
| **هێڵکاریی ژمارە (١٥)** | هایپۆنیمی (پۆشەرەشانە) | ١٣١ |
| **هێڵکاریی ژمارە (١٦)** | هایپۆنیمی (پەخشان) | ١٣٣ |
| **هێڵکاریی ژمارە (١٧)** | هایپۆنیمی (ئامێرە مۆسیقییەکان) | ١٣٥ |
| **هێڵکاریی ژمارە (١٨)** | میرۆنیمی (مێشکی مرۆڤ) | ١٣٧ |
| **هێڵکاریی ژمارە (١٩)** | میرۆنیمی (درەخت) | ١٣٨ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٢٠)** | میرۆنیمی (کۆمپیوتەر) | ١٣٩ |

| | | |
|---|---|---|
| **هێڵکاریی ژمارە (٢١)** | میرۆنیمی (ئۆتۆمبیل) | ١٤٠ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٢٢)** | جیاوازی واتایی (وەرزەکانی ساڵ) | ١٤٢ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٢٣)** | جیاوازی واتایی (ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ) | ١٤٣ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٢٤)** | جیاوازی واتایی هایپۆنیمی (باڵندە) | ١٤٤ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٢٥)** | ئەندام وشەیی لە (پۆلێک فێرخواز)دا | ١٤٦ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٢٦)** | ئەندام وشەیی لە (سوپا)دا | ١٤٧ |
| **هێڵکاریی ژمارە (٢٧)** | ئەندام وشەیی لە (ڕەز) دا | ١٤٨ |

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **بەشی یەکەم/ پەیوەندییە واتاییەکان و پەیوەندیی ناوەکیی و دەرەکیی** | ٤ |
| ١/١: چەمک و پێناسەی پەیوەندییە واتاییەکان (Semantic relation) | ٥ |
| ١/١-١: پەیوەندیی ناوەکیی یەکە واتاییەکان | ٧ |
| ١/١-١-١: پەیوەندیی ناوەکیی ئاسۆیی (Syntagmatic Relation) | ٩ |
| ١/١-١-٢: پەیوەندیی ناوەکیی ستوونی (Paradigmatic Relation) | ١٣ |
| ٢/١: پەیوەندییە ناوەکییەکانی وشە | ١٥ |
| ٢/١-١: پەیوەندیی فۆڕم و واتا | ١٨ |
| ٢/١-٢: پەیوەندیی فۆڕم و وێنەی هۆشەکی | ٢٠ |
| ٢/١-٣: پەیوەندیی فۆرم و تەن | ٢٢ |
| ٣/١: پەیوەندییە دەرەکییەکانی یەکە واتاییەکان | ٢٤ |
| ٣/١-١: پەیوەندیی ئاسۆیی یەکە واتاییەکان | ٢٥ |
| ٣/١-١-١: هاوڕێیەتی (Collocation) | ٢٦ |
| ٣/١-١-٢: هەڵبژاردن – دیاریکردن (election) | ٢٧ |
| ٣/١-٢: پەیوەندیی ستوونی یەکە واتاییەکان | ٣٠ |
| ٤/١: پەیوەندیی یەکە واتاییەکان لە هەمبەر یەکتری | ٣٠ |
| ٤/١-١: هاوبەشی لە فۆڕم و جیاوازی لە واتادا | ٣٢ |
| ٤/١-١-١: هاوبێژی (Homonymy) | ٣٢ |
| ٤/١-١-١-١: جۆرەکانی هاوبێژی | ٣٢ |
| ٤/١-١-١-١-١: هاودەنگی (Homophony) | ٣٣ |
| ٤/١-١-١-١-٢: هاوپیتی (Homograph) | ٣٣ |
| ٤/١-١-١-١-٣: هاوبێژی تەواو | ٣٦ |
| ٤/١-١-٢: فرەواتایی (Polysemy) | ٣٧ |
| ٤/١-٢: هاوبەشی لە واتا و جیاوازی لە فۆڕمدا | ٣٨ |
| ٤/١-٢-١: هاوواتایی (Synonymy) | ٣٩ |
| ٤/١-٢-١-١: جۆرەکانی هاوواتایی | ٤٠ |
| ٤/١-٢-٢-١-١-١: هاوواتای تەواو (absolute synonym) | ٤٠ |
| ٤/١-٢-١-١-٢: هاوواتای ناتەواو (Partial Synonym) | ٤٦ |
| ٤/١-٢-١-١-٣: هاوواتای دەوروبەربەند (Context- defeneedent Synonym) | ٤٦ |
| ٤/١-٢-١-١-٤: هاوواتای شاراوە (implicational Synonym) | ٤٧ |
| ٤/١-٣: جیاوازی لە فۆڕم و دژبەری لە واتادا | ٤٧ |
| ٤/١-٣-١: دژواتایی (Antonymy) | ٤٨ |
| ٤/١-٣-١-١: جۆرەکانی دژواتایی | ٤٩ |
| ٤/١-٣-١-١-١: دژواتای تەواو (ڕەها) (Complement antonym) | ٤٩ |
| ٤/١-٣-١-١-٢: دژواتای پلەدار (Gradable antonym) | ٤٩ |
| ٤/١-٣-١-١-٣: دژواتای ئاڕاستەدار (Directional antonym) | ٤٩ |
| ٤/١-٤: جیاوازی لە فۆڕم و بەرانبەری لە واتادا | ٥٠ |
| ٤/١-٥: جیاوازی لە فۆرم و هاوپشکی لە واتادا | ٥١ |

| | |
|---|---|
| ٤/١-٥-١: هایپۆنیمی(hyponymy) | ٥٢ |
| ٤/١-٥-١-١: جۆرەکانی هایپۆنیمی | ٥٥ |
| ٤/١-٥-١-١-١: هایپۆنیمیی داخراو | ٥٥ |
| ٤/١-٥-١-١-٢: هایپۆنیمیی کراوە | ٥٥ |
| ٤/١-٥-٢: میرۆنیمی (meronymy) | ٥٥ |
| ٤/١-٥-٢-١: جۆرەکانی میرۆنیمی | ٥٨ |
| ٤/١-٥-٢-١-١: میرۆنیمیی داخراو | ٥٨ |
| ٤/١-٥-٢-١-٢: میرۆنیمیی کراوە | ٥٨ |
| ٤/١-٥-٣: جیاوازیی واتایی | ٥٩ |
| ٤/١-٥-٤: ئەندام وشەیی | ٦١ |
| ٤/١-٥-٥: تاک وشەیی | ٦٢ |
| **بەشی دووەم/ تیۆری سیماکان و لێکدانەوەی واتا** | ٦٤ |
| ١/٢: زمانەوانیی بەرهەمهێنان (Generative Linguestics) | ٦٤ |
| ٢/٢: چەمکی دەستەواژەکانی زمانەوانیی بەرهەمهێنان | ٦٥ |
| ٢/٢-١: چەمکی بەرهەمهێنان | ٦٦ |
| ٢/٢-٢: چەمکی گوێزانەوە | ٦٧ |
| ٢/٢-٣: توانست (Copetence) | ٦٧ |
| ٢/٢-٤: چالاکی (Performance) | ٦٧ |
| ٢/٢-٥: دروستەی قوڵ (Deep structure) | ٦٨ |
| ٢/٢-٦: دروستەی ڕووکەش (Surface Structure) | ٦٨ |
| ٣/٢: شوێنی واتا لەنێو زمانەوانیی بەرهەمهێناندا | ٧٠ |
| ٣/٢-١: ئامانجەکانی ئەم تیۆرە | ٧٢ |
| ٤/٢: واتاسازیی بەرهەمهێنان (Generative Semantics) | ٧٤ |
| ٤/٢-١: ئامانج و سیمای تیۆری واتاسازیی بەرهەمهێنان | ٧٦ |
| ٤/٢-٢: بنەما سەرەکییەکانی تیۆری واتاسازیی بەرهەمهێنان | ٧٨ |
| ٥/٢: سەرهەڵدانی تیۆری سیماکان لە زمانەوانیدا | ٧٨ |
| ٦/٢: تیۆری سیماکان و شیکردنەوەی یەکە زمانییەکان | ٨١ |
| ٦/٢-١: تیۆری سیماکان لە شیکردنەوەی دەنگدا | ٨١ |
| ٦/٢-٢: تیۆری سیماکان لە شیکردنەوەی واتاییدا | ٨٢ |
| ٧/٢: لێکدانەوەی واتا | ٨٥ |
| ٧/٢-١: نیشانەکراوی (Marked) | ٨٦ |
| ٧/٢-٢: نیشانەنەکراوی (Unmarked) | ٨٨ |
| ٨/٢: بنەماکانی دیاریکردنی سیما واتاییەکان | ٨٩ |
| ٨/٢-١: بنەمای لۆژیکی | ٩٠ |
| ٨/٢-٢: بنەمای ماتماتیکی | ٩٢ |
| ٩/٢: چەشنی سیماکان | ٩٤ |
| ٩/٢-١: سیما سەرەکییەکان | ٩٦ |
| ٩/٢-٢: سیما لاوەکییەکان | ٩٧ |
| ١٠/٢: گرنگیی تیۆری سیماکان لە لێکدانەوەی واتادا | ٩٨ |
| ١١/٢: سنورداریێتی سیماکانی وشە | ١٠١ |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێیەم/ تیۆری سیماکان و لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان** | ١٠٤ |
| ١/٣: هاوبێژی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٠٤ |
| ١/٣-١: هاودەنگی و تیۆری سیما واتاییەکان | ١٠٥ |
| ١/٣-٢: هاوپیتی و تیۆری سیما واتاییەکان | ١٠٥ |
| ١/٣-٣: هاوبێژی تەواو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٠٦ |
| ٢/٣: فرەواتایی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٠٨ |
| ٣/٣: هاوواتا و تیۆری سیما واتاییەکان | ١١١ |
| ٣/٣-١: هاوواتایی تەواو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١١٢ |
| ٣/٣-٢: هاوواتایی ناتەواو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١١٦ |
| ٣/٣-٣: هاوواتایی دەوروبەربەند بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١١٧ |
| ٣/٣-٤:هاوواتایی شاراوە بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٢٠ |
| ٤/٣: دژواتایی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٢٢ |
| ٤/٣-١: دژواتایی تەواو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٢٢ |
| ٤/٣-٢: دژواتایی پلەدار بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٢٤ |
| ٤/٣-٣: دژواتایی ئاراستەدار بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٢٦ |
| ٥/٣: بەرانبەری واتایی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٢٧ |
| ٦/٣: هایپۆنیمی بەپێی تیۆری سیماواتاییەکان | ١٢٩ |
| ٦/٣-١: هایپۆنیمیی داخراو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٣٠ |
| ٦/٣-٢: هایپۆنیمیی کراوە بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٣٣ |
| ٧/٣: میرۆنیمی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٣٦ |
| ٧/٣-١: میرۆنیمیی داخراو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٣٧ |
| ٧/٣-٢: میرۆنیمیی کراوە بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٣٩ |
| ٨/٣: جیاوازیی واتایی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٤١ |
| ٩/٣: ئەندام وشەیی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٤٥ |
| ١٠/٣: تاک وشەیی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان | ١٤٩ |
| **ئەنجام** | ١٥٢ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ١٥٤ |
| **Abstarct** | ١٦٢ |
| **الخلاصة** | ١٦٤ |

# پێشەکی

## ١/٠: ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکـە لـەژێر ناونیشـانی (لێکدانـەوەی پەیوەندییـە واتاییـەکان بـەپێی تیـۆری سـیما واتاییەکان)ە، دەچێتە بواری واتاسازییەوە. نامەکە لە چوارچێوەی یەکەی وشـەدا بـەپێی تیۆری سیما واتاییەکان بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەندێک لـە پەیوەندییـە واتاییـەکان تـەرخانکراوە. هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن و ناساندنی ئەم پەیوەندییانە لە ڕوانگەی نیشاندانی سیماکانیانەوە.

## ٢/٠: هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

سـەرەڕای ئەوەی واتا تەواوی ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، هەرخۆشـی ئاسـتێکی گرنگی زمانـە، لـەو نێوەندەشـدا پەیوەندییـە واتاییـەکان لـە چوارچێوەی ئـەم ئاسـتەدا بەشـێکی گرنگی ئـەم ئاسـتە پێکـدەهێنن، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕاسـتەوخۆ هۆکـارن بـۆ فراوانکـردن و دەوڵەمەنـدکردنی زمـان، بـۆ سـەلماندنی ئـەوەش بەپشتبەسـتن بـە تیـۆرێکی لێکدانـەوەی واتـا، ئـەنجامێکی زانسـتییانەی وردمـان دەداتێ، چونکە ئەم توێژینەوەیە، لەسـەر ئـەو بنەمایـە کاردەکات، کـە چۆن و بـەچ شـێوەیەک دەشـێت سیما پێکهێنەرەکانی هەریەکە لەو پەیوەندییانە دیاریبکرێن.

## ٣/٠: کەرەستە و سەرچاوە بەکارهاتووەکان:

ئەم توێژینەوەیە لـە چوارچێوەی زمـانی کوردی، دیـالێکتی کرمـانجی ناوەڕاسـتدایە، کەرەسـتەی نموونـەکانیشـی لـە سـنووری یەکـەی وشـەدا لـە زمـانی قسـەپێکـەرانی ئاسـایی ڕۆژانـەی خەڵکـەوە وەرگیـراون، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەپێی پێویسـت پەنابراوەتـە بەرهەنـدێک نموونـەی نووسـراو لەهـەمان دیالێکتدا، بۆ سـەلماندنی بۆچوونـەکان لـە توێژینەوەکـەدا، سـوود لـە سـەرچاوە کوردی و فارسـی و عەرەبی و ئینگلیزییەکان وەرگیراوە.

## ٤/٠: ڕێبازی توێژینەوەکە:

بەگشـتی ڕێبـازی وەسـفی پـەیڕەوکراوە، چونکـە لـە لێکدانـەوەی پەیوەندییەکانـدا کەرەسـتەی بەکارهێنراو زمانی ئێستای قسەپێکەرانە.

### ٠/٥: گرفتی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بەدوای چارەسەکردنی گرفتی تێکچڕژانی پەیوەندییە واتاییەکان و تێکەڵاوبوونی سنوری هەریەکەیاندا بچێت، بەجۆرێک بۆ چارەسەری ئەم گرفتە یەکێک لە تیۆرەکان دەکاتە بنەما، تا لە ڕێگەیەوە سروشتی هەریەکە لە پەیوەندییەکان و سنورەکەی دیاریبکات.

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە چۆن و بە چ شێوەیەک سیمای واتایی هەریەکە لەو پەیوەندییانە دیاریبکات، بەپشتبەستن بە بنەمای لۆژیکی و ماتماتیکی هەریەکە لەو پەیوەندییانە و دیاریکردنی کرۆکەواتا و توێکڵەواتای وشەکان، بە نیشاندانی سیما واتاییەکانیان سەرەڕای ئەوەی هەر وشەیەک بگرین، هەڵگری چەند سیمایەکە و دەکرێت لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، بەڵام ئەم توێژینەوەیە بەپشتبەستن بەتیۆرێکی گرنگی واتا و بنەما سەرەکییەکانی تیۆرەکە و سنورداریێتی لە سیماکاندا، دەیەوێت سیمای ئەو پەیوەندییانە و پەیوەندی نێوان دانە پێکهێنەرەکانی هەر یەکێکیان نیشانبدات.

### ٠/٦: گرنگیی توێژینەوەکە:

سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییە واتاییەکان بەشێوەیەکی گشتی لە زۆرێک لە توێژینەوەکاندا باسیان لێوەکراوە، بەڵام بەشێکیان چەند پەیوەندییەکیان باسکردووە، یان بەشێوەیەکی گشتی لێیان کۆڵراوەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو پەیوەندییانە ئاماژەیان بۆ کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپشتبەستن بە تیۆرێکی گرنگی واتا و دیاریکردنی سیمای واتایی وردی هەریەکەیان، لە ڕێگەی نیشاندانی سیمای سەرەکی و لاوەکی هەر دانەیەکیان و بەراوردکردن و هەمبەریان لەگەڵ یەکتری، گرنگی و بایەخی سەرەکی دیاری ئەم توێژینەوەیە، چونکە بە پشتبەستن بە تیۆرێکی دیاریکراو ئەنجامێکی ورد و زانستیانەتری دەبێت، بەبەراورد بە تێڕوانینێکی گشتی بۆ پەیوەندییەکان.

### ٠/٧: ناوەڕۆک و بەشەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە، بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی، لە سێ بەش پێکهاتووە: **بەشی یەکەم:** بەناونیشانی (پەیوەندییە واتاییەکان و پەیوەندیی ناوەکی و دەرەکی)یە، بەگشتی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە دەگرێتەوە و چەند

باسێک لەخۆدەگرێت، لەوانە: چەمک و پێناسەی پەیوەندییە واتاییەکان و پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکانە؛ هەرلەم بەشەدا پەیوەندییە ناوەکییەکانی وشە، کە پشت بەلایەنی فەلسەفەی زمان دەبەستێت، لەوانەش پەیوەندیی فۆرم و (واتا، وێنەی هۆشەکی، تەن) ئاماژەیان بۆ کراوە.

هەر لەم بەشەدا، پەیوەندییە دەرەکییەکان و جۆری ئەو پەیوەندییە، کە خۆی لە پەیوەندیی ئاسۆیی و ستونیدا دەبینێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەشن و جۆری پەیوەندییە واتاییەکانی وەک (هاوبێژی، فرەواتایی، هاوواتایی، دژواتایی، بەرانبەری واتایی، هایپۆنیمی، میرۆنیمی، جیاوازیی واتایی، ئەندام وشەیی، تاک وشەیی) ئاماژەی پێکراوە.

**بەشی دووەم:** تەرخانکراوە بۆ ئاماژەدان بەتیۆری سەرەکی توێژینەوەکە و بنەما و گرنگی تیۆرەکە لە لێکدانەوەی واتادا، لەژێر ناونیشانی (تیۆری سیماکان و لێکدانەوەی واتا)، بەگشتی چەند باسێک لەخۆدەگرێت، لەوانە: زمانەوانیی بەرهەمهێنان و چەمک و دەستەواژەکانی، لەپاشان شوێنی واتا لەنێو زمانەوانیی بەرهەمهێنان و ئامانجی تیۆرەکە، هەر لەم بەشەدا، واتاسازیی بەرهەمهێنان و ئامانج و بنەما سەرەکییەکانی تیۆری واتاسازی بەرهەمهێنان باسکراوە، دواتر سەرهەڵدانی تیۆری سیماکان و شیکردنەوەی یەکە زمانییەکانی وەک (دەنگ و واتا) بەگوێرەی تیۆرەکە ئاماژەی پێکراوە. بابەتێکی دیکەی ئەم بەشە بریتییە، لە بنەماکانی دیاریکردنی سیما واتاییەکان، لەوانەش بنەمای لۆژیکی و ماتماتیکی، لەگەڵ ئاماژەدان بەچەشنی سیماکان و گرنگیی تیۆرەکە لە لێکدانەوەی واتا و سنورداریێتی سیماکانی وشە، خراونەتەڕوو.

**بەشی سێیەم:** لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، بەناونیشانی (تیۆری سیماکان واتاییەکان و لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان)، لەم بەشەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی ئاماژە بەهەریەکە لە پەیوەندییەکان و چەشن و نموونەی ئەم پەیوەندییانە کراوە و بەپێی سیماکانیان لێکدانەوە بۆ هەریەکەیان کراوە، لەوانەش، هاوبێژی و جۆرەکانی، فرەواتایی. لەپاشاندا هەریەکە لە هاوواتایی و دژواتایی و چەشنەکانیان، بەپێی تیۆرەکە ئاماژەیان بۆکراوە و لێکدراونەتەوە، ئینجا هەریەکە لە بەرانبەریی واتایی و هایپۆنیمی و میرۆنیمی و جۆرەکانیان بەنموونە و شیکردنەوەی هەریەکەیان بەگوێرەی سیماکانیان هەڵسەنگاندن و شرۆڤەیان بۆکراوە، لەکۆتایی ئەم بەشەدا، جیاوازیی واتایی و ئەندام وشەیی و تاک وشەیی، وەکو لایەنێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە، بەنموونە و نیشاندانی سیمای هەریەکەیان لێکدانەوەی واتاییان بۆکراوە.

# بەشی یەکەم

# پەیوەندییە واتاییەکان و پەیوەندیی ناوەکی و دەرەکی

## بەشی یەکەم/ پەیوەندییە واتاییەکان و پەیوەندیی ناوەکی و دەرەکی

### ١/١: چەمک و پێناسەی پەیوەندییە واتاییەکان (semantic relation):

پەیوەندیی واتایی (semantic relation) چەمکێکی زمانەوانیی نوێیە، سەرەتای، یان سەرچاوەی سەرەکی ئەو بیرەش بۆ (سوسێر- saussur) دەگەڕێتەوە، زۆرجار بە (دوانە)[١]کانی سۆسێر ناسراون. **(أف. أر. بالمر: ١٩٨١: ٧٧)**. ئەم چەمکەش وەکو زاراوەیەکی واتاسازی گرنگی زۆری پێدراوە، لەبەرئەوەی ((ڕۆڵێکی زۆر گەورە لە ئاسانکردنی لێکدانەوە و دەستنیشانکردنی واتای وشە دەبینن، چونکە ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی واتای وشە هەروا کارێکی ئاسان نییە.))**(دارا حمید مەحەمەد: ٢٠١٠: ٦٧)**، بۆیە ((هەر دانەیەکی زمانی بگرین، ئەگەر لە ڕوانگەی بنیاد و پێکهاتەوە لێی بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت، کە توخمە پێکهێنەکانی دەتوانن لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندییەکی توند و تۆڵدابن.)) **(شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٢٧)**. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە هەر یەکەیەکی زمانی تەماشابکەین، پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە چ لە ناوخۆی یەکەکە خۆی (پەیوەندیی ناوەکی) چ لە دەرەوە لەگەڵ یەکەکانی دیکەدا (پەیوەندیی دەرەکی)، بۆ نموونە، هەریەکە لە وشەکانی زمان پێکهاتە و پەیوەندی نێوانیان هەڕەمەکی نییە، بەڵکو بەگوێرەی یاسا زمانییەکان لە پەیوەندیدان (ناوەکی- دەرەکی)، ((چەمکی پەیوەندی واتایی ئاڵۆزە، وەک هەر دیاردەیەکی تر لە جیهاندا، بوونی پەیوەندی واتایی لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، ئایا مەبەستمان لە پەیوەندی نێوان هێما زمانییەکانە؟ یاخود پەیوەندی- نێوان واتای هێماکانە؟ یاخود لە نێوان ئەو شتانەی، کە هێماکان دەیان نوێنن؟)) **(فەرهاد توفیق حەسەن: ٢٠١٠: ٣٠-٣١)**،

چونکە ((واتا هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە.)) **(نەوزاد ئەنوەر عومەر- شێروان حسێن حمد، ٢٠١٥: ١٧)**، لەبەرئەوە دەستنیشانکردنی یەکەکانی ئاستی واتا و پەیوەندیی نێوانیان تاڕادەیەک ئاڵۆز و زەحمەتە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەش زمان خۆی وەڵامی دەداتەوە؛ بۆ ئەوەش هەر کاتێک باسی (پەیوەندیی دەرەکی)[٢] هێماکان دەکرێتت، کە خۆی لە (پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونی)دا دەبینێتەوە،

---

[١] سۆسێر باسی کۆمەڵێک دوانەی زمانی کردووە، لەوانەش: (سینکرۆنی، دایکرۆنی/ زمان، قسە/ هێما، هێمابۆکراو/ ئاسۆیی، ستونی) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (فردینان دی سوسور:١٩٨٥) (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٣١)،(finch: 2005: 6–7).

[٢] (بڕوانە: ٣/١).

بریتییە لە پەیوەندی نێوان هێماکان لە دەرەوەی زمان، بۆ نموونە کاتێک باسی وشەکانی (برسی، تێر) دەکەین، ئەمە پەیوەندی بە دەرەوەی زمانەوە هەیە، کە لە دنیای دەرەوە قسەکەران ئاماژەی بۆ شتەکان پێدەکەن، هەر ئەم دوو وشەیەش لە پەیوەندیی هەمبەریدان لەگەڵ یەکتری دەبن بە (دژواتا)ی یەکتری.

لەلایەکی دیکەوە زۆرجار بۆ یەک شت، یان بۆ یەک دیاردە، مرۆڤ دوو هێما، یان زیاتر بەکاردێنێت. بۆ نموونە: (ماسک – دەمامک). دوو ناو بەرانبەر یەک (ناولێنراو) دەوەستن، کە دەبن بە هاوواتای یەکتری، هەر ئەمەشە وای لە (جۆن لاینز) کردووە، کە ئەو پەیوەندییانە بە پەیوەندی (هۆشی، هەستی، ژیری) ناو ببات.(**Lyons: 1996: 79**).

لەبەرئەوە پەیوەندییە واتاییەکان، بریتیین لەو پەیوەندییە لۆژیکی (مەنتقی)یانەی، کە لە نێوان وشە (یەکە)کانی زماندا هەن. (**محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ١٦٧**). بۆیە گەڕان بەدوای ئەو پەیوەندییانەدا، پێویستی بەتانوپۆیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت تێکچڕژان و سنوری نێوانیان بەشێوەی زانستی نیشانبدرێت و چارەسەر بکرێت.

پەیوەندیی واتایی بریتییە لەو پەیوەندییە (ناوەکی و دەرەکی)ییەی، کە لە نێوان یەکە زمانییەکاندا پەیدادەبێت، ئاماژە و نیشانەگەلێک دەنوێنن و خۆیان نیشاندەدەن، لەسەر بنەمای (ستونی وئاسۆیی) هەمبەریەک دەوەستن، لە پەیوەندیی فەرهەنگیدا (هاوبێژی، فرەواتایی، هایپۆنیم...هتد) دەنوێنن، یان لەسەر بنەمای سینتاکسی ئاسۆیی دەوەستن، پەیوەندیی (هاوڕێیەتی و هەڵبژاردن) دەنوێنن[١]. بەجۆرێک دەکرێت بگوترێت، سەرجەم وشە و یەکەکانی زمان، چەند جۆرێک پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە. (جۆن لاینز) پێیوایە تەواوی وشەکانی زمان لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتری، بە جۆرێک وشە نییە، کە پەیوەندی نەبێت، لەگەڵ وشە نزیک و دژەکانی نێو گەنجی وشەنامەدا، بە جۆرێک هەندێک پەیوەندی نزیکن، وەک: (هاوواتا، هاپیۆنیم، میرۆنیم...) هەندێک دوورن، وەک (دژواتا، جیاوازی). (**عبدالواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٥: ٤٥**)، لە چوارچێوەی پێکەوەهاتنیان واتاگەلی جیاواز، نیشان دەدەن، بەشێوەیەکی گشتی پەیوندییە واتاییەکان چەند جۆرێکن لە نێوان یەکە و ئاستەکانی زماندا

[١] (بڕوانە: ٣/١-١).

سەرهەڵدەدەن، کە دەکرێت ئەو یەکانە لەگەڵ یەکتریدا لە پەیوەندیدا بن. وەک لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا نیشاندراون.




هێڵکاریی ژمارە(١) (پەیوەندییە واتاییەکان – Semantic relation)

## ١-١/١: پەیوەندیی ناوەکیی یەکە واتاییەکان:

یەکێک لە پەیوەندییە هەرە گرنگەکانی توخمە زمانییەکان، پەیوەندیی ناوەکی (ناوخۆیی – internally) ناوەڕۆکی توخمەکان خۆیانە. مەبەست لەو پەیوەندییانە، لێرەدا ئەوەیە، کە ((لە ناو کێڵگەی وشەیەکدا (لە ناو پاڕادیگمایەکی فەرهەنگیدا – Lexical Paradigm) هەن... لە سیمانتیکی دروستەکاریدا/ ڕۆنانکاریدا بریتیین لە پێکەوەبوونی چەپکە نیشانەکانی هێمایەک یان هێماکان، بە ناوەڕۆکی هێمازمانییەکان Sign Content ناسراون.)) (**محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ٣٤**).

ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ناوەڕۆکی یەکەکانی زمانەوە، واتە تەنها یەکەیەک بەنموونە وەردەگرێت، نێوخۆی توخمە زمانییەکە دەکات بە کەرەستەی شیکردنەوە، ئەگەر توخمێکی زمانی وەک (وشە) وەربگرین، وەکو یەکەی سەرەکی بۆ شیکردنەوەی ناوەکی ئەو توخمە زمانییە،

ڕاستی بابەتەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆ ڕوونکردنەوە: **١. ئاگردان:** وشەیەکە لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە، لە مۆرفیمێکی سەربەخۆی فەرهەنگی /ئاگر/، هەروەها مۆرفیمێکی بەندی وشەدارێژ /- دان/، کە چەمک (سیما)ی [+شوێن + بچوکی]ی هەیە، ئەگەر سەیری پێکهاتەی ناوەوەی وشەکە بکەین دەبینین، هەردوو مۆرفیم لە پەیوەندیی ناوەکی (ستونی و ئاسۆیی)دان، بەڵگەش بۆ ئەوە، وشەی /ئاگر/ تەنها ڕێگە دەدات مۆرفیمی /-دان/ لە پەیوەندیی ئاسۆیدا لەگەڵی بێت، بۆ دروستکردنی ئەم چەمکە (شوێنی ئاگر)، چونکە سیمای [+شوێن + بچوکی -فراوان] وەردەگرێت لە وشەی (ئاگردان)دا، هەرچەندە لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک مۆرفیمی دیکەمان هەیە، کە چەمکی [+شوێن[1]]یان هەیە، وەکو (ستان، گە، خانە، جار...)، بەڵام لەبەرئەوەی واتای فەرهەنگی و چەمکی ئەم یەکە زمانییە فراوان نییە، تەنها ناوچەیەکی بچوک دەگرێتەوە، بۆیە ناکرێت، بگوترێت (ئاگرستان*، ئاگرخانە*، ئاگرگە*...)، هەرچەندە ئەم مۆرفیمە وشەدارێژانە، سیمای [+شوێن]یان تێدایە، بەڵام سیمای دووەمیان [+فراوان]ییە، واتە [+شوێن +فراوان]، بۆیە ئەم پەیوەندییە دروست نابێت، ئەمە بۆ ئەوانی تریش ڕاستە.

ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە (ئاگر) لە پەیوەندیی (ئاسۆیی)دا پەیوەندی لەگەڵ وشەو مۆرفیمی دیکەدا نییە، بە پێچەوانەوە پەیوەندی لەگەڵ زۆرێک لە وشە و مۆرفیمی دیکەدا هەیە، بەڵام بۆ چەمک و واتای تازە، بۆ نموونە: **٢- ئاگر باران ٣- ئاگردار**... هتد، بەڵام نموونەکانی (٢، ٣) واتا و مەبەستی نوێ دەگەیەنن، جیاوازن لە (ئاگردان)، هەروەها لە پەیوەندیی ستوونیشدا بە هەمان شێوە ئەم گۆڕانە ڕوودەدات، وەکو: **٤- <u>گوڵ</u>دان. ٥- <u>شەکر</u>دان.** گۆڕینی (ئاگر) بە (گوڵ، شەکر) پەیوەندیی ستوونی نێوان ئەو توخمە زمانیانە نیشاندەدات. ئەمە بۆ مۆرفیمی بەندی /- دان/یش دروستە هەمان پەیوەندی، لەگەڵ بەشێک لە یەکە زمانییەکانی دیکە هەیە، هێنانەوەی بەڵگەی زیاتر بۆ ئەم پەیوەندییە ئەوەیە، کە یەکەکە لە پەیوەندیدا دەبێت و پەیوەندییەکانیش دوو جۆرن (پەیوەندیی ئاسۆیی – سینتاگمایی) (پەیوەندیی ستوونی – پاڕادیگمایی)ن لەسەر ئاستی دەربڕین، دەنگە زمانییەکان، لە چوارچێوەی وشە، مۆرفیمەکان، لەسەر ئاستی ڕێزمان، وشە و فرێزەکان هەن، تەنانەت یەکەی لەوانیش گەورەتر ئەم پەیوەندیانەیان تێدا هەست پێدەکرێتت، ئەگەر لە دەرەوەی ئەو دوو

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی توانای مۆرفیمی بەند، بڕوانە: (شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١٦: ١٤٥).

پەیوەندییەدا بڕوانرێتە یەکەکان، ئەوا یەکەکان واتایان نییە و بێ واتان. هەر یەکەیەکی زمانی لە ناو پێڕەوێکدا جێکەوتەیەک (Position) وەردەگرێت و لە جێکەوتەیەکدایە. **(محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٨ ب: ٣١)**.

ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە پەیوەندیی ناوەکی یەکە زمانییەکان پێڕەوێکی ناوخۆی ئەو یەکە و توخمانەیە، کە لەنێوخۆی یەک توخمی زمانییدایە، وەک (فۆنێم، بڕگە، مۆڕفیم، وشە، فرێز، ڕستە، ...) **(Lobner: 2002: 129)**، لە هەردوو پەیوەندیدا، بۆیە پەیوەندییە ناوەکییەکانیش بەشێوەیەکی گشت بۆ دوو جۆر دابەشدەبن: (پەیوەندیی ناوەکیی ئاسۆیی، پەیوەندیی ناوەکیی ستوونی).

## ١/١-١-١: پەیوەندیی ناوەکیی ئاسۆیی (Syntagmatic relation):

ئەم پەیوەندییە، بەشێوەیەکی ئاسۆیی بریتییە لەو پەیوەندییەی ((یەکەیەکی زمانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەیەتی، وەکو، پەیوەندی نێوان وشەکانی ڕستەیەک، یان پەیوەندی نێوان دەنگەکانی وشەیەک.)) **(شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٢٨)**. یان پەیوەندی مۆڕفێمێک لەگەڵ وشەیەک یان مۆڕفێمێکی تر، یان پەیوەندی نێوان یەکەکانی نێو یەک فرێز، ئەگەر تەماشای هەر ئاستێکی زمان بکەین، لە نێوان یەکەکانیدا ئەم پەیوەندییە بەدیدەکرێت، بۆ ڕوونکردنەوە چەند یەکەیەک بە نموونەوە باسدەکەین و پەیوەندییەکانیان نیشاندەدەین.

بەنموونە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا، فۆنێم وەکو یەکەیەکی سەرەکی نیشاندەدرێت، هەروەها لە ئاستی یەکە واتاییەکانی زماندایە، ئەگەرچی فۆنێمەکان ڕاستەخۆ واتا نادەن، بەڵام هەڵگری واتان و هۆکارن بۆ گۆڕینی واتا، چونکە (کاتێک قسە لەسەر شوێن و پەیوەندی نێوان فۆنێمەکان و دەنگەکان دەکەین، لە زمانێکی دیاریکراودا، هەروەها جیاوازی ئەو فۆنێمانە و ڕۆڵیان لەنێو وشەکاندا، ئەوا لەو کاتەدا باسی فۆنۆلۆژی دەکەین.) **(Roach:2010:35)**.

کەواتە بەگوێرەی هێڵکارییەکەی، کە (نیدا) بۆ پۆلێنی یەکەکانی کردووە، فۆنێم وەکو یەکەیەکی ئاستی واتا سەیر دەکرێتت[1]، چونکە سەگمێنتێکی زمانە، هەروەک چۆن وشە فەرهەنگییەکانی زمان بە سەگمێنت هەژمار دەکرێتن، سەگمێنتەکانیش بناغەی ئەو ئۆپەراسیۆنانەن، کە بەرە و بەدەستخستنی سینتاگما و پارادیگما تایبەتییەکانی زمانمان دەبەن. **(کۆمەڵێک زمانەوان: ٢٠٠٩: ١٨٧)**. ئەمەش مانای ئەوەیە، کە ((ڕیزبوونی فۆنێمەکان هەڕەمەکی نییە، بەڵکو بەپێی ئەو یاسا فۆنۆلۆژیانەن،

---

[1]بۆ بینینی هێڵکارییەکە بڕوانە: (احمد مختار: ١٩٨٢: ٣٢).

کە لە زماندا ڕێگەیان پێدراوە. بە جۆرێک، کە یەکەکان لە پەیوەندیدان و لەسەر بنەمای سیمای ڕێککەوتن، یان تایبەتمەندی گونجان بەیەکەوە گرێ دەدرێن.)) **(شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٢٩).**

بۆیە فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی ڕێگە بەهاتن و ڕیزبوونی فۆنیمەکان دەدات، لە شێوازی دەرکەوتن و پێکەوەهاتن و گونجانیان لە نێو یەکەیەکی گەورەتردا، ئەم جۆرە پەیوەندییە بەگشتی پشت بە (سیمای جیاکەرەوەی دەنگی)[1] دەبەستێت لە بەدوای یەکهاتنی فۆنیمەکاندا و گونجان و پێکەوەهاتنیان لە ڕیزبەندیدا و لە بەرهەمهێنانی یەکەی زمانیدا. دەبینین، کە زمانی کوردی بەگوێرەی ڕێساکانی خۆی ڕێگەنادات دوو ڤاوڵ لە پەیوەندی ئاسۆیی (سینتاگمایی)دا، بێن، یان ڤاوڵێک بکەوێتە سەرەتای وشەیەکی زمانی کوردی، ئەمەش پەیوەندی بە ڕێساکانی زمانی کوردییەوە هەیە، کە ڕێگە بەو جۆرە هاتنە نادات، یاخود هەرگیز فۆنیمی /ڕ/ی سوک و /ڵ/ی، قەڵەو لەسەرەتای وشەدا ڕێگەی پێنادرێت، ئەمەش پەیوەندی بە فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوە هەیە، کە لە ئاستی ئاسۆییدا ڕێگە بەم پێکەوەهاتنە نادات. لەلایەکی دیکەوە لە وشەیەکی وەکو (ئاراس) ئەم ڕیزە دەنگە (فۆنیمە) لە کاتی گۆکردندا، ئاخێوەری کورد بە (ئاراز) دەریدەبڕێت، لەبەرئەوەی دەنگ (فۆنیم)ی ڤاوڵی (ا) سیمای [+گڕ]ی هەڵگرتووە، بۆیە بەگوێرەی پێڕەو و یاسای دەنگی زمانی کوردی لەم دەوروبەرەدا داوای فۆنیمێک دەکات، کە هەمان سیمای هەڵگرتبێت، فۆنیمی /س/ سیمای دەنگی [- گڕ]ە، لەبەرئەوە بەدەنگێک دەگۆڕێت، کە سیمای [ + گڕ]ی هەڵگرتبێت، نزیکترین دەنگیش لە دەنگی /س/، کە ئەو سیمایەی هەڵگرتبێت /ز/یە، واتە فۆنیمی /ز/ سیمای جیاکەرەوەی دەنگی [+ گڕ]ە.

سەرەڕای ئەوەش، ئەم پەیوەندییە پەیوەستە بە گونجانی فۆنیمەکان لەنێو بڕگە و وشەکانی زماندا، بەڵام دیاردەیەکی دیکە هەیە، کە نەگونجانی فۆنیمەکانە، واتە هەندێک فۆنیم بەپێی پێڕەو و یاسای دروستبوونی بڕگە بەگوێرەی سیماکانیان لەگەڵیەکتریدا نایەن، بەو مانایەی ((لەم پلەیەدا دەنگێک بە وەستاوی ناکەوێتە پێش دەنگێکی تری وەستاوەوە، واتە دەنگەکەی پێشەوە قورس بکرێ.)) **(مەسعود محەمەد: ٢٠١١: ٢٧٨).** مەبەست لەوەش دوو دەنگ لە سنوری بڕگەیەکدا بەیەکەوەنایەن بە شێوەی ئاسۆیی هەمیشە دەنگێکی ڤاوڵ دەکەوێتە نێوانیان، بۆنموونە: /ن/- /م/ توانای گونجاندن

---

[1] (بڕوانە: بەشی دووەم: ٢-٦-١).

و پێکەوە هاتنیان نییە لە سنوری بڕگەیەکداو لێکهەڵدەبڕێن. (گەنم) / گە/ - /نم/ لە بڕگەی دووەمدا ڤاوڵی بزرۆکە/i/ دەکەوێتە نێوان دوو دەنگی /ن، م/ بەم شێوەیە: ganIm     /ga/، /nIm/.

زمانی کوردی لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا خاوەنی چەندین هێشووە کۆنسنانتە بەتایبەتی هێشووەکانی دواوە (Coda). ئەو هێشووانەی، کە دەکەونە دوای ناوکی بڕگە، ئەم هێشوانەش بە شێوەیەکی گشتی لە دوو کۆنسنانت پەیدادەبن، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، کە بەرهەمهێنانی ئەو هێشوانەش هەڕەمەکی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردییەوە هەیە لە پەیوەندی ئاسۆییدا، ئەو کۆنسنانتانەی ئەو هێشوانە بەرهەمدێنن، هاوبەشن لە ژمارەی سیما فۆنۆلۆژی و دەنگییەکانی زمانی کوردی، بۆ نموونە (گەست) قاڵبی بڕگەی /CVCC/ واتە /گەست/ یەک بڕگەیە هێشووی کۆتایی (دواوە-Coda) دوو کۆنسنانتی /س + ت/ واتە /CC/ ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەردوو فۆنێم (دەنگ) گونجانێکی تەواویان لە هێشووەکەدا دروستکردووە، چونکە لە زۆربەی سیماکانیاندا هاوبەشن ئەمەش هۆکاری پێکەوە هاتنیانە لە هێشوویەکدا بەشێوەی ئاسۆیی.

بۆ سەلماندنی ئەوەش دەکرێت سەیری هێشووە دەنگەکانی زمانی کوردی بکەین و سەرنجیان بدەین، دەبینین هێشوویەک نابینرێت، لە نێوان دوو دەنگدا، کە تەواوی سیماکانیان، یان زۆربەی سیماکانیان جیاوازبن، بۆ نموونە، لە زمانی کوردیدا هێشوویەک لە نێوان دوو دەنگی /س،غ/ /پ، غ/ /ت،ج/... هتد، بەرچاوناکەون، بەڵام هەردوو دەنگی /س، ت/ لە زۆربەی سیماکاندا هاوبەشن، بۆیە ئەم پەیوەندییە دروستبووە، بۆ نموونە: هەندێک لە سیما هاوبەشەکانیان [+کۆنستانت +بەرزی +پێش دەمی +کپی +کرانەوە -بڕگەیی -خڕی - لووتی - دواوە...] جگە لەوە لە بەشێکی دیکەی سیماکانیش هاوبەشن، ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم پەیوەندییەیە لە نێوانیاندا، ئەمە بۆ زۆربەی هێشووەکانی دیکەی زمانی کوردی دروستە.

بێگومان ئەم پەیوەندییە وەنەبێت تەنها پەیوەست بێت بە زمانی کوردی، بەڵکو لە زمانەکانی دیکەش بوونی هەیە،[1] (بۆیە یەکە فۆنۆلۆژییەکان (فۆنێم، بڕگە...) لەگەڵ یەکتریدا لە پەیوەندییدان و دروستەیەک دروستدەکەن. پەیوەندییەکان بەهای هەریەک لە یەکەکان دیاریدەکەن فۆنێمەکان لە

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Yule: 2010: 46).

پەیوەندی تەکنیشینی (ئاسۆیی)دا خستنە تەکییەکی سینتاگمایی دادەڕێژن.)[1] (محەمەدی مەحوی:پ: ٢٠٠٨: ٤). ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە پەیوەندییەکان بنەمای دروستی و یاسا بەندی زمانی کوردی نیشان دەدەن.

لە ئاستی مۆڕفۆلۆژیدا وشە و مۆڕفیمەکان لە پەیوەندیی ئاسۆییدان، بە بەڵگەی ئەوەی ((مۆڕفۆلۆژی، لێکۆڵینەوەیە لە پێکەوەگرێدانی گونجاوی مۆڕفیمەکان بۆ بەدەستخستنی وشەکان هەروەها لێکۆڵینەوەیە لە دروستەی ناوەوەی وشەکان.)) (**محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠: ٢**). پێکەوەهاتن و گونجانی مۆڕفیمەکانیش نیشاندانی پەیوەندیی ئاسۆیی (سینتاگمایی) وشە و مۆڕفیمەکانە، ئەگەر بە نموونە نیشانی بدەین بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، وشەیەکی، وەک:

**/دەموچاو/** بریتییە لە وشەیەکی لێکدراوی خاوەن یەک چەمک، چونکە ئاماژەیە بۆیەک شت؛ بەڵام پێکهاتووە لە دوو وشە و مۆڕفیمێکی بەندی وشەداڕێژ، ئەوەی گرنگە ئەو دوو وشەیە لە پەیوەندیی ئاسۆییدا دروستن، یان فۆرمێکی زمانییان داڕشتووە لەسەر یەک هێڵی هاوتەریب دەڕۆن، بەڵگەش بۆ ئەمە، بۆهەمان چەمک ناتوانرێت بگوترێت: /دەمولوت/، یان /دەموبرۆ/ بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری نموونەی ڕستەیی (١ و ٢) بکەین، دەگوترێت: ١. دەموچاوت بشۆ، بەڵام هەرگیز ئاخێوەری زمانی کوردی ناڵێت: ٢- دەم و برۆت بشۆ. بۆ هەمان چەمک، بۆیە ڕستەی (١) دروستە، بەڵام ڕستەی (٢) نادروستە.

بەگشتی ((لە ئاستی واتاشدا پێوەندی تەکنشینی دەبینرێت، بەتایبەتی لە بوونی ڕێگەیەک، کە چۆن واتای کەرەستەکان لە یەکتری دەدرێت، بۆ ئەوەی واتای پێکهاتە بدات بە دەستەوە.)) (**شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٣٠**). زۆرجار هەندێک وشە و مۆڕفیم لەگەڵ ئەوەی، کە واتاکانیان تاڕادەیەک لە یەکتری نزیکن، یان لە سیمایەکدا هاوبەشن، بەڵام جیاوازی لە سیمایەکدا وادەکات، کە ڕێگەنەدرێت لە پەیوەندیی ئاسۆییدا بەیەکەوە بێن، بۆ نموونە: /**باخەوان**/ (باخ + ەوان) لە پەیوەندیی ئاسۆییدان، بواری پیشەی باخەوانی دەگرێتەوە، چونکە مۆڕفیمی /- ەوان/ خاوەنی سیمای [ + پیشە + پارێزگاری]یە. دوو مۆڕفیمەکە تەواو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە پەیوەندیی ناوەکیدا، بەپێی یاسای هەڵاوێردکردن داوای ئەو فۆڕمە دەکات، کە ئەو ناوەڕۆکە بگەیەنێت لەگەڵ ئەوەی، کە مۆڕفیمی /-

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Lyons: 1990:96-97).

چــی/ خــاوەنی ســیمای [+پیشــە]یــە، بــەلام هــەرگیز بەیەکــەوە نــاگونجێن، چونکــە مــۆرفیمی /-چی/ سیمای دووەمی [-پارێزگاری]یە. واتە/- ەوان/ [+پیشە +پارێزگاری][1]، بەلام/ چی/ [+پیشە -پارێزگاری]یە.

بێگومـان ئـەم پەیوەندییـە وەنـەبێت هـەر لـەم ئاسـتەدا بـەدیبکرێت، بەڵکو لـەنێو سـەرجەم یەکـە و ئاستەکانی دیکەی زماندا هەستی پێدەکرێتت، وەکو (فریز، ڕستە، دەق)[2].

## ١/١-١-٢: پەیوەندیی ناوەکیی ستوونی(Paradigmatic Relation):

ئەم پەیوەندییە، کە زۆرجار بە پەیوەندی جێنشینیش ناودەبرێت، تەواوکەری پەیوەندیی ئاسۆییە، واتــە ئەگــەر پەیوەنــدیی ســینتاگمایی ئاڕاســتەکەی ئاســۆیی بێــت، ئــەوا پەیوەنــدی پارادیگمــایی بــە پێچەوانەی ئەو بە باری ستوونیدا دێتەخوارێ، بە واتایەکی دیکە یەکە زمانەییـەکان لـەم پەیوەندییـەدا هەنـدێککیان دەتـوانن لـە هـەمان ژینگـەدا، لـەباری سـتوونیدا لـەبری یـەکتری بێن. (Finch: 2005:29). پەیوەندییەکەش لە هەموو یەکە و ئاستەکانی زماندا هەستیپێدەکرێتت.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پەیوەندییەش ئاماژە بە هەندێک نموونە و یەکە دەکەین، کە لە پەیوەندیی ناوەکیی ستوونیدان لەگەڵ یەکتری، بۆ نموونە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا ئەم پەیوەندییە لە نێو فۆنیمەکاندا دەبینرێت، هەندێک لە زمانەوانان پێیانوایە لـەبری زاراوەی (جێنشینی) بۆ ئاسـتی فۆنۆلـۆژی زاراوەی (لەبریدانان) گونجـاوترە، بۆ ئـەوەی لەگـەڵ زاراوەکانی وشەسـازی و ڕستەسـازی تێکـەڵ بـەیەکتری نەبن. (**محەمەدی مەحوی: ٢٠٠١: ١٢٨**). فۆنیمـەکان دەتـوانن لـەبری یـەکتری بێن، جێی یـەکتری بگرنـەوە ئەمەش لە ڕێگەی جووتۆکەکانەوە[3] ئەنجامدەدرێت، فۆنیمێک بەرانبەر بە فۆنیمێکی دیکە ڕادەگیرێت، مـەرجی ئـەم پەیوەندییـەش ئەوەیـە واتـای نوێ لـە ئـەنجامی ئـەم لـەبریدانانـە سـەرهەڵبدات، بەمـەش ژمارەی فۆنیمەکانی زمانێک دەستنیشاندەکرێن، بۆ ڕوونکردنەوە سەرنج لەم نموونانە بدە.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١٦: ١٦٥).

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Finch: 2005: 2–29)، (Lobner: 2002: 129)، (قەیس کاکل تۆفیق: ٢٠٠٢: ١١).

[3] جووتۆکە (minimal pairs) ڕێگەیەکی گرنگ و هەستیارە، بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراو و گۆڕانی واتا لە ئەنجامی گۆڕینی بچوکترین سەگمێنت (Segament)، کە گۆڕینی فۆنیمێکە بەفۆنیمێکی دیکە. (Aitichison: 1992:39) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ٥٩)، لەگەڵ ئەوەشدا **وریا عومەر ئەمین** لە هەمان سەرچاوەدا لە لاپەڕە (٦١)دا زاراوەی (سێتیلە)ی بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە.

١. تەم (پەیوەندیی ستوونی نێوان فۆنیمەکان)

٢. خەم

٣. کەم

٤. جەم

٥. شەم

ئەم پەیوەندییەش هەڕەمەکی نییە، چونکە ((هەموو فۆنیمێک، ناتوانێت شوێنی(ت) بگرێتەوە، تەنها ئەوانە نەبن، کە توانای دروستکردنی وشەیەکی واتاداریان هەیە، دیارە ئەمەش لە ژێر ڕکێفی زماندا دەبێت.)) (**شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٣٢**). ئەمەش وەنەبێت تەنها لەسەرەتادا، فۆنیمەکان ئەم پەیوەندییەیان هەبێت، بەڵکو لە ناوەڕاست و کۆتاییشدا دەتوانن لەبرییەکتری بێن بۆ هەمان دیاردە، ئەمەش پەیوەندیی ناوەکیی ستوونی ئەو یەکە زمانییە نیشاندەدات.

هەروەها لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، ئەو وشە و مۆرفیمانەی (لە پەیوەندی ستوونی (پارادیگماتیکی)دان لە دیدی (سۆسێری)دا بە سیستەم (System) ناو دەبرێت.)(**سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٣٧**). بۆیە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، هەندێک مۆرفیم و وشە دەتوانن جێی یەکتری بگرنەوە، واتە جێنشینی یەکتری بن، بێ ئەوەی واتای یەکە زمانییەکە تێکبچێت، بۆ ڕوونکردنەوە: لە ئاستی مۆرفیمی وشەداڕێژدا، هەریەکە لە /- ستان، - زار، - شەن/ وەکو سێ مۆرفیمی جیاواز لە فۆرم، بەڵام لە ڕووی چەمکەوە سیمای [+شوێن]یان هەڵگرتووە، لە پەیوەندی ستوونیدان. وەک:

١. گوڵ<u>ستان</u>

٢. گوڵ<u>زار</u> ستوونی، سیمای [+شوێن]

٣. گوڵ<u>شەن</u>

هەروەها لە ئاستی مۆرفیمی ڕێزمانی، هەریەکە لە /- ان، - گەل/ لە پەیوەندیی ستوونیدان بۆ هەمان چەمک و سیمای [+کۆ]یان هەڵگرتووە.

١. کور<u>ان</u>

٢. کور<u>گەل</u>

لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاستی وشەی فەرهەنگیدا، وشەکانی /سەر، پشە/ لە هەمان پەیوەندییدان.

١. سەرخەو

٢. پشە خەو ↓ ستوونی

بێگومان ئەم دیاردەیە بەگشتی دەچێتە چوارچێوەی ئاستی واتاسازی، کە خۆی لە چەند پەیوەندییەکی واتایی وەکو: هاوواتایی، دژواتایی، هایپۆنیم... دەبینێتەوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە ئەم دیاردەیە (پەیوەندیی ناوەکیی ستوونی) جگە لەم یەکە و ئاستانە، لە یەکەکانی دیکەی وەکو (ڕستە، فرێز، دەق)[١]دا، بەدیدەکرێتت.

## ٢/١: پەیوەندییە ناوەکییەکانی وشە:

یەکە واتاییەکان بەگشتی، وشەش بەتایبەتی لە کۆمەڵێک پەیوەندیی ناوەکی دان، کە دەکرێت وەک لایەنی فەلسەفەی زمان، یان وشە سەیر بکرێن، چونکە زمان و فەلسەفە دوو دوانەی لێکدانەبڕاون[٢]. ئەم لایەنانەش وەکو (فۆڕم و واتا – فۆڕم و وێنەی هۆشەکی- فۆڕم و تەن) کە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ پەیوەندییان بە لایەنی نێوخۆی وشەوە هەیە.

## ١-٢/١: پەیوەندیی فۆڕم و واتا:

زۆرجار وشەکان بە هێمای زمانی ناودەبرێن، چونکە نوێنەرایەتی هێماکان دەکەن لە جیهانی دەرەوەدا، هەر بۆیە قسەکەرانی زمانێک لە قسەکەری زمانێکی دیکە جیادەکرێتتەوە لە ڕێی جیاوازی هێما زمانییەکانەوە، زماناسی و زمانناسانیش پەیوەندییان بەهێما زمانییەکانەوە هەیە[٣]. ( finch: 2005: 27).

ئێستا ئەگەر بپرسین، هێمای زمانی یان وشە چییە؟ یان، ئایا هەموو زمانە سروشتیەکان وشەیان هەیە؟ لە ڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئاسان نین، وەک ئەوەی، کە لە یەکەم بینیندا دەرکەوێت، چونکە، **یەکەم**: وشە لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا زۆرجار لێڵە (ڕوون نییە)، لەبەرئەوە

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بێخاڵ عبدالله سعید: ١٩٨٩: ٤٣-٤٤)، (قەیس کاکل تۆفیق: ٢٠٠٢: ٢٧-٢٩)، (تاڵیب حوسێن عەلی: ٢٠١١: ٤٨)

[٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئارام قادر خەلەکانی: ٢٠١٠)، (دارا حمید محەمەد- عومەر ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٩: ٧٦).

[٣] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هێمالۆجی، بڕوانە: (محەمەدی مەحوی: أ: ٢٠٠٨-٢٠٠٩)، (محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ٣٩-٥٢) (Lyons: 1996: 3–4).

لێكدانـەوەی جیاجیـای بـۆ دەكرێـت. **دووەم:** لایـەنی تـەكنیكی وشـە لـە ڕووی فۆڕمـەوە، كـە لـەلایـەن زمانەوانانـەوە بـەكاردەهێنرێت ئـاڵۆزە. وشـە ڕۆژانـە، كـە لـە نێـوان قسـەپێكەرانی زمانـەوە ئـاڵوگۆڕ دەكرێـت، چ بـە قسـە (دەنـگ) یـا نووسـین، خـاوەنی دوو ڕەگـەزە ئـەویش (فـۆڕم و واتا)یـە. **(Lyons: 1996: 46).**

لەسەرێكی دیكەوە، بە بڕوای (سۆسێر) (وشە دوو ڕەگەزی جیاواز لە خۆدەگرێت **یەكەم:** وێنەی دەنگـی (**Sound image**)، ئـەویش بـە فـۆڕم دەردەبڕدرێـت (signifier) (دال)ە، **دووەم:** واتـا (signified) (مەدلول)ە، مەدلولیش ئەو شتانەیە، كە هێماكە دەینوێنێ.)(**finch: 2005: 27**). بۆیە دەكرێت بگوترێت، قسە = وێنەی دەنگی (فۆڕم) + واتا ← شت، یان ئەوەی دەنوێنرێت بەهۆی وشەوەیە.

پێناسـەی گشـتی زمـانیش ئەوەیـە، كـە ((زمـان هۆیەكـە بـۆ لـە یـەكتر گەیشـتن، دەكرێـت بەچەنـد دانەیـەكی وردەوە، كـە هەریەكـەیان خـاوەنی واتـا و فـۆڕمن.)) (**محمـد معـروف فتـاح: ٢٠١١: ١١**). ئێسـتا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، كە وشەكانی هەر زمانێكی دیاریكراو وەربگرین لەسەر دوو بنەمای سەرەكی، یان دوو ڕەگەز پێكهاتوون، ئەوانیش لایەنی ڕووخسار، كە بە (فۆڕم) ناودەبرێت، لەگەڵ چەمك، یان ناوەڕۆك، كە ئاماژەیە بۆ (واتا). ئەم دوو ڕووەی وشەش بەجۆرێك ئاوێتەی یەكتری بوون، هـەر لـە كۆنەوە بۆتە كێشە و كێشمەكێشمی فەیلەسوفان و زمانـەوانان، سـەربارەت بە پەیوەندی نێوان ئـەم دوو لایەنـەی وشـە، لێرە ئاماژە بـە بیروبـاوەڕی هەنـدێك لـە فەیلەسـوف و زمانـەوانان دەكـەین، كـە دەربارەی پەیوەندی ئەم دوو ڕەگەزەی وشە، نیشانیان داوە.

بە بڕوای (سوقرات) پەیوەندی نێوان (فۆڕم و واتا) پەیوەندییەكی سروشتی خودییە، لەبەرئـەوەی نـاو هەیە، كە لە خۆیەوە نەهاتۆتە كایەوە، بەڵكو بنچینەیـەكی هەیـە، كە پەیوەنـدی بـە سروشـتەوە هەیـە، وەكو ناوی دەنگە سروشتییەكان. (**إبراهيم أنيس: ١٩٧٦: ٦٣**). ناویش هەیە، كە پەیوەندی بە بەكارهێنانەوە هەیە، دوای ڕێككەوتنی كۆمەڵ لەسەری لە مێشكدا جێی خۆی گرتووە.

(ئەفلاتوون) وایباسكردووە، كە پەیوەندی (ناو و ناولێنراو)[1] ، پەیوەندییـەكی بـەتینی سروشـتییە و لە خۆوە نییە و پەیوەندییەك لـە نێوان نـاو و واتاكەیدا (فۆڕم و واتـا)دا هەیـە، واتـە (پەیوەندییـەكی دوو قـوڵی لـەنێوان ناو(الـدال، signifier) و نـاولێنراودا (المـدلول، signified) هەیـە. وشـە لەزمانـدا

[1] تیۆری (ناولێنان) یەكێكە لە تیۆرەكانی لێكدانەوەی واتا، كە زۆرجار بە تیۆری (ئەفلاتوون) ناسراوە.

هێمایە بەرانبەر بە (تەن، شت، کەس) لە دونیای دەرەوەدا دەوەستێت.) **(أف.أر. بالمر:١٩٨١: ٢٣)** واتە سروشتی(بەرد) وایکردووە، کە ناوی بنرێت (بەرد) ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە زمان خۆی دیاردەیەکی سروشتییە، بۆیە ناولێنانیشی واتە فۆرمەکە نرخ و بەهای ناوەڕۆکی شت (ناو)ەکەی هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەیری هێڵکاری پەیوەندیی ناو و ناولێنراو بکە:

جیهانی دەرەوە(Outside World)        سیستەمی زمان (Language System)



ناولێنراو        Tree ⟷        tree (درەخت) ناو

هێڵکاریی ژمارە (٢) پەیوەندیی سیستەمی زمان (واتا) بە جیهانی دەرەوە، بە دەستکارییەوە وەرگیراوە لە( **Aitchison: 1992: 80–81)**.

(ئەرستۆ) پێشانیدەدات، کە زمان بەشێکە لە ڕێکخراوەکانی سروشتی (Physics) و واتای وشەش دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی (Thesis)، بەگوێرەی ئەمە (ئەرستۆ) باوەڕی وابووە، کە پەیوەندی نێوان (فۆرم و واتا) لە خۆوەیەو، کۆمەڵ لەسەری ڕێکەوتووە، هەر کۆمەڵیش دەتوانێت ناو بۆ شتەکان دابنێت و خۆشی توانای ئەوەی هەیە، کە ناوەکان بگۆڕێت، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی بۆچوونی مامۆستاکەیەتی (ئەفلاتوون). **(بێخاڵ عبدالله سعید، ١٩٨٩: ٤٥)**.

بەبڕوای (سۆسێر)[1] پەیوەندی نێوان (فۆرم و واتا) لە خۆوەیەو (arbitrarily) کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتووە.**(شێرزاد سەبری عەلی: ٢٠١١: ٢١)**.

بەسەرنجدان لە بیروباوەڕی فەیلەسوفان و زمانەوانان، زۆربەیان باوەڕیان وایە، کە پەیوەندی (فۆرم و واتا) پەیوەندییەکی لە خۆوەیە و کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتووە و هێمای بۆ شتەکان، دیاردەکان، ڕووداوەکان و ناوەکان، داناوە، هەر خۆشی دەتوانێت هێمایەک بگۆڕێت بە هێمایەکی تر، لەبەرئەوە پەیوەندییەکە ناڕاستەوخۆیە ((هەر ئەمەیە، کە دەڵێن لە نووسیندا دوو هەنگاو لە ڕاستی دوور دەکەوینەوە.))**(محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ٤٥)**. بۆ نموونە، دەکرا کورد، ناوی لە (ئەستێرە) نابایە (مانگ)، یان بە (جوان)ی گوتبا (ناشیرین)، یان بە پێچەوانەوە.

---

[1] سۆسێر بەباوکی زمانەوانی نوێ دادەنرێت. لە ساڵی (١٨٥٧-١٩١٣)، لە ڕۆژئاوادا تەکانێکی گەورەی بەزانستی زمان داوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Aitichison: 1992: 22–23).

## ٢/١-٢: پەیوەندیی فۆڕم و وێنەی هۆشەکی:

بەگوێرەی تیۆری هۆشەکی، ((واتا ئەو کۆمەڵە وێنە هۆشەکییەیە، کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و بە وشە ، یان گوتن دەنوێنرێن.)) **(بێخاڵ عبدالله سعید: ١٩٨٩: ٢٧)**.

کەواتە بەگوێرەی ئەم تیۆرە وێنەی هۆشەکی یەکسان دەبێت بە (ئەو بیرە، یان ئەو چەمکانەی، کە لە هزری هەر کەسێکدا هەن، پەیوەست دەکرێن بە دەربڕینەوە و تێگەیشتن لێی.) **(Lyons: 1996: 40)**. واتە فۆڕمە زمانییەکان (هێما) نوێنەرایەتی وێنە هۆشەکی (بیر)یەکان دەکەن، لە ڕێگەی ئەوانەوە بیری کەسێک دەگوازرێتەوە بۆ کەسی بەرانبەر، بۆیە تێگەیشتن ڕوونادات، ئەگەر وشە (فۆڕمە زمانی)یەکان هەڵگری چەمک، یان وێنەی هۆشەکی نەبن.

لەبەرئەوەی (بەکارهێنانی وشەکان دەبێت ئاماژەیەکی هەستیار و سەرنجڕاکێشی بیرەکان بن، چونکە بیرەکان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن لە ناوەوە یان لە هزردا، چونکە زمان ئامرازێکە بۆ پەیوەستکردنی بیرۆکەکان و نوێنەرایەتی دەرەوە و ناوەوەی هزری مرۆڤە. بۆیە پێویستە وێنە هۆشەکییەکان، وەکو یەکەیەکی زمانی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا تۆمارکرابن، هەروەها بتوانرێت بگوازرێنەوە بۆ بەرانبەر لە ڕێی دەنگ و نووسینەوە، تێگەیشتن ڕوودەدات لە نێوان قسەکەر و گوێگر. ئەمەش کاتێک ڕوودەدات ئەگەر لە شوێنی خۆیاندا بەکاربهێنرێن.)**(احمد مختار:١٩٨٢: ٥٧-٥٨)**.

مرۆڤ لە ڕێگەی وێنەی هۆشەکییەوە، کۆدی بۆ هەموو شتەکانی دەروبەری، یان تەواوی ئەو وشە و چەمکانەی، کە ڕۆژانە بەکاریاندەهێنێت، داناوە و لە هزری خۆیدا تۆماریکردوون، لە کاتی پێویستیدا وەک دەرکردە دەریاندەبڕێت (out put) و لە شوێنی خۆیاندا بەکاریاندەهێنێت.

گرنگ ئەوەیە بزانین، کە دەنگ و نووسین (فۆڕم) ((کە هەڵگری بیری مرۆڤن، بیرە سەرەکییەکە نییە، کە هەڵیانگرتووە، بەڵکو کۆپییەکی تری ئەو بیرە سەرەکییەیە، یا پێچەوانەی ئەو بیرە سەرەکییەیە نەک شێوە ڕاستەقینەکەی، چونکە بیرە بنەڕەتییەکە چووەتە قۆناغێکی ترەوە و ئەویش تێکەڵبوونی بیرە لەگەڵ دەنگ و وێنە (نووسین). گومانیش لەوەدا نییە، کە هەر شتێک کرا بە بەرگی شتێکی تردا ئەوە هەر نابێت، دەبێتە کەرەستەیەکی تێکەڵبووی گۆڕاو وەکو خۆی نامێنێتەوە بەمجۆرە دەتوانین بڵێین وێنە (نووسین) و دەنگ، فۆڕمە و بیرەکەش ناوەڕۆکە، هەردووکیان تەواوکەری یەکدین، کەوابوو دەتوانین بڵێین ئەو بیرەی تێکەڵ بە دەنگ و وێنە (نووسین) ئەکرێ و جیاوازە

لەگەڵ بیرێکی دەرنەبڕدراو و هەرگیز پڕبەپڕی یەکدی نین.)) **(غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ١١: ١٢)**. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە واتا هەبوویەکی هۆشەکی (ئەبستراکت)ە، لە مێشکدا، بۆیە ناتوانرێت بەرجەستە بکرێت، ئەوەی کە نیشاندەدرێت، هەموو ئەوە نییە، کە لە هزردایە، هەر بۆیە زۆرجار مرۆڤ ئەوەی لەناخیدایە ناتوانێت لە ڕێگەی وشەکانەوە دەریببڕێت، زۆرجار گوێمان لێ بووە دەڵێن: **نازانم چۆن دەریببڕم**، یان **ئەوەی لە مێشکمدایە، ناتوانم دەریببڕم. نازانم چۆن تێیبگەیەنم.**

لەسەرێکی دیکەوە، هەندێ شت یان دیاردە هەن، کە ناتوانرێت وێنەیەکی هۆشەکیی تەواو، یان پڕاوپڕیان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بۆ بکێشرێت، بۆ نمونە، وشەکانی وەک **شەیتان**، **فریشتە**، **جندوکە**... هتد. مەگەر لە ڕێگای شیکردنەوە بە هۆی دەستەواژەکانەوە بە نزیکەیی، یان لە ڕێگەی (سیما واتاییەکانەوە) [1]بتوانرێت ئاماژەیان بۆ بکرێت، بۆ نموونە: **فریشتە:** [+ ئاسمانی + پاکێتی ± نووسینی کردەوە...]، یان هەندێک وشە هەن، کە وێنەی هۆشەکییان لە مێشکدا بە تەواوی ڕوون نییە، تا نەچێتە چوارچێوەی بەکارهێنان، ئینجا چەمکی ڕێزمانی نیشاندەدەن، وەک: ئامرازەکانی (پەیوەندی، لێکدەر، پارتیکڵ،...) ((هەندێکک لە هۆشەکییەکان لەسەر سروشتی پەیوەندیی نێوان واتا و وێنە هۆشەکییەکە، ڕێکناکەون، بەشێکیان بە پەیوەندییەکی هۆیی دادەنێن و بەشێکیتریان بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی دادەنێن.)) **(بێخاڵ عبدالله سعید: ١٩٨٩: ٢٨).**

کەواتە پەیوەندی نێوان (فۆرم و وێنەی هۆشەکی) ناڕاستەوخۆیە، فۆرم تەنها هۆکارە بۆ گواستنەوەی بەشێک لە بیرەکان، لە هزری مرۆڤەوە بۆ کەسی بەرانبەر چ بە قسە، یان نووسین، چونکە زۆرجار (وێنە هۆشەکییەکان تێکەڵ بە هەستی دەروونی دەبن، فۆرمە زمانییەکان هێندە وردنین ڕاستەوخۆ بیرەکان بنوێنن.)**(منقور عبدالجليل: ٢٠٠١: ٣٦-٣٧).**

هێڵکاریی ژمارە (٣) نیشانیدەدات، کە وێنەی هۆشەکی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، ئەگەرچی فۆرمی سەرەکی یەک چەمکە، ئەویش (دەسەڵات)ە، بەڵام ڕوانگەی کەسەکان جیاوازە، بۆیە پەیوەندیی فۆرم و وێنەی هۆشەکی ناڕاستەوخۆیە و هەموو ئەو بیرە نییە، کە نیشاندەدرێت بەهۆی فۆرمەوە.

---

[1] (بڕوانە: بەشی دووەم: ٢-٥).




هەندێک لە سیما واتاییەکانی (دەسەڵات)

هێڵکاریی ژمارە (٣) (پەیوەندیی فۆڕم و وێنەی هۆشەکی)

## ٢/١-٣: پەیوەندیی فۆڕم و تەن:

سەرەتا با بەو پێناسەیە دەستپێبکەین، کە ((مێشک بیرێک ئامادە دەکات، ئەمەش سەرچاوەکەی ئەو کەرەستانەیە، کە لە گەردووندا هەن، ئەو کەرەستانەیە، کە لە سروشتدا هەن و مرۆڤ شارەزای هەبوون و چۆنیەتی هەبوونیانە.)) (**غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ١٣**). ئەم پێناسەیە بەگشتی ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی، کە مرۆڤ ئاشنایەتی لەگەڵ پەیداکردوون و کەرەستەی بەکارهاتوون لە زمانی ڕۆژانەیدا، بەڵام مەرج نییە، کە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەری مرۆڤن، یان مرۆڤ لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکاریاندەهێنێت، کەرەستەی ماددی (بەرجەستە)بن، چونکە هەندێک، کەرەستەی زمانی هەن، کە کەرەستەی هۆشەکی (ئەبستراکت)ن، وەک (هاوەڵناوەکان، ناوی واتایی...)، بەڵام لێرەدا گرنگ ئەوەیە، کە مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە، کە ناو لەو کەرەستانە بنێت و ئاماژەیان بۆ بکات و واتایان بداتێ، لە ڕێگەی ئەو بیرەی، کە ئامادەیە لە مێشکدا و لە ڕێگەی فۆڕم (هێما)ی زمانییەوە دەنوێنرێن.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەو دوو ڕەگەزەی زمان (فۆڕم و تەن)، بەگوێرەی (تیۆری ناولێنان) کە زۆرجار بە تیۆری ناولێنانی (ئەفلاتوون) ناسراوە، پەیوەندی نێوان (ناو و ناولێنراو) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، چونکە بەپێی تیۆرەکە، وشە (ناو) ئاماژەیە بۆ ئەو شتانەی، کە لە دەوروبەری مرۆڤن، واتە پەیوەندی نێوان (ناو و ناولێنراو) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە.(**أف. أر. بالمر: ١٩٨١: ٢٣**).

لەڕوانگەی تیۆرەکەوە، پەیوەندی نێوان هێما (فۆڕم – ناو) پەیوەندییەکی سروشتییە، واتە هەر هێمایەک، کە بۆ هێمابۆکراوێک لە زماندا ئامادەیە، واتای ناولێنراوەکە لەو هێمایەدا ڕەنگیداوەتەوە،

بەڵام چەمکەکانی وەکو، ناوە واتایی (ئەبستراکت)ەکانی وەک، (جوانی، ئاشتی، ئازادی، ... هتد)یان ئەو ناوانەی دەچنە چوارچێوەی ئەندێشە و خەیاڵ و ئەفسانەوە، وەک (دێو، خێو، جندۆکە،...) یان (فڕینی مرۆڤ بە خەیاڵ)، دیارە ئەمانە فۆڕمی نابەرجەستەن و هیچ تەنێک یان شتێکی ئەوتۆیان بەرانبەر نییە؛ هەروەها هەندێک وشەی ئەرکی وەکو (ئامرازەکانی پەیوەندی، لێکدەر، پارتێکڵ... هتد.) هیچ ناولێنراوێکیان بەرانبەر ناوەستێت، بۆیە ئەم تیۆرە کێشەی بۆ دروستدەبێت لە لێکدانەوەی بەرانبەر ئەو شتانەی، کە بەرجەستەنین، یان تەنێک ڕووداوێک بەرانبەریان ناوەستێت، چونکە مەرج نییە هەموو فۆڕمێک بەرانبەری ناولێنراوێکی ماددی هەبێت.

دواتر لەسەر دەستی (سۆسێر) ئەم بیرکردنەوەیە، یان ئەم ئاڕاستەیە گۆڕا، ڕەگەزێکی دیکەی هێنایە کایەوە، وەکو گرنگی لایەنی واتایی ئاماژەی بۆ کرد، بەگوێرەی بیروباوەڕی ئەو، پەیوەندی نێوان هێما (ناو- فۆڕم) بە هێمابۆکراو (ناولێنراو – شت – ڕووداو) لە خۆوە نییە، بەڵکو ئەم دوانە دەبەسترێنەوە بە (واتا – ناوەڕۆک- چەمک)ەوە، ((ئەم تیۆرە واتا وەکو پەیوەندییەکی سێ قۆڵی لەنێوان هێما و چەمک و تەندا باسدەکات.)) **(شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٤٢).**

بەگوێرەی ئەمە، پەیوەندی نێوان، (فۆڕم و تەن) یان (فۆڕم و ناولێنراو) پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە، لە نێوان وشە و ئەو شتانەی، کە بەرانبەر وشە دەوەستن، بۆیە پێویستی بە توخمی سێیەم هەیە، بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە دروستبکات، کە مەبەست لێی (واتا، ناوەڕۆک)ە. **(ستیفن اولمان: ١٩٩٧: ١٩٥).** بۆ ڕوونکردنەوە بڕوانە هێڵکاری سێگۆشەی واتایی:




هێڵکاریی ژمارە (٤) سێگۆشەی واتایی پەیوەندی نێوان (بیر–ئاماژە–ئاماژەبۆکراو)

**(أف. أر. بالمر: ١٩٨١: ٣١).**

ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە پەیوەندی نێوان (فۆڕم و تەن) بەهۆی واتاوە دەبێتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ، بەڵکو پێدانی نرخ و بەهایە بە شتەکان، کە لە ڕێگەی فۆڕمەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێتن.

بۆیە پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی سێگۆشەی واتایی دەکرێت بە پەیوەندییەکی هاوبەشی واتایی لە نێوان ڕەگەزەکانی واتادا هەژمار بکرێت، چونکە سەرجەم پێکهاتەکان گرنگن و لێک دانابڕێنرێن و تەواوکەری یەکترین.

## ٣/١: پەیوەندییە دەرەکییەکانی یەکە واتاییەکان:

پەیوەندییە دەرەکییەکان، پێچەوانەی پەیوەندیی ناوەکیی یەکە واتاییەکانە، چونکە ئەم جۆرە پەیوەندییە، پەیوەندی نێوان یەکەکانە لە نێوان خۆیاندا، واتە پەیوەندی یەکەیەک لەگەڵ یەکەیەکی دیکەدا، کە هەردوکیان لەنێو پێکهاتەی زماندا یەک بەهایان هەیە.

بێگومان ئەم جۆرە پەیوەندییەش لە یەکەکانی وەک، (فۆنیم، بڕگە، وشە، فرێز و ڕستە)دا، هەستی پێدەکرێت و ڕۆڵێکی بەرچاو لەچالاکی زمانیدا دەگێڕن[1].

ئەم جۆرە پەیوەندییە، کە زۆر جار وەک پەیوەندیی شوێنی ئاماژەی بۆ دەکرێت. ((ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەیە، کە لە نێوان کەرەستە زمانییەکان(بەتایبەتی وشەکان) خۆیاندا هەیە.... بەپێی بیروڕای ڕۆنانکارەکان (سۆسێر) ولایەنگرانی هەر کەرەستەیەکی زمان شوێنێکی لەپەیڕەوێکی دیاریکراودا هەیە، ئەرک و نرخی هەریەک لەو کەرەستانەش لەو پەیوەندییە دایە، کە دەیبەستێتەوە بە کەرەستەیەکی ترەوە لەهەمان پێڕەودا.)) (**بێخاڵ عبدالله سعید :١٩٨٩: ٧٣-٧٤**). ئەمەش مانای ئەوەیە، بەهای وشەکان کاتێک دەردەکەوێت، کە هەمبەربەیەک بوەستن لەژینگەیەکی دیاریکراودا بتوانن ئەو ڕۆڵە ببینن، کە هەمبەرەکەی توانیویەتی، لە هەمان دروستەدا ببینێت.

بۆیە ((لە زمانەوانی نوێدا زۆرجار کێشەی جیاکردنەوەی نێوان ڕێزمان و فەرهەنگی وشەکان؛ بەڕێگەی جیاکردنەوەی نێوان ئەو ڕستانەی، کە ناپەسندن بەهۆی لادانی ڕێزمانی، لەگەڵ ئەو ڕستانەی، کە بەهۆی وشەکانیانەوە دوور دەخرێنەوە؛ ئەنجام دەدرێت.))(**تالیب حوسێن عەلی: أ:٢٠١٤:٤٤**). بۆ نمونە، ئەگەر سەیری هەر یەکە لە ڕستەکانی(١، ٢، ٣) بکەین، دەبینین لە ڕووی ڕێزمانی و فەرهەنگییەوە بە ڕستەی ناتەواو هەژمار دەکرێن.

---

[1] لەبەرئەوەی کەرەستەی سەرەکی ئەم توێژینەوە وشەیە، بۆیە لەمەودوا زیاتر تیشکدەخەینە سەر ئەو یەکە زمانییە، چونکە (وشە گرنگترین یەکەی واتاداری زمانە.) (احمد مختار: ١٩٨٢: ٣٣)، ئەم گرینگییەشی هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ناوەڕاستی یەکەکانی زمانی گرتووە، ((لەبەر ئەو جێگا تایبەتییەی، کە وشە لە لێکۆڵینەوەی واتاییدا هەیەتی، لە زمانەوانیدا هەمیشە بەکەرەستەی بنجی دەژمێردرێت.)) (شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٢٧).

١- پیاوەکان پەنجەرەکەی ڕشت.*

٢- منداڵەکە چایەکەی شکا.*

٣- بەردەکە ڕۆیشتن.*

دەبینین هەریەکە لە ڕستەکانی (١، ٢، ٣)ڕستەی بێواتان لە ڕووی ڕیزمان و فەرهەنگەوە، چونکە هەڵبژاردنی شوێنی کەرەستەکان، لە جێگەی خۆیان نین، بۆیە ئەم بێواتایی و ناڕێزمانییە ڕوویانداوە، ئەم پەیوەندییانە بەجۆرێکن، کە لە ڕستەی(١)دا لەم دەوروبەرەدا کرداری(ڕشت) پێویستی بە (بەرکار)ێکە، سیمای واتایی[+شلەمەنی - ڕەق ] بێت؛ هەروەها لە ڕستەی (٢)دا، کرداری (شکا) پێویستی بە (بکەر)ێکە، سیمای واتایی [ + ڕەق – شلەمەنی] بێت، لە لایەکی دیکەوە کرداری ڕستەی (٣) (ڕۆیشت)ن، پێویستی بە (بکەر)ێکە، سیما واتاییەکانی [+ کارا + گیاندار + کۆ] بێت. دەکرێت هەر ئەم کەرەستانە بەگوێرەی داواکاری (ئارگۆمێنت)ی کردارەکان و شوێنی دەرکەوتنیان ڕیکبخرێنەوە، ببن بەڕستەی ئاسایی زمانی کوردی، بۆ نموونە:

١- منداڵەکە چایەکەی ڕشت.

٢- بەردەکە شکا. یان پەنجەرەکە شکا.

٣- پیاوەکان ڕۆیشتن.

بۆیە ((بنیاتگەرەکان لە لێکدانەوەکانیاندا بۆ ئەوە دەچن، کە لە دەستنشانکردنی واتای ڕستەدا دوو جۆر پەیوەندی لە نێوان توخمە پێکهێنەرەکاندا دەستنیشاندەکرێت، کە پێیان دەگوترێت، (پەیوەندیی هاونشینی و پەیوەندیی جێنشینی). ))**(سازان رضا معین: ٢٠٠٥، ١٧)**.

هەردوو پەیوەندیی (ئاسۆیی – ستوونی) کە بەیەکێک لە دوانە هەرە گرنگەکانی (سۆسێر) دادەنرێن، دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و کاریگەری لەسەر زۆرێک لە زمانەوانەکانی وەک (نیکۆلاترۆبسکی، ڕۆمان یاکۆبسن) کرد. لەدوای ئەوەش، کاتێک لە ساڵی (١٩٤٢) (یاکۆبسن) بۆ ئەمریکا کۆچیکرد، ئەویش بە کاریگەری (سۆسێر) کاریگەری هەبوو لەسەر (هالیَ وچۆمسکی) وەکو دوو لە ڕابەرەکانی زمانەوانی بەرهەمهێن لە ئەمریکادا. **(Finch:2005 :7)**.

گرنگی ئەم دوو پەیوەندییەش لەوەدایە بەجۆرێک، کە ناتوانرێت لێکدابېڕێنرێن و وەکو دوانەیەکی لێکدانەبڕاو سەیر دەکرێن و تەواوکەری یەکترین.

گرنگی ئەم دوو پەیوەندییە بەجۆرێکە، کاریگەری لەسەر وەرگێڕانی وشەکانی، یان ڕستەکانی زمانێک بۆ زمانێکیتر هەیە، بەشێوەیەک، کە لە ئاستی وەرگێڕانیشدا زمانەوان دەبێت پشت بە هەردوو پەیوەندی ببەستێت، بۆ ئەوەی بەرهەمێکی باش لە دایکبێت.[1]

تەنانـەت ئـەم پەیوەندیانـە ڕەنگدانـەوەیان لەســەر تیـۆرە نوێیـەکانی ســینتاکس، وەکـو (تیـۆری دەسـەڵات و بەستنەوە - government and binding theory)[2] هەیە، بەجۆرێک گرنگیەکەی لـە هەردوو ئاسـتی (سـتوونی و ئاسـۆیی)دا، دەردەکەوێـت؛ یـان دەکرێـت بگوترێـت، ئـەم تیۆرە بەگشـتی وەکو دوو بنەمای گرنگ پشت بەم پەیوەندییانە دەبەستێت، پەیوەندییە دەرەکییەکانی یەکە واتاییەکان، بەگشتی بریتین لە:

پەیوەندیی دەرەکیی ئاسۆیی

پەیوەندیی دەرەکیی ستوونی

## ١-٣/١: پەیوەندیی ئاسۆیی یەکە واتاییەکان:

ئەم پەیوەندییە، کە زۆرجار بە پەیوەندیی (تەکنشینی) ناودەبرێت، پەیوەستە بە بنەمای سینتاکسـی، چونکە ((بریتییە لە پەیوەندیی سینتاکسی نێوان وشـەکان و دەرکەوتن و گونجانیان لەگـەڵ یـەکتردا لـە چوارچێوەی ڕستەدا بە شێوەیەکی ئاسۆیی.)) (**تاڵیب حوسێن عـەلی:أ: ٢٠١٤: ٤٥**)، واتـە مـەرجی سـەرەکی لەم پەیوەندییەدا ڕیزبوونی یەکەکانی ڕستەیە لەسەر باری ئاسۆییدا، لـە پاشـان گونجـان و هـەڵکردنی هەریەکـە لـەو کەرەســتانە لــە شــوێنی خۆیانــدا و هــەڵبژاردنی یــەکتری بــەگوێرەی واتــا و بنــەما ڕێزمانییــەکانی زمــان، چونکــە (لایــەنێکی گرنگــی وشــە لــەوەدا دەردەکــەوێت، بێجگــە لــە واتــا فەرهەنگییەکـەی، کـە هەیـەتی لـە پەیوەنـدیش دایـە، لەگـەڵ وشـەکانی دیکـەدا.)(**Aitichision: 1992: 81**).

بۆنموونە:

١-نەخۆشەکە دەمامکی بەست.

٢- بەستی نەخۆشەکە دەمامک*.

٣- نەخۆشەکە بەست دەمامک*.

٤- نەخۆشەکە بەستی دەمامک.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (پەروین عوسمان مستەفا: ٢٠٠٩: ٢٢-٢٣).

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (نەریمان حەسەن حمەکەریم: ٢٠١٥: ٣٦).

ئەگەر سەیری نموونەکانی (١، ٢، ٣، ٤) بکەیت، دەبینیت، ڕستەی (١) ڕستەیەکی ڕێزمانی و واتا دروستە چونکە، کەرەستە (وشە)کانی، بەگوێرەی واتا و یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی ڕیزبوون، واتە (بکەر – بەرکار – کردار)، بۆیە بە ڕستەیەکی ڕێزمانی و واتا دروست دادەنرێت، بەلام ڕستەکانی (٢، ٣) لەبەرئەوەی لادانێکی تەواویان، پێوە دیارە لە ڕووی ڕیزبوونی ئاسۆیی کەرەستە (وشە)کانی، لە ڕووی ڕێزمانەوە، بۆیە بە ڕستەی بێواتا و ڕێزمان نادروست دادەنرێن، ڕستەی (٤) هەرچەندە لە ڕستەکانی (٢، ٣)گونجاوترە، بەلام ئەویش ڕێزبوونەکەی ڕیزبوونێکی نائاساییە؛ بۆیە ڕێزمان ڕێگە بەو جۆرە ڕستانە نادات. بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی ئاسۆیی لەسەر دوو بنەما کاردەکات، ئەوانیش (هاوڕێیەتی و هەڵبژاردن)ن.

## ١-١-٣/١:هاوڕێیەتی (Collocation):

پەیوەندی نێوان دوو وشەیە لە ڕووی واتاوە، بەشێوەیەکی ئاسۆیی ((وشە پەیدای دەکات لە ئەنجامی پەیوەندیکردنی لەگەڵ وشەی تردا، کە لە بەرامبەریاندا دێت لە باری تایبەتیدا.)) **(بێخاڵ عبدالله سعيد: ١٩٨٩: ١٩)**. واتە وشەیەک هاوڕێیەتی لەگەڵ وشەیەکی دیکە زۆرترە لەچاو هەندێک وشەی دیکەی هەمان زمان، ئەمەش لە ئەنجامی ((بەیەکەوە هاتنی زۆرەوە و دووبارە بوونەوە.)) **(عەبدولواحید موشير دزەیی: ٢٠١٤: ١٢١)**. پەیدا دەبێت. بۆ نموونە:

١. هاوڕێیەتی نێوان (شوتی/ سندان). – شووتییەکە سندان لێیداوە.

٢. هاوڕێیەتی نێوان (شیر / هەڵبڕسکان). – شیرەکە هەڵبڕسکا.

٣. هاوڕێیەتی نێوان (ڕێوی/ فێڵباز). – ڕێوی فێڵبازە.[1]

٤. هاوڕێیەتی نێوان (ئاسن/ ژەنگ(خۆرە)). – پەنجەرەکە ژەنگی هێناوە.

ئەگەر سەیری نموونەکانی (١،٢، ٣، ٤) بکەین دەبینین، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان وشەکاندایە لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا بە شێوەیەی ئاسۆیی، ئەمەش لە ئەنجامی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و زۆر بەیەکەوە هاتن و گونجانی سیما واتاییەکانی ئەم وشانە بەیەکەوەیە.

١. شوتی [+ خواردن + تێکچوون + سندان]. سندان [+تێکچوون + شوتی].

٢. شیر [+ خواردنەوە + هەڵبڕسکان ]. هەڵبڕسکان [+تێکچوون + شیر].

---

[1] تێبینی: نمونەی (٣) هەڵگری واتای لاوەکی (بارکراو)ە.

٣. ڕێوی [+ فێڵبازی - گێژ ]. فێڵبازی [+ ڕێوی - مەڕ].

٤. ئاسن [+ ڕەق + ژەنگ ]. ژەنگ [+ ڕەق + ئاسن ].

### ١/٣-١-٢: هەڵبژاردن – دیاریکردن (election):

ئەم جۆرەیان ((پەیوەندی گونجان و هەڵکردنە سینتاگماییەکانی نێوان کەرەستەکانی ناو ڕستەیە لەگەڵ یەکتردا، بۆ نموونە، وەک ئەوەی نێوان بکەر و کردارە.)) **(محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ٣٤-٣٥)**. لە ڕووی کات و کەسەوە پێویستە (بکەر و کردار) گونجانێکی تەواویان هەبێت، بۆیە ڕێککەوتن لە نێوان ئەم دوانە لە ڕووی کات و کەسەوە، ڕستەیەکی ڕێزمان دروست بەرهەمدەهێنێت، بە پێچەوانەوە نادروست و ناپەسند دەبێت، بۆ نموونە:

١- شۆفێرەکان دوێنێ هاتن.

٢- شۆفێرەکان دوێنی هات*.

٣- شۆفێرەکان دوێنی دێت*.

ئەگەر سەیری ڕستەکانی (١، ٢، ٣) بکەین، دەبینین، ڕستەی (١) لە ڕووی واتایی و ڕێزمانییەوە ڕستەیەکی پەسندە، چونکە یەکەکانی گونجاون لە ڕووی کات و کەسەوە، بەڵام ڕستەی (٢-٣) لەگەڵ ئەوەی، کە بەشێک لە کەرەستەکانی هەمان کەرەستەی ڕستەی (١)ن، بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕووی کات و کەسەوە نەگونجاون، بۆیە ڕستەی ناڕێزمانین و لە ڕیزبوونی ئاسۆییدا ڕێگە بەم جۆرە ڕێزبوونە، لە نێوان کەرەستەکاندا نادرێت.

لە زمانی کوردیدا لەبەرئەوەی کردار بڕیار لە هەڵبژاردنی کەرەستەکانی (بکەر – بەرکار – تەواوکەر) دەدات، بۆیە ((داواکارییە گونجاوەکانی کردار لە جۆری ئەرگۆمێنتەکاندا کۆدەبێتەوە، ئەو داواکارییانەی کردار دەکەوێتە ژێر مەرجی گونجان، واتە داواکارییەکان هەڕەمەکی و بێ بنەمانین. پشت بە ڕۆڵی (Semantic) سیمانتیکی دەبەستێ، کە لەلایەن ئارگۆمێنتەکانەوە جێبەجێ دەکرێت.)) **(سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ١٠٦)**. ئەو کردارانەی کە لە ڕووی هێزەوە تێپەڕن، جگە لە (بکەر) داوای کەرەستەیەکی وەکو (بەرکار)یش دەکەن، کە پێویستە (بکەر، بەرکار)ەکەی، لە ڕووی سیمای واتاییەوە، گونجانێکی تەواویان بەگوێرەی سیما سەرەکییەکانی کردار هەبێت، بۆ نموونە:

١- نەوزاد چای خواردەوە. ٢- نەوزاد کتێبی خوێندەوە.

ڕستەکانی (١، ٢) لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە، ڕستەی بێکەموکوڕین، کرداری ڕستەکان (تێپەڕ)ن، پێوستیان بە دوو کەرەستە (بکەر + بەرکار) هەیە، بەڵام ناکرێت، ئاڵوگۆڕ بە کەرەستەکانی ئەو دوو ڕستەیە بکرێت، لە بەرانبەر داواکاری کردارەکانیان، چونکە کرداری (**خواردنەوە**) پێویستی بە بەرکارێکە، کە سیما واتاییەکانی، بریتیبن لە: [+ شلەمەنی + خواردنەوە + خۆراکی لەش + بەدەم] بەڵام کرداری (**خوێندنەوە**) سیما واتاییەکانی بریتیبن لە [–شلەمەنی –خواردنەوە +نووسراو +خۆراکی مێشک + بەچاو]، واتە ناگونجێت بگوترێت: نەوزاد کتێبی خواردەوە.* نەوزاد چای خوێندەوە.*

تەنانەت لە کرداری تێنەپەڕیشدا بە هەمان شێوە پێوستە ئەم پەیوەندییە گونجاو بێت، کردار (بکەر) هەڵدەبژێرێت، کە بگونجێت لەگەڵ سیما و تایبەتمەندییەکانی خۆیدا، بۆ نموونە: کردارێکی، وەکو: (**گریان**) بکەرێک هەڵدەبژێرێت، کە سیما واتاییەکانی بریتیبن لە: [+گیاندار +مرۆڤ ±ئازار]

نموونە، وەکو ڕستەی (١)

١–پیاوەکە، ژنەکە، منداڵەکە/ گریا.

٢–بەردەکە گریا*.

بەڵام ڕستەی (٢) لە ڕووی واتای فەرهەنگی (هۆشەکی) ڕستەیەکی نادروستە، چونکە، (بەرد) سیما واتاییەکانی بریتین لە: [+بێگیان –ئازار]، کاتێک ئەم جۆرە دەربڕینە دەگوترێت، واتای فەرهەنگی لە دەستدەدات و دەچێتە چوارچێوەی واتای بارکراو[1] لە چوارچێوەی زانستی پراگماتیکدا لێیدەکۆڵرێتەوە.

## ٢-٣/١: پەیوەندیی ستوونی یەکە واتاییەکان:

ئەم پەیوەندییە زۆرجار (پەیوەندیی جێنشینی)، یان (پەیوەندیی فەرهەنگی)شی، پێدەگوترێت، یەکێکە لەو پەیوەندییانەی، کە ((سۆسێر) نیشانیدا و یەکەکانی ڕستەی لەسەر دوو بنەما پۆلێنکرد، یەکێک لەوانەش پەیوەندیی ستوونییە، بەواتای جێگرەوەی یەکەیەک لەبری یەکەیەکی هاوشێوەی.) (Finch:2005:6). بەو مانایەی، کە یەکەیەکی زمانی بتوانێت شوێنی یەکەیەکی دیکە لە هەمان پۆل و ڕەگەز بگرێتەوە، بەبێ ئەوەی لایەنی واتا و ڕێزمانی ڕستەکە ئاڵۆز بێت، یان دەگوترێت، ((پەیوەندیی وشەسازی نێوان وشەکان دەگرێتەوە، واتە لە جیاتی دانان، یان گۆڕینەوەی وشەیەک بە

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Cowie: 2013: 32)، (بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٠).

وشەیەکیتری هاوئەرک لە تەوەرەی ستوونی بێ ئەوەی کار لە پەیوەندی ئاسۆیی ڕستەکان بکات.)) **(عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ١٣٤).**

کەواتە گۆڕینی یەکەیەک بە یەکەیەکیتر، هەڕەمەکی و لەخۆوە نییە، چونکە زۆرجار گۆڕینی هەڕەمەکی پەیوەندیی واتایی و ڕێزمانی ڕستەکان دەشێوێنێ، بۆیە ((پێوەندییەکە، لە نێوان یەکە زمانییەکاندا، کە هەندێککیان دەتوانن لە شوێنی هەندێککی دیکەیان لە هەمان کۆنستێکستدا بێن.))**(شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٣١)**. ئەمەش مانای وایە سنورداریێتییەک لەم جۆرە پەیوەندییەدا هەیە، کە یەکەکان، یان وشەکان بتوانن لە جێگەی یەکتری بێن، بەمەرجێک لەژێر کۆتوبەندی یاسای زمانەکە دەرنەچن، بۆ ڕوونکردنەوە سەیری ئەم نموونانە بکە:

١- ئەو یەک مووچەی وەرگرت.

٢- <u>تۆ</u> یەک مووچەت وەرگرت. (جێناو).

٣-ئەو <u>دوو</u> مووچەی وەرگرت. (هاوەڵناو)

٤- ئەو یەک <u>زەوی</u> وەرگرت.(ناو)

٥- ئەو یەک مووچەی <u>خورا</u>. (کردار)

لە ڕستەی (١)دا، دەکرێت هەر یەکە لە (جێناو- هاوەڵناو- ناو- کردار)ی ڕستەکە جێگرەوەیەکی هاوشێوەی، لەسەر باری ستوونی ڕستەکە لەجێگەدا دابنرێت.

ئەگەر سەیری ڕستەکانی (١تا٥) بکەین، دەبینین هەریەکە لە کەرەستەکانی لەباری ستوونی لە بری یەکتری دانراون، وەکو جێگرەوەیەکی فەرهەنگی بێ ئەوەی واتا و ڕێزمانی ڕستەکە ئاڵۆز بێت، یان ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەمهاتبێت؛ بەڵام وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ئەمەش سنوورداریێتی هەیە، بۆیە ناکرێت لە جیاتی کرداری (وەرگرت) کرداری (فڕین، ڕاکردن، مردن...) لە ئاستی ستوونیدا دابنرێت، چونکە لە ڕووی واتاوە ڕستەیەکی نادروست بەرهەمدەهێنێت؛ چونکە ئەم پەیوەندییە پەیوەستە بە فەرهەنگی ئاوەزی قسەکەری ئاسایی زمان، بۆ هەر جێگەیەک یەکەیەکی گونجاوی ئامادەکراو هەیە بۆ شوێنگرتنەوەی یەکەی بەرانبەری لە واتادا، هەر بۆیە زۆرجار لە زماندا ئەم پەیوەندییە بە پەیوەندیی فەرهەنگی (Lexical Relations) ناودەبرێت. (**Yule**: 2010: 117). کار لەسەر کێڵگەی فەرهەنگی وشەکان دەکات؛ یان هەندێک پەیوەندیی واتایی، وەک (هایپۆنیمی،

میرۆنیمی، هاوواتایی، دژواتایی، هاوبێژی، فرەواتایی... دەکاتە کەرەستەی لێکۆڵینەوە.)[1] (Lobner: 2002: 131).

لایەنێکی گرنگی ئەم ئاستەی زمان دیاریدەکەن، دەتوانن لە نێو کۆنتێکستێکی زمانی، یان ڕستەیەک شوێنی یەکتر بگرنەوە، یان هەمبەر بەیەک بوەستن، بۆ نموونە:




## ٤/١: پەیوەندیی یەکە واتاییەکان لە هەمبەر یەکتریدا:

پەیوەندییە واتاییەکان بەگشتی(ئاسۆیی – ستوونی) ئەوە نیشاندەدەن، کە پەیوەندی ((وشەیەک لەگەڵ وشەکانی تری زماندا لە ڕووی واتاوە بەیەک دەبەستێتەوە.)) (**تالیب حوسێن عەلی: ٢٠١١: ٥٩**)، یەکە (وشە) زمانییەکان هەمبەربەیەک دەوەستنەوە لەو پەیوەندییانەی، کە دروستیدەکەن. وشەکان هەندێککجار هاوبەشن لە فۆڕمدا، بەڵام جیاواز دەردەکەون لە واتادا، هەندێک لە واتاکانیان تەواو لێکدوورن، زۆرجار دەگوترێت ئەم دوو وشەیە هەمان فۆڕمی، یان وەکیەکی لە فۆڕمدا نیشاندەدەن، نموونەش وشە هاوبێژەکانی زمانی کوردین، لە هەندێک باریشدا ڕەگ و ڕیشە و نەژادی ئەم دوو واتایە، یان فۆڕمە یەک سەرچاوەیان هەیە، بەڵام بە هۆکاری فراوانبوونی واتا ئەم دیاردەیە هاتۆتە مەیدان، نموونەش بۆ ئەمە وشە فرەواتاکانی زمانی کوردین.

پێچەوانەی ئەمە، وشەکان هەمبەر بەیەکدەوەستنەوە دوو فۆڕمی جیاواز سەرهەڵدەدەن، بەڵام هەمان واتا، یان نزیکایەتی لە واتادا کۆیاندەکاتەوە، کە بە وشەی هەمان واتایی، یان هاوواتایی ئاماژەیان بۆ دەکرێت.

---

[1] هەر یەک لەم پەیوەندییانە لە (٤/١)دا ئاماژەیان بۆ کراوە و لێیان کۆڵراوەتەوە.

لەسەرێکی دیکەوە دەگونجێ دوو فۆڕمی جیاواز، دوو واتای جیاواز نیشانبدەن، هەمبەری واتایی سەرهەڵبدات، کە بە دژواتایی، یان بەرانبەری واتایی لە زمانی کوردیدا ناسراون.

پێچەوانەی ئەمەش، زۆرجار وشەکان لەگەڵ ئەوەی جیاوازن لە فۆڕمدا، هەروەها هەمبەر بەیەکدەوەستنەوە لە واتادا، بەڵام هاوپشکییەکی واتایی لە نێوانیاندا هەیە، واتە وشەیەکی سەرخان دەکرێت ببێتە هۆکاری ئەم هاوپشکییە لە واتادا، ئەوەش خۆی لە پەیوەندییەکانی، وەک (هایپۆنیمی، جیاوازی واتایی، میرۆنیمی، ئەندام وشەیی)دا، دەبینێتەوە. یەکێکی دیکە لەو پەیوەندییانە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دوو وشە، وشەیەک، کە وەکو یەکەیەکی پێوانە لە ڕێگەیەوە، چەمک وشەکانی پێ دەپێورێن و ڕوون دەکرێتنەوە، ئەویش پەیوەندیی (تاک وشەی)یە.

## ١-٤/١: هاوبەشی لە فۆڕم و جیاوازی لە واتادا:

مەبەست لە هاوبەشی لە فۆڕم و جیاوازی لە واتادا ئەوەیە، کە وشەکان وەکو یەک فۆڕمی زمان دەردەکەون، بەڵام چەند واتایەکیان تێدا کۆبۆتەوە یان هەڵگرتووە. ( **Lyons: 1996: 47**). زۆرجار واتاکان جیاوازن لە یەکتری لەوانەیە، تەنها بە ڕێکەوت فۆڕمەکانیان وەکو یەکبن، هەندێککجاریش واتاکان هێندە لە یەکتری نزیکن، سەرچاوەی پەیدابوون و ڕەگەزی ئەم دوانە هەمان بنج و ڕیشەی زمانن، ئەم بەیەکداچوون و هاوبەشی فۆڕمەش، خۆی لە دوو جۆرە پەیوەندیدا دەبینێتەوە، ئەوانیش (هاوبێژی، فرەواتایی)ین.

### ١-١-٤/١: هاوبێژی (Homonymy):

یەکێکە لە پەیوەندییە ناسراوەکانی نێوان وشەکانی زمان، بەو وشانە دەگوترێت، کە ((بە خوێندنەوە و نووسین وەک یەکن، بەڵام مانایان جیاوازە.)) (**ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٥: ١٤**)، یان دەگوترێت هاوبێژی ئەوەیە، ((یەک فۆڕم، کە دوو واتا، یان زیاتری هەبێ، مەبەست لە یەک فۆڕم، تەنیا وشە نییە، بەڵکو گیرەک و گرێ و ڕستەش لە بازنەی مەبەستدایە.)) (**صباح رشيد قادر: ٢٠٠٠: ٧**).

بەسەرنجدان لەم دوو پێناسەیە، کە هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە بیروڕایان لەسەر ئەم دیاردەیە خستۆتەڕوو، جیاوازییەکەشیان لەوەدایە پێناسەی یەکەم، زیاتر تیشکی خستۆتە سەر وشە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام پێناسەی دووەم، پێیوایە ئەم دیاردەیە نەک هەر لە وشەدا بەرجەستە

دەبێت، بەڵکو لە یەکەکانی دیکەشدا، هەستی پێدەکرێت،[1] هەروەها خاڵێکی دیکەی گرنگ، کە پێناسەی دووەم لە یەکەم جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە هاوبێژی، یان هاوبێژەکان یەک فۆڕمن، کە دوو واتا، یان زیاتریان هەبێت، واتە دوو کەرەستەی جیاوازی هاوفۆڕم بە واتای جیاوازەوە. بۆ ڕوونکردنەوە بڕوانە نموونەکانی (١، ٢):

١- ڕۆڵە (یەک فۆڕم) — عادیلە (١) / ڕۆڵە (بۆ منداڵ) بەکاردێت. (٢) — واتا

٢- قاڕە (یەک فۆڕم) — کیشوەر (١) / دەنگ (بزنەکە قاڕەی دێت.) (٢) — واتا

بەسەرنجدان لە نموونەکانی (١، ٢) دەردەکەوێت، کە پەیوەندی هاوبێژی بەگشتی بریتییە لە یەک فۆڕمی زمانیی، کە خاوەنی چەند واتاییەک بێت، یان چەند واتایەکی هەڵگرتبێت، واتا جیاوازەکان، خاوەنی سیمای جیاوازن و دوورن لە یەکتری لە ڕووی چەمکەوە،[2] لەگەڵ ئەوەشدا، هەریەکەیان بە هۆکاری جیاواز جیاواز سەریانهەڵداوە.

زمانەوانان، لەم بارەیەوە بیر و ڕایان جیاوازە، هەندێک پێیانوایە، کە وشە هاوبێژەکان دەکرێت ((لە دوو سەرچاوەی مێژوویی جیاوازەوە هاتبن.)) **(تالیب حوسێن عەلی: ٢٠١١: ٩٦)**، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە هەندێکی دیکە پێیانوایە، (بۆ سەرچاوەی سەرەکی وشە هاوبێژەکان دەبێت پشت بە لایەنی مێژوویی (ئیتمۆلۆژی – Etymology) وشەکان ببەستین، چونکە دەکرێت، هەردوو واتاکە، یان فۆڕمەکە لە بنەڕەتدا یەک سەرچاوەیان هەبووبێت، یان لە یەک سەرچاوەوە سەریانهەڵدابێت، بەڵام ئەم گەڕان و وردبوونەوەیە بۆ قسەپێکەرانی ئاسایی زمان ئەستەمە و گوێ بەم لایەنەی وشەکان نادرێت، بۆیە هەریەکە و ڕێچکەی خۆی دەگرێت و جێگر دەبێت وەکو دوو وشەی هاوبێژ، بۆ ئەمە لە ئینگلیزیدا نموونەیەکی (فەڕەنسی) وەکو (Greve)، کە بۆتە (Grave)، دوو واتای جیاواز نیشان دەدات، یەکەم بە واتای (کەنار دەریا) دووەم (مانگرتن لە کار) ئەم دوو واتایە لە ڕووکەشدا هیچ

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (فەتاح مامە علی: ١٩٨٩)، (صباح رشید قادر: ٢٠٠٠).
[2] (بڕوانە: بەشی سێیەم: ١/٣).

پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، بەڵام مێژووی سەرهەڵدانیان لە بنەڕەتەوە بۆ یەک ڕووداو دەگەڕێتەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە، بۆ سەدەی نۆزدە، کە پیاوەکان چاڵێکی گەورەیان لە کەنار دەریا هەڵدەقەند وەکو تۆڕێکی گەورەی ماسی، لە ئینگلیزیدا ناوەکە گوازراوەتەوە بۆ گۆڕ، یان بۆ گۆڕهەڵکەندن بەکاردێت.) (Cowie:2013: 27). بەگوێرەی ئەمە، دەگونجێت وشە هاوبێژەکان لە بنەڕەتدا یەک سەرچاوەیان هەبوو بێت، دواتر لە ئەنجامی بەکارهێنانی زۆر (گۆڕانی واتایی)[١] سەری هەڵدابێت.

### ٤/١-١-١-١: جۆرەکانی هاوبێژی:

**٤/١-١-١-١-١: هاودەنگی(Homophony)**: ئەو وشانەن، کە لە گوتندا وەکو یەکن، بەڵام لە نووسیندا جیاوازن، واتە جیاواز دەنووسرێن، بەبڕوای زۆرێک لە زمانەوانان نموونەی لەم جۆرە لە کوردیدا نییە، ((چونکە ژمارەی دەنگ و پیت زۆر لێک نزیکن، هەموو ئەو پیتانەی دەنووسرێن بەهەمان دەنگیش دەخوێندرێنەوە.)) (**کورش سەفەوی: ٢٠٢٠: ٧٠**)، بەڵام ئەم پەیوەندییە لە زمانەکانی ئینگلیزی وفارسیدا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت و نموونە گەلێکی زۆریش بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە:

1– Sight — دیمەن
/sait/
2– Sit — شوێنی خانوو دروستکردن (Finch: 2005: 157).

هەردوو نموونەی (١، ٢) هەرچەندە نووسینیان جیاوازە، بەڵام لە ڕووی فۆنەتیکییەوە وەکو یەک گۆدەکرێن، لەبەرئەوە (هاودەنگ بەو وشانە دەگوترێت، کە بە درکاندن یەکسانن، بەڵام بەڕێنووس و واتا جیاوازن.)(**کامبیز محمودزادە: ١٣٩٤: ١٠٣**). بۆیە پێیان دەگوترێت، هاودەنگ (Homophones).

**٤/١-١-١-١-٢:هاوپیتی (Homograph)**[٢] جۆرێکی دیکەی هاوبێژییە، کە ((ئەو کۆمەڵە، یا ئەو جووتە دانەی مۆرفۆلۆژین، یان سینتاکسین، کە لە نووسیندا یەکن و لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە لە

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (گۆڕانی واتا و ئیتمۆلۆژی) بڕوانە: (Finch: 2005: 158) (Lyons : 1990: 147) (Parker & Riely: 2012: 191) (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ٥١).

[٢] ئەگەرچی ((ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا بەدیناکرێت، چونکە نووسین و خوێندنەوە، لەیەکتر دوور نین و تەواو لەیەک نزیکن.))ئەمە ڕای وەرگێڕە لە پەراوێزی کتێبی (ناسینی واتاسازی) (کورش سەفەوی: ٢٠٢٠: ٧١).

دەربڕیندا جیان.)) (**فەتاح مامە عەلی: ١٩٨٩: ١٠**)، لە زمانێکی وەکو ئینگلیزی نموونەی لەو جۆرە بەرچاو دەکەون، وەکو:

1– Tear /t I a/ فرمێسک

2–Tear /t e ɑ/ دەدڕێ (**Misbah Mahmood**: 2016: 218).

بەسەرنجدان لە نموونەکانی (١ و ٢)دەردەکەوێت، لە نووسین و فۆڕمدا وەکو یەکن، بەڵام لە گۆکردندا بەهۆی هێز و ئاوازەوە واتای جیاواز نیشاندەدەن. (کەواتە دوو وشە کاتێک دەبن بە هاوپیت، کە شێوەی نووسینیان یەک بێت، بەڵام شێوەی دەنگییان جیاوازبێت.) (**فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٤٦٨**).

**٤/١-١-١-١-٣: هاوبێژی تەواو:** ((ئەو وشانەن، کە لە نووسین و وتندا وەک یەکن.)) (**محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ١٧٤**) بەڵام لە واتادا جیاوازن.

- تاڵ ⟨ (١) تام / (٢) تاڵە موو
- پار ⟨ (١)ساڵی پار / (٢) بەش

هاوبێژی بەگشتی، پەیوەندییەکی بەرچاوی زمانی کوردییە، کۆمەڵێک هۆکار و سەرچاوەی گرنگ هەن، کە وادەکەن ئەم دیاردەیە لە زماندا سەرهەڵبدات، وەک، هەبوونی زار و شێوەزاری جیاواز، یان خواستنی وشە لە زمانێکەوە، یان لە ئەنجامی تێپەڕبوونی کات هەندێک وشەی فرەواتا لەیەکتر دوور کەوتونەوتەوە و ئەم پەیوەندییە سەریهەڵداوە، لە هەندێک باریشدا هۆکاری ڕێزمانی ئەم دیاردەیە دێنێتە ئاراوە. [١]

## ٤/١-١-٢: فرەواتایی (Polysemy):

پەیوەندییەکی واتاییە، بریتییە لە فۆڕمێک، یان وشەیەکی زمان، بەڵام ئاماژە بە چەند واتایەکی جیاواز دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا واتا جیاوازەکان هاوبەشییەک لە نێوانیاندا هەیە، واتە خاوەنی چەند سیمایەکی واتایی هاوبەشن، بەپێچەوانەی هاوبێژی، کە واتاکان لێک دووربوون، سیماکانیان جیاوازبوون. (**Crystal**: 2008: 373: 374). واتە وشەیەک خاوەنی چەند واتایەکی لێک نزیک بێت، پێی

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (سەرچاوەی پەیدابوونی هاوبێژی) بڕوانە: (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٥: ١٨) (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ٥١)، (بێخاڵ عبداللە سعید:١٩٨٩: ٦١-٦٢)، (تابان محەمەد سەعید: ٢٠١٤: ٤٥-٤٦).

دەگوترێت، فرەواتا. بۆ نموونە: (ڕوون) وشەیەکی فرەواتایە، وەک لە نموونەکانی (١، ٢)دا دەردەکەوێت.

١- ئاسا بەڕوونی قسە دەکات.

٢- ئاوەکە ڕوونە.

/ڕوون/ ← ١. بە سادەیی و بێ لێڵی قسە دەکات. / ٢. ئاوەکە لێڵ نییە و سافە.

ئەگەر سەیری هەردوو واتای (١، ٢) بکەیت، دەبینیت یەک فۆڕمی زمانە، لە دوو ژینگەی جیاوازدا بەکارهاتووە، بەڵام سیماکانیان هاوبەشن، کەواتە فرەواتایی ئەو یەکە و وشانە دەگرێتەوە، کە لە واتایەک زیاتریان هەیە، بەڵام واتا جیاوازەکان لە بنەڕەتەوە لە یەکەوە نزیکن، هەندێککیان دەچنە خانەی واتای میتافۆڕییەوە.

فرەواتایی، لەم لێکسیمانە دەرخەری توانا و هێزی ئەو وشانەیە، کە هەڵگری کۆمەڵێک چەمکن لە یەک فۆڕمدا، تەواو پێچەوانەی ئەو وشانەی، کە تەنها خاوەنی یەک واتان لە فەرهەنگدا، واتە وشە یەک واتاییەکان(monosomic)[1]. **(Finch: 2005: 164-165)**. ((هەرچەندە زمانێکی وا نموونەیی نییە، کە بەرامبەر هەر وشەیەکی واتایەک هەبێت.)) **(فەتاح مامە عەلی: ١٩٨٩: ٥٦)**. لە هەندێک باردا، وشەی فرەواتا ئاسان هەستی پێدەکرێت و دەتوانرێت بەئاسانی ئاماژە بە هۆکاری فرەواتاییەکەی بکرێت، بۆ نموونە وشەیەکی، وەک (تەرزە).

/تەرزە/ ← (١) تەرزە دەبارێت. / (٢) تەلەفزیۆنەکە تەرزەی هەیە.

ئەم وشەیە بە ڕوونی دیارە، کە واتای دووەمی لە واتای یەکەمەوە گواستراوەتەوە، چونکە لە ڕووی سیماوە وەک یەکییەک نیشاندەدەن، هەمان وێنەیان هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە هەندێککجار ناتوانرێت ئەم دیاردەیە بەئاسانی نیشانبدرێت. ((گەر لە تێڕوانینێکی مێژووییەوە، واتە بەپێی ڕێبازی – Diachronic- سەیری واتا بکەین، ئەو کاتە بوونی ئەو دیاردەیە وەکو ڕاستییەک لەبەرچاودەگیرێ، بەڵام لە تێڕوانینێکی وەسفییەوە (Synchronic) سەیری بکەین، لەوانەیە زۆربەی

[1] لە لێکسیکۆلۆژیدا، ئەو وشانەی یەک واتایان هەیە پێیان دەڵێن (monosomic word) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٥: ٩)، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٣١٧)، (احمد مختار: ١٩٨٢: ١٧٤).

فرەواتاییەکان، وەکو هاوبێژی سەیر بکەین. بەهۆی ئەوەی، کە گەشەکردنە مێژوویەکەی فرەواتایی لەبەرچاوناگیرێ. بۆ نموونە:

١- شین: ڕەنگێکی نزیک مۆر و سەوزە.

٢- شین: شیوەن.

لەوانەیە گەر بچینەوە سەر ڕەگەزی هەردوو وشەکە، یەکێکیان لەوی ترەوە وەرگیرابێ. بۆ نموونە: لەوانەیە خەڵکی هەموو دەم لە کاتی شیوەندا جلی ڕەش و سپیان پۆشی بێ.)) **(صباح رشید قادر: ٢٠٠٠: ١٠)**، بۆیە لایەنی مێژوویی گرنگی خۆی لە جیاکردنەوەی ئەم ئاستانەدا هەیە، بەڵام قسەکەری ئاسایی زمان لەوانەیە، کاری بەو جۆرە لێکدانەوانە نەبێت زۆرجار مامەڵەی ئێستایی لەگەڵ یەکە و وشەکاندا بکات، بۆیە دەگونجێت بەشێکی زۆری وشە هاوبێژەکان لە ڕەگەزدا هەمان فۆڕمی زمانی بووبن، بە تێپەڕبوونی کات، ئەم لێکترازانە ڕوویدابێت.

گرنگی فرەواتایی لەوەدا دەردەکەوێت، کە کەلێنێکی گەورەی فەرهەنگی زمان پڕدەکاتەوە، چونکە ئەم دیاردەیە هۆکارێکە بۆ ئابوریکردن (economy)[1] لە زماندا، لەبەرئەوەی بەیەک وشە دەتوانرێت چەند واتایەک لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەوە دەستەبەر بکرێت و بەکاربێت، چونکە ((ئەگەر فرەواتایی نەبێت دەبێت بۆ هەموو واتایەک وشەیەک هەبێت.)) **(محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ١٧٤)**، بەمەش ژمارەی وشەکانی زمان ڕوو لە هەڵکشان دەکات و ئاخێوەر ماندوو دەکات، بە پێچەوانەوە هاوبێژی ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر ئەوانەی دەیانەوێت فێری زمانەکە ببن. **(صباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ٤٠)**.

خاڵی گرنگی جیاوازی نێوان وشە(یەکە) فرەواتا و هاوبێژەکان ئەوەیە، کە وشە فرەواتاکان لە ڕەگەز و بنجەوە دەچنەوە سەریەک، واتە یەک سەرچاوەیان هەیە **(Lech: 1981: 227)** و زۆرجار وا بەئاسانی نیشاننادرێت، بەڵام لە هاوبێژیدا واتاکان هێندە لێکدووردەکەونەوە، هەندێکجار وا دەردەکەوێت، کە بەڕێکەوت، ئەم دیاردەیە ڕووی دابێت (هەمان فۆڕمی)، لە لایەکی دیکەوە وشە و یەکە فرەواتاکان لە فەرهەنگدا بە یەک دەروازە دەنووسرێن، واتە فۆڕمە سەرەکییەکە هەر یەکە و ژمارە تەنها بۆ واتاکانی دادەنرێت، بۆ نموونە:

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر: بڕوانە (Cowie: 2013: 26).

/پایە/

١- پایەی خانوو، بینا.

٢- پایەکانی ئیسلام.

٣- پلەوپایەت بەرزبێت.

بەڵام لە هاوبێژیدا، هەر وشەیەک خاوەنی دەروازەی فەرهەنگیی سەربەخۆی خۆیەتی، وەک:

/شۆک/

شۆک[١](تاسان) شۆک[٢](دۆشاوی ترێ)

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم پەیوەندییانە نەک هەر لە وشە، بەڵکو لە یەکە و ئاستەکانی دیکەی زماندا هەستی پێدەکرێت، جیاکردنەوەی لەگەڵ هاوبێژی لەوانەیە کارێکی ئاسان نەبێت و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی مێژوویی (ئیتمۆلۆژی) دەبێت،[(١)] لەبەرئەوە ئەم دوو پەیوەندییە هۆکارن بۆ لێڵی (Ambiguity) واتایی لە زماندا[(٢)]، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەکارهێناندا، لە ڕێگەی سیمای واتایی بۆ هەریەکەیان، دەکرێتت جیاوازی نێوانیان نیشانبدرێت و پۆلێنیان بۆ بکرێت.[(٣)]

## ٢-٤/١: هاوبەشی لە واتا و جیاوازی فۆڕمدا:

بەگشتی پەیوەندیی فۆڕم و واتا پەیوەندیی ڕێککەوتنە، واتە کۆمەڵ لەسەر فۆڕمە زمانییەکان ڕێککەوتوون، واتاش ناوەڕۆکی فۆڕمە (وشە)کانە، لەبەرئەوە هەندێک لەو فۆڕمانە دەگونجێت، هاوبەشی واتایی لە نێوانیاندا هەبێت، ئەگەرچی ئەم هاوبەشی واتاییە مەرج نییە پڕاوپڕ، یان بە تەواوەتی بێت. مەبەست لەم دیاردەیە، واتە دوو فۆڕم، یان زیاتر دەگونجێت هەمان واتا، یا نزیکایەتی واتایی لە نێوانیاندا هەبێت، واتە تاڕادەیەکی زۆر سیما واتاییەکانیان لێکنزیکبن، لەگەڵ ئەوەشدا دەوروبەر ئەم هاوبەشییە ڕوونتر دەکاتەوە.[(٤)] یەکێک لەو پەیوەندییە گرنگانەی زمانیش، کە ئەم دیاردەیەی تێدا بەرجەستە دەبێت، یان هەستی پێدەکرێتت، (هاوواتایی- Synonymy)یە.

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (صباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠).

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (هەمان سەرچاوە: ٣٩)، (فەتاح مامە عەلی: ١٩٨٩: ٥٦) (Lobner: 2002: 43).

(٣) (بڕوانە: بەشی سێیەم: ٣-٣/١-٢).

(٤) (بڕوانە: بەشی سێیەم: ٣-٣).

## ١-٢-٤/١: هاوواتایی (Synonymy):

لە ڕوانگەی جیاجیاوە هاوواتایی ناسێنراوە، ئەوەی پەیوەندی بەکارەکەی ئێمەوە هەبێت هاوواتایی (لە نێوان دوو وشەدا دروست دەبێت، ئەگەر ئەم دوو وشەیە هەمان نرخیان هەبێت و خاوەنی سیمای واتایی هاوبەش بن، یان سیما واتاییەکانیان وەک یەک بن.) (parker & Riley: 2012: 30). بەگوێرەی ئەمە دەبێت وشە، یان یەکە زمانییەکان یەک بەهایان هەبێت لە واتادا ئینجا دەبن بە هاوواتا.

لەلایەکی دیکەوە، (جۆرج یوڵ) پێیوایە: (دوو وشە، یان زیاتر، زۆر نزیک بن، لە واتادا، پێیان دەگوترێت هاوواتا، بەڵام مەرج نییە هەمیشە بتوانن شوێنی یەکتر لە ڕستەدا بگرنەوە لە هەموو بارودۆخێکدا لە بری یەکتر بێن، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا. وشەکانی (big - large) (car-automobile). ناکرێت لە هەموو بارودۆخێکدا لە بری یەکتری بێن، چونکە هەریەکەیان بەجیا پەیوەندی بە زمانی فەرمی (Formal) و نافەرمی (informal)یەوە، هەیە.) (Yule: 2010: 117).

مەرجی شوێنگرتنەوە لە یەک ژینگەی زمانی، وایکردووە، کە هەندێک زمانەوان ((نەک هەر دان بە بوونیدا نانێن، بەڵکو نکۆڵیشی لێدەکەن، بەڵام بەڕای (ماجد نجاریان) نکۆڵیکردن لە بوونی، گرنگی سینۆنیم (هاوواتا) دەسەلمێنێت، چونکە ناکرێت نکۆڵی لە بوونی بکرێت؛ لەبەر زۆرییەکەی لە زماندا.)) (**شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٣٥**)، بۆ نموونە: (شاڵ = بوزوو) دوو وشەی هاوواتان لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ ئەوەشدا هاوواتای تەواو لە زماندا هەر لە زووەوە ڕەتکراوەتەوە چونکە، (ئەرستۆ) دەڵێت ((هەڵەیە ئەگەر بڵێین دانانی زاراوەی جیاواز بەیەک واتا هیچ نابێتە هۆی گۆڕان لەو واتایەدا، چونکە هەندێک زاراوە هەیە لە یەکێکی تر شیاوترە، زاراوەش هەیە زیاتر واتای مەبەستەکە دەگەیەنێ و ڕوونترە لە یەکێکی تر.)) (**بێخاڵ عبداللە سعید: ١٩٨٩: ٧٧**). هەر ئەمەشە وایکردووە هاوواتای تەواو لە زماندا ڕەتبکرێتەوە، چونکە زۆر ئەستەمە دوو وشە بتوانن لە هەموو بارودۆخێکدا هەمان واتایان هەبێت.

دەگونجێ بڵێین هاوواتایی پەیوەندی نێوان دوو وشە، یان زیاترە، کە لێکچوونێکی واتایی لە نێوانیاندا هەیە، لە هەندێک بارودۆخدا شوێنی یەکتر دەگرنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی، نەک بە ڕەهایی.

بێگومان ئەم پەیوەندییە (هاوواتایی) نەک هەر یەکەی وشە، یان لە ئاستی وشەدا، بەڵکو لە نێوان تەواوی یەکە و ئاستەکانی زماندا هەستی پێدەکرێت،[1] تا ئاستی ڕستەش، دەگونجێت دوو ڕستە وەکو هاوواتای یەکتری بێن، بۆ نموونە:

١- ئۆتۆمبیلە سەوزەکە لە پێش پاسە سورەکەیە.

٢- پاسە سورەکە لە پشت ئۆتۆمبیلە سەوزەکەیە. (**Leech**: 1981: 104).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەیوەندییە، پەیوەستە بەچەند هۆکارێکی جیاجیاوە، لەوانە، هەبوونی زار و شێوەزاری جیاواز، خواستنی وشەی بیانی و باسمەندی و بوونی تابۆی کۆمەڵایەتی... هتد.[2]

## ٤/١-٢-١-١:جۆرەکانی هاوواتایی

بەگشتی زمانەوانان چەند جۆرێک هاوواتایان ئاماژە پێکردووە و بیر و بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە جۆرەکان دەربڕیوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هاوواتایی ((ئاڵۆزترین پێوەندی واتاییە، سەرەڕای ئەوەش خودی واتا و جۆرەکانی کۆدەنگیان لەسەر نییە، لەبەرئەمە چەندین تیۆری واتایی بۆ لێکدانەوە و دەستنیشانکردنی جۆرەکانی سەریانهەڵداوە.)) (**شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٦١**). بەگشتی چەند جۆرێک لەو پەیوەندییە واتاییە ئاماژەی پێکراوە، لەم توێژینەوەیەدا، ئاماژە بە هەندێککیان دەکرێت.

### ٤/١-٢-١-١-١: هاوواتای تەواو (absolute synonym):

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی زمانەوانان، لەو باوەڕەدان، کە هاوواتای تەواو لە هیچ زمانێکدا بوونی نییە، ئەگەر هەش بێت دەگمەنە. (**Aitchison**: 1992: 85) (**Lyons**: 1990: 148). بیروباوەڕی ئەم دوو زمانەوانە لەسەر هاوواتای تەواو، تاڕادەیەک جیاوازە، سەبارەت بە هەبوونی هاوواتای تەواو، بە جۆرێک لە جۆرەکان بەکارهێنانی وشەی دەگمەن (Rare) دانپێدانانە بەوەی کە دەگونجێت، لە هەندێک زماندا، چەند وشەیەک، ئەگەر کەمیش بن وەکو هاوواتای تەواو نیشانبدرێن، بەڵگەش بۆ ئەمە

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ١٠٥-٢٦٦).

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هاوواتایی، بڕوانە: (Lyons:1990: 150–151)، (ستیفن اولمان: ١٩٩٧-١٠٥) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٥: ٢٠-٢٢) (شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٤٨-٦٠)، (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ١٣٦)، (قەیس کاکل تۆفیق: ٢٠٠٠: ٣٥-٣٧)،

((وشە سینۆنیمەکان لە ململانێدان، بە تایبەتی لە قۆناغێکی دیاریکراودا بەرامبەر یەکتری دەوەستن و دەتوانن لەو قۆناغەدا شوێنی یەکتری بگرنەوە. وەکو:

(کردار = فرمان= کار، ئاوەڵفرمان = ئاوەڵکار = ئاوەڵکردار، جێناو = ڕاناو)... بۆیە بڕیاردان لەسەر نەبوونی سینۆنیمی تەواو، بەپێی ئەو چەمکەی دیاریمانکرد لە زمانی کوردیدا کارێکی ئاسان نییە، بۆیە دەکرێتت بڵێین سینۆنیمی تەواو لە زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام بەو تێڕوانینەی، کە لێکچوونی واتاییە، نەک یەکسانی واتایی.))(**شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٦٢-٦٣**). لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وشانەی، کە بە هاوواتای تەواو دادەنرێن ((بۆ ماوەیەکی کەم بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، دواتر چەمکەکانیان لێڵی و تەمومژی تێدەکەوێت، بۆیە بەشێک لە سینۆنیمەکان لە قۆناغێکدا تەواو بوون.)) (**هەمان سەرچاوە: ٦٤**)

(جۆن لاینز) چەند مەرجێکی بۆ هاوواتای تەواو دیاریکردووە، واتە دوو وشە، یان زیاتر هاوواتای تەواو دەبن ئەگەر ئەو مەرجانەیان تێدابێت.

١- لە واتادا وەک یەک بن، یان یەکسان بن.

٢- لە هەموو دەوروبەرێکدا لە بری یەکتری بەکاربێن. (**Lyons**: 1996: 61).

بەگوێرەی ئەو مەرجانەی (جۆن لایز) دایناون بۆ هاوواتای تەواو، زۆرێک لە وشە هاوواتاکانی زمان دەچنە خانەی هاوواتای ناتەواو.

## ١/٤-٢-١-١-٢: هاوواتای ناتەواو (Partial Synonym):

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی زمانەوانان لەسەر ئەم جۆرەی هاوواتا کۆکن بەوەی، کە دەگونجێت زۆرێک لەو وشانەی، کە بە هاوواتا ناسێنراون، لە هەندێک دەوروبەری جیاجیا لەبری یەکتری بەکاربێن؛ بۆیە (دوو وشە کاتێک دەبن بە هاوواتای ناتەواو، بەشێوەیەک لە پەیوەندی هاوواتاییدا دەبن، کە نەتوانرێت بەئاسانی جیابکرێنەوە لە ڕووی واتاوە.) (**احمد مختار: ١٩٨٢: ٢٢٠-٢٢١**). واتە کاتێک، کەسێکی ئاسایی بەکاریان دێنێت، یان گوێی لێدەبن، جیاوازی لە نێوانیاندا ناکات و بە شێوەیەکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، وەکو دوو وشەی هاوواتا. بۆ نموونە:

سەرین = بالیف

دەڤەر= ناوچە

### ٤/١-٢-١-١-٣: هاوواتای دەوروبەربەند (Context – defeneedent Synonym):

ئەم جۆرەیان وشەکان بەگوێرەی ئەو دەوروبەرەی، کە تێیدا دەردەکەون دەبن، بە هاوواتای یەکتری، واتە ((ئێمە سەروکارمان لەگەڵ ئەو وشانەدا هەیە، کە لە دەوروبەرێکی تایبەت لە شوێنی یەکتر بەکاردێن.)) (**کورش سەفەوی: ٢٠٢٠: ٩٩**). وشەکان لە بنەڕەتدا هاوواتای یەکتری نین، بەڵام بەپێی بەکارهێنانیان دەبن، بە هاوواتای یەکتری، بۆ نموونە لە ڕستەکانی (١، ٢، ٣)دا، (هەڵبژاردن، دەستنیشانکردن، دیاریکردن) دەبن، بە هاوواتای دەوروبەربەند.

١- وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.

٢- وەڵامی ڕاست، دەستنیشان بکە.

٣- وەڵامی ڕاست دیاری بکە.

٤- هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاش پاک نین.

بەڵام ئەمانە ناتوانن، ببن بە هاوواتای تەواوی یەکتری، چونکە بەکارهێنان ئەو وشانەی کردوون بە هاوواتای یەکتری، هەر لەبەرئەوەشە لە ڕستەی (٤)دا، تەنها (هەڵبژاردن) دەتوانێت، ئەو واتایە بگەیەنێت و وشەکانیتر ناتوانن شوێنی بگرنەوە.

### ٤/١-٢-١-١-٤: هاوواتای شاراوە ( implicational synonym):

ئەم جۆرەیان بەو وشانە دەگوترێت، کە لە واتای بارکراو (لاوەکی)دا، هەمان سیمای واتاییان بدرێتێ؛ واتە لە واتای فەرهەنگییاندا هیچ پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، بەڵام ((زیاتر لە واتای پڕاگماتیکیدا دەردەکەوێت، کە واتای شارەوەیان وەکیەک بێت.)) (**شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٦٧**). نموونەی ئەم جۆرە هاوواتایە لە زمانی کوردیدا زۆرە، بۆ نموونە هەریەکە لە وشەکانی (گوڵەبەڕۆژە، نیسک) دەبن بە هاوواتای شاراوە لە ڕستەکانی خوارەوەدا:

١- دەڵێی گوڵەبەڕۆژەیە.
} هاوواتای شاراوە
٢- دەڵێی نیسکە.

هــەردوو وشــەی (گوڵەبــەڕۆژە، نیســک) لــە فەرهەنگــدا وەکــو دوو ڕووەکــی ئاســایی بــەجیا تۆماردەکرێتن و واتـای سـەربەخۆ و جیاوازیـان هەیـە؛ بـەڵام لـە واتـای بـارکراودا، بـەگوێرەی واتـای پراگماتیکیـان هـەردووکیان هـەڵگری سـیمای لاوەکـی [+بێبـار]ن، چونکـە زۆرجـار لـەبری سـیفەتی دووڕوویی و بێباری بۆ هەندێک مرۆڤ بەکاردەهێنرێت، ئەم بەکارهێنانـەش لـەبری یـەکتری دەچێتـە خانەی هاوواتای شاراوە، چونکە واتای شاراوەیان، وەکو یەکە، کە مەبەست (دووڕوویـی و بێبارییـە) دەچێتە خانەی هاوواتای شاراوە.[١]

## ٤/١-٣: جیاوازی لە فۆڕم و دژبەری لە واتادا:

جیاواز لە (٤/١-١) و (٤/١-٢) لێرەدا، دوو فۆڕمی جیاواز، دوو واتای پێچەوانە بەرهەمدێنن، واتـە دژبەری لە واتـادا لـە نێوان ئـەو دوو فۆڕمـەدا هەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا چوارچێوەی پێکـەوەهاتنیـان لـە فەرهەنگی ئاوەزی و نووسراودا دەچێتە خانەی یەک چەمکەوە، ئەویش دژیەکییە.

### ٤/١-٣-١: دژواتایی (Antonymy):

زاراوەیەکی واتاسازییە (Semantics) لێکۆڵینەوەیە لە دژواتایی نێوان یەکـەکان، پەیوەندییـەکی سەرەکییە لە پەیوەندییە واتاییەکان هـەروەکو (هاوواتـایی، هـایپۆنیم،... ئـەوانیتر). (Crystal: 2008: 28). لەلایەکی دیکەوە، (جۆرج یوڵ) دەڵێت: دژواتایی بریتییە لە (دوو فۆڕمی پێچەوانەی یەکتری لە واتـادا.) (Yule: 2010: 117)، هەرکاتێک دوو فۆڕم پێچەوانەی یەکتری بوون لە واتادا پێیاندەگوترێت، دژواتا، بۆ نموونە: (تاریک × ڕووناک)، (بەرز × نزم)،

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە (دژواتایی تەنها نەبەستراوەتەوە بە ئاوەڵناوەکانـەوە، بـەڵکو ئـەم چەمکە (دژیەکی) لەناو سەرجەم یەکە زمانییەکاندا هەستپێدەکرێت. وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| ئاشتی × شەڕ | | هاندان × ساردکردنەوە |
| خۆشەویستی × ڕق | ناو (nouns) | هات × ڕۆیشت | کردار (Verbs) |

[١] هەندێک لە سەرچاوەکان جگە لەو چوار جۆرەی هاوواتا، چەند جۆرێکی دیکەی هاوواتایان دیاریکردووە، وەک: (نیمچە هاوواتا، هاوواتای شیکردنەوەیی، هاوواتای ئاماژە، هاوواتای درکپێکردن، هاوواتای نیشانەکراو، هاوواتایی سیگنی فاکت، هاوواتای دینات)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٦١: ٧٠) (شادان حەمە ئەمین: ٢٠١٦: ٢١-٢٥)، (احمد مختار: ١٩٨٢: ٢٢٠-٢٢٢)، (تاڵیب حوسێن عەلی/ب: ٢٠١٤: ٥١-٥٢)، (محمد محمد یونس علی: ٢٠٠٧: ٤٠٤- ٤٠٦).

| | |
|---|---|
| هەمیشە × هەرگیز<br>بە زۆری × بە دەگمەن (بەکەمی)<br>لە هەموو شوێنێک × لە هیچ شوێنێک | ئاوەڵکردار (Adverbs)<br>**(Lobner: 2002:90)** |

تەنانەت لە (ڕادە)کانیش ئەم چەمکە هەستی پێدەکرێتت، وەکو: **زۆر × کەم.**

وەنەبێ ئەم پەیوەندییە تەنها پەیوەست بێت بە وشەوە، بەڵکو لە یەکەکانی سەرووی وشە و خوارووی وشەش هەستی پێدەکرێتت، بۆ نموونە: مۆرفیمە بەندە وشە داڕێژەکانی وەکو: **هەڵ × دا**، لە وشەکانی هەڵگرتن × داگرتن، مۆرفیمە بەندە وشە گۆڕەکانی وەکو: بـ × مە، بڕۆ × مەڕۆ[1].

بۆیە ((واتادژ antonym ئەو وشانەن، کە هەموو نیشانە سیمانتیکییەکانیان هاوبەشە یەک نیشانەی سیمانتیکییان نەبێت.)) **(محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ٧٠)**، بەڵگەش بۆ ئەمە (ژن، پیاو) سیما واتاییەکانیان هاوبەشن، جگە لە سیمای [+ نێر] بۆ پیاو [+ مێ] بۆ ژن.

کەواتە دژواتایی بریتییە لە ناوەڕۆکدژی و هەمبەری دوو فۆرم لە واتادا، کە پێچەوانەی یەکتر دەوەستن لە بەکارهێناندا خاوەنی سیمای جیاکەرەوەی جیاوازن، بەشێوەیەکی گشتی چەند پۆلێنێک بۆ جۆرەکانی دژواتایی کراوە لەم توێژینەوەیەشدا، بەم شێوەیە جۆرەکانی دژواتایی نیشاندەدرێت.

### ٤/١-٣-١-١: جۆرەکانی دژواتایی:

**٤/١-٣-١-١-١: دژواتای تەواو(ڕەها) (Complement antonym)**: جۆرێکی سەرەکییە لە دژواتا، پەیوەندی نێوان دوو وشەیە، بەشێوەی دژیەکی تەواو لە واتادا، چونکە پەسەندکردنی یەکێکیان، ڕەتکردنەوەی ئەوی تریانە، بە شێوەیەک هیچ پلەیەک لە نێوانیاندا نییە، واتە پەیوەندییەکە بە شێوەی دوو پەلکەیی (Binary)[2] یە، نیشاندانی سیمای [+] پێچەوانەی [-] بەبێ هەبوونی پلە، بە شێوەیەکی ڕەها، بۆ نموونە: (ژن × پیاو)، (زیندوو × مردوو)، (سەڵت × خێزاندار).

**٤/١-٣-١-١-٢: دژواتای پلەدار(Gradable antonym)**: لەم جۆرەیاندا کە پلە لە نێوان هەردوو وشە دژەکە هەیە، بە جۆرێک ناوهێنانی یەکێکیان ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکەیان نییە، بۆ نموونە: دەڵێی: **هەولێر گەرم نییە**. مانای ئەوە نییە، کە **هەولێر ساردە**، بەڵکو لەوانەیە مەبەست ئەوەبێ

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شادان حەمە ئەمین محەمەد: ٢٠١٦: ٧٢-٩٥).
[2] (بڕوانە: بەشی دووەم: ٢-٨-٢/ ٢-٩).

ئاووهەوای (هەولێر) مام ناوەندە (فێنکە)، واتە لە نێوان دژواتاکاندا پلەی دیکە هەیە، لەلایەکی دیکەوە لەم جۆرەیاندا دەکرێت بەراوردی نێوان ناوەکان بەم جۆرەی دژواتا بکرێ، بۆ نموونە دەکرێت بگوترێت: **هەولێر گەرمترە لە سلێمانی**. واتە بەراوردی دوو شوێن لە ڕێگەی دژواتا پلەدارەکان، بەڵام ئەو وشانەی، کە دژواتای پلەدارنین (ungradable) ناتوانرێت، بەراوردی نێوان ناوەکان، یان شتەکانیان پێبکرێت. ئەم سنورداریيەتییەش پەیوەندی بە لایەنی لۆجیکی نێوان ئەم دوو، دوانەییانەوە هەیە. (Paris) (**Lyons:2009: 271**)، واتە مەرجی سەرەکی لەم جۆرەی دژواتا، هەبوونی پلەیە لە نێوان وشە دژەکاندا وەکو: **شیرین × تاڵ، گەورە× بچوک.**

**٤/١-٣-١-١-٣: دژواتای ئاڕاستەدار (Directional antonym):** جووتەکان لێرەدا هەڵگری چەمکی ئاڕاستەیین. بەشێوەیەکی گشتی ئاڕاستە ئاماژەیە بۆ جەمسەرێک، پێچەوانەی ئەو جەمسەرێکیتر هەیە، بۆ نموونە (ڕاست × چەپ)، (سەرێ × خوارێ)، (باکور × باشور)، (ڕۆژهەڵات × ڕۆژئاوا)، (پێشەوە × پشتەوە).(**Lobner:2002:90**) ئەم جۆرەی دژواتا، بەگوێرەی شوێنی قسەکەر ئاڕاستەکان ئاماژەیان بۆ دەکرێت، واتە خاڵی دەستپێک و کۆتایی بەگوێرەی ئاڕاستەکان هەیە[1].

## ٤/١-٤: جیاوازی لە فۆرم و بەرانبەری لە واتادا:

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان، بەرانبەریان بە جۆرێک لە جۆرەکانی دژواتایی هەژمار کردووە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ باس لەم دیاردەیە دەکرێتت ئەویش لەبەر دوو هۆی سەرەکی[2]:

١- لەم پەیوەندیەدا ئەوەندەی سەرنجی لێدەدرێت، زیاتر چەمکی بەرانبەری لە خۆدەگرێت، نەوەک دژبەری. ((بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی هەیانە لە هەموو بارێکدا دژی یەکتر ناوەستنەوە.)) (**شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٧٨**). بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەو وشانەی، کە چەمکی دژبەریان تێدایە، هەردووک فۆرم (وشە) دژواتاکە لە یەک کاتدا، لە فەرهەنگی ئاوەزی قسەکەر و گوێگردا بەکاردەکەون لە کاتی بەکارهێنانی یەکێکیاندا ڕاستەخۆ مرۆڤ واتای ئەوەیتری لە مێشکدایە، یان ئەمە ئەوەی تریش

---

[1] بۆ زانیاری زیاتردەربارەی دژواتا و فرەواتا، بڕوانە: (مسعود بكر احمد: ٢٠١٥).

[2] لە هەندێک سەرچاوەدا، بەپێچەوانەوە دژواتایی بەجۆرێک لە بەرانبەری واتایی هەژماردەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا بەرانبەری واتایی دەکەن بەچەند جۆرێکەوە، بۆ زانیاری (بڕوانە: کورش سەفەوی: ٢٠٢٠: ١٠٣).

دەگەیەنێت، بۆ نموونە: کاتێک دەگوترێت: **پیاوەکە مرد.** ڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێت، کە زیندوو نییە. یان: **ئاوەکە گەرمە.** ڕاستەوخۆ (سارد، یان شلەتین) بە مێشکدا دێت، بەڵام لە بەرانبەریدا، وانییە، کاتێک دەگوترێت: **ئازاد خانوویەکی کڕی.** بیر لە (فرۆشتن) ناکرێتەوە.

٢- لە پەیوەندی بەرانبەریدا، هەردووک وشەی بەرانبەر کاتی ڕوودانیان یەکە، واتە لە یەک کات و بارودۆخدا ڕوودانەکە ڕوودەدات، یان ڕوییداوە، بەڵام بە شێوەیەکی شاراوە. بۆ نموونە: **ژنهێنان ⟵⟶ شووکردن.**




هێڵکاریی ژمارە (٥) پەیوەندیی بەرانبەری

نموونەی ئەم جۆرە پەیوەندییەش (بەرانبەری) وەک: (دان ⟵⟶ وەرگرتن)، (بکوژ ⟵⟶ کوژراو)، (ژن ⟵⟶ مێرد)، (کوڕ ⟵⟶ باوک)، لەگەڵ ئەوەشدا، مەرج نییە سیمای دژیەکی لە نێوان دوو وشە بەرانبەرەکەدا هەبێت، بۆ نموونە (بکوژ و کوژراو) سیما واتاییەکانیان هاوبەشن.[+ مرۆڤ ±نێر ± هەراش]

## ٤/١-٥: جیاوازی لە فۆڕم و هاوپشکی لە واتادا:

مەبەست لە جیاوازی لە فۆڕم و هاوپشکی لە واتادا ئەوەیە، کە فۆڕمەکان جیاوازبن لە ڕووخساردا، بەڵام هاوپشکییەک لە ناوەڕۆکی واتاییدا کۆیان بکاتەوە، لە (٤/١-٢) (٤/١-٣) (٤/١-٤) لە جیاوازی نێوان فۆڕمەکان ئەوە نیشاندرا، کە لە هەندێککیاندا، پەیوەندیی هاوواتایی پەیدادەبێت لە نێوان دوو فۆڕم، یان زیاتر، یان دوو فۆڕمەکە دەبن بە دژیەک وەک لە دژواتاییدا نیشاندرا، یان بەرانبەر یەک دەوەستنەوە؛ بەڵام لێردەدا جیاوازی فۆڕمەکان ئەوە نیشاندەدات، کە فۆڕمەکان لەگەڵ ئەوەی جیاوازن، بەڵام هاوپشکییەک لە واتاکانیاندا هەیە، یان وشەیەکی (سەرخان) وەک چەترێک،

وشەکان، یان فۆڕمەکانی دیکە  لە ژێر یەک چەمکی گشتی کۆدەکاتەوە، واتە جیاوازی نێوان (٤/١-٥) لەگەڵ تەوەرەکانی تردا لەوەدایە، کە وشەی گشت، یان سەرخان خاوەنداریەتی ئەم کۆمەڵە فۆڕمە دەکات، کە دەکەونە ژێر چەتری سەرخانەکەوە، بە پێچەوانەوە لە ئەوانی دیکەدا، ئەم سەرخانە بەرچاو ناکەوێت، لەسەرێکی دیکەوە، ئەو فۆڕمانەی، کە دەکەوتنە سنوری (هاوبێژی، فرەواتایی، هاوواتایی، دژواتایی، بەرانبەری) ژمارەی دانەکانی هەریەکەیان لە بەرانبەر یەکتردا سنوردار و کەمن، بەڵام لەو پەیوەندییانەی دەکەونە سنوری (٤/١-٥) دەگونجێت ژمارەی دانەکانیان بە بەراورد بەوانی دیکە زۆر زیاتر بێت، بۆیە هەریەکە لە پەیوەندییەکانی وەک (هایپۆنیمی، میرۆنیمی، جیاوازی، ئەندام وشەیی، تاک وشەیی)[1]، کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم تەوەرەیە، هەریەکەیان بریتین لە کۆمەڵێک فۆڕم (وشە)ی جیاواز، وەکو (ژێرخانێک) دەکەونە ژێر چەتری وشەی گشت، یان سەرخان. خاوەنی چەند سیمایەکی واتایی جیاوازن، کە لە وشە سەرخانەکەدا هەیە، لە گرنگترینیان:

## ٤/١-٥-١: هایپۆنیمی[2] (hyponymy):

زاراوەیەکی واتاسازییە و بەشێکە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە واتاییەکان. پەیوەندییەکە لە نێوان وشەی سەرخان، کە بە ( Hypernym یان hyperonym ) ناسراوە، لەگەڵ وشە ژێرخانەکانی، کە بە (co-hyponyms)  ناسراون، لە پەیوەندیدان، بۆ نموونە: (پشیلە) وەکو کۆهایپۆنیمی ئاژەڵ ئاماژەی بۆ دەکرێتت، یان (فلوت) دەچێتە ژێرخانەی ئامێرە مۆسیقییەکان، (کورسی) کۆهایپۆنیمی کەلوپەلە، کۆهایپۆنیمەکان جارێکیتر لە ئاستی خوارتردا ئاستێکی دیکەی هایپۆنیمی دروست دەکەن، بۆ نموونە: (فلوت، کلارنێت، زوڕنا) دەبن بە (کۆهایپۆنیمی) ئامێرە (فودارەکان).

---

[1] لەبەرئەوەی لە زۆربەی سەرچاوەکاندا، کێڵگەی واتایی وەکو تیۆرێکی سەربەخۆ بۆ لێکدانەوەی واتا سەیر دەکرێت، بۆیە لەم تەوەرەیەدا بە پێویست نەزانرا وەکو لقێکی پەیوەندییە واتاییەکان ئاماژەی بۆ بکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (هۆگر مەحمود فەرەج، ١٩٩٣)، (تابان محەمەد سعید: ٢٠١٤)، (سازان ڕضا معین: ٢٠٠٥: ٢٥)، (تاڵیب حوسێن عەلی: ٢٠١١: ٩٧)، (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ٨١)، (Jackendoff: 1983: 188)، ( Ali NASSER HARB MANSUOR:1985)، (Aitichison: 1992: 81)، (أف.ار، بالمر: ١٩٨١: ٧٨)، (محمد محمد یونس علی: ٢٠٠٧: ١٢٤).

[2] لەگەڵ ئەوەی لە زمانی کوردیدا، هەریەکە لە زاراوەکانی (شازاراوە، گرتنەوە- داپۆشین-هایپۆنیم) بەکارهاتووە، بۆ ئەم پەیوەندییە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا، زاراوەی هایپۆنیمی بە پەسندزانرا، وەکو زاراوەیەکی جیهانی، کە لە زۆربەی توێژینەوەکاندا بەکاردەهێنرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Lyons: 2009: 291)، (کلۆدجێرمان- ڕیمۆلۆبلان: ٢٠٠٦: ٥٠)، (عەبولباقی اکرم احمد: ٢٠١٢: ٥٨)، (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ١٣٨-١٤٠).

بۆیە هایپۆنیمی جیاوازە و سەربەخۆیە وەکو یەکێک لە پەیوەندییە واتاییەکانی وەک (هاوواتایی، دژواتایی، میرۆنیمی...) سەیر دەکرێت. (Crystal: 2008: 233). ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە هایپۆنیم پەیوەندی بە پەیوەندییەکانی، وەک (هاوواتایی، هاوبێژی، فرەواتایی، دژواتایی...)وە نییە، بەپێچەوانەوە، ئەم یەکانە لە پەیوەندی بەردەوام دان[1] لەگەڵ یەکتری بە جۆرێک تێکچڕژاون، کە هەندێکجار لەوانەیە لە یەکتری جودا نەکرێنەوە. ((هایپۆنیم دیاردەیەکی پەیوەندیی واتایی، فەرهەنگییە پەیوەندییەکە لێکسیمێکی تایبەت ( وشەی ژێرخان- هایپۆنیم) بە لێکسیمی گشتییەوە (وشەی سەرخان) دەبەستێتەوە، هەروەها سیما بنەڕەتییە هاوبەشەکان لە نێوان ژێرخان و سەرخاندا دەبنە جەمسەر لە گرێدانیاندا.)) (**عەبدوڵلا عەزیز محەمەد بابان: ٢٠٠٥: ١٤**)، واتە گرنگی پەیوەندی نێوان وشەی سەرخان بە ژێرخانەوە، هەبوونی سیمای واتایی هاوبەشە، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو سیمایانەی، کە لە وشەی سەرخاندا هەن لە وشە (ژێرخان/ کۆهایپۆنیم)ەکان ڕەنگبدەنەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، هەموو ئەو سیما واتایانەی لە وشە کۆهایپۆنیمەکاندا، هەن مەرجە لە وشەی سەرخاندا ڕەنگییان دابێتەوە، هەر ئەمەشە ئەو پەیوەندییەی دروستکردووە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هایپۆنیم ئەوەیە ((کە پەیوەندییەکی کاریگەری یەک لایەنەیە.))(**هەمان سەرچاوە: ١٦**) واتە هەمیشە وشەی سەرخان ژێرخانەکەی خۆی دەگرێتەوە، نەک بە پێچەوانەوە. بۆ نموونە: هایپۆنیمی (**مۆبایل**) بریتین لە کۆهایپۆنیمەکانی (**ئایفۆن، گالاکسی، نۆکیا، هواوی...**)، واتە هەریەکە لە کۆهایپۆنیمەکان، یەکسانن بە سەرخانەکەیان و سیما واتاییەکانی ئەویان هەڵگرتووە، کە مۆبایلە، بەڵام مۆبایل، بە تەنها یەکسان نییە بە دانەیەک لە کۆهایپۆنیمەکانی[2]. بۆ ڕوونکردنەوە: (**ئایفۆن = مۆبایل**)، بەڵام (**مۆبایل ≠ ئایفۆن**) واتا هەموو ئایفۆنێک مۆبایلە، بەڵام هەموو مۆبایلێک ئایفۆن نییە، چونکە کۆمەڵێک دانەی دیکەش هەن، کە مۆبایلن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٦):

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عەبدوڵلا عەزیز محەمەد بابان: ٢٠٠٥: ٢٣)، (شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٧٦).
(2) (بڕوانە: بەشی سێیەم: ٣-٦).




هێڵکاریی ژمارە (٦)  هایپۆنیمی (ئامرازەکانی لەپێکردن)

ئەگەر سەیری کۆهایپۆنیمەکانی (ئامرازەکانی لەپێکردن) بکەین، هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێک سیمای واتایی جیاوازن، کە جیاوازی لە نێوان هەریەکەیاندا نیشاندەدەن، بەڵام بەگشتی هەموویان هەڵگری سیما سەرەکییەکانی وشەی سەرخانن، کە (لەپێکردن)ە، ئەم دیاردەیە بەگشتی خاوەنی چەند زاراوەیەکی تایبەتییە، کە دەگونجێت، بە پشتبەستن بە نموونەی سەرەوە زاراوەکانی ئەم دیاردەیە نیشانبدەین.

- زاراوەی گشتی دیاردەکە (هایپۆنیمی) (hyponymy)
- وشەی سەرخان (Superodinate Word)
- وشەی ژێرخان (کۆهایپۆنیم). (co-hyponyms)

خاسیەتێکی دیکەی هایپۆنیم ئەوەیە، کە ((لەنێوان وشەکانی زماندایە، واتە لە ئاستی وشە تێپەڕ ناکات و فرێز و ڕستە ناگرێتەوە.)) **(دارا حەمید محەمەد: ٢٠١٠: ١٥٤)**.

سەرەڕای ئەوەش (دەکرێتت ئەم پەیوەندییە بە پەیوەندیی جۆریی ناوببەین.) **(کورش سەفەوی: ٢٠٢٠: ٨٤)**، چونکە وشەکانی کۆهایپۆنیم جۆرێکن لە وشەی سەرخان و پەیوەندی جۆریی لە نێوانیاندا هەیە.

### ٤/١-٥-١-١: جۆرەکانی هایپۆنیمی:

لەگەڵ ئەوەی هایپۆنیم لە زۆربەی سەرچاوەکاندا، بەگشتی ئاماژەی بۆکراوە، بەڵام لێرەدا هایپۆنیمی دەکرێتە چەند جۆرێک و نموونە بۆ هەریەکەیان دەهێنرێتەوە.

**٤/١-٥-١-١-١:هایپۆنیمیی داخراو:** بەگشتی پۆلێکی سنورداخراون و ژمارەی کۆهایپۆنیمەکانی دیاریکراون و زیادوکەم ناکەن، هەمیشە بە دیاریکراوی دەمێننەوە، وەک: هایپۆنیمی کتێبە ئاسمانییەکان (قورئان، ئینجیل، تەورات، زەبوور، سوحوف).

**٤/١-٥-١-١-٢: هایپۆنیمیی کراوە:** پێچەوانەی گروپی یەکەم ژمارەی کۆهایپۆنیمەکانی سنورێکی کراوەیان هەیە، دەگونجێت بەردەوام ژمارەیان بەپێی سەردەم و کات، زیادو کەم بکات. وەک: هایپۆنیمی جۆرەکانی پۆشاکی کوردی پیاوان (ڕانکوچۆغە، مرادخانی، کراسی،... هتد)

### ١-٤-٥-٢: میرۆنیمی(meronymy)[(١)]:

میرۆنیمی پەیوەندییەکی واتاییە، (کریستاڵ) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: (میرۆنیمی زاراوەیەکی واتاسازییە، توێژینەوە لە پەیوەندیی نێوان لێکسیمەکان دەکات، هەروەها پەیوەندیی نێوان بەشە بەگشتەوە، بۆ نموونە (تایە و ئۆتۆمبێل، یان ئەژنۆ و لاق)، پەیوەندیی تەواوکەری لە نێوان گشت (holonymy) بەبەشەوە، بەم شێوەیە نیشاندەدرێت، ئەگەر (X) بەشێک بێت لە (Y) واتە (X) میرۆنیمی (Y) یە، بۆیە (Y) دەبێتە (holonymy) گشت بۆ(X) کە بەشە.)) **(crystal: 2008: 302)**.

هەروەها ((لە ڕووی پێکهاتەی هەرەمییەوە و لە ڕووی هەڵبژاردنی زاراوە لە گەلێک ڕووەوە هەمان دابەشکردنی هەرەمی هایپۆنیم هەڵدەگرێت.)) **(عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد: ٢٠٠٥: ٥٩)**. هەرچەندە دوو

---

[(١)] بەشێوەیەکی گشتی چەند زاراوەیەکی بۆ بەکارهاتووە، لەوانە (meronymy) یا(partonymy) لە سەرچاوە کوردییەکانیشدا (زۆجار بە پەیوەندی بەش لە گشت، بەش و گشت، پارەوانی، میرۆنێمی) ناوی هاتووە. زاراوەی میرۆنیمی لە ڕووی مێژووییەوە لە وشەی گریگی (Franction Part) بە واتای (بەش یان پارچە)وە هاتووە، بۆ یەکەمجار وەکو زاراوەیەکی واتاسازی لە ساڵی (١٩٧٦) لە لایەن هەردوو واتاناس (Miller- Jonson-laird) بەکارهاتووە، هەروەها زاراوەی (پارتۆنیمی) بۆ یەکەمجار لە لایەن (Cruse)ەوە بەکارهاتووە، ئەمەش بۆتە جێگەی مشتومڕی زمانەوانان لەسەر ناونانی دیاردەکە بۆ ئەم بابەتەی واتاسازی، هەر لەبەرئەم هۆکارەش لەم توێژینەوەیەدا، زاراوەی (میرۆنیمی)مان هەڵبژارد، وەکو بابەتی ئەم تەوەرە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١١: ١٥٣)، (سلێمان هشیار محەمەد: ٢٠١٦: ٥)، (Misbah Mahmood Dawood: 2016: 223)، (Lobner: 2002: 96)، (احمد مختار: ١٩٨٢: ١٠١).

دیاردەی جیاوازی پەیوەندیی واتایین، بۆ ڕوونکردنەوە، میرۆنیمی (پێنووس) بریتییە لە (نووک، مەرەکەب، سەر...) هەریەکە لە (نووک، مەرەکەب، سەر...)دەبن بە بەش بۆ (پێنووس)، واتە میرۆنیمی پێنووسن، بەڵام بەپێچەوانەوە (پێنووس) دەبێتە گشت (هالۆنیم) بۆ هەر یەکە لە بەشەکانی، هەروەها ((پەیوەندی واتایی نێوان ئەو پارەوشانە، کە وەکو بران بە کۆمیرۆنیم (co-meronymy) ناودەبرێت، لەسەر ئەم بنەمایە (قۆڵ و بازوو و مەچەک و ئەنیشک و شەپیلک) هەر هەموویان پارەوشەی (دەست)ن، هەروەها پارەوشەی قوڵ و بازوو هاو پارەوشەی یەکترن.)) **(یوسف شەریف سەعید: ٢٠١١: ١٥٧)**.

واتە (میرۆنیمی) پەیوەندی نێوان بەش و پێکهێنەرەکانی چەمکێکی سەرەکییە، هەروەک چۆن لە هایپۆنیمدا وشەی سەرخان هەبوو، لێرەدا وشەی گشت شوێنی دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی هەرەمی لە چەند بەش (پارە)یێک پێکدێت، هەریەکە لە بەش و پارەکان دەبن بە کۆمیرۆنیمی وشەی گشت، کە بە (هالۆنیم) ناودەبرێت، بۆ نموونە (میرۆنیمی) (مەکینەی سەرتاشین) هەریەکە لە (دەم، سویچ، وەیار، بۆدی، محاویلە) دەبن بە (کۆمیرۆنیمی) (مەکینەی سەرتاشین) بە هەریەکەشیان دەگوترێت، بەش (پارە) هەروەها بە (مەکینە) کەش، دەگوترێت گشت (هالۆنیم)ی بەش (پارە)کان.




هێڵکاری ژمارە (٧) میرۆنیمی (وشەی مەکینە)

بەسەرنجدان لە هێڵکاری (٥) و (٦) هەروەها ناوەڕۆکی پێناسەکانی هەردوو تەوەرەی (١/٤-٥-١) (١/٤-٥-٢)دەردەکەوێت، جیاوازی هەرە سەرەکی لە نێوان هەردووک پەیوەندی، ئەوەیە، کە لە

هایپۆنیمدا، وشە کۆهایپۆنیمەکان دەبن بە جۆرێک لە وشەی سەرخان، بۆ نموونە: (سپلیت، موبەڕیدە، کۆندیشن، پانکە) وشەی سەرخانەکەیان (ئامێری فێنککەرەوە)یە، هەریەک لەوانیش دەبن بە جۆرێک لەو ئامێرە، واتە (پانکە) جۆرێکە لە ئامێری فێنککەرەوە، نەک بەشێک لێی، بەڵام لە میرۆنیمدا، هەریەکە لە وشە کۆمیرۆنیمەکان دەبن بە بەشێک لە وشەی گشت(هالۆنیم) نەک جۆرێک لێی، بۆ نموونە: (شاشە) بەشێکە لە تەلەفیزیۆن، نەوەک جۆرێک بێت لێی. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی ئەم دوانە بە جۆرێک تێکچڕژاوە، زۆرجار لەیەک هەڕەمی ستوونیدا هەردوو پەیوەندی بەدیدەکرێتن، بۆ ڕوونکردنەوە، هایپۆنیمی زاراوەی (ئاوەدانی) پێکهاتووە لە چەند کۆهایپۆنیمێک، وەک (پارێزگا، قەزا، ناحیە، گوند، گەڕەک، کۆڵان و...)، چونکە بە هەموویان دەبن بە ژێرخان و کۆهایپۆنیمی وشەی سەرخانەکەیان، کە (ئاوەدانی)یە، چونکە هەریەکە لە پێکهێنەرەکان دەبن، بە جۆرێک لە (ئاوەدانی)،بۆ نموونە سەرجەم پارێزگا قەزا و ناحییە و گوندەکانی کوردستان جۆرێکن لە ئاوەدانی، بەڵام دەگونجێت، هەریەکە لە (قەزا، ناحیە، گوند، گەڕەک، کۆلان)ببن بە بەشێک لە (پارێزگا) واتە هەریەکە لە قەزای ڕانیە و قەڵادزێ و گوند و ناحییەکانییان بەشێکن لە ئیدارەی ڕاپەڕین[1].

ڕوونکردنەوەی زیاتر لە هێڵکاری ژمارە (٨)دا نیشان دەدرێت




**هێڵکاری ژمارە (٨) پەیوەندی نێوان هایپۆنیمی و میرۆنیمی لە وشەی (ئاوەدانی)دا**

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جیاوازی نێوان ئەم دوو پەیوەندییە واتاییە، بڕوانە: (عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد: ٢٠٠٥: ٦٦).

### ٤/١-٥-٢-١: جۆرەکانی میرۆنیمی[١]:

بەگشتی چەند پۆلێنێک بۆ جۆرەکانی میرۆنیمی کراوە، لێرەشدا بەم شێوەیە، جۆرەکانی نیشان دەدرێن:

**٤/١-٥-٢-١-١: میرۆنیمیی داخراو:** ئەم جۆرەی میترۆنیمی، پۆلی داخراون، واتە ناتوانرێت بەئارەزوو کۆمیرۆنیمەکانی زیادوکەم بکرێن، چونکە لەژێر ویست و ئارەزووی مرۆڤدا نین، بەڵکو بەشێوەی ئاسایی (usual) بە سروشتی خۆیان دروستبوون. (**Saeed: 2009: 71**). بۆ نموونە: میرۆنیمی نێوان (دەست و پەنجە)، یان (جەستە و ئەندامەکانی) بەشەکان لە پۆلی داخراون، هەمیشە بەو شێوەیە دەمێننەوە و کەم وزیاد ناکەن.

**٤/١-٥-٢-١-٢: میرۆنیمیی کراوە:** ئەم جۆرەیان لە پۆلی کراوەن، بە پێچەوانەی جۆری یەکەم، کۆمیرۆنیمەکانیان دەگونجێت، کەم وزیاد بکەن، واتە بەشێوەی زۆرەملێ (بەخۆرتی) (Obligatory)نین (**هەمان سەرچاوە: ٧١**). بۆ نموونە: میرۆنیمی(خانوو) و بەشەکانی، واتە لە ژێر ویستی مرۆڤدایە هەرکاتێک بییەوێت، بەشێکی لێ کەم، یان زیاد دەکات، یان میرۆنیمی سەیارە و بەشەکانی دەگونجێت زیاد و کەم بکرێن، بۆ نموونە: دەگونجێت (کامێرە)ی، وەکو بەشێک بۆی زیاد بکرێت، یان پارچەیەکی لێکەم بکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانای ئەوە نییە، کە سنورداریەتی نەبێت و بە شێوەیەکی ڕەها و بێ بنەما بەشەکانی، یان کۆمیرۆنیمەکان زیادوکەم بکرێن.

### ٤/١-٥-٣: جیاوازیی واتایی:

هەرچەندە هەندێکک سەرچاوە جیاوازی بە جۆرێک لە بەرانبەری هەژمار دەکەن[٢]، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەیوەندییە لە نێوان ئەو وشانەدا دروست دەبێت، کە وشەیەکی گشتی وەکو سەرخانێک کۆمەڵێک وشەی دیکە لەخۆدەگرێت، کە دەکرێت بڵێین، ئەو وشانەی کە بە کۆهایپۆنیم و کۆمیرۆنیم ناودەبرێن، لە نێوان خۆیاندا جۆرێک لە جیاوازی و دژبەری لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام خاڵی گرنگ و جەوهەری، ئەوەیە ئەم وشانە، ((یەکتری داناپۆشن)). (**عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ١٤١**)، بەڵکو

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی میرۆنیمی بڕوانە: (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١١: ١٥٧) (عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد: ٢٠٠٥: ٦٣)، (شادان حمەئەمین: ٢٠١٦: ٣٢).

[٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کورش سەفەوی: ٢٠٢٠: ١٠٦-١٠٧).

پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای ئاسۆیی دانەکانی پەیدا دەبێت، هەرچەندە وشەکان لەژێر چەمکێکی گشتی، یان چەتری زاراوەیەک کۆدەبنەوە، بۆ نموونە ڕۆژەکانی هەفتە، کاتێک دەڵێین (ئەمڕۆ شەممەیە)، کەواتە لە هەمان کاتدا ناکرێت یەکشەممە بێت؛ هەروەها (جۆن سێد) ئاماژەی بەم دیاردەیە کردووە، لە ژێر ناوی (Taxonomic)[1] کە وەکو لقێکی دژواتایی ئاماژەی بەم جۆرە پەیوندییە کردووە، هەروەها ئەو جۆرە وشانەی دەکەونە ئەم ئاستەوە بە پۆلی داخراوی داناون، کە زیادوکەم ناکەن، واتە سنوردارن لە نێوان خۆیاندا، بۆ نموونە ڕەنگەکان، ڕۆژەکانی هەفتە...، هەروەها جیاوازییەکە لەنێوان دانەکانی هەمان پۆل دروست دەبێت بەشێوەی ئاسۆیی، سەرهەڵدەدات. (**Saeed: 2009: 68–69**). ئەم پەیوەندییە بەگشتی چەمکی جیاوازی لە نێوان دانەکانیدا هەیە، کاتێک دەکەونە یەک ڕیزی ئاسۆیی، کە چەمکێکی گشتی کۆیاندەکاتەوە، ئەم جیاوازییەش هۆکاری جیاوازی سیما واتاییەکانیانە، پێویستە بە لایەنی کەمەوە سیمایەک لە سیما واتاییەکانیان جیاوازبێت، بۆ نموونە پەیوەندی (فڕۆکە و کۆپتەر) پەیوەندییەکی جیاوازییە، چونکە زاراوەی گشتی یان وشە سەرخانەکەیان (هۆکارەکانی فڕین)ە، بەڵام جیاوازن لە نێو خۆیاندا لە ڕووی سیمای واتاییەوە بۆ نموونە:

- فڕۆکە/ سیمای [+ باڵ، + زۆربەرز، − پەروانە]
- کۆپتەر/ سیمای [− باڵ، − زۆربەرز، + پەروانە]

لە سەرێکی دیکەوە ((جۆن لاینز، بۆ ئەوە چووە، کە پەیوەندی تاکسۆنیم لەسەر بنەمای هەرەمیی هایپۆنیم دامەزراوە و بنیادنراوە، لە جۆری یەکەمدا پەیوەندییەکە لە چەشنی (هایپۆنیم)ە، چونکە تاک لایەنە و لە شێوەی هەرەمی گرتنەوەدایە، لە دووەم ئاستدا پەیوەندییەکە لە چەشنی جیاوازیدایە (Incompatible) بەلێکدانی هەردوو جۆرەکە (هایپۆنیم) و (جیاوازی) دیاردەی تاکسۆنیم دروست دەبێت.)) (**عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد بابان: ٢٠٠٥: ٧٣-٧٤**)، بەسوود وەرگرتن لەو دەقە دەکرێتت، بڵێین،

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Jackendoff: 1983: 143) ، (عەبوڵڵا عەزیز محەمەد بابان: ٢٠٠٥: ٧١).

پەیوەندییەکە دووسەرەیە، جەمسەری باکور، پەیوەندی هایپۆنیمی و میرۆنیمی دەگرێتەوە، ئاستی خواروش جەمسەری باشور پەیوەندی تاکسۆنیمی دەگرێتەوە، جیاوازییەکەش لە ناوەڕاستی ستوونەکە، سەرهەڵدەدات، ئەو دانانەی دەبن بە کۆهایپۆنیم و کۆمیرۆنیم، جیاوازی نێوانیان لە ڕێگەی سیمای واتایی جیاواز دەردەکەوێت.

ئەمەش دەکرێت لەوەدا کورتبکرێتەوە، کە پەیوەندییەکان پەیوەندی تەواوکارین، واتە ئەگەر هایپۆنیم و میرۆنیم و جیاوازی نەبن، ئەوا دیاردەی تاکسۆنیمی دروست نابێت، چەند جۆرێک جیاوازی ئاماژەی پێکراوە، بە کورتی ئەمانەن: (١- جیاوازی بەش لە گشت ٢- جیاوازی بازنەیی. ٣- جیاوازی پلەدار، ٤- جیاوازی داپۆشین) (**عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ١٤١-١٤٢**). کەواتە، جیاوازی بریتییە لەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان وشەکانی گروپێکی دیاریکراو، کە یەک چەمکی گشتیان هەبێت. وەک: (وەرزەکانی ساڵ، مانگەکانی ساڵ، ڕۆژەکانی هەفتە، ڕەنگەکان، پلەکانی وەکو (سەربازی، زانستی ...). بەگشتی پەیوەندیی جیاوازی لە نێوان کۆهایپۆنیمەکان و کۆمیرۆنیمەکان سەرهەڵدەدات.

### ٤/١-٥-٤: ئەندام وشەیی:

پەیوەندییەکی واتاییە، لە نێوان کۆمەڵێک وشە و ئەندام، کە سەر بە یەک پۆلن پەیدادەبێت، یان (پەیوەندی نێوان وشەیەکە بە وشەیەک، یان چەند وشەیەکی دیکە،(member collection) بە شێوەیەکی ئاسایی لە پەیوەندییەکی هاوبەشدان لە گروپێکدا. بۆ نموونە: **پەیوەندی نێوان، دار و دارستان، یان کتێب و کتێبخانە.)** (Saeed: 2009: 71). ئەم جۆرە پەیوەندییە لەسەر بنەمای ئەندامیەتی وشەیەک، یان ناوێک لە ناو کۆمەڵێکدا سەرهەڵدەدات، واتە ناوێک، یان وشەیەک ئەندامە لە گروپێک، یان کۆمەڵەیەکی گەورەتر، کە هەریەکە لە ئەندامەکان هاوتاو هاوتەریبی یەکترن لە بەها و نرخی ئەندامێتی لەو کۆمەڵەدا. بۆ نموونە: **قوتابی و پۆل، مەڕ و مێگەل، مێو و ڕەز، بزن و بزنەگەل...**[١]، ئەگەر سەیری هەر یەکە لە ئەندامەکانی ئەو گروپانە بکەین، دەبینین چەمکێکی گشتی کۆیان دەکاتەوە لە ژێر گروپێکدا کۆبوونەوە، کە هەریەکە لە ئەندامانی ئەو گروپە، یەک بەها و نرخیان هەیە و لە یەک ئاستدان.

---

[١] لە زانستی مۆرفۆلۆژیدا ئەو ناوانەی، کە هەڵگری ئەو چەمکانەن پێیان دەگوترێت ناوی کۆمەڵ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عبدالرحمن حاجی مارف: ١٩٧٩: ٨٩).

خاڵی سەرەکی جیاوازی (ئەندام وشەیی) و (هایپۆنیمی) ئەوەیە، کە هەریەکە لە ئەندامەکانی ئەو (کۆمەڵ)ە، نابن بە جۆرێک لە وشەی سەرخانەکەیان، پێچەوانەی ئەمە لە هایپۆنیمیدا، وشە ژێرخانەکانی دەبوون بە جۆرێک لە وشەی سەرخان. بۆ نموونە: لە ئەندام وشەییدا (**مەڕ) نابێت بە جۆرێک لە (مێگەل)**، یان (**قوتابی) نابێت بە جۆرێک لە (پۆل)**، بەڵکو دەبن بە ئەندامی ئەو گروپە، بەڵام لە هایپۆنیمیدا، (**نێرگز) دەبێتە جۆرێک لە (گوڵ)، نەک ئەندام لە (گوڵ)**. هەروەها خاڵی سەرەکی لە جیاوازی (ئەندام وشەیی) لەگەڵ (میرۆنیمی) ئەوەیە، کە لە میرۆنیمیدا، بەهای بەش (پارە) وشەکان جیاوازە، واتە مەرج نییە بەشێک هەمان نرخ و بەهای بەشێکی هاوڕێی (کۆمیرۆنیمی) هەبێت، دەکرێت بەهاکانیان وەک یەکتری نەبن، بۆ نموونە: **بەهای (تایە) وەک بەشێک لە (ئۆتۆمبێل) زیاترە لە بەهای (ساردی، گەرمی، دەعامی، لایت، جام...)**، یان لە **بەشەکانی (زانکۆ)** بەهای (**هۆڵەکانی خوێندن**)، یان (**کتێبخانە**) زیاترە وەک لە (**باخچە و کافتریا)**، بەڵام لە ئەندام وشەییدا، هەر یەکە لە ئەندامەکان، پلەیان وەکو یەکە لە ڕووی ئەندامیەتی و گرنگیان بۆ گروپەکە، بۆ نموونە: **لە (کتێبخانە)دا بەهای هەریەکە لە (کتێبەکان) بۆ (کتێبخانە) وەکو یەکە**، بەیەک چاو سەیردەکرێتن و هاوپۆلن، پلەی هەریەکە **لە (دارمێوەکان)ی (ڕەزێکی ترێ)دا بۆ جوتیارەکە وەکو یەکە**. خاڵی جیاوازی نێوان (ئەندام وشەیی) لەگەڵ هەریەکە لە (هایپۆنیم و میرۆنیم) ئەوەیە، کە کۆمەڵەی ئەندام وشەیی بە شێوەیەکی ڕەها کراوەن و سنور و ڕێگری لە زیادبوون و کەم بوونەوەی ئەندامەکانیدا نییە، واتە ناتوانرێت ژمارەی ئەندامەکانی بە ئاسانی دیاریبکرێن، چونکە پۆلێکی تەواوکراوەن، بۆ نموونە، دەگونجێت پۆلێکی قوتابخانە، بیست ئەندامی هەبێت، بەڵام لە هەمان قوتابخانە و هەمان پۆل دەکرێت ڕاستەوخۆ بکرێت بە چل ئەندام لەو پۆلەدا، چونکە سنورێکی داخراوی نییە.

سەرەڕای ئەوەش دەشێت هەندێکجار ئەندامێک زیاتر لە کۆمەڵەیەکی هەبێت، بۆ نموونە (**منداڵ**) ئەندامە لە پۆلێکی (**باخچەی ساوایان**)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامە لە (**خێزان**)ەکەی لە کۆمەڵەیەکی جیاوازدا کە (**خێزان**)ە، یان وشەیەکی وەکو (**مەڕ**) دەکرێت ئەندام بێت لە (**ڕانەمەڕ**)ێکدا، یان لە مێگەلێکدا، بۆ نموونە (ڕانەمەڕ،مێ گەل)) (**کورش سەفەوی، ٢٠٢٠: ٩١)**. ئەمە بۆ پۆل و کۆمەڵەکانی دیکەش ڕاستە، بەڵام لە هایپۆنیم و میرۆنیمیدا ئەمە بەو شێوەیە نییە.

لەکۆتاییدا هەریەکە لە (هایپۆنیم، میرۆنیم، ئەندام وشەیی) بریتین لە دوو فۆرم، یان زیاتر، بەڵام هەریەکەیان وشەیەک، یان زاراوەیەک دەبێتە سەرخانیان، کە هەر یەکە لە ئەندامەکانیان تێیدا هاوپشکن، بۆیە دەگوترێت، جیاوازن لە فۆڕمدا، بەڵام هاوپشکن لە واتادا.

### ٤/١-٥-٥: تاک وشەیی:

یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان، هەندێک لە وشەکانی زمان، ((لە نێوان چەمکی دوو وشەدا هەیە، کە یەکێکیان بە تاک ژمارەیی بۆ وشەیەکیتر، هەژماردەکرێتت.)) **(هەمان سەرچاوە: ٩٣)**، یان دەکرێت بە پەیوەندی نێوان (ناوێک وەکو یەکەی پێوانە بۆ هەندێکک لە چەمک و ناوی دیکە ببێتە یەکەی پێوانە، واتە بەشێوەی دوو لایەنە؛ لە ئەنجامدا بە دەستەواژەیەک ژماردنێکی ئاسایی نیشان دەدات.) (**Saeed:** 2009: 71). لە دۆخی ئاوادا، دەکرێتت، بگوترێت، هەریەکە لە (لیتر بۆ شلەمەنی، مسقال بۆ زێڕ، مەتر بۆ زەوی، چەپک بۆ گوڵ، دڵۆپە بۆ فرمێسک، دەنک بۆ خوێ، پەڕ بۆ کاغەز...)دەبن بە تاک وشە، هەریەکە لە تاک وشەکان، هۆکارن بۆ ڕوونکردنەوە و نیشاندانی قەبارە و پێوانەی وشەکان، یان دیاریکردنی بڕی وشە ئاماژە بۆ کراوەکە. بۆ نموونە:

١. **پێنج لیتر بەنزین.**
٢. **فەردەیەک ئارد.**
٣. **دووسەد مەتر زەوی.**
٤. **نەفەرێک کەباب.**

هەریەک لە (لیتر، مەتر نەفەر، فەردە) وشەکانی، (بەنزین، زەوی، کەباب، ئارد) ڕووندەکەنەوە و دەبن بە تاک وشە بۆیان.

پەیوەندییەکە، بە جۆرێکە ناگونجێت، لیتر بۆ زێر و مسقاڵ بۆ شلەمەنی ببن بە تاک وشەی یەکتری، چونکە ئەمە پەیوەندی بە سروشتی نێوان ئەو وشانەوە هەیە، لەگەڵ یەکتری.

لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک بارودۆخدا، وشە هەیە، خاوەنی دوو تاک وشەی جیاوازە، بۆ نموونە ((گوڵ دەتوانێت لەگەڵ وشەکانی (دەستە) و (چەپک) بەکاربێت.)) **(کورش سەفەوی: ٢٠٢٠: ٩٣)**، بە پێچەوانەوە وشەش هەیە، دەبێت، بە تاک وشە بۆ چەند وشەیەک، بۆ نموونە: فەردە، لەگەڵ (ئارد، برنج، نۆک، ...) بەکاردێت.

# بەشی دووەم

# تیۆری سیماکان و لێکدانەوەی واتا

## بەشی دووەم/ تیۆری سیماکان و لێکدانەوەی واتا

### ١/٢: زمانەوانیی بەرهەمهێنان (Generative Linguestics):

بەر لە دەرکەوتنی زمانەوانیی بەرهەمهێنان لە ڕۆژئاوادا بەگشتی، تیۆر – قوتابخانەی بونیادگەری ڕۆڵێکی بەرچاوی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکاندا هەبوو، کاریگەری لەسەر بیری زمانەوانان بەگشتی هەبوو ((بۆیە کارێکی وا ئاسان نەبوو، کە ڕەوتێکی زمانەوانیی بتوانێ شوێن بەو ڕەوتە زمانەوانییە چۆڵ بکات و خۆیشی ببێتە جێگرەوەی، بەڵام لەبەر پێداگرتن و خۆبەستنەوە بە لایەنە بەرچاو و هەستپێکراوەکانی زمان، واتە گرینگیدانێکی زیاد لە پێویست بەفۆرم و بەهەند هەڵنەگرتن و وەلاوەنانی واتا لەلایەن ڕۆنانکارەکانەوە شێوەیەکی ئەوتۆ، لە زماندا هاتە کایەوە، کە تەنها چوارچێوە دیارەکانی زمان دەستنیشانبکرێت و هیچ حسابێکیش بۆ زانیاری زمان بەگشتی و زانیاری قسەکەریش بە تایبەتی نەکرێت.)) **(حاتەم ولیا محەمەد: ٢٠٠٩: ٥٣)**.

پەنگخواردنەوەی زمانەوانی و سوڕانەوەی زمان لە دەوری یەک بازنەی چەقبەستوو، بووە جێگەی سەرنجی هەندێک زمانەوان، کە زمان لەو چەقبەستوویە ڕزگار بکەن، بۆیە (لەسەر دەستی (چۆمسکی) لە ساڵی (١٩٥٧) شۆڕشێکی گەورەی زمانەوانیی سەریهەڵدا، لە دوو توێی کتێبێکی کەمتر لە (١٢٠) لاپەڕەیی بە ناوی (دروستە سینتاکسییەکان – Syntactic Structures)، ئەمەش بوو بە سەرەتای شۆڕشێکی تازەی زمانەوانی، لەبەرئەوەشە دەگوترێت (چۆمسکی) کاریگەرترین زمانناسی سەدەکەیە.)(Aitchision: 1992: 25).

زمانەوانیی بەرهەمهێنان، کە زۆرجار بە (ڕێزمانی بەرهەمهێنان –Generative Grammer) ناودەبرێت، بە ڕابەرایەتی (چۆمسکی) لە هەوڵی ئەوەدابوو، لە قۆناغی یەکەمی تیۆرەکەیدا، کێشە زمانەوانییەکان بەتایبەت ڕستەسازی چارەسەر بکات؛ پاشان لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم تیۆرەدا سەرجەم ئاست و بەشەکانی زمانیشی گرتەوە ((چۆمسکی وەک یەکەم کەسێک، لە ڕێی منداڵەوە پایە و نرخی تایبەتی ئەوەی ئاشکرا کرد، کە ڕستەسازی ڕێزماندروستیی دەستنیشاندەکات. هەر ئەوەش بوو، ئەو تیۆرە کارتێکردنێکی گەورەی لە گشت ئەو تیۆرییانە هەبوو، کە بە درێژایی مێژوو هێنرابوونە کایەوە. ڕستەسازییەکەی (چۆمسکی) خراوەتە ناو چوارچێوەی شاکاری ڕێزمانی

بەرهەمهێنانەوە و تێیدا گونجێنراوە و کراوە بە فۆرم و دارشتەی فۆرم، ئەمەش بەتایبەتی لە لێکدانەوە و بۆچوونە نوێکەیدا لە بارەی ڕستەسازی و دەنگسازی و واتا و واتا لێکدانەوە دەبینرێت، کە تیۆرێکی گشتیی دروستەی زمانیان لێپێکهاتووە.)) **(محەمەدی مەحوی: ٢٠٠١: ١٤٥)**.

(چۆمسکی) بەوەشەوە نەوەستا، لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا بمێنێتەوە، بەڵکو هەوڵەکانی چڕکردبۆوە، بۆ بەدەستهێنانی ڕێزمانێکی جیهانی (Universal Grammer)[1] ئەمەش بەوەی، کە زانیارییە گشتییەکان لە تەواوی زمانەکاندا وەکو یەکن، یان بۆ ماوەیی (زگماک)ی مرۆڤن، هەرچەندە (چۆمسکی) تاکە زمانەوان نییە، کە ئەو هەوڵەیدابێت لە بارەی زمانی جیهانی، بەڵکو هەوڵی زمانناسانی تریش لەبەرچاو دەگیرێت، بەڵام پێیوابوو، مرۆڤەکان وێڕای تایبەتمەندیی زمانی خۆیان، تایبەتمەندیی گشتیش هەستی پێدەکرێت لە نێو ئەو سنورانەی، کە مرۆڤ تێیدا کاردەکات، سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی زمانەکەی خۆی توانای بەدەستهێنانی زانیاری گشتی دەربارەی زمانەکانی دیکە هەیە **(Aitchision:1992: 26–27)**، ئەمەش پەیوەستە بەو زانستە سروشتییەی، کە مرۆڤ لە ئەزەلەوە، لە فەرهەنگی ئاوەزی خاوەنی گەنجینەیەکی گشتییە، لە یەکە و یاسا بنەڕەتییەکانی زمان (مۆدێلی بنەڕەتی ڕێزمانیی بەرهەمهێنان ئەوەیە، کە زمان کۆمەڵێک سیما و پێکهاتەیە، کە مرۆڤ بەشێوەی زگماکی وەریگرتوون.) **(محمد راسخ مهند: ١٣٩٦: ٨٩)**.

## ٢/٢: چەمکی دەستەواژەکانی زمانەوانیی بەرهەمهێنان:

زمانەوانیی بەرهەمهێنان وەکو تیۆرێکی گشتی، کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی زمانەوانیی بەرهەمهێناوە و خستوونیەتە نێو تیۆرەکە، بەپێی قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی بەکاریهێناون، کە بوونە بنەمایەک بۆ شیکردنەوەی تیۆرەکە، وەک ژمارەیەک لە چەشنی جۆراوجۆر لە ڕژێمەکانی زمان، پێناسەیان دەکات و لە چوارچێوەی تیۆرەکەدا ئاماژەیان بۆ دەکات.

---

[1] (جاکندۆف)، ئاماژەی بەوە کردووە، کە (چۆمسکی) باوەڕیوایە، یاسا بنەڕەتییەکانی هەموو زمانە سروشتییەکان، بە شێوەیەکی زگماکی لە مێشکی مرۆڤەکاندا چەکەرەیان کردووە، پێویستیان بە فێربوون نییە، هەر بۆیە (چۆمسکی) باوەڕی بە ڕێزمانی جیهانی هەبووە و هەر لەسەر ئەو بنەمایە، تیۆری ڕێزمانی جیهانی، وەک بەشێک لە ڕێزمانەکەی ئاماژە پێکردووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Jackendoff: 1983: 8)، (Lyons: 1990: 238)، (Finch: 2005: 120)، (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١٢٥)، (Chomsky: 2012: 39).

## ٢/٢-١:چەمکی بەرهەمهێنان:

چەمکی بەرهەمهێنان بە کرۆک و بنچینەی زمانەوانیی بەرهەمهێنان دادەنرێت، گومان لەوەدا نییە، کە تەواوی زمانە سروشتییەکان خاوەنی کۆمەڵە ڕستەیەکی بێسنورن، کە لەلایەن ئاخێوەرانی زمانە سروشتییەکانەوە بەرهەمهێنراون، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک فۆنیم (پیت)، کە هەموو زمانێک خاوەنی ژمارەیەکی سنوردار لە فۆنیم و پیتە، یان ئەلفوبێیەکی سەربەخۆیە، لە ڕێگەی کۆمەڵێک لەو یەکانە چەندین ڕستەی واتا جیاواز بەرهەمدەهێنرێت، کە هەریەکەیان خاوەنی فۆڕم و واتای سەربەخۆن. (چۆمسکی) ئەم بیرۆکەیەی لە زانستی بیرکارییەوە وەرگرتووە، وەک چۆن کۆمەڵێک ژمارەی بێسنوور و فراوان لە ڕێگەی کۆمەڵێک ژمارەی بنجی سنوردار بەرهەمدەهێنرێن. (**Chomsky**: 1985: 2)، یان لە ڕێگەی کۆمەڵێک یاسا و یەکەی سنوردار، کۆمەڵێک ڕستەی سنوردار و بێسنور بەرهەمدەهێنرێن. (**Lyons**: 1990: 125).

ئەمەش مانای وایە، کە ژمارەی ڕستەکان هەمیشە زۆرترن لە ژمارەی ئەو یاسا و یەکانەی، کە لە هەر زمانێکی دیاریکراودا بوونیان هەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە (چۆمسکی) ناوی لە تیۆرەکەی ناوە بەرهەمهێنان، ((بەڵام ئەگەر کەسێک هەمان یاسای بەکارهێنا و ئەنجامێکی جیاوازی دەستکەوت، ئەوا لە بەکارهێنانی یاساکاندا هەڵەی کردووە، نەک خودی یاساکان هەڵەبن، ئەمەش لە زماندا نیشاندانی ڕاستی یاساکانی توانستی زمان و هەڵەکردنە لە بەکارهێنانی ئەم یاسایانە لە چالاکیدا.)) (**یوسف نوری محەمەد ئەمین: ٢٠١٥: ١٨**)، ئەمەش هۆکارە بۆ جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی لە ڕستەی ناڕێزمانی، بۆ نموونە دەبینین ڕستەکانی **١- من تۆم بینی. ٢- من تۆ بینیم***. ڕستەی (١) ڕیزمانییە، بەڵام لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی یاساکانی بەکارهێنان ڕستەی (٢) ناڕێزمانییە، ئەم ڕێزمانی و ناڕێزمانییەش مانای ئەوەنییە، کە قسەکەری زمانێکی دیاریکراو تەواوی ڕستە و فریزەکانی زمان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا هەڵبگرێت و لە کاتی پێوست بەکاریانبهێنێت، بەڵکو لە ڕێگەی زانین و هەڵگرتنی یاساکانی زمانەکەی، هەروەها بوونی گەنجینەیەکی دەوڵەمەند لە وشە و یەکەی زمانەکەی دەتوانێت، کۆمەڵێک فریز و ڕستەی بێسنور بەرهەمبهێنێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو توانستە فراوانەی کە مرۆڤ هەیەتی لە گەنجینەی مێشکی (فەرهەنگی ئاوەزی) لە ڕێگەی چالاکی ڕۆژانە بەکاریدەهێنێت و دەیخاتەگەڕ.

## ٢/٢-٢:چەمکی گوێزانەوە:

گوێزانەوە ((یەکێکە لەو کردە ڕستەسازییانەی، کە گرنگییەکی زۆری لە پێکهاتەی ڕێزمانی (ب. گ) هەیە، یەکێکە لە پێکهێنەکانی ڕێزمانەکە، لەسەر زنجیرەیەک پێکهاتەی ڕێزمانی کاردەکات و دەیگۆڕێ بۆ زنجیرەیەک پێکهاتەی نوێی و پێکهاتەی داڕێژراوی لێ دروست دەکات. بەهۆی یاساکانی گوێزانەوە ڕۆنانی ژێرەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە.)) **(هەمان سەرچاوە:٢٤)**، گوێزانەوەکانیش لە ڕێگەی کۆمەڵێک چالاکی مرۆڤ لە کاتی قسەکردندا ئەنجامدەدرێن، یەکێک لەو چالاکیانەش جێگۆرکێی کەرەستەکانە، لە ڕستەی (باسمەند)[1] دا، بۆ نموونە: **منداڵەکە نانەکەی خوارد. – نانەکە منداڵەکە خواردی.**

ئەم دوو ڕستەیە لە بنەڕەتدا، یەک ڕۆنانی ژێرەوەیان هەیە، بەڵام لە ڕۆنانی سەرەوەدا جیاوازن، ئەمەش لە ئەنجامی هێنانە پێشەوەی (بەرکار) بە مەبەستی جەختکردن لەسەر ئەو کەرەستەیە لەلایەن قسەکەرەوە.

## ٢/٢-٣: توانست (Copetence):

یەکێکە لەو زاراوانەی، کە لە زمانەوانیی بەرهەمهێناندا زۆر چاوی لەسەرە، بەگرنگییەوە سەیردەکرێت، ((توانست مەعریفەی ئاخێوەرانە سەبارەت، بە زمانەکەیان. ئەو یاسا و دەستورە شاردراوانەیە، کە پرۆسەی ڕێزمان بەگشتی پێکدەهێنن.)) **(دیار علی کمال: ٢٠٠٢: ١٧)**. بەگشتی بریتییە لە زانیاری ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو سەبارەت بە بنەما و دەستور و یاسا سینتاکسی و فۆنۆلۆژی و سیمانتیکییەکان، توانای پەیبردن بە هەریەکە لەو بنەمایانەی، کە لە زمانەکەدا هەن، چونکە (چۆمسکی پێی وایە، کە منداڵ هەر لە بنجەوە هەندێک زانیاری و یاسای سینتاکسی لە مێشکدایە، دواتر لەگەڵ گەشەی عەقڵی پەرەیانپێدەدات.) **(Lyons: 1990: 108)**.

## ٢/٢-٤: چالاکی (Performance):

زاراوەیەکە لە زمانەوانیی بەرهەمهێناندا، هەمبەر بە توانست دەوەستێت، ((بریتییە لە پراکتیزەکردنی توانست لە ئاخاوتندا، بە واتایەکی تر بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە، کە بەرامبەر

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کاروان عومەر قادر: ٢٠٠٨).

(قسە- Parole)ی سۆسێر دەوەستێت.))(**عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٣: ٩٦**). هەموو ئەو زانیاریانەی، کە مرۆڤ لە مێشکیدا دایکردوون، لە جێگە و ژینگەی گونجاوی زمانیدا، یان لە دەوروبەری جیاجیادا بەکاریاندەهێنێت، ئەمەش بەسەرچاوەی پەیوەندیکردن و گەشەی زمانی و گۆڕینەوەی بیر و باوەڕەکانی قسەکەرانی زمانێکی ڕەسەن دادەنرێت، تێگەیشتن پەیدا دەبێت؛ هەروەها ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی جودا دەکرێتنەوە.

## ٢/٢-٥: دروستەی قوڵ(Deep structure):

چۆمسکی ڕستەی بەسەر دوو ئاستدا دابەشکرد، ئاستی قوڵ و ئاستی ڕووکەش. ئاستی قوڵ، کە زۆرجار ڕۆنانی ژێرەوە، یان ئاستی ژێرەوەشی پێدەگوترێت ((واتای بنجی ڕستە دیاری دەکات و ڕۆنانێکی نابەرجەستەیە و لە مێشکی مرۆڤدایە، یەکەم قۆناغی بەرهەمهێنانی واتای ڕستەیە و ڕۆنانێکی نادیارە.)) (**یوسف نوری محمەد ئەمین: ٢٠١٥: ٢٠**)، یان بەشێوەیەکی زۆر سادە دەگوترێت ((ئاستی ژێرەوە واتای ڕستە دەگەیەنێ هەرچی سەرەوەیە خوێندنەوەی ڕستەکەیە.)) (**سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٧١**)، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە ئەم جۆرە ڕۆنانە یان ئاستە قوڵە (ببێتە جێگەی گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان واتاسازی و سینتاکس.) (**Lyons: 1979: 395**).

## ٢/٢-٦: دروستەی ڕووکەش (Surface Structure):

لایەنی بەرجەستەی ڕستە و دروستە زمانییەکانە، واتە ((ئەو ئاستە ڕۆنانیەی زمانە، کە ڕستە تیایدا دەردەکەوێت.)) (**دیار علی کمال: ٢٠٠٢: ٢٨**)، واتە دواهەمین ئاستی بەرهەمهێنانە، دوای ئەوەی لایەنی توانستی مرۆڤ، دروستەکان ئامادەدەکات لە دروستەی قوڵ و بنەڕەتدا لە ڕێگەی دەنگ و نووسینەوە، ئەم دروستانە دوای ئەوەی یاساکانی زمانیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، دەگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی مێشک (Output) لە ڕێگەی دروستە ڕووکەشەکانەوە.

لەهەندێک باردا ((لە ئەنجامی گوێزانەوەکان کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕوودەدات دانەی ڕێزمانی دەقرتێ، یان زیاددەکرێت، یان ئاڵوگۆڕی دەکرێت.)) (**یوسف نوری محەمەد ئەمین: ٢٠١٥: ٢٢**)، بۆ نموونە لە ڕستەی لێکدراودا، بکەری ڕستەکە لە ڕستەی دووەمدا دەقرتێت. **(جوتیارەکە زەوییەکەی کێڵا، لە**

**پاشان دایچاند.)** قرتاندنی (بکەر + بەرکار) لە ڕستەی دووەمدا، لەلایەکی دیکەوە زۆرجار ڕستەیەک، یەک ڕۆنانی سەرەوەی هەیە، بەڵام دەگونجێت دوو ڕۆنانی ژێرەوەی هەبێت، یان بەپێچەوانەوە[1].

(چۆمسکی) لە قۆناغی یەکەمی تیۆرەکەدا، کە لە ساڵی (١٩٥٧)ەوە، دەستپێدەکات، سێ ڕەگەز، یان بنەمای گرنگی لە تیۆرەکەیدا جێگیرکرد، ئەوانیش: ((أ- یاساکانی ڕۆنانی فریز ب- یاساکانی گوێزانەوە پ. یاساکانی مۆرفۆفۆنیمی[2]. (چۆمسکی) لەم کتێبەیدا (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) هیچ ئاماژەیەکی بە پێکهاتەی واتایی نەکردووە، زیاتر جەختی لەسەر ڕژێمی ڕێزمان دەکرد.)) **(حاتم ولیا محەمەد:٢٠٠٩: ٥٥)**، چونکە ئەو پێیوابوو، دەبێت ((ڕستەسازی سەربەخۆبێ لە واتاسازی. بە واتایەکی دیکە ئاریشە ڕستەسازییەکان لە ڕێگای ڕستەسازییەوە چارەسەر بکرێن.)) **(سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٧٢)**. ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە ئەم تیۆرە گرنگی بە واتا نادات، بەڵکو زیاتر مەبەست لێی سەربەخۆیی سینتاکسە لە بەرانبەر ئاستەکانی دیکەدا، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە (چۆمسکی) ڕستەی (بیرە سەوزە بێڕەنگەکان، بەتووندی دەنوون.)*[3] بکاتە نموونە، ئەم ڕستەیە بەڵگەی ئەوەیە، کە لەڕووی ڕێزمانەوە دروستە، بەڵام لە ڕووی واتاوە نەگونجاوە. **(Jacobson: 2014: 108)**.

ئەوەی گرنگە لەم قۆناغەدا (چۆمسکی) زیاتر چاوی بڕیبووە سەر سینتاکس، جیاکردنەی ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی، هەروەها لە قۆناغی یەکەمی تیۆرەکەیدا ئۆتۆنۆمی سینتاکس بە لای ئەوەوە گرنگ بوو.

**قۆناغەکانی گەشە و گۆڕانی زمانەوانیی بەرهەمهێنان[4]:**

**١-** ڕۆنانە سینتاکسیەکان (١٩٥٧).

**٢-** تیۆری ستاندار (١٩٦٥).

**٣-** تیۆری ستانداردی فراوانکراو (ناوەڕاستی ١٩٧٠)کان.

**٤-** بەسەرداچوونەوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو، کۆتایی (١٩٧٠)کان.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٣٥).

[2] بۆ زانیاری بڕوانە: (دیار علی کمال: ٢٠٠٢: ٢٩) (تریفە محسن أحمد: ٢٠١٦: ٢١) (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ١٩).

[3] نمونەکە لە زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە نووسراوە ( Colorless green ideas Sleep Furiously)، بەڵام ئێمە لە وەرگێڕاندا ڕەچاوی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردیمان کردووە.

[4] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حاتم ولیا محەمەد: ٢٠٠٩: ٥٥-٥٦)، (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩) (عبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٣: ٨٥-١٢٤)، (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٦٨-١١٥).

٥- تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە(GB).

٦- تیۆری کەمترین پرۆگرام (Minimalist Program).

## ٣/٢: شوێنی واتا لەنێو زمانەوانیی بەرهەمهێناندا:

واتا ناوەڕۆکی (Content) بیر و چەمکە، بۆیە وەکو کێشە هەرە جەوهەرییەکەی زمان سەیر دەکرێتت، لەبەرئەوە ((قوتابخانەی دروستەکاری/ ڕۆنانکاری لە فۆرمە کلاسیکییەکەیدا سیمانتیکی خستبووە دەرەوەی بازنەی پشکنینەکانیەوە.))(**کۆمەڵێک زمانەوان: ٢٠٠٩: ١٣٩**). ئاڵۆزی و خۆبەدەستەوەنەدانی واتا بەئاسانی وای لە هەندێک زمانەوان کرد، کە واتا پشتگوێبخەن (بەتایبەتی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣٠) تا کۆتایی (١٩٥٠)ەکان، لە ئەمریکادا، لەو دەمەدا زمانەوانان کەوتبوونە ژێر کاریگەری قوتابخانەی ڕەوشتی، لایەنگرانی ئەو قوتابخانەیە لە لێکدانەوەی واتادا دوورکەوتنەوە و ئەوان پێیانوابوو، کە دەبێت لەو بابەتانە بکۆڵنەوە، کە ڕاستەخۆ بە ڕێگەی تاقیکردنەوە و پێوانەکردن، دێنەبەردەست، ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە بەتەواوی واتاییان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دوور خستۆتەوە، بەڵکو بەردەوام پێویستییان بە واتا هەبووە، بەتایبەتی دوای کارەکانی (چۆمسکی)، کە بووە هۆی بەرپاکردنی شۆڕشێکی گەورە و کاریگەر لە زمانەوانیی نوێدا.) (**Lyons**: 1996: 16).

وەک پێشتر باسکرا، (چۆمسکی) لە قۆناغی یەکەمی تیۆرەکەیدا (پێکهاتە سینتاکسییەکان) ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە واتا نەکردووە. زیاتر تیشکی خستووەتە سەر سینتاکس، بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت، لە بەرانبەر ئاستەکانی دیکەدا، چونکە ((گرنگی ڕستەسازی لە ناو زماندا بە گرنگی دڵ دەچوێنێت لە لەشی مرۆڤدا.)) (**یوسف نووری محەمەد ئەمین: ٢٠١٥: ١٧**). ئەو لەو قۆناغەدا پێیوابوو، کە دەشێت، هەندێک ڕستە ئەگەرچی لە ڕووی واتاوە تەواو نەبن، بەڵام دەگونجێت لە ڕووی ڕێزمانەوە دروست بن، وەک ڕستەی ڕێزمانی سەیر بکرێن، چونکە پێیوابوو ((هەر لێکۆڵینەوەیەک بۆ پێناسەی ڕێزمانێتی پابەند بێت بە سیمانتیکەوە نەزۆکە.)) (**دیار علی کمال: ٢٠٠٢: ١٥**).

دواتر لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی ئەو تیۆرە بوونەوە، لەسەر فەرامۆشکردنی واتا (پێکهاتەی سیمانتیکی)، هەروەها هەوڵەکانی هەردووک زمانەوان (کاتز و فۆدۆر) لە ساڵی (١٩٦٣) توێژینەوەیەکیان پێشکەشکرد، لەو توێژینەوەیەدا هەوڵیاندا پێکهاتەی سیمانتیکی بخەنە نێو

چوارچێوەی زمانەوانیی بەرهەمهێنان، لە هەوڵەکەیاندا پێکهاتەی فەرهەنگی، ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە گواستنەوەی دروستە قوڵەکان بۆ دروستە ڕووکەشەکان[1]، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە: ١. **دانانی یاساکان**. ٢. **کۆتۆبەندی هەڵبژاردن**، واتە یەکەکان بەگوێرەی گونجان لە دروستەکاندا بە نوێنەرایەتی واتا یەکتر هەڵدەبژێرن. (**Lyons**: 1996: 209).

دواتر (کاتزوپۆستاڵ) لە ساڵی (١٩٦٤) توێژینەوەیەکی هاوبەشیان پێشکەشکرد، توانیان وەسفی وردی زمانەوانی بکەن و گرنگی لایەنی واتا لە چوارچێوەی تیۆری زمانەوانیی بەرهەمهێناندا نیشانبدەن و وەسفی زمانەوانی و پێکهاتە فەرهەنگییەکان و ڕۆڵیان لە گواستنەوەی واتادا نیشانبدەن. (**Katz & Postal**: 1964: 401 ).

هەموو ئەوانە وایانکرد (چۆمسکی) لە قۆناغی دووەمی تیۆرەکەیدا، واتە (تیۆری ستاندارد) (Standard theory) ساڵی (١٩٦٥) پێداچوونەوەیەکی ورد بە تیۆرەکەیدا بکات ((دەیویست لێکدانەوەیەکی واتایی بداتە بزوتنەوەی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە و تاڕادەیەکیش پشت بە مانا (واتا) ببەستێ ئاستێکی واتایی بۆ ڕێزمانەکەی زیاد بکات.)) (**حاتەم ولیا محەمەد: ٢٠٠٩: ٥٧**)، واتە لە پاڵ پێکهاتەی سینتاکس و پێکهاتەی فۆنۆلۆژی، پێکهاتەی واتایی (سیمانتیکی)شی، وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی خستە چوارچێوەی ڕێزمانەکەی، چونکە پێکهاتەی واتایی (سیمانتیکی) ((ئەو پێکهێنە ڕێزمانییە، کە ئەرکی واتایی ڕستەکە بەجێدەگەیەنێت و هەڵدەستێت بە لێکدانەوەی سیمانتیکیانەی ڕستەکە.)) (**دیاری علی کمال: ٢٠٠٢: ٣١**)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری پێکهێنەرەکانی تیۆرەکە، سەیری هێڵکاری مۆدێلی ستانداردی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بکە:




هێڵکاریی ژمارە (٩) **تیۆری ستاندارد)**
وەرگیراوە لە (**Clark & Yallop:1999:404**)

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:https:// www.researchgate.net/Publication/287491126 (Katz: 2005)
ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٠/١١/١٥.

## ١-٣/٢: ئامانجەکانی ئەم تیۆرە:

ئامانجی سەرەکی لەم تیۆرەدا بەگشتی، هەروەها هەوڵەکانی (کاتز و فۆدۆر) بەمەبەستی نیشاندانی چەند لایەنێک بوو، لەوانە:

١- نیشاندانی پەیوەندییە واتاییەکانی وەک، هاوواتایی، دژواتایی، هایپۆنیم، ... هتد.

٢- دیاریکردنی لێکدانەوەی واتای ڕێزمانی ڕستە.

٣- شیکردنەوەی واتای وشە بۆ پێکهێنەرەکانی (سیمای واتایی)[١].

٤- چارەسەری لێڵی ڕستەسازی بەگوێرەی سیمای واتایی پێکهێنەکانی ڕستە. **(عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ١٦٢-١٦٣).**

بەگوێرەی ئەم تیۆرە (تیۆری ستاندارد)، پێکهاتەی واتایی دەکەوێتە دروستە (ڕۆنان)ی ژێرەوەی ڕستە ((واتە هەموو واتاکان دەبێ لە ڕۆنانی ژێرەوەدا جێگر بکرێن و ئەم واتایانەش لە ڕۆنانی سەرەوەدا (دروستەی ڕووکەش) بپارێزن، بە واتایەکی تر تیۆرەکە وایدادەنا، کە گۆڕان لە ڕۆنانی ژێرەوەدا نابێتە هۆی گۆڕانی واتا.)) **(حاتەم ولیا محەمەد: ٢٠٠٩: ٥٨)**، واتە بە گوێرەی تیۆرەکە دروستەی ڕووکەش و دروستە قوڵەکان دەبێت یەکسان بن، ڕێگا بە گۆڕینی واتا نادەن لە کاتی گواستنەوەی دروستە قوڵەکان بۆ دروستە ڕووکەشەکان. **(Aichison: 1992: 178)**.

ئەمەش وایکرد دووبارە، (چۆمسکی) و تیۆرەکەی بکەونە بەر ڕەخنەی زمانەوانان، بۆیە لە قۆناغی سێیەمی تیۆرەکەیدا (چۆمسکی) بە ناوی (تیۆری ستانداردی فراونکراو- Extended standard Theory)ە لە ساڵی (١٩٧٢)، هەروەها بە پاڵپشتی (جاکندۆف) و هاوەڵەکانی لە هەمانساڵدا، گەشە و گۆڕانی بەسەر تیۆری ستانداردا هێنا، بەوەی، کە دەکرێتت لە هەندێک بارودۆخدا گوێزانەوەکان ببن بەهۆی گۆڕینی واتا لە دروستەی ڕووکەشدا. **(Jackendoff: 1983: 10)**. بۆ نموونە: **هەر دووکەس هاتن. واتای یەکەم:** کەسەکان زیاتر بوون، بەڵام تەنها دوانیان هاتوون. **واتای دووەم:** تەنها دووکەس بوون و هەردووک هاتوون.

---

[١] ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت پەیوەندییەکان بەپێی پێکهێنەرەکانی وشە (سیما واتاییەکان) ڕوونبکاتەوە. (بڕوانە: بەشی سێیەم).

کەواتە دەگونجێت، گوێزانەوەکان لەهەندێک بارودۆخدا بنەهۆی گۆڕانی واتا لە دروستە ڕووکەشەکاندا، بۆیە ((دەتوانرێ بوترێ کەوا پەیوەندی تیۆری ستاندەری فراوانکراو ئاگادارکرنەوەیەک بوو بە ئاوابوونی ئەستێرەی ڕۆنانی ژێرەوە و زۆربەی دەسەڵاتەکان بە ڕۆنانی سەرەوە سپێردرا.)) **(سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ١٠٥)**، لەم قۆناغەدا (چۆمسکی) گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە ((پێکهاتەی سەرەوە بڕیار لەسەر واتای ڕستە دەدات.)) **(سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٩٧)**، بەو واتایەی تێگەیشتنی تەواو لە ڕۆنانی یان دروستەی ڕووکەشدا بەرجەستە دەبێت.

بێگومان، گەشە و گۆڕانەکانی تیۆری زمانەوانیی بەرهەمهێنان بەردەوامی هەبوو، هەروەها لە هەریەکە لە قۆناغە جیاوازەکاندا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی تیۆرەکەدا سەریانهەڵدا، کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی زمان و گۆڕان و گەشەسەندنی زمان بەگشتی، لەو نێوەندەشدا واتا لایەنێکی گرنگی ئەم تیۆرەی گرتووە، لە گشت قۆناغە یەک لەدوای یەکەکاندا و جێگەی سەرنجی (چۆمسکی) و هاوەڵەکانی بووە لە تیۆری زمانەوانیی بەرهەمهێناندا.[١]

ئەم هەوڵەی زمانەوانان لە بواری واتادا، بە یەکەمین هەوڵ دادەنرێت، لەبەیەک بەستنەوەی سنوری نێوان واتا و زمان بەگشتی، هەروەها دیاریکردنی سنوری واتا لە نێو ڕستەدا. ئامانجی ئەو هەوڵەش لە بواری واتادا، تەنها لە واتای پیتیی وشە و ڕستەدا نەبوو، بەڵکو ئەو لایەنانەی واتاش، کە لە توانای زمانییەوە وەردەگیرێن، وەک مەبەستی قسەکەر، زانیاری قسەکەر دەربارەی دنیای هاوبەشی قسەکەران و گوێگران، واتە جگە لە واتای سیمانتیکی هەوڵی گواستنەوەی زانیاری (پراگماتیک)[٢] یش، لە ئارادابوو. **(محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ٢٠٩-٢١٠)**.

ئەم تیۆرە (زمانەوانیی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە) شۆڕشێکی گەورە بوو لە زمانەوانی نوێدا و بە دامەزرێنەری پایەکانی زمانەوانی نوێ لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا دادەنرێت، کە ئێستاش بەردەوامی هەیە، داهێنەری پردی پەیوەندی نێوان ئاستەکانی زمانە[٣]، بە تایبەت پەیوەندیی واتا بە ئاستەکانی دیکەی زمانەوە، هەروەها بەگشتی خاوەنی کۆمەڵێک لایەنی ئەرێنییە لە چاو تیۆرەکانی

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩).

[٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٤)، (سازان رضا معین: ٢٠٠٥)، (شێرزاد سەبری عەلی: ٢٠١١).

[٣] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پەیوەندی ڕستەسازی و واتاسازی بڕوانە: (شیلان عومەر حسەین: ٢٠١٢)، (تاڵیب حوسێن عەلی: أ: ٢٠١٤) (Chomskey: 1985: 92)، (Saeed: 2009: 9)، (أف. أر. بالمر: ١٩٨١: ١٣٥).

پێش خۆی، لە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕەوتی زمانەوانی، لەگەڵ ئەوەشدا بێ کەموکوڕی نییە و بەدەر نییە لە کەموکوڕی و خاڵی لاواز.[۱]

## ٤/٢: واتاسازیی بەرهەمهێنان (Generative Semantics):

هەرچەندە (سەرەتاکانی ڕەگ و ڕیشەی بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی پەنجاکان و دەرچوونی کتێبی ڕۆنانە سینتاکسییەکانی چۆمسکی.) (**محمد راسخ مهند: ١٣٩٤: ٨٩**)، بەڵام واتاسازیی بەرهەمهێنان لە سەرەتای حەفتاکاندا، یان لە ماوەی نێوان هەردوو قۆناغی تیۆری ستانداردا، واتە (قۆناغی ستانداردی ١٩٦٥- ستانداردی فراونکراو ١٩٧٢) ڕێچکەیەکی جیاواز وەکو کاردانەوەیەک بۆ کارەکانی (چۆمسکی) لە نێو زمانەوانیی بەرهەمهێناندا سەریهەڵدا، کە بیرکردنەوە و ڕوانگەیان بۆ واتا تاڕادەیەک جیاواز بوو لە (چۆمسکی)، هەرچەندە خۆشیان کاریگەربوون بە کارەکانی چۆمسکی و هەر لەو قوتابخانەیە پەروەردە ببوون، بەڵام لەو ماوەیەدا هەندێک لە زمانەوانە ئەمریکییەکانی وەک (Ross، Postal، Mccawley، Lackoff) چەند توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا، بەگشتی ئەو توێژینەوانە دەچوونە بواری (واتاسازیی بەرهەمهێنان) و خزمەتکردن و گرنگیدان بە لایەنی واتا، هەروەها واتا وەکو سەرچاوەی سەرەکیی بناغەی زمان سەیردەکرا.

ئەمەش سەرەتای سەرهەڵدانی تیۆرییەکی واتایی بوو، کە ڕاستەوخۆ ڕابەرایەتی شۆڕشێکی واتایی بکات، لە کارەکانیاندا واتا وەکو کەرەستە و دروستەی سەرەکی لێکۆڵینەوەی زمان پشکی سەرەکی و بنەڕەتی پێبدرێت، بە بڕوای ئەوان پێکهاتەی سیمانتیکی وەکو بناغەی بەرهەمهێنان، پێکهاتەی سینتاکسی لێیەوە دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی دروستەی ڕوکەشەوە، دروستە سینتاکسییەکان، یان یاسا سینتاکسییەکان، لە خزمەت دروستەی سیمانتیکیدان و ئەرکیان تەنها لێکدانەوەیە، واتە هیچ ئاستێک لە نێوان پێکهاتەی سیمانتیکی و دروستە ڕووکەشەکاندا نییە، ئەمەش پێچەوانەی تیۆری ستانداردی (چۆمسکی) بوو، کە ئەو پێیوابوو پێویستە ئاستێکی قوڵی دروستەی سینتاکسی وەکو بناغەی زمان لێکدانەوەی بۆ بکرێت و دروستەی سیمانتیکی لە خزمەت دروستە سینتاکسییەکاندا بێت. (**Crystal**: 2008: 209).

---

[۱] بۆزانیاری دەربارەی لایەنە باشەکانی تیۆرەکە بڕوانە: (دیار عەلی کەمال: ٢٠٠٢: ٣٤) هەروەها بۆ لایەنی کەموکوڕی تیۆرەکە، بڕوانە: (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ١٠٣)، (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٩٤)، (بەشدار محەمەد ئیبراهیم: ٢٠١٤: ٦٦).

پەیڕەوکردنی ئەم ڕێبازە، کە بە ڕێبازی سیمانتیکی (واتاسازیی بەرهەمهێنان) ( Generative Semantic) ناودەبرێت، وایکرد لە بەرانبەر ئەمەدا، ڕێبازی، یان تیۆری سیمانتیکی لێکدانەوە (Interpretive Semantic) سەرهەڵبدات، وەکو ڕووبەڕوونەوەی واتاسازانی بەرهەمهێنان، کە (چۆمسکی) خۆشی لە کۆتاییدا لایەنگری ڕێبازی لێکدانەوە بوو. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم تیۆرانەش، بە لادان لە تیۆرەکەی (چۆمسکی) دادەنران، چونکە بە بۆچوونی خۆیان هەوڵیاندەدا، چارەسەرێک بۆ لایەنی نەرێنی و کەموکوڕییەکانی تیۆرەکە (ستاندارد) بدۆزنەوە. **(سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ١٠١)**.

کێشەی سەرەکیی واتاسازیی بەرهەمهێنان، لەگەڵ تیۆری ستاندارد و سیمانتیکی لێکدانەوە، لەوەدابوو، کە ئەمان (واتاسازیی بەرهەمهێنان) پێیانوابوو ((ئەگەر دروستەیەکی قوڵ لە ئارادابێ، دەبێ دروستەیەکی سیمانتیکی بێت، نەک سینتاکسی، بەو واتایەی، کە "دروستەی واتایی/ لۆژیکی" سەرچاوەی داڕشتن و بەرهەمهێنانی ڕستەیە، نەک دروستەی قوڵ، هۆی ناونانیشی بە سیمانتیکی (واتاسازی بەرهەمهێنان) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.))**(بەشدار محەمەد ئیبراهیم: ٢٠١٤: ٨٦)**.

دەکرێت دوو سەرنجی گرنگ لەم تێڕوانینە ئاماژەیان بۆ بکرێت، **یەکەم:** دروستەی واتایی (سیمانتیکی) وەکو دروستەی قوڵی ڕستە سەیر دەکرێتت، کە ئەمەش پێچەوانەی تیۆری ستانداردە، چونکە لای ئەوان دروستەی سینتاکسی دروستە قوڵەکەیە. **دووەم:** (دروستەی قوڵ) یەکسانە بە (دروستەی لۆژیکی)، واتە ئەمان لە جیاتی دروستەی قوڵ، دروستەی واتایی/ لۆژیکی بە شوێنگرەوەی دروستەی قوڵی (سینتاکسی) دادەنێن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١٠):




هێڵکاریی ژمارە (١٠)

(واتاسازیی بەرهەمهێنان) (بە دەستکارییەوە وەرگیراوە لە **(Lyons: 1979: 413)**.

بە سەرنجدان لە هەردوو هێڵکاریی (٩-١٠) ئەوە نیشاندەدرێت، کە هەردوو بۆچوون تێڕوانینیان بۆ دروستەی ڕووکەش و دروستەی فۆنۆلۆژی هاوبەشە، چونکە لە ڕێگەی گواستنەوەکانەوە، دروستەی سینتاکسی و دروستەی واتایی/ لۆژیکی دەگوازرێتەوە بۆ دروستەی ڕووکەشەکان، کە لە

ڕێگەی دروستەی فۆنۆلۆژییەکانەوە نمایشدەکرێن، ئەوەی خاڵی ناکۆکە لە نێوان هەردوو تیۆردا سەرچاوەی سەرەکی ڕستە، یان بناغەیە (base)، کە بەگوێرەی تیۆری ستاندارد و لایەنگرانی لە دروستەی سینتاکسی سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لایەنگرانی تیۆری واتاسازیی بەرهەمهێنان، دروستەی واتایی/ لۆژیکی بە بناغە و سەرچاوە دەزانن، واتە دروستەی واتایی وەکو بناغە (Base)سەیر دەکرێت (لە واتاسازیی بەرهەمهێناندا پەیوەندیی نێوان واتای ڕستەیەک و فۆڕمەکەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە. لەڕاستیدا جیاکەرەوە و شیانی جیاوازی لە نێوان ئاستی قوڵ و واتادا نییە. واتا ئەرکی خوێندنەوە و لێکدانەوەی نییە، بەڵکو خۆی بەشی بەرهەمداری زمانە، لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان واتا و فۆڕم لە واتاسازیی بەرهەمهێناندا بەم شێوەیەیە:

واتا (=ڕۆنانی قوڵ)

↓

فۆڕم (=ڕۆنانی ڕووکەش))(**محمد دبیر مقدم: ١٣٨٦: ٢٣٩**).

هێڵکاریی ژمارە (١١)

هێڵکاریی گشتی پەیوەندیی واتا و فۆڕم لە واتاسازیی بەرهەمهێناندا

## ١-٤/٢: ئامانج و سیمای تیۆری واتاسازیی بەرهەمهێنان:

مەبەستی سەرەکیی تیۆرەکە ئەوە بوو، (ڕۆنانی ژێرەوەی تیۆری ستاندارد فراون بکەن، بۆ ئەوەی پێکهاتە(Component)ی دەروازە فەرهەنگییەکانیش بگرێتەخۆ، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کەوا هەندێک لەپڕۆسەکانی گوێزانەوە لەسەر پێکهێنە واتاییەکانی هەندێک لەیەکە فەرهەنگییەکان ڕوودەدا، بەرلەوەی ئەو پێکهێنە شێوەی فەرهەنگی خۆی وەربگرێت، ئامانجیش لەمە ئەوەبوو، کە نەیاندەویست گوێزانەوەکان ببن بە هۆی گۆڕانی واتا، ئاستی ژێرەوە، بە شێوەیەک فراوان بکەن، تا ئاستێکی قوڵتر و نابەرجەستەتر بێ لەوەی یاساکانی فرێز پێکهێنان بەرهەمی دەهێنن. ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی دروستە واتاییەکان بکەنە بناغەی یاساکان.) (**سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ١٠١-١٠٢**).

بۆیە فەرهەنگ، یان یەکە فەرهەنگییەکان لەم تیۆرەدا بە گرنگ سەیر دەکرێتن، بەرلەوەی بچنە دروستەی ڕووکەش چەند سیمایەکیان پێدەدرێت، لە چوارچێوەی دەروازە فەرهەنگییەکاندا، ئەو سیمایانەش، وەکو سیمای ڕێزمانی (بکەر، بەرکار، ئاوەڵناو...) هەروەها سیمای واتایی وەکو سیما

سـەرەکی و لاوەکییـەکان.[1] (**بنعیسـی عسـو أزایـط: ٢٠١٦: ٧٦**)، بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیـاتر سـەرنج لـەم نموونـەیـەی خـوارەوە دەدەیـن: **نووسـەرەکە کتێبێکی نووسـی. نووسـی**، وەکـو کردارێکـی تێپـەڕ پێویسـتی بـە (بکـەر و بـەرکار)ێکـە، کـە سـیمای: بکـەر [+مـرۆڤ +خوێندکار +عاقڵ] بێت. بـەرکار [+ بابەت +توانای لێنووسین +خوێندنەوە +پەڕە (کاغەز، ئەلیکترۆنی)] بێت.

هەر ئەمەش وایکرد، فیلمۆر (Filmore)[2]، کە کارەکانی دەچنە چوارچێوەی واتاسازیی بەرهـەمهێنان، بەخشینی هەندێک سیما بە کردار و پۆلێنکردنیان، ئەمەش لەبەرئەوەی کردار لەم تیۆرەدا، بە جەوهەر و بناغەی ڕستە دادەنرێت، بۆ نموونە[+ بوونی + هەبوونی + کردەیی + جووڵەیی...[3]].

بۆیە (فیلمۆر) دەڵێت: ((لە کارەکەمدا بیرم لەوە نەکردۆتەوە، کە هەموو ڕۆنانی ژێرەوە لابـەرم و وازی لێ بێنم، بەڵکو هەوڵمداوە ئاستێک بدۆزمـەوە بـۆ ڕۆنـانی ڕێزمـانی زۆر قوڵتربێ لـە ڕۆنانەکـەی ژێرەوەی چۆمسکی.)) (**یوسف شریف سعید: ١٩٩٠: ٥٠**)، ئەمەش بە پشتبەستن بەدانە فەرهەنگییـەکان، کـە خاوەنی واتان، وەکو دروستەیەکی واتایی لە چوارچێوەی زماندا بەگشتی ڕەفتاردەکەن.

بێگومان ئەم تیۆرەش بەدەر نییە لە کەموکوڕی[4]، یەکێک لـەو کەموکوڕییانـە دیاریکردنی بنجی بنەڕەتی ڕستەبوو، ئەو بنجەی، کە ئەوان بە هاوواتای دروستەی واتایی دادەنێن، زۆر زەحمـەت بـوو، کـە ئـەو پێکهاتەیـە بـە ئاسـانی دیاریبکرێـت (**سـەلام نـاوخۆش: ٢٠٠٨: ٩٢**)، هـەروەها یـەکێکی دیکـە لـە کەموکوڕییەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە (کە نەیتوانیوە زانیارییەکی تەواو وردمان پێبدات، چۆن دروسـتەی واتایی دەگۆڕێت بۆ دروستەی سینتاکسی.) (**فەرهاد تۆفیق حەسەن: ٢٠١٠: ٢٧**)، ئەمەش وایکرد، کە تیۆرە بەچەند قوناغێکدا تێپـەڕێت و خـاوەنی چەند مۆدیل و ڕێچکەیـەک بێت و زمانـەوانانی ئـەم ڕەوتـە لـە چەند گۆشە نیگایەکەوە بۆ دیاردەی بەرهەمهێنان لە ئاستی واتادا بڕوانن.[5]

---

[1] (بڕوانە: ٢-٩).

[2] فیلمۆر خاوەنی ڕێزمانی باروحاڵەت (Case grammer)ە. لە ساڵی (١٩٦٨)پەرەی بەکارەکانی داوە لەبارەی بارودۆخە ڕێزمانییەکان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩: ٢٤٧)، (یوسف شەریف سعید: ١٩٩٠).

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ٢٤٧-٢٤٩)، (بەشدار محەمەد ئیبراهیم: ٢٠١٤: ٨٨-٩٢).

[4] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کەموکوڕی و ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی ئەم تیۆرەکراون، بڕوانە: (بەشدار محەمەد ئیبراهیم: ٢٠١٤: ١١٤).

[5] بۆ زانیاری دەربارەی تیۆری واتاسازیی بەرهەمهێنان و مۆدێلەکانی بڕوانە: (Lyons: 1979: 411–422) (بەشدار محەمەد ئیبراهیم: ٢٠١٤: ٩٧).

## ٢/٤-٢: بنەما سەرەکییەکانی تیۆری واتاسازیی بەرهەمهێنان:

ئەم تیۆرەش وەکو تیۆرەکانی پێش خۆی خاوەنی بنەما و چەمکی زانستییە بۆ شیکردنە و نیشاندانی ناوەڕۆکی تیۆرەکە و ئامانجەکانی، لەوانە:

١- دروستەی واتایی/ لۆژیکی (Logical Structutre)[١]: ئەم بنەمایە، بەرامبەر دروستەی قوڵی تیۆری ڕێزمانیی بەرهەمهێنان دەوەستێت، بەگوێرەی تیۆرەکە دروستەی واتایی/ لۆژیکی بە بنج و بناغەی ڕستە دادەنرێت، وەکو تێکردەیەک لە ڕێگەی دروستە ڕووکەشەکانەوە دەگوازرێتەوە، هەڵگری بیری سەرەکی و واتای پێکهاتەکەیە، بەشێوەیەکی شاراوە، تا لە ڕێگەی دروستەی فۆنۆلۆژییەوە نمایشدەکرێت.

٢- دروستەی ڕووکەش (Surface Structure)[٢].

٣- دروستەی فۆنۆلۆژی (Phonological Structure): وەکو پێکهێنی کۆتایی، ڕۆڵی دەرکردە (Output) دەبینێت، دروستە واتاییەکان، تێکردە (input) دەکرێت، ئینجا وەکو دانەی فیزیکی و بەرجەستەی زمانی بەهۆی دروستەی فۆنۆلۆژی دەنوێنرێن.

## ٥/٢: سەرهەڵدانی تیۆری سیماکان لە زمانەوانیدا:

سەرهەڵدان و لەدایکبونی هەر بیرۆکەیەک، یان تیۆرێک بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، تا دەگاتە ئاستی تیۆرێکی پێگەیشتو و کامڵ، کە بتوانرێت وەکو تیۆرێکی سەربەخۆ پشتی پێببەسترێت، ئەم تیۆرەش (تیۆری سیماکان) یەکێکە لەو تیۆرانەی، چەند قۆناغێکی بڕیوە لەسەر دەستی چەند زمانەوانێک گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، بووەتە تیۆرێکی گشتی لەبارەی زمانەوانییەوە.

سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی سیماکان دەگەڕێتەوە، بۆ کارەکانی زمانەوانی ئینگلیز ((Trubetzkoy) لە ساڵی (١٩٣٩) لە قۆتابخانەی (پراگ)، بەگوێرەی بیرۆکەکە فۆنێم دەتوانرێت شیتەڵبکرێت و وردبکرێتەوە بۆ نیشانە جیاکەرەوەکانی (distinctive feature) لە ڕێگەی سیمای دەنگی جیاوازەوە هەمبەر بەیەک بوەستن، ئەمەش وایکرد پەیڕەوکارانی شیکردنەوەی پێکهاتە بە تایبەت بنیاتگەرانی دوای (سوسێر) لەوانەش (Hjelmslev & Jakobson) باوەڕیانوابێت، کە

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Karim Nazar Bagha: 2011: 223).
[٢] (بڕوانە: ٢/٢-٦).

دەتوانرێت ئەو بنەمایانەی، کە (Trubetzkoy) ئاماژەی پێکردوون لە بیرۆکەی سیماکان، بگوازرێنەوە و درێژبکرێنەوە، بۆ هەردوو زانستی ڕێزمان و واتاسازی، لەمەشەوە دوای ئەوە بیرۆکەی سیماکان لە کاری زمانەوانە ئەوروپییەکانی، وەک (Greimas 1965–1970، Pottier 1974، Prieto 1964–1965، Coseriu)دا ڕەنگیدایەوە. (**Lyons: 2009: 317–318**).

لە سەرەتادا لە (ئەمریکا) بیرۆکەی شیکاری پێکهێنەری (Componential analysis) واتە سیما واتاییەکان، لەلایەن زمانناسانەوە، وەکو تیۆرێکی زمانەوانی (گشتی)، لە توێژینەوە واتاسازییەکاندا ئەو گرنگییەی پێنەدرا. سەرەتا لەلایەن زاناکانی مرۆڤناسی (anthropologists)یەوە، لە شیکردنەوەی زاراوەکانی خزمایەتی (Kinship) بۆ وەسفکردن و بەراوردی ئەو زاراوانە بەکاردەهات.) (**هەمان سەرچاوە**).

بیرۆکەی سیماکان، بەتایبەتی لە بواری دەنگسازیدا لە ئەمریکادا لە کارەکانی (چۆمسکی و هالێ) ڕەنگیدایەوە، لە ساڵی (١٩٦٨) لەو کاتەی، کە تیۆری (SPE) نیشاندرا، لەلایەن هەردوو زمانناس، دەچێتە چوارچێوەی تیۆری فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان (Generative Phonology)[١] بەشێک لە زمانەوانیی بەرهەمهێنان پێکدەهێنێت. (ئەمەش دوای هێرشێکی توندی زمانەوانی لەلایەن (چۆمسکی و هالێ)وە لە ساڵی (١٩٦٤)، هەروەها کارەکانی پۆستاڵ لە ساڵی (١٩٦٨) دەربارەی کارەکانی پێش خۆیان، لەم کاتەدا بواری زمانەوانی بێزارییەکی زۆری بە خۆیەوە بینی بوو، بۆیە ئەوان پێیان وابوو ئەو شێوازە لە لاسایی کردنەوە بەسەرچوون و پێویستە لەو بەرگە لاساییکەرەوە بێنەدەرێ.) (**Clark & yollop: 1999: 128–129**)، لقێکی سەرەکیی ئەم تیۆرەش (SPE) کار لەسەر نیشانە دەنگییەکان دەکات، لە ڕێگەی نیشاندانی سیمای دەنگیی فۆنیمەکان، کە توانای جیاکردنەوەی واتایان هەیە.

لەلایەکی دیکەوە هەر لە (ئەمریکا) دوای ئەوەی ئەنسرۆپۆلۆجییەکان سیما واتاییەکانیان خستە خزمەت کارەکانی خۆیان، (لەپاش ئەوە بەشێک لە زمانەوانەکانی وەک (Lamb, Weinreich, Nida) هەستیان بە گرنگی ئەم بیرۆکەیە کرد، لە کارەکانی خۆیاندا لە شیکردنەوەی یەکە زمانییەکاندا

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان) بڕوانە: (خەبات هادی جەمیل: ٢٠١٥).

گرنگیـــان بـــەم لایەنـــەی واتـــادا، بـــەکارهێنانی ســـیمای واتـــایی لـــە کارەکانیانـــدا ڕەنگیدایـــەوە. (Lyons: 2009: 318)

جگە لـەوەش هەریەکە لـە (Foder & Katz) دوای بڵاوکردنـەوەی توێژینەوەکـەیان لـە سـاڵی (١٩٦٣)دا بنـەمای واتایـان لـە ڕێزمـانی گوێزانـەوەدا خسـتە نێـو کـارە زمانەوانییـەکان، یـەکێک لـەو لایەنانەی جێگەی سەرنجی ئەوان بوو شیکردنەوەی واتا (شیکاری پێکهێنـەری)ی یەکە زمانییـەکان بوو.) **(هەمان سەرچاوە)**، ئەوان (کاتز و فۆدۆر) ((لایان وایە واتا جیاجیاکانی وشەیەک لە ڕێگەی سیما واتاییەکانەوە دەست نیشان دەکرێت.)) **(کوروش سەفەوی: ٢٠٠٦: ٣١)**.

دوا ئەوەی گرنگیی بیرۆکەی سیماکان، بە تایبەتی سیما واتاییـەکان، مەودایەکی باشـی لە کارە زمانەوانییەکاندا داگیرکرد. سـەنگ و بـەهای ئـەم بیرۆکەیـە وایکـرد، کـە ((قوتابخانـەی "کۆپنهـاگن" لـە ڕێگەی بۆچوونـەکانی "یـەلمزلف" و قوتابخانـەی "پـڕاگ" لـە ڕێگـەی " یاکۆبسـنەوە" بـەرگێکی زانسـتی بکەنەبەر ئەوەی، کە " لایب نتس" بە شێوەیەکی سادە خستییەڕوو.)) **(هەمان سەرچاوە: ٣٠-٣١)**.

پوختـەی تیۆرەکـە لـە شـیکردنەوەی پێکهاتـە زمانییەکانـدا، پـەیڕەوی ئـەو بنەمایـەی دەکـرد، کـە یەکەیـەکی وەکو (فۆنیم) شـیتەڵبکرێت بۆ پارچـەی بچـوکتر لـە خـۆی، بەشـێوەی دوو پەلکـەیی[1]، کـە پێشتر وا بـاوبوو، کە فۆنیم بچوکترین یەکـەی دەنگییە، بەڵام بە پێچەوانـەوە بـەگوێرەی ئـەم تیـۆرە فۆنیمێکی وەکو/ ب/ خاوەنی سیما جیاکەرەوەکانی وەک [+ لێوی +تـەقیو +گڕ]ە، هـەروەها یەکەیـەکی وەکو (وشە) کە پێشتر وەکو بچوکترین کـەرتی واتاداری زمـان سـەیر دەکـرا، دەکرێـت شـیبکرێتەوە لەسەر بناغەیەکی لۆژیکی و زانستی بۆ چەند پێکهێنەرێک، یان چەند سیمایەکی واتـایی پێبدرێت، بۆ نموونە: وشـەیەکی وەکو (پیاو) خاوەنی سیما واتاییەکانی وەک [+ مرۆڤ +هەراش +نێر]ە، پێچەوانەی ئەوە (ژن) خاوەنی سیما واتاییەکانی [+ مرۆڤ +هەراش + مێ]ە.

---

[1] ( بڕوانە ٢/ ٨- ٢).

## ٦/٢: تیۆری سیماکان و شیکردنەوەی یەکە زمانییەکان:

### ٦/٢-١: تیۆری سیماکان لە شیکردنەوەی دەنگدا:[١]

وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، سەرەتای گرنگیی سیمای دەنگی لە توێژینەوە دەنگسازییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی (ترۆبسکی) لە قوتابخانەی (پڕاگ)، دواتر (لە لایەن (جاکۆبسن و هالێ) لە ساڵی (١٩٥٦) هەروەها (چۆمسکی و هالێ) لە ساڵی (١٩٦٨) لە تیۆری (SPE) بەرگێکی زانستی فراوانتر بەبەر سیماکاندا کرا، لە شێوەی تیۆرێکی زانستی، ئەم زمانەوانانە هەوڵی ئەوەیاندەدا، کە گشت زمانەکانی جیهان سوود لە ژمارەیەکی سنورداری سیما دەنگییەکان وەربگرن لە ژێرناوی سیستەمی سیمای جیهانی (سەراپایی) (Universal Feature Systems) ( **Clark & Yallop: 1999: 376**).

ئامانج و مەبەستی تیۆرەکە ئەوەبوو ((گەنجینەیەک یان کۆمەڵێک لە کەرەستەی جیهانی نیشانە جیاکەرەوەکان دابنێیت، کە بەشی ئەوە بکات و بەس بێت بۆ ئەوەی ئەدگار و ئاکاری پێڕەوەکانی فۆنیمی گشت زمانە سروشتییەکانی دنیای پێدیاریبکرێت، کۆمەڵە کەرەستەکەش (١٢) نیشانە بوون. پاشان پێویستی کرد هەندێک نیشانەی دیکە بۆ ئەم جۆری پەسنکردنی پێڕەوی فۆنیمە زیادبکرێت.))(**محەمەدی مەحوی: ب: ٢٠٠٨: ٢٦٢**)، بەتایبەتی لە تیۆری (SPE) کە ژمارەی سیماکان زیادکرا بۆ (١٨) سیمای دەنگی[٢]، ئەمەش لەبەر ئەوەی ((زمانەکانی جیهان وەک یەک ڕەفتار ناکەن، بەرانبەر ئەم سیمایانە، بە واتای ئەوەی ئەو سیمایەی، کە لە زمانێکدا گرنگە لەوانەیە لە زمانێکی تردا بخرێتە پشتگوێ.)) (**محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ٧٣**)، تەنانەت هەندێکجار لەوانەیە لە زمانێکیشدا لە نێوان زارە جیاوازەکاندا گرنگی بە هەندێک سیما نەدرێت لە چاو هەندێکی تریاندا[٣]، هەر سیمایەک نیشاندەری یەک لایەنی هەستپێکراوە، واتە هەموو دەنگێک بەپێی ئەم تیۆرە هەڵگری زیاتر لە

---

[١] لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی واتاسازییە بەگوێرەی تیۆری سیما واتاییەکان، بۆیە بەشێوەیەکی فراوان تیشکناخاتە سەرسیما دەنگییەکان، بەڵکو لەم تەوەرەدا بەشێوەیەکی کورت ئاماژە بەم تیۆرە و بەشێک لە سیما دەنگییەکان دەکات.

[٢] تیۆری (SPE)، کە چۆمسکی و هالێ ڕابەرایەتی دەکەن، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٨) ژمارەی سیماکان لەو تیۆرەدا هەژدە سیمایە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Chomsky & Halle: 1968).

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ٧٣) (محەمەدی مەحوی: پ: ٢٠٠٨: ١٩٤).

سیمایەک یان نەبوونی چەند سیمایەک دەبێت، گرنگی یەکە دەنگییەکان بەپێی کردەی بیرکارییانە لێکدەداتەوە، واتە بەها بۆ هەر سیمایەک لەسەر بنەمای باینەری [+ –] دادەنێت.

بۆ ڕوونکردنەوە بەشێک لەو سیمایانە دەخەینەڕوو لەگەڵ چەند نموونەیەکدا:

١- سیمای (Consonantal): هەریەکە لە دەنگە کۆنسنانتەکانی زمانی کوردی هەڵگری ئەو سیمایەن، واتە بۆ هەر یەکەیان نیشانەی [+ کۆنسنانت] دادەنرێت، بە پێچەوانەوە، ڤاوڵەکان نیشانەی [–کۆنسنانت] وەردەگرن بۆ نموونە: /ب/ [+ کۆنسنانت] بەڵام /ۆ/ [– کۆنسنانت]ە.

٢- سیمای بڕگەیی(Syllabic): ئەم سیمایە لە زمانی کوردیدا دەدرێت بە سەرجەم دەنگە ڤاوڵەکانی زمانی کوردی، بەڵام کۆنسنانتەکان بەپێچەوانەوە ئەم سیمایە وەرناگرن، بەڵام ئەمە لەوانەیە بۆ زمانێکی وەکو ئینگلیزی جیاواز بێت، چونکە لە ئینگلیزیدا هەندێک دەنگی کۆنسنانتیش هەڵگری ئەم سیمایەن[١]، بۆ نموونە: لە زمانی کوردیدا، /ا/ [+بڕگەیی]، بەڵام /پ/ [–بڕگەیی].

٣- سیمای لایی (Lateral): هەریەک لە دەنگەکانی / ل، ڵ/ هەڵگری سیمای [+ لایی]ن. بە پێچەوانەوە دەنگەکانی دیکەی زمانی کوردی نیشانەی [– لایی] وەردەگرن.

٤- سیمای لووتی (Nasal): هەریەک لە دەنگەکانی /م، ن/ هەڵگری ئەو سیمایەن [+ لووتی] بە پێچەوانەوە دەنگەکانی دیکەی زمانی کوردی نیشانەی [– لووتی] وەردەگرن.

٥- سیمای گڕی (Voice): ئەم سیمایە پەیوەستە، بە سروشتی لەرینەوەی دەنگەژێیەکان لەدەمدا، واتە ئەو دەنگانەی لە کاتی گۆکردنیاندا دەنگە ژێیەکان بلەرێننەوە، هەڵگری ئەم سیمایەن، بۆ نموونە، تەواوی دەنگە ڤاوڵەکان و بەشێک لە دەنگە کۆنسنانتەکان هەڵگری ئەم سیمایەن. /و/ [+گڕی] بەڵام /ت/ [–گڕی]، بێگومان گۆڕان لە هەر سیمایەکدا هۆکارە بۆ گۆڕانی واتای یەکە زمانییەکە لە دەوروبەردا[٢].

## ٢-٦/٢: تیۆری سیماکان لە شیکردنەوەی واتاییدا:

گرنگی و ئاڵۆزی واتا وایکردووە، کە چەند تیۆرێکی واتایی سەرهەڵبدەن بۆ لێکدانەوەی واتا، هەر یەکێک لەو تیۆرانەش ڕێباز و بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە بۆ لێکدانەوەی یەکە واتاییەکان. یەکێک لەو

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Roach: 2010: 68).

[٢] بۆ زانینی تەواوی سیماکان بڕوانە: (Chomkey & Halle: 1968)، (Clark & Yallop: 1999).

تیۆرە گرنگانەش، کە سەرنجی زمانەوانانی ڕاکێشاوە و مەودایەکی باشی لە لێکدانەوەی واتا و توێژینەوەی واتاییدا داگیرکردووە، تیۆری سیما واتاییەکانە. (یەکێک لەو هەوڵانەی، کە تاکو ئێستا لە بواری شیکردنەوەی سیماکان جێگەی گرنگی و بایەخە هەوڵەکانی (کاتز و فۆدۆر)، (کاتز و پۆستاڵ)، (کاتز)ن.)(**کورش صفوی: ١٣٨٧: ٢٧٨**).

ڕۆڵی سیما واتاییەکان، یان (("شیکردنەوەی پێکهاتە" بە واتا و ناوەڕۆکە گشتییەکەیەوە هەوڵێکە، کە یەکە زمانییەکان بۆ پێکهاتەکانی هەڵدەوەشێنێتەوە و شیدەکاتەوە، واتای یەکە لێکسیکییەکان و "دروستەی ناوەوەی فەرهەنگ" لەڕێی ژمارەیەکی خاوەن دروستەدارەوە لە "نیشانەی سیمانتیکی" (نیشانەی واتایی) پەسەنددەکات.)) (**محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٦: ٦**).

واتە ئەم تیۆرە کار لەسەر سیما واتاییەکانی وشە دەکات، هەر وشەیەک بۆ سیما پێکهێنەرەکانی هەڵدەوەشێنێتەوە، بە پێچەوانەی تەقلیدییەکان، کە بڕوایان وابوو وشە بچوکترین یەکەی واتاداری زمانە، ئەمەش دوای ئەوەی، (کاتز و فۆدۆر) هەندێک گۆڕانکاری جۆراوجۆریان لە بیرۆکەکەی خۆیاندا، سەبارەت بە لێکدانەوەی واتا ئەنجامدا. (**احمد مختار: ١٩٨٢: ١١٤**)، بۆ نموونە هەریەکە لە وشەکانی (کاغەز، شووشە) خاوەنی کۆمەڵێک سیمای واتایی جیاوازن، بە پشتبەستن بە بنەمای فەرهەنگی ئاوەزی هەریەک لەو وشانە، (کاغەز) [+ مادده + نەرم ± سپی + دڕان] (شوشە) [+ مادده +ڕەق ±ڕوون + شکان]ن، بە سوودوەرگرتن لە سیمای هەریەکەیان دەکرێت لە پەیوەندیدا بن، لەگەڵ وشەکانی دیکەی زماندا، بەهۆی نزیکایەتی لە سیماکانیاندا، یان جیاوازبن لە چەند سیمایەکدا، بۆ نموونە: (کوڕ) [+ مرۆڤ + نێر ∓ هەراش] (کچ) [+مرۆڤ –نێر ∓هەراش]

هەریەکە لەو دوو وشە لە چەند سیمایەکدا هاوبەشن، کە نزیکایەتییەک لە واتادا کۆیان دەکاتەوە، بەڵام جیاوازی لە سیمای توخم، دژبەری واتایی لە نێوان ئەو دوو وشەیەدا دروستدەکات، بەگوێرەی ئەم تیۆرە، هەر وشەیەک (لێکسیمێک) خاوەنی دەستەیەک لە پێکهاتەی ناوەوەیە، یان هەر (لێکسیمێک بونیادێکی ناوەکی هەیە، کە ئاوێنەی، یان هاوواتای پێکهاتەکانی ڕستەیە، وەک فرێز و دەستەواژەکان.) (**Lyons: 2009: 321**)، چونکە هەر پێکهاتەیەکی ڕستە پێش ئەوەی وەکو یەکەیەکی ڕێزمانی سەیر بکرێت، وەکو یەکەیەکی فەرهەنگی خاوەنی کۆمەڵێک سیمای واتایی جیاوازە.

((کاتز و فۆدۆر باوەڕیان وایە واتای وشەکان بە هۆی چەپکە نیشانەکانەوە سیمایەکی سەرەکی واتایی دەبەخشنە وشەکان، کەدەتوانێت لێڵی واتایی ڕستەکەی پێڕونبکرێتەوە.)) **(نەریمان حەسەن حەمەکەریم: ٢٠١٥: ٣٣)**، بۆ ئەمەش پێویستە زانیاری واتایی لەبارەی هەر وشەیەکەوە بزانرێت، لە ڕێگەی سیما واتاییەکانەوە، ئەم زانیارییانە فەراهەم دەکرێن، ئینجا دەتوانرێت لێڵی یان ئارگۆمێنت و داواکارییەکانی کردار لە ڕستەدا ڕوونبکرێنەوە. بۆ نموونە: **سەرت بتاشە.**

بەگوێرەی زانیاری واتایی لەبارەی (سەرتاشین)دەزانین، کە بکەری ڕستەکە پێویستە، سیمای واتایی [+مرۆڤ +نێر] هەروەها کرداری (تاشین)، لەبەرئەوەی تێپەڕە پێویستی بە دوو جێکەوتە [بکەر و بەرکار] ێک هەیە، کە سیما واتاییەکانیان گونجانێک لە نێوانیاندا هەبێت، بۆ ئەوەی زانیاری لۆژیکی لە دروستەکەدا بەرهەمبێت، واتە بکەر [+ مرۆڤ + کارا + پرچ] بەرکار [+ پرچ +کارتێکراو + تاشین] بێت.

هەر لەبەر ڕۆشنایی سیما واتاییەکان کۆمەڵێک زمانەوانی وەک (Ross & Mccawley) لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا زیاتر لە واتاناسەکانی تری بەرهەمهێنان هەوڵیانداوە شیکردنەوەی واتایی بە شێوەیەکی چڕتر لە کەتیگۆری کرداردا بخەنەڕوو، بەگوێرەی سیماکان گرنگیی کردار و ئارگۆمێنتەکانی نیشانبدەن. **(کوروش سەفەوی: ٢٠٠٦: ٣٢)**، واتە تایبەتمەندیی هەبوونی سیمای واتایی لە هەرکردارێکدا پەیوەندیی بە دەوروبەرەوە ڕوونتر دەکرێتەوە، بەگوێرەی پێویستییەکانی کردار لە ڕستەدا، بۆ نموونە: کرداری (هەبوون) لەبەرئەوەی هەڵگری سیمای [+ هەبوون]ە،(من خانوویەکم هەیە.)  بۆیە پێویستی بە (بەرکار)ێکە کە سیمای[+ شتێک یان کەرەستە] بێت، هەروەها سیمای [+ جووڵەیی] لە هەندێک کرداردا پێویستی بە (بکەر)ێکە، کە هەڵگری سیمای [+جووڵە] بێت. وەک: (پیاوەکە ڕۆیشت.)

بۆیە ((لە هەڵبژاردنی سنوردار بەهۆی دەوروبەرەوە، ڕیکەوتنێکی واتایی نێوان یەکە فەرهەنگییەکان بە یارمەتی سیما واتاییەکانەوە پێوەندییە واتاییەکانی ناو ڕستە ڕوون دەکرێتنەوە.)) **(پەروین عوسمان مستەفا عەلاف: ٢٠٠٩: ٦٨)**.

هەروەها ئەم تیۆرە لە ڕێگەی سیما واتاییەکانەوە وشەکانی زمان بۆ کێڵگە واتاییەکانیان ((لەسەر بناغەی دۆزینەوەی سیمایەک، یان چەند سیمایەکی هاوبەش لە نێوان هەموو وشەکانی بوارەکە

(کێڵگەکە)دا پۆلێندەکات. بەم جۆرە چەندین وشەی وەک (هات، خواردی، ناردی، ڕۆیشت...)، دەتوانن بوارێکی واتایی پێکبێنن لەبەرئەوەی هەموویان سیمای <+ چالاکی> یان تێدایە.)) **(هۆگر مەحموود فەرەج: ١٩٩٣: ٣٦)**، ئەمە جگە لەوەی ((هەر لەڕێی ئەم تیۆرەوە دەتوانین پێوەندییە واتاییەکانی وەک دژواتایی و سینۆنیمی و هایپۆنیمی ... دیاریبکەین، چونکە ئەم تیۆرە لە لێکۆڵینەوەی پێوەندییە واتاییەکاندا زانستیانە و وردە.))[١] **(شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٤٤)**.

کەواتە دەکرێت وەکو تیۆرێکی گرنگیی واتاسازی لە لێکدانەوەی واتادا پشتیپێببەسترێت، چونکە زمانەوانەکان بڕوایان وایە، کە ئەم تیۆرە لە لێکدانەوەی واتادا گیروگرفتی کەمە و تەمومژی واتایی ناهێڵێت. **(سازان رضا معین: ٢٠٠٥: ٢٥)**، بۆ نموونە: (کەوەر) وشەیەکی هاوبێژە، بەڵام لە بەکارهێناندا و لە فەرهەنگدا لە ڕێگەی سیما واتاییەکانەوە لێڵی وشەکە دەڕەوێتەوە.

- کەوەرەکەم بۆ بهێنە.

١-سەوزە　　　٢-پارچەیەک لە ئۆتۆمبیل

١- [+ خواردن　+ سەوزە]

٢- [ + کەلوپەل　+ئاسن ]

کەواتە، نیشانە، یان سیما واتاییەکان ئەو ڕەگەز و یەکە و دانانەی زمانن، کە لە ناوەڕۆکی یەکە فەرهەنگییەکاندا بە شێوەی شاراوە، جێگیربوون، یەکە و وشەکانی زمانیان پێشیدەکرێتەوە و بەراورد دەکرێن.

## ٧/٢: لێکدانەوەی واتا:

سروشتی وشە و یەکەکانی زمان بەگشتی، چەند دیاردەیەک دەهێنێتە کایەوە، هەندێکجار لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانی وشە و یەکەکانی زمان، یان سروشتی ئەو یەکانە خۆیان بەهۆی بوونی تایبەتمەندی و هەڵگری چەند سیما و سیفاتێک وایکردووە، کە بەکارهێنانیان زیاتر بێت، لە چاو وشەکانی بەرانبەریان، کە لە ڕووی واتاوە هەمان نرخ و بەهای فەرهەنگییان هەبێت، بەڵام بەکارهێنانی ئەمان کەمتربێت، ئەمەش وایکردووە، کە زمانەوانی بەگشتی و (واتاناسان بۆ ئاسانکردنی

---

[١] لە بەشی سێیەمدا، بەگوێرەی ئەم تیۆرە لێکدانەوە بۆ هەریەکێک لەو پەیوەندییانە دەکرێت.

لێکۆڵینەوە چەند دیاردەیەک بێنە کایەوە و چەمکی وشەکان لەهەمبەر یەکتری بخەنەڕوو، ئەویش نیشانەکراوی (marked) نیشانەنەکراوی(Unmarked)یە)(**کورش سەفەوی: ٢٠٢٠: ٥٤**)، وەکو دوو چەمکی گرنگی زمانەوانی بەهای جیاوازیان هەیە.

## ٢/٧-١: نیشانەکراوی (Marked):

نیشانەکراوی لە هەموو ئاست و یەکەکانی زماندا هەستی پێدەکرێت، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، کە بۆ یەکەمجار لەلایەن قوتابخانەی زمانەوانیی (پڕاگ)ەوە، ئاماژەی بۆ کراوە.[١]

((لەسەرەتادا وەکو ئامرازێک بۆ شیکردنەوەی فۆڕمی فەرهەنگی بەکارهاتووە، بەڵام لەبەرئەوەی گرنگییەکەی ئەوەندە زۆر بووە دوای ماوەیەک لە ئاستە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا سوودی لێوەرگیراوە.)) (**کوروش سەفەوی: ٢٠٠٦: ٢٦**)، لەو بارەیەوە (پاڵمەر) پێیوابوو، ئەگەر (دوو وشە لە دۆخی بەرانبەری دابن، یەکێکیان بەگشتی بۆ پرسیارکردن و قسەکردن و وەسفکردن بەکاربهێنرێت، لە بەرانبەر ئەوی دیکەیاندا، ئەوا بەو وشەیە دەگوترێت ، نیشانەنەکراو(Unmarked) بەوی دیکەیان دەگوترێت، نیشانەکراو (Marked). ) (**أف. أر.بالمر ١٩٨١: ١١٠- ١١١**).

واتە نیشانەکردن، بریتییە لە تایبەتمەندی وشەیەک لە بەرانبەر وشەیەکی دیکە، کە لە دۆخی هەمبەریدا بن، بەڵام وشە نیشانەکراوەکە بەکارهێنانێکی سنوردار یان نائاسایی هەبێت لە بەکارهێناندا، نەتوانرێت لەبری هەردوو وشەکە بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە: درێژی و کورتی، وەکو دوو وشەی هەمبەربەیەک، وشە نیشانەکراوەکە (Marked) کە مەبەست لە (کورت)ە، لە هەموو بارودۆخێکدا بەکارناهێنرێت، یان بەکارهێنانێکی سنوردار و نائاسایی هەیە، بۆ ڕوونکردنەوە، دەگوترێت: درێژی ژوورەکە چەندە؟ درێژییەکەی پێنج مەترە، یان درێژترە، بەڵام ناگوترێت: کورتی چەندە؟ یان کورتییەکەی پێنج مەترە.

هەروەها لە هەندێک باردا ئەو وشانەی، کە هەڵگری یەک چەمکی گشتین، بەڵام سنوری بەکارهێنانی یەکێکیان کەمترە، چونکە نیشانەکراوە، بۆ نموونە: وشەی (مامۆستا)، کە هەڵگری

---

[١] لەم توێژینەوەیەدا زیاتر گرنگی بە نیشانەکردنی واتایی دەدرێت، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی نیشانەکراوی لە ئاستی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، کە لە سەرچاوەکاندا وەکو تیۆرێکی سەربەخۆ ئاماژەی بۆ کراوە، بڕوانە: (Chomsky & Halle: 1968: 402)، (Finch: 2005: 22)، (Leech: 1981: 113)، (محەمەد مەحوی: ب: ٣٥-٣٦-٢٧٧)، (خەبات جەمیل: ٢٠١٥: ٦٥-٦٦).

هـەردوو سـیمای واتـایی [ ± نێـر]ە، واتـە بـۆ هـەردوو تـوخمی (نێـر و مـێ) بـەکاردەهێنرێت، چونکـە نیشانەنەکراوە، (Unmarked)، بەڵام لە بەرانبەردا وشـەی (ست) تـەنها بۆ (تـوخمی مـێ) بـەکاردێت، چونکـە هـەڵگری سـیمای واتـایی [+ مـێ]ە، بۆیـە وشــەی (ســت) نیشــانەکراوە (Marked) چونکـە بەکارهێنانێکی سنورداری هەیە، ناتوانرێت لە بری هەردوو توخم بەکاربێت.

بۆ نموونە: مامۆستا هەردی.[+ نێر]

مامۆستا نازدار. [+ مێ]

ست نازدار. [+ مێ]

ست هەردی*. (بەکارنایەت)

کەواتە، ست ← نیشانەکراو، بەڵام مامۆستا ← نیشانەنەکراو.

لـە سـەرێکی دیکـەوە (جۆن لاینـز) کۆهاپیۆنیمـەکانیش بـە لێکسـیم و وشـەی نیشـانەکراو هـەژمار دەکـات لــە بەرانبــەر وشــەی ســەرخان (Superordinate)، بــۆ نموونــە ئەگــەر وشــەی (ســەگ) کۆهاپیۆنیمەکانی بریتیی بن، لە (دێڵەسەگ، گۆڵەسەگ، توتکەسـەگ...) ئـەوا (سـەگ) وەکو سـەرخانێک نیشانەنەکراوە، بەڵام هەر یەکە، لە کۆهاپیۆنیمەکان دەبن بە نیشـانەکراو، (**Lyons: 2009: 308**)، چونکە بەکارهێنانی نیشانەکراوەکان مەودایەکی کەمتریان هەیە و تایبەتیترن لە بەرانبەر نیشانەنەکراوەکە.

(جۆن لاینز) پێیوایە، کە لە نێو فەرهەنگی زماندا، سێ جۆر نیشانەکردن هەن:

١- نیشانەکردنی فۆرمی ( formal marking): ئەم جۆرەیان کاتێک ڕوودەدات، ئەگەر دوو وشـەی بەرانبـەریی یـەکێکیان لـە ڕێگـەی فـۆرمیکی دیاریکراوەوە نیشـانەکرابێت، بۆ نموونـە (کـەو) لـە زمـانی کوردیدا بۆ هـەردوو تـوخمی (نێـر و مـێ) بـەکاردێت، بـەڵام کاتێـک دەتـەوێت ڕاسـتەوخۆ دەسـتنیشـانی یـەکێکیان بکـەیت، ماکـەو [+مـێ] هـەروەها نێرەکـەو [+نێـر] بـەکاردێت، چونکـە (ماکـەو و نێرەکـەو) نیشانەکراون، بەڵام (کەو) نیشانەنەکراوە. (**کوروش سەفەوی: ٢٠٠٦: ٢٧-٢٨**).

٢- نیشــانەکردنی دابەشــبوون (distribution marking): لـەم جۆرەیانـدا وشـە نیشـانەکراوەکە، بەکارهێنانێکی سنورداری هەیە، لە چاو نیشانەنەکراوەکەدا، کە دابەشبوونێکی فراوانتری لـەخۆگرتووە و بەکارهێنانیان زیاترە. (**Crystal: 2008: 295**)، بێئـەوەی، کـە هۆکـاری نیشـانەکردنەکە بـە شـێوەیەکی فۆڕمی لە پاڵ نیشانەکراوەکەدا هەبێت، بۆ نموونـە: بـەرزی و نزمـی، ئـەم دوو وشـەیە بـۆ پێوانـەکردن

بەکاردێن، لە بەرانبەر یەکتریدا، لەبەرئەوەی (بەرزی) بەکارهێنانێکی زیاتری هەیە، وەک: بەرزی ژوورەکە چەندە؟ بەرزییەکەی پێنج مەترە. ژوورەکە بەرزە. تەنانەت ئەگەر شتەکە نزمیش بێت، هەر سوود لە وشەی (بەرزی) وەردەگرین بۆ پێوانەکردنی شوێن و شتە نزمەکانیش، بۆیە (بەرزی) نیشانەنەکراوە، بەڵام (نزمی) نیشانەکراوە، چونکە بەکارهێنانی سنورداره لە چاو وشەی (بەرزی)دا، بۆ نموونە ناگوترێت: نزمی ژوورەکە چەندە* ؟ نزمییەکەی ئەوەندەیە*

٣- نیشانەکردنی واتایی (Sementic marking): ئەم جۆرەیان کاتێک دەردەکەوێت، کە وشەیەکیان فراوانبوونێکی واتایی زیاتری هەبێت، واتە فۆڕمە نیشانەنەکراوەکە بتوانێت شوێنی فۆڕمە نیشانەکراوەکەش بگرێتەوە و لەبری هەردوکیان بەکاربێت. **(کوروش سەفەوی: ٢٠٠٦: ٢٨)**، بۆ نموونە: (بەفر و سەهۆڵ) دوو وشەن لە ڕووی واتاوە لێک نزیکن، یەکێکیان زۆرجار لە بری هەردووکیان بەکاردێت، (بەفر) نیشانەنەکراوەکەیە، دەگوترێت: بەفر باری. بەفر/ سەهۆڵت لە ئاوەکە کرد؟ ئاوەکە بەفر/ سەهۆڵی زۆرە. بەفری چیاکان توایەوە. سەلاجەکە بەفر/ سەهۆڵی گرتووە/ کارگەی بەفر/ سەهۆڵی قەندیل، بەڵام (سەهۆڵ)، کە نیشانەکراوەکەیە، تەنها بۆ یەک مەبەست بەکاردێت، کە سەهۆڵە. ناگوترێت: سەهۆڵ باری*. سەهۆڵی چیاکان* تەنها لە بارێکی سنورداردا بەکاردێت. ئەمە بۆ هەردوو وشەی (مەڕو بەران)یش، دروستە، مەڕ، نیشانەنەکراوەکەیانە، کاتێک بە یەکێک دەگوترێت، فڵانەکەس مەڕدارە. ئەوە مانای ئەوە نییە، کە ئەو کەسە تەنها مەڕی هەبن، بەڵکو لەوانەیە بەران و بەرخۆلە و بزنیشی هەبن، (مەڕ) هەرچەندە سیمای [+ مێ]ی، هەڵگرتووە، بەڵام بەکارهێنانێکی فراوانتری هەیە، ئەوانەی دیکەشی لە خۆگرتوون. لە بەرانبەردا (بەران) سیمای واتایی [+ نێر]ە، بەکارهێنانێکی تەسکتری هەیە، بۆیە نیشانەکراوە، هەر بۆیە نیشانەکراوەکان بەکارهێنان (فریکوێنسی)یان، کەمترە لە چاو نیشانەنەکراوەکان لە زماندا.

## ٢-٧/٢: نیشانەنەکراوی (Unmarked):

وەکو چەمکێکی زمانەوانی بەهایەکی جیاوازی هەیە، لەبەرانبەر نیشانەکراوی، یان پێچەوانە دەوەستێت. (Crystal: 2008: 295)، هەموو ئەو فۆڕم و وشانە دەگرێتەوە، کە یەکێکیان بەکارهێنانێکی فراوانتری هەیە و لەبری هەردوو وشە بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە: لە چەمکی (ماستفرۆش)دا وشەی (ماست) نیشانەنەکراوە، چونکە ئەو کەسە تەنها (ماست) نافرۆشێت، بەڵکو (پەنیر، لۆرک، ڕۆنەکەرە،

قەیماخ، ...)یش دەفرۆشێت، بەڵام (ماست) لەو جێگەیەدا لە بری هەموان بەکاردێت، هەروەها وشەی (مریشک) نیشانەنەکراوە، چونکە کاتێک دەگوترێت (دەواجینی مریشک)، مەبەست ئەوە نییە، کە ئەو دەواجینە تەنها مریشک بەخێو دەکات، بەڵکو (کەڵەشێر)یشی تێدایە، بەلام (مریشک) لێرەدا (کەڵەشێر)یشی گرتۆتەوە، هەرچەندە (کەڵەشێر)یشی تێدایە، کە سیمای واتایی[+ نێر]ە، ئەمە بۆ (گاوان)یش دروستە، چونکە ئەو کەسەی پیشەی (گاوانی) دەکات، بەتەنها گاوانی (گا و جوانەگا) نییە، بەڵکو (مانگا و گولک)یش، چاودێریدەکات، کەواتە لە وشەی (گاوان)دا، (گا) نیشانەنەکراوە، بەلام (مانگا، گۆلک) نیشانەکراون.

## ٨/٢: بنەماکانی دیاریکردنی سیما واتاییەکان:

وەک ئاشکرایە (سیما واتاییەکان بەو نیشانە جیاکەرەوانە دەگوترێت، کە تایبەتمەندیی چەمکی هەریەکەیەکی زمانی لە ڕێگەی ئەرێنی [+] و نەرێنی [-] نیشاندەدات.) **(کورش صفوی: ١٣٨٧: ٣١٢).**

زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکانی لۆژیک و زمانە سروشتییەکان، هەروەها لێکۆڵینەوە لە واتا، لەلایەن فەیلەسوف و لۆژیکزانان و ماتماتیکزانان ئەنجامدراون، لەوانەش: (فریگە، ئەلفرێدتارسکی، داڤیدسۆن...)، هەروەها گفتوگۆی نێوان زمانەوان و فەیلەسوفان لەوانە (مۆنتاگ)[(١)]، کە نوێنەرایەتی تیۆرێکی زمانەوانی دەکات، بۆتە هۆکاری ڕەنگدانەوەی لۆژیک و ماتماتیک لەسەر زمان یان دروستکردنی پەیوەندی نێوان ئەم زانستانە بەیەکەوە.**(Saeed: 2009: 308).**

سیما واتاییەکانیش، یان شیکاری پێکهێنەری وەکو لایەنێک یان تیۆرێکی گرنگی زمانەوانی، بۆتە جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆی بەردەوامی فەیلەسوف و زمانەوانان، ئەمەش لای زمانەوانان بۆتە جێگەی سەرنج و گرنگی و بایەخی بنەماکانی ماتماتیک و لۆژیک لە شیکردنەوەی لێکسیمەکاندا (lexical decomposition). **(Lyons: 1996: 107-108).**

ئەمە سەرەڕای ئەوەی، هەریەکە لە زانستەکانی ماتماتیک و لۆژیک، لە نیشاندانی واتا و زانیارییەکاندا پشت بە هێما و ڕەمز دەبەستن و ناوی زمانیان لێدەنێن، ئەم زمانانەش بەرهەمی

---

[(١)] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی زمانەوانی لای (مۆنتاگ) بڕوانە: (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ١٧٩)، (Lyons: 1996: 221).

دەستی مرۆڤن. (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠١: ٦-٧)، هەر ئەمەشە، کە ئەم پەیوەندییەی لە نێوان تەواوی زانستەکاندا دروستکردووە، بەتایبەتی پەیوەندیی زمان بە لۆژیک و ماتماتیکەوە.

## ٢/٨-١: بنەمای لۆژیکی:

پەیوەندیی لۆژیک بە واتاوە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەیلەسوفە یۆنانییەکان. سەرەتا بەو نموونەیەی، کە (پاڵمر) ئاماژەپێکردووە لە پەیوەندی نێوان واتا و لۆژیکدا دەستپێدەکەین:

**١- جۆن لە ماڵەوەیە، یان لە قوتابخانە.**
**٢- جۆن لە ماڵەوە نییە.**
**٣- کەواتە جۆن لە قوتابخانەیە.**

ڕستەی (٣) لە هەردوو ڕستەی یەکەم و دووەم بەرهەمهاتووە، کە پەیوەندی بە لایەنی لۆژیکی زمانەوە هەیە، لە نێوان قسەکەر و گوێگردا. (**أف. ار. بالمر: ١٩٨١: ٢٠٤**).

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێککجار لە شیکردنەوەی ڕستەکاندا لە ڕووی ڕستەسازی و واتاسازی و لۆژیکدا، جیاواز لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، بۆ نموونە: **کەوە جوانەکە لە قەفەسەکەدا دەخوێنێت**. لە شیکردنەوەی ڕستەسازیدا (بکەر و دیارخەر...) نیشاندەدرێت، لە لێکدانەوەی واتادا، بایەخ بەواتای (کەو، جوان، قەفەس، خوێندن)دەدرێت، بەڵام لە لێکدانەوەی لۆژیکیدا شیکردنەوەیەکی وردتر نیشان دەدرێت، وەک.

- بەلای کەمەوە کەوێک هەیە.
- ئەو کەوە جوانە.
- بە لای کەمەوە قەفەسێک هەیە.
- ئەم کەوە لە ناو قەفەسەکەدا دانراوە.
- کەوەکە دەخوێنێت. (**تالیب حوسێن عەلی:أ: ٢٠١٤: ٥٣**).

ئەم بنەمایە لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی وشەکاندا بۆ پێکهێنەرەکانی لە ڕێگەی سیما واتاییەکانەوە، هەمان بیرۆکەیە، کە ((لاینز) لە شیکردنەوەی لۆژیکیدا لە دابەشکردنی شتەکان بۆ جۆرەکان پشتیپێدەبەستێت، دواتر جۆری لە خۆی بچوکتر.) (**عەبدوڵلا عەزیز محەمەد: ١٩٩٠: ٣٥**)، لە پاشان لە بۆچونەکانی (مۆر- کواین) ڕەنگیداوەتەوە لە ڕێگەی پێوەرێکی لۆژیکی، دوو وشە هاوواتا دەبن، یان نزیک دەبن لە واتادا لە ڕێگەی هاوبەشی لە بەشێک لە سیما واتاییەکانیاندا بۆ

نموونـه (زەلام، پیـاو) لـه ڕێگـەی هاوبەشـی سـیماکانی [+ مـرۆڤ + نێـر + هـەراش] هاوواتـایی (هاوشانی واتایی) ئەم دوانە نیشاندەدرێت. **(عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٤: ١٥).**

هەر بۆیە لە واتاسازیی ژێربێژیدا ناولێنان لە وشەیەک لە ڕێی ناوەڕۆکەوە، بەتایبەتی لە ڕێی پـۆلی نیشـانەکانییەوە دیاریـدەکرێت، بـۆ نموونـە /گیانـدار/ لـە ڕێـی نیشـانەکانی گیانـدارەوە،[+ زینـدەوەر – عـەقڵ (ژیـری)...] دیاریـدەکرێت، هەمبـەر بـە وشـەکانی دیکـەی وەکـو /مـرۆڤ/ [+ زیندەوەر + عەقڵ (ژیری)...] **(محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ٣١).**

لۆژیک لە ناو هزری مرۆڤدا بە پشتبەستن بە ڕاستییە زمانییەکان لەڕێگەی فۆڕمەکانـەوە لەگەڵ کەرەستە زمانییەکاندا لە بەکارهێنانی ڕستەسازیدا لەپەیوەندیدایە، ئاماژە واتاییەکان نیشـان دەدرێت، بۆ نموونـە هەریەکـە لـە ئامراز و وشـەکانی (هـەرگیز، لـە کویێ، کێ، ڕۆیشـتن....)، ئـەم پەیوەندییانە لە ڕێگەی سیما واتاییەکانیان نیشاندەدرێن، کە سەرچاوەکەیان لۆژیکە.

| کەرەستەکان | پێکهێنەرەکان لە ڕووی لۆژیکەوە | پێکهێنەرەکان لەڕووی واتاسازییەوە |
|---|---|---|
| هەرگیز | نەرێکردن | + کات |
| لە کوێ | پرسیارکردن | + شوێن |
| کێ | پرسیارکردن | + کەس |
| ڕۆیشتن | ڕوودان | + جووڵە |

(**Leech**: 1981: 165).

هـەر لـە ڕێگـەی لـۆژیکی پێوانـەیی دەتـوانین زیـاتر بـەرە و فـەرمیبوونی چەمکـەکان بـڕۆین، لـە بەرانبەر چەمکی پۆزەتیڤی [+] پێکهاتەیەک، پێکهاتە نێگەتیڤەکەی [–] وەکو جێگرەوەیەک لە پەیوەندیدا دەبن، بـۆ نموونـە: [+ هـەراش] بـۆ (پیـاو، ژن) بـە پێچەوانـەوە [– هـەراش] بـۆ (کـوڕ و کـچ)، کـە لـە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهـەمهێنانی (چۆمسکی)دا، زماننـاسـان وەکو دوو بەهای گرنگی تەواوکـەری یـەکتری لـە شـیکردنەوە ئـەتۆمی پێگەیشـتوو (هـەراش) سـوودی لێـدەبینن، ئەگـەرچی لـە سـیمای [+نێر –مێ]دا، دوو وشەکە پێچەوانەی یەکتریش بن، بۆ ڕوونکردنەوە:

پیاو = + مرۆڤ + نێر + هەراش

ژن = + مرۆڤ + مێ + هەراش

کوڕ = + مرۆڤ + نێر - هەراش

کچ = + مرۆڤ + مێ - هەراش (Lyons: 1996: 109-110).

سەرەڕای ئەوەش لە هەندێک باردا (کوڕ و کچ)یش دەکرێتت هەڵگری سیمای واتایی [هەراش] بن، بەبەکارهێنانی هەردوو هێمای [±].

شیکردنەوەی ئەم پێکهاتانە لە ڕێگەی سیما واتاییەکانەوە پەیوەندی بە لایەنی لۆژیکی و فەرهەنگی ئاوەزی مرۆڤەوە هەیە، چونکە ((ئاوەزداریی ئاراستەیەکی بیرکردنەوەی ژیربێژیی و سایکۆلۆژییە و لەو بنەمایەوە دەردەچێت، کە هەندێکک لەو ڕاستی و ڕاستەقینانەی دەتوانرێت پەیانپێببرێت.)) (**محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٦: ١٠**).

بەشێوەیەکی گشتی، شیکردنەوەی وشەکان بۆ سیماکانیان بۆ خزمەتی پەیوەندیی لۆژیکی نێوان چەمکەکان سوودی لێدەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە پێچەوانەوە، بۆ شیکاری وردی ئەم پێکهاتانە سوود لە لایەنی لۆژیکی وەردەگیرێت، واتە پەیوەندیی دووسەرە، یان ئاوێتەیی لە نێوان واتا و لۆژێک بەشێوەیەکی گشتی هەیە.

## ٢-٨/٢: بنەمای ماتماتیکی:

ماتیماتیک وەکو بنەمایەکی گرنگ لە کارە زمانەوانییەکاندا ڕۆڵی هەیە، هەر لەبەرئەو گرنگییەشی (لقێکی زمانەوانی بە ناوی زمانەوانیی ماتماتیکی (mathematical lingustics) سەریهەڵداوە، لە خوێندنی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی زمان، بە بەکارهێنانی چەمکەکانی ئامار، یان جەبر (algebraic) لە نیشاندانی زانیاریی زمانی بەتایبەتی لە تیۆری زمانەوانیی بەرهەمهێناندا گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، بەهەمان شێوە لە بواری زمانەوانی بەراوردکاریشدا ڕەنگیداوەتەوە.) (**Crytal: 2008: 297**). تەنانەت یاساکانی فرێز پێکهێنان[1] لە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێناندا ((لەسەر بنەمای دارشتنێکی بیرکارییانە داڕێژراوە، کە پەیوەندیی نێوان چەند هەنگاوێ دەخاتەڕوو، هەر هەنگاوێکیش پشت بە هەنگاوکەی پێش خۆی دەبەستێت.)) (**سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ١٧-١٨**)، لەگەڵ

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر، دەربارەی یاساکانی فرێز پێکهێنان بڕوانە: (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ١٩)، (Chomsky: 1985: 26).

ئەوەشدا چەمکی بەرهەمهێنان لە تیۆرەکەدا، خۆی بریتییە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک ڕستەی بێسنور لە ڕێگەی کۆمەڵێک یاسای سنوردار ئەمەش نیشاندانی لایەنی لۆژیکی ماتماتیکی زمانە.

سەبارەت بە واتاسازی و سیما واتاییەکان ئەم بنەمایە (ماتماتیک) بەئاشکرا لە نیشاندانی سیماکان لەسەر بنەمای نیشانەکانی [+ ، -] بەدیدەکرێتت، کە دوو هێمای سەرەکی ماتماتیکین، بۆ نیشاندانی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی نێوان چەمکەکان سوودیان لێدەبینرێت، پەیوەندی نێوان وشەکانی پێڕەوێکی دیاریکراو، بۆ نموونە، کێڵگەی واتایی، هایپۆنیمی، دژواتایی، هاوواتایی... لە ڕێگەی بەهای [ + ، - ]ی نیشانە واتاییەکانی وشەکان دیاریدەکرێتت و بەهای هەر وشەیەک (هێمایەک) لە پەیوەندی نێوان هێماکاندایە، بەهۆی نیشانە واتاییەکانییەوە. (**محەمەدی مەحوی: أ: ٢٠٠٨: ٨٣**).

سوودوەرگرتن لە کردە و یاسا ماتماتیکییەکان، بە پەیڕەوکردنی ئەنجامی ڕاست و دروستی توخمە پێکهێنەرەکانی، کە دەکەونە سنوری ئەو یەکە زمانییەوە لە ڕێگەی لۆژیکی بەراییەوە، دەرکردە(Output)کانی هەمان نرخی ماتماتیکیان دەبێت، بۆ ڕوونکردنەوە، ئەگەر سەیری هاوکێشەیەکی وەکو (٣٠ = ٢ × ٣ × ٥) بکەین ئەنجامێکی لۆژیکی ورد لە کۆتایی هاوکێشەکەدا دەردەچێت، بەهەمان شێوە ئەمە بۆ پێدانی نرخ بە سیما واتاییەکان لە ڕێگەی هێمای [ + ، - ] بە پێکهێنەرەکانی وشەیەک هەمان ئەنجامی ڕاست و لۆژیکی دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر وشەیەک هەڵگری سیماکانی [+مرۆڤ + نێر + هەراش] بێت، ئەوا دەکرێتت ئەنجامەکەی یەکسان بێت بە (پیاو)، بە پێچەوانەوە ئەگەر وشەیەک هەڵگری سیما واتاییەکانی [ + مرۆڤ - نیر + هەراش ] بێت، ئەوا ئەنجامەکەی یەکسانە بە (ژن) بەم شێوەیە:

پیاو = [+مرۆڤ +نێر +هەراش].

ژن = [+مرۆڤ -نێر +هەراش].

تاکە کرداری لۆژیکی، کە تا ئێستا بەکارهاتبێت بۆ نیشاندانی لایەنی نەرێنی وئەرێنی چەمکەکان، هەروەها پێدانی نرخ و بەها، لە ڕێگەی هێما ماتماتیکییەکانی [+ ، -] بووە. (**Lyons: 1996: 108-110**).

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگایەکی گرنگە بۆ ئابوریکردنی زمانی، لە دیاریکردنی بەهای یەکەکان، تەنانەت گرنگی ئەم بنەمایە (ماتماتیک)ییە وایکردووە، کە هەندێک زمانەوان، بۆ نیشاندانی چەشنی سیماکان بنەمای ماتماتیکی بکەنە پێوەر، وەک لە خوارەوە نیشاندراوە:

١- سیما ئەرێنییەکان، هێماکەی [+]

٢- سیما نەرێنییەکان، هێماکەی [-]

٣- سیما دوانییەکان، هێماکەی [±] (**محمد علی الخولی: ٢٠٠١: ١٩٥ – ١٩٦**).

ئەمەش گرنگیی ڕەنگدانەوە و کاریگەری زانستی ماتماتیکە، لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەگشتی و لێکۆڵینەوەی واتاسازی بەتایبەتی؛ هەروەها پێگەی بنەمای ماتماتیکییە لە لێکۆڵینەوە واتاسازییەکاندا، وردتر تیۆری سیماکان بۆ لێکدانەوەی وشەکانی زمان بەگشتی و پەیوەندییە واتاییەکانی وەک: (هاوواتا، دژواتا، فرەواتا...) بەتایبەتی و ئاماژەدان بە نرخی ئەو یەکانە لە ڕێگەی سیماکانیان بە پشتبەستن بە بەهای نیشانەکانی [ + ، - ]، بە شێوەی دوو پەلکەیی (binary)[١] هەبوونی یەکێکیان نەبوونی ئەوی دیکەیانە.

## ٩/٢: چەشنی سیماکان:

سیما واتاییەکان وەک زاراوەی خود زمانی (metalanguage)[٢] زمانەوانان لەسەر چەند بنەمایەک چەشن و (جۆر)ەکانیان دیاریکردوون، هەندێک لە زمانەوانان، دابەشیانکردوون، لە ژێرناوی سیمای واتایی گشتی (جیهانی) و تایبەتی[٣] یان لەسەر بنەمای ماتماتیکی، واتە بە گوێرەی نیشانەکانی [+ ، -] پۆلێنکراون،[٤] لەگەڵ ئەوەشدا (کاتز و فۆدۆر) بەشێوەیەکی گشتی سیما (نیشانە)کان دەکەن بە سێ جۆر، ئەوانیش: **١- نیشانەی واتایی ٢- نیشانەی ڕێزمانی ٣- نیشانە جیاکەرەوەکانن**، بۆ ڕوونکردنەوە بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١٢):

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Crystal: 2008: 54) (Lyons: 2009: 279)، (Saeed: 2009: 67).

[٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ١٦٤)، (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٥: ١١٢).

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (تابان محەمەد سەعید حەسەن: ٢٠١٤: ٢٦)، (Lobner: 2002: 136).

[٤] (بڕوانە: ٢/٨-٢).







هێڵکاریی ژمارە (١٢) (نیشانە زمانییەکان)

ئەگەر سەیری نموونەکان بکەین، دەبینین ناوەکە وەکو نیشانەیەکی ڕێزمانی ( Grammatical marker) لە دەرەوەی کەوانەکان سەرەی هێڵکارییەکەی گرتووە ، بەڵام نیشانە واتاییەکان (Semantic markers) لە نێو دوو کەوانەی خڕی داخراودا نیشاندراون، ئاستێک خوارتر نیشانە جیاکەرەوەکان، (Destinguish markers) کەوتوونەتە نێوان دوو کەوانەی شکاو. (**Katz & Foder**: 1963: 185–186)، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو جۆری نیشانەی (واتایی، جیاکەرەوە)

بەگشتی لە خزمەت شیکردنەوەی واتادان، یان بە هەردوو جۆرەکە دەگوترێت سیمای واتایی و ڕۆڵی شیکردنەوە دەبینین لە تیۆری سیماکاندا.

لەم توێژینەوەیەدا چەشنی سیماکان لە ژێرناوی سیمای سەرەکی و لاوەکی پۆلێنکراون، ئەمەش بەسەرنجدان و سوود وەرگرتن لە کرۆکە واتا و توێڵکە واتای وشەکان بە شێوەیەکی گشتی.

## ١-٩/٢: سیما سەرەکییەکان:

ئەو سیمایانەن کە زۆرجار بە سیما بنەڕەتییەکانیش ناودەبرێن ((لەبەرئەوەی لەگەڵ یەکە فەرهەنگییە (وشە)کەدا، لە دایکبووە و پێوەی لکاوە.)) (**سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ١١٧**)، بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوە ئاسانتر خۆی بە دەستەوە دەدات؛ بۆیە دەکرێت، وەکو واتای هۆشەکی (فەرهەنگی) سەیر بکرێن، چونکە ((بە هۆیەکی سەرەکی لە یەکتر گەیشتن دادەنرێت و بەکارهێنەرەکانی لەسەر ئەو واتایە لە ناوخۆیاندا ڕێکن.)) (**عەبدوڵلا عەزیز محەمەد: ١٩٩٠: ٥١**)، لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەک، یان کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی دیکە ناگۆڕێن.

گرنگیی ئەم سیمایانە لەوەدایە، کە هەڵگری تایبەتمەندی سەرەکی ئەو یەکە و وشانەن بۆ جیاکردنەوەیان لە وشەکانی دیکە لە ڕێگەی ئەم سیمایانەوە لە چاو سیما لاوەکییەکاندا. (**محمد الخولي: ٢٠٠١: ٢٠٠**)، بۆ نموونە: سیمای [∓ نێر] بۆ جیاکردنەوەی (ژن و پیاو) و (کوڕ و کچ)، یان هەریەکە لە سیماکانی [± نێر ± مێ ± هەراش] بۆ جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی وشەکانی (پیاو، ژن، کوڕ، کچ، منداڵ...) دەکرێتت وەکو سیمای سەرەکی پشتیانپێببەسترێت، چونکە وەکو یەکەی فەرهەنگی لە نێو کرۆکی وشەکاندا جێگربوون بەپێی کات، یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک یان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە گۆڕانیان بەسەردا نایەت.

ئەم سیما سەرەکییانە، وەنەبێت هەر تایبەت بن بە مرۆڤ، بەڵکو تەواوی وشە و یەکەکانی زمان هەڵگری ئەم جۆرە سیمایانەن، بۆ نموونە: وشەیەکی وەکو: (بەرد) خاوەنی سیمای واتایی سەرەکی، [+ مادە + ڕەق] (مانگا) خاوەنی سیمای واتایی سەرەکی، [+ ئاژەڵ + زیندوو + چوارپێ + شیردەر – عەقڵ (ژیری)]یە، بۆیە دەکرێت بڵێین، ئەم چەشنە لە سیما، بریتین لە (کرۆکە واتا- denotative

meaning)[1]یـان ((ئـەو واتـا بنەڕەتییانـەی وشـەن، کـە لـە کێڵگـەی واتـایی وشـەدا هـەن و خۆیـان نیشـاندەدەن و لـە هەردۆخێکدا بێت نـاگۆڕێن.)) **(محەمـەدی مـەحوی: ٢٠٠٦: ١٧)**، چونکـە پەیوەسـتە بـە نـاوەڕۆک و سروشـتی وشـەکە و لایـەنی دەرونـی و بیـر و بۆچوونی تاکەکەسـی کاریگـەری لەسـەر واتاکەی نییە.

## ٢-٩/٢: سیما لاوەکییەکان:

ئەو سیما واتاییانە دەگرێتەوە، کە لە زمانێکی دیاریکراودا بە هەندێک وشـە دەدرێن، کـە ((مـەرج نییە لە زمانێکی تردا هەبن، بەڵکو بەهۆی کاریگەریی داب و نەریت و کلتووری ئاخێوەرانی و بـەپێی ئەو واتا بابەتی و لاوەکیانەی، کە وشە و کەرەستەکان دەیگەیەنن.)) **(فـەرهاد توفیق حەسـەن: ٢٠١٠: ٤٣)**، واتە ئەم چەشنە سیمایانە، وەکو واتای بارکراو (لاوەکی) دەخرێنەسـەر واتـا فەرهەنگییەکـە و بایـەخ و گرنگییان لە لێکدانەوەی واتادا، لە واتا هۆشەکییەکە کەمتر نییە، بەڵکو هەردوو جۆر بەیەکەوە ئاماژە و نیشانەن بۆ یەکە فەرهەنگییەکان. **(قەیس کاکل توفیق: ٢٠٠٠: ٤٣)**، چونکـە لـە فەرهـەنگدا ((لـە تـەک ئـەو واتا سەرەکییانەدا، واتا لاوەکییەکانی هـەر واتایـەکی سـەرەکیش تۆمـار دەکرێتـ.)) **(محەمـەدی مـەحوی: ٢٠٠٦: ٩٠-٩١)**، بەتایبەت لە چوارچێوەی واتای خوازەییدا، کە هەندێک جار سیما لاوەکییەکان گرنگییـان زیـاترە و سیما سـەرەکییەکان دەسـڕنەوە، یـان دەچنـە ژێرەوە، بۆ نموونـە: **گوللـە دەبارێت**. سیمای سـەرەکی (بـاران) [+ دڵۆپـەئاو -خەسـتبوونەوە - ڕەق – دەنـگ + لـە هـەورەوە...]، بـەڵام لـەم (میتافۆڕ)ەدا، پەیوەندی نێوان (گوللە و باران) لە بارینـدا سیماکان گۆڕانیـان بەسـەردا هـاتووە، سیمای واتایی (گوللە) هاتوونەتە پێش وەکو سیمای سەرەکی دەنوێنرێت [+دەنگ +ڕەق...]. **(بەکر عومـەر عـەلی: ٢٠٠٠: ٧٢-٧٤)**.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سیمای سەرەکی (پیاو، ژن) بـریتیبن لـە [ +مرۆڤ +نێر +مێ +هـەراش]، ئەوا سیما لاوەکییـەکانی (پیـاو) بریتین لـە [+ ئازایـەتی +هێز +ئیش و کـاری دەرەوەوە...]، هـەروەها سیمای لاوەکییەکانی (ژن) بریتین لە [+سوزداری +ناسکی +ماڵەوە -هێز...].

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (کرۆکە واتا و توێکڵە واتا) بڕوانە: (Cowie: 2013: 64)، (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠١: ٢٠٦)، (بنعیسی عسو أزاییط: ٢٠١٦: ٦١).

بۆیە دەکرێت بگوترێت، سیما لاوەکییەکان، هەموو ئەو سیما واتایانەن، کە وەکو واتای بارکراو یان (توێکڵە واتا- Conotative meaning) لەگەڵ سیما سەرەکییەکاندا، لە پێکهاتەی وشەیەکدا بەشدارن، بەڵام بەگوێرەی، کەس، کات، شوێن، کۆمەڵگە، گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆیە دەکرێت، وشەیەک لە کۆمەڵێکدا هەڵگری سیمایەکی لاوەکی بێت، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا، بەم شێوەیە نەبێت، بۆ نموونە (کەڵەشێر) سیما سەرەکییەکانی لە هەموو کۆمەڵێکدا بریتین لە [+ گیانلەبەر + باڵندە + قوقاندن – عەقڵ]، بەڵام لە شوێنێکی وەکو شاری (ماوەت) (کەڵەشێر) هەڵگری سیمای [+ پیرۆزی –سەربڕین]ە، کە ئەمە تایبەتمەندیی ئەو جێگەیەیە، بۆ ئەو باڵندەیە، یان (کوندەپەپۆ) لای کورد سیمای لاوەکی [+شومی]یە، بەڵام لای ئینگلیز[+خۆشبەختی]یە. دەکرێت لە شارێک لە نێو خێڵێک یان هۆزێکیشدا ئەم دیاردەیە بەدیبکرێت و سیمای لاوەکی بە هەندێک وشە و دیاردە بدەن، بۆ نموونە: خواردنێکی وەکو (برنج) سیمای سەرەکی [+دانەوێڵە + خواردن]، بەڵام لە شارێکی وەکو کۆیە لای (عەشیرەتی غەفوری) خواردنی (برنج) لە بەیانی یەکەم ڕۆژی جەژندا، سیمایەکی لاوەکی هەڵگرتووە، کە [+شومی +خراپ +لادان – بۆخواردن]، یان ئاژەڵێکی وەکو (پشیلە) لەگەڵ ئەوەی سیما سەرەکییەکانی بریتین لە [+ئاژەڵ + چوارپێ – بۆ خواردن] لای میللەتی کورد سیمای [+سپڵەیی] هەڵگرتووە، کە لەوانەیە لای میللەتێکی دیکە وانەبێت.

لەگەڵ ئەوەی، کە (مرۆڤ) خاوەنی چەند سیمایەکی سەرەکییە، کە جیایدەکاتەوە لە زیندەوەرانی تر، بەڵام سیماکانی ڕەنگی چاو و پێست نابن بە سیمای سەرەکی، بەڵکو وەکو سیمای لاوەکی سەیر دەکرێتن. (**محمد علی الخولی: ٢٠٠١: ٢٠٠**)، چونکە گشتین و مرۆڤ پێی جیاناکرێتەوە لە زیندەوەران، لەگەڵ ئەوەشدا سیمای لاوەکی لە پاڵ سیما سەرەکییەکاندا دەبن، بە نیشانەی واتایی بۆ ڕوونکردنەوە و نیشاندانی واتا هەمە چەشنەکانی وشە و یەکەکان، چونکە سیما لاوەکییەکان بۆ دیاریکردنی واتای وردی وشە و جیاکردنەوەی وشە نزیکەکان لە ڕووی واتاوە گرنگن.

## ١٠/٢: گرنگی تیۆری سیماکان لە لێکدانەوەی واتادا:

گرنگی و ڕەنگدانەوەی ئەم تیۆرە لە لێکۆڵینەوەی واتادا، لە زۆر بواردا ڕەنگیداوەتەوە، لەبەرئەوە بە کورتی لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێدەکەین.

١- یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی لێکدانەوەی واتا، بۆ لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکانی (دژواتا، هاوواتا، فرەواتا...)[١]، ئەمەش ڕاستی و چاکی ئەم تیۆرە نیشاندەدات. (**محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ١٧٦**)، چونکە ((زۆربەی پەیوەندییە واتاییەکان لە شیکردنەوەیەکی واتایی وردەوە وەردەگیرێن.)) (**هۆگر مەحمود فەرەج: ١٩٩٣: ٣٧**).

٢- پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان تیۆری سیماکان و تیۆری کێڵگە واتاییەکان (بواری واتایی)دا هەیە، چونکە تیۆری کێڵگە واتاییەکان پێویستی بە یارمەتی تیۆری سیماکان (ڕێبازی واتا پەرتکردن) دەبێت، لە دیاریکردنی ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان دانەکانی یەک کێڵگەی واتاییدا هەن. (**هەمان سەرچاوە: ٣٨**). لەبەرئەوەی ((بنیاتنانی کێڵگەی واتایی کۆمەڵە سیمایەک بەکاردەهێنێت بۆ ناسینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دانە فەرهەنگییەکان لە کێڵگەیەکدا لە ئەنجامی دۆزینەوەی، کە چۆن وشەکان لە کێڵگەیەکدا یان بوارێکدا لێکچونیان هەیە.)) (**تابان محەمەد سەعید حەسەن: ٢٠١٤: ٢٣**).

٣- ئەم تیۆرە سەرەڕای ئەوەی بەگشتی زانیاری فەرهەنگیمان دەربارەی وشەکانی زمان دەداتێ، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری لاوەکی دەربارەی ئەو وشە و چەمکانە لە ڕێگەی سیما لاوەکییەکانی نیشاندەدات، کە ئەم چەمکانە هەڵیانگرتوون،[٢] بۆ نموونە: بۆ پەیوەندیی نێوان (پیاو، کوڕ) سود لە سیمای [+ نێر] وەردەگرێت، لە بەرانبەردا (پیاو ژن) بە سیمای [± نێر] بەراورد دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا سیمای لاوەکی هەریەکەیان نیشاندەدات، بۆ نموونە: (پیاو) [+ هێز] ژن [- هێز]. (**Parker & Riley: 2012:27**)، ئەم دیاردەیەش زۆرجار لە میتافۆڕیدا ڕەنگدەداتەوە (لە ڕێی لادان، یان گۆڕینی نیشانە سیمانتیکییەکان، دەردەکەوێت، بۆ نموونە، سیمای [+ وەڕین] دەدرێت بە (مرۆڤ) لە کاتی قسەکردندا وەکو میتافۆڕی قسەکردن، بۆ نموونە: سیخوڕەکە پێماندەوەڕێت. سیخوڕ [+ وەڕین]) (**محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ٢٠٨**).

٤- ئەم تیۆرە بنەمایەکی گرنگی ئابوریکردنە (economical)[٣] لە نیشاندانی واتای وشە لە ڕێگەی سیماکانییەوە؛ چونکە ((لە دید و بۆچوونی " سۆسێر "دا شیکردنەوەی واتایی تەنها هەوڵنادات بایەخ بە یەکەی واتایی زمان بدات، بەڵکو لە هەمان کاتدا بایەخ بە نرخەکەشی دەدات.)) (**کلۆد جێرمان-**

---

[١] (بڕوانە: بەشی سێیەم).

[٢] (بڕوانە: ٢-٩-٢).

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Cowie: 2013: 29).

**ڕیمۆلۆبلان: ٢٠٠٦: ٨)**، چونکە ئەم تیۆرە بەهۆی ژمارەیەکی کەم و سنوردار لە سیمازانیارییەکی زۆری واتاییمـــــان، دەربـــــارەی ژمارەیـــــەکی بێســـــنور لـــــە وشـــــە و یەکـــــەی زمـــــانی دەداتـــــێ. **(Parker- Riley:** 2012: 27).

لەگەڵ ئەوەشدا بنەمای دوو پەلکەیی (binary) هۆکارێکی گرنگە بۆ بنەمای ئابوریکردن، لەبری ئـەوەی وەسـفی (نێـر و مـێ)بکرێـت، بـەهـۆی هێمـای [+، -]، پـەیوەنـدی و جیـاوازی ئـەم دوانـە نیشـاندەدرێت ((بـەم پێیـە وشـە ڕێگایـەکی ئابوریيـە و چەنـد سـیمایەکی تیـا کـورت کراوەتـەوە.)) **(عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٥: ١١١)**، چونکـە لـە ڕێـی پۆلێـک سـیمای واتـایی دەکرێـت، پێناسـەیەکی وردی وشەکان بکرێت.

٥- هـەروەک سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئـەم تیـۆرە لـە شـیکردنەوەی واتـادا، بـۆ لێکۆڵینـەوەی زاراوەکـانی بـواری خزمایـەتی، لەلایـەن ئەنثرۆپۆلۆجیـەکان بـەکاردەهات، بەهـەمان شـێوە لـە ئێسـتاشـدا گرنگـە بـۆ لێکدانـەوەی ئـەو زاراوانـە و ((واتـای هەنـدێک زاراوە و ڕسـتە.)) **(یوسـف شـەریف سـەعید: ٢٠١١: ٩٩)**، لەبەرئەوە (کاتز و فۆدۆر) تیۆرەکەیان لە شیکردنەوەی ڕستەدا لەسـەر بناغـەی شیکردنەوەی واتـای وشە بۆ پێکهێنەرەکانی، دامەزراندبوو، ئەمەش ((وایکرد جارێکیتر لە بنەما تیۆرییەکەی حوکم کردن و بەستنەوە (GB)ی، چۆمسکیدا بەکاربێنەوە.)) **(کوروش سەفەوی: ٢٠٠٦: ٣٣)**. و سوود لە تیۆری سیماکان بـۆ لێکدانـەوە و پەیوەنـدی نێـوان، کەرەسـتە پێکهێنـەرەکانی ڕسـتە وەربگرێـت، بـۆ نموونـە: کـرداری (نوســت) داوای بکــەرێک دەکــات و دەســەڵاتی بەســەردا دەبێــت، هــەڵگری ســیماکانی[+ مــرۆڤ +گیاندار] بێت. ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی لۆژیکی سیماکانەوە هەیە.

٦- ئەم تیۆرە ڕێگایەکی گرنگە بۆ نەهێشتنی لێڵـی (ambiguity) مۆرفۆلۆژی و سینتاکس، زۆرجار لێڵی بەهۆی هاوبێژی و فرەواتـایی سـەرهەڵدەدات، بـەڵام لە ڕێگـەی سیما واتاییەکانـەوە چارەسـەری ئەم دۆخە دەکرێتت، ئەگەر سەیری هێڵکاری ژمارە (١١) بکەیت، وشەکان هاوبێژن لە زمانی ئینگلیزی و کوردیـدا، بـەڵام لـە ڕێگـەی پێدانی سـیما بـە وشـەکان بـەهـۆی هێڵـە سـتوونیەکانەوە، ئـەو لێڵییـە ڕەوییوەتەوە، ئەمە بۆ وشە هاوبێژە و فرەواتاکانی دیکەش دروستە، بەهـەمان شـێوە لـەڕێگـەی پێدانی سـیمای واتـایی بـە وشـەکانی نێـو ڕسـتەیەک لێڵـی ڕسـتەکە دەڕەوێتـەوە. ( **Katz & Fodor:** 1963: 187–188)، ئەمەش لە ئەنجامی زانیاری وردی سیمانتیکی بە هۆی پێدانی سیما بە کەرەستە

پێکهێنەرەکانی ڕستە، ڕستەیەکی وەک: **پاپا هات**. (پاپا) وشەیەکی هاوبێژە بەڵام لەم ڕستەیەدا بەهۆی پێدانی سیما ئەو لێڵیە ڕوندەکرێتەوە.




هێڵکاریی ژمارە (١٣) هاوبێژی لە وشەی (پاپا)دا.

١. پاپای ڤاتیکان هات. ٢. پاپا (فلیم کارتۆن) هات.

٧- لە فەرهەنگی زماندا، لەگەڵ نیشاندانی زانیارییەکانی زمان بەگشتی، وەک زانیاری ڕێزمانی و فۆنۆلۆژی و واتاسازی، لە دەروازەی فەرهەنگی هەر وشەیەکدا زانیاری واتاسازی لە ڕێگەی سیما واتاییەکانەوە نیشان دەدرێت،[1] بۆ نموونە: وشەیەکی، وەک (مرداربوونەوە) لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە سیما واتاییەکانی ڕیزدەکرێتن: [+ کردار + گیاندار + حەڵاڵ – جووڵە – زیندوو – بۆ خواردن – ژیان] جگە لەوەش، هەر لە فەرهەنگدا پەیوەندی واتایی وشەکان، (دژواتا، هاوواتا، هاوبێژ، ...) بەهۆی سیما واتاییەکان ڕووندەکرێنەوە.

## ١١/٢: سنورداریتی سیماکانی وشە:

سنورداریتی سیما واتاییەکان، وەک سنورداریتی سیما فۆنۆلۆژی (نیشانە فۆنۆلۆژی)یەکان، نییە، چونکە سیما فۆنۆلۆژییەکان سنورداریتییەکی تەواو داخراویان هەیە و ژمارەیان دیاریکراوە و دەستەیەکی بچوک و دیاریکراو، لە هەر زمانێکدا پێکدەهێنن، تاڕادەیەکی زۆر لە زۆربەی زمانەکاندا وەکو یەکن، یان نزیکن لە یەکتری، کە دەکرێت بڵێین جیهانی (Universal)ین؛ بەڵام سیما واتاییەکان

[1] بۆ ئەم خاڵە سوود لە هەریەک لە (احمد مختار: ١٩٨٢: ١١٦)، (محەمەدی مەحوی و هاوەڵەکانی: ٢٠١٠: ٢٩)، (عبدالواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ١٦٩) وەرگیراوە.

بە پێچەوانەی ئەوانەوە ژمارەیان دیاریکراو نییە و سنوردارنین[1]، بە ڕێژەی سیما فۆنۆلۆژییەکان، واتە کۆتاییەکی تاڕادەیەک کراوەتریان هەیە، بەگوێرەی جۆری وشە و زمانەکان و کۆمەڵگە و سەردەمەکان دەگۆڕێت. ئەمەش بەو واتایە نایەت، کە سنورداریتی نەبێت، لە پێدانی سیمای واتایی بە وشە و چەمکە زمانییەکان، چونکە ((هەڵبژاردنی سیماکان بە ئارەزوو و لە خۆوە نییە، بەندە بە پێناسەی لۆژیکی وشەکان و بە ئاسانی دروست ناکرێن و بەندە بە بەکارهێنانی لە ڕستەدا.)) **(عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٥: ١١٣).**

لەم سۆنگەیەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە مرۆڤ هەمیشە و بە ویستی خۆی ناتوانێت ژمارەی سیماکان بۆ وشەیەک زیاد، یان کەم بکات، ئەگەر لەگەڵ لایەنی لۆژیکی (واتایی، ڕێزمانی) وشەکە نەگونجێت، بۆ نموونە، لۆژیک ڕێگەمان پێنادات سیمای [+ فڕین] بە (مانگا) بدەین، هەروەها سیمای (نەڕاندن) بە (مریشک) بدەین، بەڵام لە بەکارهێناندا زۆرجار ژمارەی سیماکان زیاد دەکرێتن، بۆ واتا فەرهەنگییەکەی، ئینجا لەوانەیە سیماکان لاوەکی بن یان سەرەکی، بۆ نموونە: سیما سەرەکییەکانی (بولبول) [+ باڵندە + چڕین + فڕین]ە، سیمای سەرەکی، (گۆرانی) [+ دەنگ ± خۆشی + ئاواز...] بەڵام زۆرجار سیمای [+ چڕین]، کە سیمایەکی سەرەکی (بولبول)ە، وەکو سیمای لاوەکی دەگوازرێتەوە بۆ دەنگی گۆرانی بێژ، دەگوترێت: دەڵێی بولبولە دەچریکێنێت. واتە، گۆرانی بێژ (گۆرانی) [+ چڕین] بۆیە سیماکانی (گۆرانی، یان دەنگی گۆرانیبێژ) دەبن بە [+دەنگ +خۆشی + ئاواز +چڕین]، یان وشەیەکی وەکو ژمارە (١٣) سێزدە، لە بنەڕەتدا سیما سەرەکییەکانی لە فەرهەنگدا بریتیین لە [+ژمارە + ئاوەڵناو+لێکدراو]، بەڵام لە بەکارهێناندا لە ئیدۆمێکی وەک (نێوچاوانم سێزدەیە)، سیمای لاوەکی [+شومی +بێبەختی] دەدرێتەپاڵ، بەڵام لەوانەیە ئەمە بۆ زمانێکی دیکە، یان نەتەوەیەکی دیکە جیاواز بێت، هەروەها وشەیەکی وەکو (کەچەڵ) هاوواتای (ڕووتانەوە، نەخۆشی)یە، بەڵام لە بەکارهێناندا، سیمای لاوەکی [+ پەند] وەردەگرێت. بۆ ڕوونکردنەوە (ئەگەر کەچەڵ دکتۆربا دەرمانی سەری خۆی دەکرد.)، یان وشەیەکی وەکو (گرێ) بەواتای گرێدانی دوو شت لە یەکتری، بەڵام زۆری بەکارهێنان و فراوانبوونی واتاکەی بۆتە هۆکاری ئەوەی سیمای زیاتری پێبدرێت، وەک: [+فرێز + نەخۆشی + پەیمان بەستن]

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محەمەد مەحوی: ٢٠٠٩: ١٦١).

- گرێی ناوی...
- گرێی مەمک، گرێی دەرونی...
- پەیمانی خۆشەویستی، گرێدانی خۆشەویستی.

لەگەڵ ئەوەشدا پێدانی سیما بە وشە فەرهەنگییەکانی وەک (ناو، ئاوەڵناو، کردارەکان...) سنوریان تاڕادەیەک کراوەترە، لە چاو وشە ئەرکییەکان (ڕێزمانییەکان) لە نێو وشە فەرهەنگییەکانیشدا، وشە بەرجەستەکان (ماددیەکان) لە چاو وشە ئەبستراکتەکان، لە ڕووی سنوردارێتیەوە کراوەترن، بۆ نموونە، دیاریکردنی سیما بۆ وشەکانی، وەک (خەم، خەفەت، دڵداریی...)، یان وشەکانی پێوانەکردن (بەرز، نزم، گەرم، سارد...)، تاڕادەیەک لە وەرگرتنی سیمادا، سنوردارێتیەکی زۆرتریان هەیە، وشەیەکی وەکو (گەرم) سیماکانی بریتین لە [+ گەرمی – ساردی] لەم دۆخەدا تیۆرەکە ناچار دەبێت، زمانی (بابەت زمانی/Object language) بەکار بهێنێت، واتە بە خودی وشەکە خۆی، واتاکانی شیدەکرێتنەوە، چونکە سنوری سیماکان لەم جۆرە چەمکانەدا سنور تەسکە، بە پێچەوانەی ئەوان وشە بەرجەستەکانی وەک (میوە، سەوزە، مرۆڤ، ئاژەڵ، بەرد...)، مرۆڤ دەتوانێت سیمای زیاتریان پێبدات.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، سنورێک بۆ ژمارەی سیماکانی هەر وشەیەک هەیە و مرۆڤ بە ویستی خۆی ناتوانێت، ژمارەی سیماکان زیادبکات، ئەمەش سنوردارێتی تیۆرەکە نیشان دەدات. **(محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ١٦٨-١٦٩)**، بۆ نموونە وشەیەکی وەکو (قەیرە) سیمای [– شوکردن + مێ]ی دەدرێتێ، ناتوانرێت زیاتر فراوان بکرێت، چونکە (سنور و کۆتوبەندکردن بۆ مۆدێلی شیکردنەوەی پێکهاتە (تیۆری سیماکان) دانراون و هەن، هەر زمانێکیش بە گوێرەی مەرجە مێژووییەکانی بەکارهێنانی تایبەت بەخۆی، کۆ گەنجی نیشانە واتاییەکانی دەبێت.) **(محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٦: ٧)**، چونکە لەوانەیە لە زمانێکی وەکو ئینگلیزی سیماکانی وشەی (قەیرە) جیاواز بن، یان وشەیەکی ئاوا لەو زمانەدا لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێتکەواتە پێدانی سیمای واتایی سنوردارە و ناکرێت بە ئارەزوی خۆمان سیما بە وشەکان بدەین، ئەگەر لەگەڵ لۆژیکدا نەگونجێت، ئەمەش لایەنی سنوردارێتی سیماکان نیشاندەدات.

# بەشی سێیەم

# تیۆری سیما واتاییەکان و لێکدانەوەی

# پەیوەندییە واتاییەکان

## بەشی سێیەم/ تیۆری سیما واتاییەکان و لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان

لەم بەشەدا هەوڵدراوە بەپێی تیۆری سیماکان، شیکاری و لێکدانەوە بۆ هەندێکک لە پەیوەندییە واتاییەکانی زمانی کوردی بکرێت، لەڕێگەی وەرگرتنی چەند نموونەیەک بۆ هەر یەکێک لە پەیوەندییەکان، هەریەکە لەو نمونانەش، بریتین لەو وشانەی، کە ڕۆژانە قسەکەری ئاسایی زمان لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکاریاندەهێنن؛ هەروەها هەندێککجار پەنا براوەتە بەر هەندێک لەو وشانەی، کە لە سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشتر ئاماژەیان بۆ کراوە، وەکو نموونەی ئەم چەشنە پەیوەندییانە، هەریەکە لە نموونەکانیش خراونەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، لە ڕوانگەی سیمای سەرەکی و لاوەکییان، بەراوردکراون و هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، تا ئەوپەڕی وردکردنەوەیان هەمبەربەیەک ڕاگیراون.

### ١/٣: هاوبێژی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

ئەم تیۆرە کار لەسەر سیمای واتایی وشە دەکات، هەر وشەیەک بۆ پێکهاتەکانی ورد دەکاتەوە. لێرەوە نیشاندەدرێت، کە یەک فۆڕمی زمانیی دەگونجێت دوو واتای جیاواز، یان زیاتری هەبێت، واتا جیاوازەکان هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبێت، لە ئەنجامی سیما واتاییە جیاوازەکانی پێی دەگوترێت هاوبێژ، بۆ ڕوونکردنەوە سەرنجی ئەم نموونەیە بدە:

**/پیل/**

فۆڕمێکی زمانی کوردییە، هەڵگری دوو واتای جیاوازی دور لەیەکە، لەڕێگەی سیما واتاییە جیاوازەکانی دەتوانرێت، ئەو پەیوەندییە نیشانبدرێت:

واتای (١) پیل [+ئەندامی لەش +شان +گۆشت +ئێسک +جووڵە +گیاندار].

واتای (٢) پیل [+شت +مادده +وزە +کانزا –جووڵە –گیاندار].

بەتێڕامان لە سیما واتاییەکانی واتای (١، ٢)ی فۆڕمە، نیشاندەدرێت، کە هەریەکەیان خاوەنی سیمای سەربەخۆ و جیاواز و دوور لە یەکترین. بوونی ئەم جیاوازییەش لە سیمادا، هۆکارە بۆ دورکەوتنەوەیان لە واتادا و مانەوەی پەیوەندییان تەنها لە چوارچێوەی فۆڕمدایە، کە تیۆری سیماکان لێکدانەوەی بۆ ناکات.

## ١/٣-١: هاودەنگی و تیۆری سیما واتاییەکان[١]:

لە زمانی فارسیدا، ((دو وشەی (غریب) و (قریب) بەیەک شێوە گۆدەکرێتن، بەڵام بەشێوەی جیاواز دەنووسرێن.)) **(کورش سەفەوی: ٢٠٢٠: ٧٠).**

ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم پەیوەندییەیە لەو زمانەدا.

- غریب/ بێگانە [+دور +سیفەت -خزم].
- قریب/ نزیک [+نزیک +سیفەت + خزم].

سیما واتاییەکانی هەردوو وشە بەتەواوی پێچەوانەی یەکترین و یەکتر ناگرنەوە، تەنها لە سیمای [+سیفەت]دا نەبێت، ئەوەی ئەم پەیوەندییەی بنیاتناوە، تەنها شێوازی خوێندنەوەی وەکو یەکی وشەکانە، هۆکاری سەرهەڵدانی پەیوەندییەکەیە.

## ١/٣-٢: هاوپیتی و تیۆری سیما واتاییەکان[٢]:

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەیەکی وەکو (Tear) لە فۆڕمدا یەک شێوەی نووسینی هەیە، بەڵام دەربڕینی فۆنەتیکی جیاوازە و بە دوو شێوەی جیاواز گۆدەکرێتت، هەر لەبەرئەوەشە خوێندنەوە جیاوازەکانی واتای جیاواز نیشاندەدەن.

واتای (١) /tI∂/ [+ شلە +چاو +ڕشتن +ناو] واتە (فرمێسک).

واتای (٢) /teɑ/ [ +شت +پارچەبوون +کاغەز +پەڕۆ +کردار] واتە (دڕان).

ئەگەر سەرنج لە سیما واتاییەکانی هەردوو واتای وشەکە بدەین، دەبینرێت، هەر لەگەڵ دیاریکردنی سیمای یەکەم و سەرەتای وشەکان واتا جیاوازەکانی دەردەکەون، چونکە ئەوەی ئەم پەیوەندییەی دروستکردووە، تەنها لە چوارچێوەی فۆڕمی وشەکەدایە؛ ئەگەرنا فۆڕمی فۆنەتیکی و

---

[١] لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا ئاماژە بەوەکراوە، کە ئەم پەیوەندییە لە زمانی کوردیدا بەدیناکرێت، چونکە لە زمانی کوردیدا ژمارەی دەنگ و پیت زۆر لێک نزیکن، وشەکان چۆن دەنووسرێن هەر بەو شێوەیەش دەخوێندرێنەوە؛ بەڵام لەم تەوەرەیەدا، بەدەر لەزمانی کوردی ئاماژە بەنمونەی زمانەکانی دیکە دەکەین؛ بۆ ڕوونکردنەوەی مامەڵەی تیۆرەکە لەگەڵ ئەم جۆرە پەیوەندییە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (بەشی یەکەم: ٤/١-١-١-١-١).

[٢] ئەم پەیوەندییەش بەهەمان شێوە لەزمانی کوردیدا، بەدی ناکرێت، چونکە نووسین و خوێندنەوە لە یەکتردور نین و تەواو لە یەکترەوە نزیکن، بۆیە پەنا دەبەینە بەر نمونەی زمانی ئینگلیزی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بەشی یەکەم: ٤/١-١-١-١-٢).

واتای وشەکان هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندانییە، تەنانەت لەڕووی بەش (پۆل)ی ئاخاوتنیشەوە، جیاوازن.

### ٣-١/٣: هاوبێژی تەواو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

**/موشتەری/**

وشەی (موشتەری) فۆڕمێکی زمانییە، بەڵام هەڵگری چەند واتایەکی جیاوازە ئەمەش لەڕێگەی دیاریکردنی سیما واتاییەکانیان ڕووندەبێتەوە:

واتای (١) موشتەری[+هەسارە +ئاسمان +بێگیان +تەن -مرۆڤ -میتافۆڕ].

واتای (٢) موشتەری[+مامەڵە +کڕیار +زیندوو +مرۆڤ ±میتافۆڕ].

بەسەرنجدان لە سیما واتاییەکانی وشەی (موشتەری) بەپێی ئەم تیۆرە، وشەکە خاوەنی دوو واتای جیاوازە، واتا جیاوازەکانیش هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، تەنها بەڕێکەوت فۆڕمەکانیان وەکویەکە، لەبەرئەوە پێیدەگوترێت وشەی هاوبێژ، چونکە هەریەکەیان بەکارهێنانی جیاوازیان لە ڕستەدا هەیە و واتای جیاواز نیشاندەدەن، وەک:

١- هەسارەی موشتەری یەکێکە لە ئەندامانی کۆمەڵەی خۆر.

٢-دوکاندارەکە لەگەڵ موشتەرییەکان مامەڵەی باشە.

واتای یەکەمی، پەیوەندی بە یەکێک لە هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆرەوە هەیە، ئەویش (هەسارەی موشتەری)یە، بەڵام واتای دووەمی، پەیوەندی بە مامەڵەی نێوان فرۆشیار و کڕیارەوە هەیە، بەکەسێک دەگوترێت، کە شتومەک، لە دوکانداریک بکڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا واتای دووەمی جگە لە واتای فەرهەنگی (سیما سەرەکی) یەکانی خاوەنی سیمای لاوەکیشە، وەکو میتافۆڕێک لە گفتوگۆدا بەکاردێت، لە ئیدیۆمێکی وەک، (**بەچاوی موشتەری سەیری بکە**) دەردەکەوێت، ئەمەش جیای دەکاتەوە لە واتای یەکەمی.

**/هۆرە/**

وشەی (هۆرە) بەهەمان شێوە فۆڕمێکی زمانییە، خاوەنی دوو واتای جیاوازە، لەڕێگەی نیشاندانی سیما واتاییەکانی ئەم جیاوازی واتاییە هەستی پێدەکرێت.

واتای (١) هۆرە [+مقام +گوتن +دەنگ ±خۆشی +فۆلکلۆر].

واتای (٢) هۆرە [+ئامێر +دارشکاندن +نووک +ئاسن +میتافۆڕ].

ئەگەر سەیری سیمای هەریەکە لەواتاکانی (١، ٢)ی وشەکە بکەین، دەبینین هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێک سیمای واتایی جیاوازن، کە لە ڕەگەزەوە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، بۆیە بەگوێرەی تیۆری سیماکان وەکو وشەی هاوبێژ سەیردەکرێن، بۆ ڕوونکردنەوە لە دوو ڕستەی جیاوازدا واتا جیاوازەکانی نیشاندەدرێن.

١. **لە کۆنسێرتەکەدا، هۆرەیەکی جافی گوت.**
٢. **دارەکان بەهۆرە بشکێنە.**

واتای یەکەمی وشەی (هۆرە) بریتییە لە جۆرێکی مقام لە هونەری فۆلکلۆری کوردیدا، کە بە (هۆرەی جاف) ناسراوە، بەڵام واتای دووەمی جیاواز لە واتای یەکەمی بریتییە لە ئامێرێک، کە بۆ شکاندن و قەڵاشتنی دار بەکاردێت، ئامێرێکی ئاسنە لە شێوەی قەڵەم نووکێکی تیژی هەیە، لەدار دەکوترێت، لەسەرەکەی دەردرێت، بۆ قەڵاشتنی دارەکە، جگەلەوەش واتای دووەمی جگە لە سیما سەرەکییەکانی، خاوەنی سیمای لاوەکیشە، زۆرجار بەواتای میتافۆڕی لە هەندێک بارودۆخدا بەکاردێت، وەک (**هۆرەیەکی بۆ بکە/ هۆرەیەکی تێبڕە**...)، وەکو داشۆرین کورد بەرانبەر یەکتری بەکاریدێنێت.

**/شێ/**

وشەی (شێ) فۆڕمێکی زمانی کوردییە، بەهۆی بوونی سیمای واتایی جیاواز، خاوەنی دوو واتای جیاوازە، لەبەرئەوەش واتا جیاوازەکانی هیچ پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، چونکە هەبوونی سیمای جیاواز هۆکارە بۆ دروستبوونی پەیوەندی هاوبێژی و دوورکەوتنەوەیان لەواتادا و مانەوەی پەیوەندییان تەنها لە چوارچێوەی فۆڕمدایە.

واتای (١) شێ [+ئاووهەوا +شێدار −ڕەنگ +بێگیان +ناو].

واتای (٢) شێ [+بۆئاژەڵ +ئەسپ −شێدار +ڕەنگ +گیاندار +سیفەت].

ئەگەر سەیری سیما واتاییەکانی وشەی (شێ) لە هەردوو فۆڕمی (١، ٢)دا بکەین، دەبینین هەبوونی سیمای واتایی جیاواز لە هەر یەکەیاندا دوو واتای جیاواز و دور لەیەکی بەرهەمهێناوە، لەیەکەمیاندا

بە واتای ئاووهەوا دێت، کاتێک دەگوترێت: **ژوورەکە شێدارە،** واتە ئەم ژوورە شێ و تەڕی زۆرە، بەڵام لە دووەمدا، بە واتای سیفەت دێت، بۆ جۆرێک لە ئەسپ، کاتێک دەگوترێت: **ئەسپەشێ، گرانبەهایە.** ئەم سیفەتەش بەواتای (ئەسپێکی سپی پەڵەی سوری تێدابێت، یان بە پێچەوانەوە.)**(هەژار: ١٣٨٨: ٤٩٥)،** کەواتە وشەی (شێ) وشەیەکی هاوبێژە، لە ئەنجامی هەبوونی سیمای واتایی جیاوازەوە، بەپێی تیۆری سیماکان دەچێتە خانەی وشە هاوبێژەکانی زمانی کوردی.

**/گاز/**

سیما واتاییەکانی بریتیین لە:

واتای (١) گاز [+ئامێر +ئاسن +ڕەق +بەکارهێنان +بەدەست...].

واتای (٢) گاز [+وزە +سووتان +شلە +سامانی سروشتی....].

هەریەکە لە سیما جیاوازەکانی وشەکە، ئەوە نیشاندەدەن، کە لەم فۆرمە زمانییەدا، ئەوەی پەیوەندییەکەی بنیاتناوە تەنها ڕووخسارە، ئەگەرنا کرۆکی وشەکە و واتا جیاوازەکانی هۆکارە بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکانی لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا.

بۆ نموونە:

1. **بزمارەکە بەگاز دەربهێنە.**
2. **سەیارەکە بەگاز ئیش دەکات، یان بە بەنزین؟**

لەمەوە دەردەکەوێت، جووتە وشەکە لە پەیوەندی هاوبێژی تەواودان بەگوێرەی تیۆری سیماکان، چونکە هەریەکەیان بە جیا هەڵگری سیمای واتایی دوور لە یەکترین.

هاوبێژی بەپێی ئەم تیۆرە بەزوویی واتاکانی جیادەبنەوە، چونکە هەر لەگەڵ دیاریکردنی یەکەم سیما دەشێت واتاکان دیارییبکرێن، لەبەرئەوەی ئەم تیۆرە کار لەسەر چەمکە وردە پێکهێنەرەکانی واتا دەکات، فۆرم تەنها وەک پیشاندەری چەمکەکان دەبێت، ئەوا هاوبێژەکان بەئاسانی لێکدەداتەوە.

## ٢/٣: فرەواتایی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

لێکدانەوەی ئەم تیۆرە بۆ وشە فرەواتاکان بەجۆرێکە، ئەگەر هاتوو وشەیەک لە دەوروبەر و ڕستەی جیاوازدا بەکارهات، لە هەموو دەوروبەرەکاندا سیما سەرەکییەکانی وەک یەکبوون ئەوا ئەو

وشەیە دەبێتە فرەواتا، هەرچەندە زۆرجار دەگونجێت سیما لاوەکییەکانیشیان جیاوازبن، بۆ نموونە سەرنج لەم وشانە و سیما و بەکارهێنانەکانیان بدە:

**/زەردبوون/**

سیما واتاییە سەرەکییەکانی [+گۆڕان +ڕەنگ +زەرد +هۆکار].

ئەم وشەیە لەڕستە و دەوروبەری جیاوازدا، کۆمەڵێک بەکارهێنانی هەیە، وەک:

١- گەنم زەردبوون. سیما واتاییەکانی [+گۆڕان +ڕەنگ +زەرد +هۆکار +گەرمی +پێگەیشتن +دانەوێڵە].

٢- هەنجیرەکان زەردبوون. سیما واتاییەکانی[+گۆڕان +ڕەنگ +زەرد +هۆکار +گەرمی +پێگەیشتن +میوە].

٣- منداڵەکە ڕەنگی زەردبووە. سیما واتاییەکانی [+گۆڕان +ڕەنگ +زەرد + هۆکار +نەخۆشی +مرۆڤ + ترس].

٤- دۆمەڵەکە زەردبووە. سیما واتاییەکانی [+گۆڕان +ڕەنگ +زەرد + هۆکار +نەخۆشی + گەیین +مرۆڤ].

ئەگەر سەیری سیما واتاییەکانی وشەکە بکەین، دەبینین سیما سەرەکییەکانی وشەکە بەگشتی و هەروەها لە بەکارهێنانە جیاوازەکاندا لە ڕستەی (١، ٢، ٣ ، ٤)دا وەکو یەکن، یان تاڕادەیەکی زۆر لێکنزیکن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە ئەم وشەیە (زەردبوون) وشەیەکی فرەواتایە، چونکە ڕەگ و ڕیشەی وشەکە لە هەموو دەوروبەرەکاندا لەیەک سەرچاوە سەریهەڵداوە، پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت، کە لە سیمای لاوەکیدا جیاوازن بەتەنها سیما سەرەکییەکان، کە[+گۆڕان] و [+زەرد]ن، وەک خۆی لە هەموویاندا هەن، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم پەیوەندییەن، ئەگەرنا سیما لاوەکییەکانیان بەکارهێنانە جیاوازەکانیان نیشاندەدات.

**/هۆڵ/**

سیما سەرەکییەکانی [+زەوی +فراوان +پشوو ±بۆمرۆڤ].

بەکارهێنانە جیاوزەکانی وەک:

١- هۆڵی خانووەکە گەورەیە. سیما واتاییەکانی [+زەوی +فراوان +پشوو +بۆمرۆڤ].

٢- هۆڵی شایی، دەبێت گەورە بێت. سیما واتاییەکانی [+زەوی +فراوان +ئاهەنگ +هەڵپەڕکێ +بۆمرۆڤ].

٣- هۆڵە مەڕەکە گەورەیە. سیما واتاییەکانی [+زەوی +فراوان +پشوو -هەڵپەڕکێ +ئاژەڵ].

بەسەرنجدان لە سیما سەرەکییەکانی وشەکە بەر لە بەکارهێنان، هەروەها لە بەکارهێنانەکانی (٣،٢،١)دا، دەبینرێت، کە بەشێوەیەکی زۆر لێکنزیک سیماکانیان هاوبەشن، تەنها لە یەک سیمادا نەبێت لە نێوان ڕستەکانی (٢،١)دا، کە سیمای [+مرۆڤ]ە، لە بەرانبەردا لە ڕستەی (٣)دا [+ئاژەڵ]ە، هەروەها لە ڕستەی (٢)دا، هەڵگری سیمای لاوەکی [+ئاهەنگ +هەڵپەڕکێ]یە، هۆکاری ئەم لێکنزیکییە لە سیماکانیشدا ئەوەیە، کە لە ڕەگ و ڕیشەوە یەک چەمکی سەرەکییە، بەڵام فراوانبوونی واتا[1] ئەو ڕۆڵەی بە وشەکە داوە، کە بتوانێت لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا بەکاربێت؛ هاوبەشی لە سیماکاندا، بەگوێرەی تیۆرەکە هەژمارکردنی وشەکەیە بە وشەیەکی فرەواتا.

**/هەڵکێشان/**

سیما سەرەکییەکانی [+دەرهێنان +بۆسەرەوە ±مرۆڤ +شت +هۆکار].

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لە چەند ڕستەیەکدا ڕوونیدەکەینەوە:

١- موو هەڵکێشان زیان بە پێست دەگەیەنێت.

سیما واتاییەکانی [+دەرهێنان +بۆسەرەوە +مرۆڤ +بەرجەستە +هۆکار +موو +پێست +لەڕەگەوە].

٢- هەڵکێشانی ڕووەکی سروشتی لەڕەگەوە ژینگەی وڵات دەشێوێنێت.

سیما واتاییەکانی [+دەرهێنان +بۆسەرەوە ±مرۆڤ +بەرجەستە +هۆکار +ڕووەک +خاک +لەڕەگەوە].

٣- ئاو هەڵکێشان، لە بیر ئەرکێکی قورسە.

سیما واتاییەکانی [+دەرهێنان +بۆسەرەوە +مرۆڤ +بەرجەستە +هۆکار +ئاو +ژێرزەوی].

---

[1] فراوانبوونی واتای وشەکە و واتای کامیان گوازراوەتەوە بۆ کامیان، پەیوەندی بە لایەنی مێژوویی وشەکانەوە هەیە، چونکە ئەوە بابەتێکی ئیتمۆلۆژییە، بۆزانیاری زیاتر دەربارەی فراوانبوونی واتای وشە بڕوانە: (عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد: ١٩٩٠: ٧٥)، (ستیڤن أولمان: ١٩٩٧: ١٦٢)، هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (ئیتمۆلۆژی-ڕیشەناسیی) وشە، بڕوانە: (فاروق عومەر سدیق: ٢٠٢٠: ٨٥-٩٧)، (فاروق عومەر سدیق:٢٠١١: ٦٧).

بەتێڕوانین لە سیما واتاییەکانی وشەی (هەڵکێشان) دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانە جیاوازەکانی وشەکە لە سیما سەرەکییەکاندا، زۆر لێکنزیکن تەنها لە سیمای [+موو +ڕووەک +ئاو]دا، نەبێت. بۆیە بەگوێرەی ئەمە بێت، وشەکە، فرەواتایە، لە ئەنجامی هاوبەشی لە سیما سەرەکییەکاندا لەنێوان دەربڕینە جیاوازەکاندا.

**/کێل/**

سیما سەرەکییەکانی [+قەبارە +ڕەق +قاڵب (فۆڕم)].

وشەکە لە بنەڕەتدا وەکو یەکەیەکی زمانی خاوەنی فۆڕمێکی سەربەخۆیە، بەڵام بەکارهێنانە جیاوازەکانی هۆکاری سەرهەڵدانی پەیوەندییەکەیە، بۆ ڕوونکردنەوە سەرنجی بەکارهێنانە جیاوازەکانی بدە:

١- کابرا کێلی قەبر دروست دەکات. سیما واتاییەکان [+قەبارە +ڕەق +قاڵب (فۆڕم) +چیمەنتۆ +قەبر – تواندنەوە...].

٢- ئەو کێلە سەهۆڵەم بۆ بهێنە. سیما واتاییەکان [+قەبارە +ڕەق +قاڵب (فۆڕم) +ئاو –قەبر +توانەوە...].

لەگەڵ ئەوەی وشەکە بەکارهێنانی جیاوازی هەیە، ئەمەش لە ئەنجامی فراوانبوونی واتای سەرەکی وشەکەیە، چونکە لە فۆڕم (ڕووخسار)دا، زۆر لێکنزیکن، ئەمەش وایکردووە واتای یەکێکیان لە ئەوەی دیکەدا ڕەنگبداتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا لێک نزیکی لە سیمای واتایی هەریەکە لە بەکارهێنانە جیاوازەکان، ئەوە نیشاندەدات، کە وشەکان ڕەگ و ڕیشەیان یەکە و یەک بنجی سەرەکییان هەیە، لە نەژاددا؛ چونکە تەنها لە هەندێک سیمای لاوەکیدا جیاوازن.

بەگشتی لە فرەواتاییدا، تیۆرەکە لە ڕێگەی سیمای سەرەکی وشەکان پەیوەندییەکە وەکو پەیوەندی فرەواتایی نیشاندەدات، چونکە زۆرجار لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی سیمای واتایی وشەکان لەوانەیە، وشەکان لەیەک دوور بکەونەوە و جۆر و شێوەی پەیوەندییەکە بگۆڕێت. لەبەرئەوە هەتا ژمارەی سیما سەرەکییەکان نزیکتر بن، پەیوەندییەکە لە نێوان واتا نزیکەکانی وشەکە ڕوونتر دەبێتەوە.

## ٣/٣: هاوواتا و تیۆری سیما واتاییەکان:

بەپێی ئەم تیۆرە دوو وشە، یان زیاتر، ئەگەر سیما واتاییەکانیان وەک یەکتر بن، ئەوا دەبن بە هاوواتای یەکتری، ((بەجۆرێک (کروز) باوەڕی وایە، کە هاوواتایی پەیوەندی نێوان ئەو وشانەیە، کە سیما واتاییە سەرەکییەکانیان یەک بێت، بەڵام هەندێککجار سیما لاوەکییەکان لەگەڵ یەکتردا جیاوازن.)) **(شێروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٤٥).**

بۆ نموونە: (نەخۆشخانە، خەستەخانە) دوو وشەی زمانی کوردین، سیما واتاییەکانیان، بریتین لە:

١- نەخۆشخانە [+شوێن +نەخۆش +چارەسەر].

٢- خەستەخانە [+شوێن +نەخۆش +چارەسەر].

پەیوەندییەکە بەجۆرێکە هەردوو وشە لە پەیوەندی هاوواتایی تەواودان، چونکە لە سیما سەرەکییەکاندا هاوبەشن، بەڵام ئەگەر سیما واتاییەکانیان وردتر بکەینەوە، سیما لاوەکییەکانیان نیشانبدرێن، ئەوا گۆڕان بەسەر جۆری هاوواتاییەکەدا دێت، جووتە وشەکە دەبن، بە هاوواتای ناتەواوی یەکتری، بۆ ڕوونکردنەوە سەیری سیما لاوەکییەکانیان بکە:

نەخۆشخانە [+فەرمی (باڵا)].

خەستەخانە [-فەرمی (باڵا)].

بەگوێرەی سیما واتاییەکان بێت، ئەوا هەردوو وشە دەبن، بە هاوواتای ناتەواو، چونکە (نەخۆشخانە) سیمای لاوەکیی بریتییە لە [+فەرمی]، واتە وشەکە لە زمانی فەرمی دەوڵەت و دامودەزگا فەرمییەکانیشدا، بەکاردەهێنرێت و بەکارهێنانێکی فەرمی هەیە، لە بەرانبەردا وشەی (خەستەخانە)، لە چوارچێوەی زمانی نافەرمیدا زیاتر بەکاردەهێنرێت، سەرەڕای ئەوەش دەگونجێت بەکارهێنانە گشتییەکەی زیاتر بێت لە زمانی نافەرمیدا.

## ٣/٣-١: هاوواتایی تەواو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

بەپێی ئەم تیۆرە دوو وشە دەبن بە هاوواتای تەواو، ئەگەر هاتوو سیما واتاییەکانیان بەتەواوی وەکویەکبن، هەرچەندە بەدەگمەن ڕێکدەکەوێت، کە دوو وشە لە تەواوی سیماکاندا هاوبەشن، بەتایبەتی کاتێک سیماکان وردتر بکرێنەوە و سیمای لاوەکی وشەکان نیشانبدرێن. بۆ نموونە:

/خۆر=ڕۆژ/

١- خۆر [+تەن +ئەستێرە +ئاسمان +گەرمی +گڕ +ڕووناکی].

٢- ڕۆژ [+تەن +ئەستێرە +ئاسمان +گەرمی +گڕ +ڕووناکی].

بەسەرنجدان لە سیما سەرەکییەکانی هەردوو وشەی (خۆر و ڕۆژ) دەردەکەوێت، وشەکان لە تەواوی سیماکاندا هاوبەشن، بۆیە ئەگەر تەنها سیما سەرەکییەکان بکرێنە پێوەر بۆ پەیوەندی هاوواتایی، ئەوا ئەو دوو وشەیە دەبن بە هاوواتای تەواوی یەکتری، بەڵام ئەگەر سیماکان وردتر بکرێنەوە و سیمای لاوەکی بخرێتە سەر سیما سەرەکییەکان، ئەوا پەیوەندییەکە، بەجۆرێکی دیکەیە، بۆ نموونە: سیمای لاوەکی[+شێوازی جیاواز + میتافۆڕ +فرەواتا]، بۆ وشەی (ڕۆژ) زیاد بکرێن، ئەوا لە بەرانبەردا سیمای لاوەکی [+شێوازی جیاواز –میتافۆڕ –فرەواتا] دەدرێن بە وشەی (خۆر)، واتە وشەی دووەم (ڕۆژ) هەڵگری چەند سیمایەکی لاوەکی جیاوازە لە وشەی یەکەم (خۆر)، بۆ ڕوونکردنەوە سەرنج لە بەکارهێنانی هەردووکیان بدە:

١- بەکارهێنانی جیاواز، واتە ئەگەر شێوازە جیاوازەکان بکرێنە پێوەری جیاواز و بە بازنەی زمانی جیاواز وەربگیرێن، ئەوا دوو وشەکە نابن بە هاوواتای تەواو، وەک: **خۆرهەڵات=ڕۆژهەڵات** (شێوازی جیاواز).

٢- فرەواتایی و میتافۆڕ:

وشەی (ڕۆژ) لەگەڵ ئەوەی هاوواتایە لەگەڵ (خۆر)، وشەیەکی فرەواتاشە، چونکە، جگە لە واتا سەرەکییەکەی، کە ئەستێرەیە بەواتای (ڕۆژەکانی هەفتە)ش دێت، لە ئەنجامی فراوانبوونی واتاکەی، ئەوەش وەکو سیمایەکی لاوەکی وشەکە هەژماردەکرێت و جیایدەکاتەوە لە وشەی (خۆر)، سەرەڕای ئەوەش هەرهەمان وشە (ڕۆژ) لە داڕشتنی پەندێکی، وەک (**بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێت**.) ئاماژەی پێکراوە، ئەمەش دووبارە وەکو سیمای لاوەکی جیایدەکاتەوە لە وشەی (خۆر).

لەوەشدا جیادەبنەوە، کە (ڕۆژ) توانای داڕشتن و پێکهێنانی وشەی زیاتری هەیە، وەک:

**ڕۆژەکانی هەفتە ≠ خۆرەکانی هەفتە***

**بەڕۆژ ≠ بەخۆر***

**ڕۆژنامە ≠خۆرنامە***

ئەمەش بە سیمای بەبەرهەمی دادەنرێت بۆ وشەکە، واتە دەکرێت سیمای [+بەرهەمداری] بدرێت بە وشەی (ڕۆژ).

**/قوتابی=خوێندکار/**

١- قوتابی[+خوێندن +فێربوون +مرۆڤ ±نێر].

٢- خوێندکار [+خوێندن +فێربوون +مرۆڤ ±نێر].

هەردوو وشە لە سیما سەرەکییەکاندا وەکویەکن، بۆیە لە پەیوەندی هاوواتایی تەواودان، بەگوێرەی سیما سەرەکییەکانیان هەردووکیان دەبن بە هاوواتای تەواو، بەجۆرێک لە واتای هۆشەکییاندا جیاوازی بەدیناکرێت، بۆ نموونە: **قوتابییەکان زیرەکن=خوێندکارەکان زیرەکن،** بەڵام ئەگەر هاتوو سیما واتاییەکانیان وردتر بکەینەوە و سیمای لاوەکی هەریەکەیان نیشان بدەین، ئەوا پەیوەندییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە بەگوێرەی سیماکانیان لەو کاتەدا نابن بە هاوواتای تەواو، هەریەکەیان هەڵگری سیمای لاوەکی جیاوازن، بۆ نموونە:

سیما لاوەکییەکانی (قوتابی) [+سیاسی جیاواز +خواستراو].

سیما لاوەکییەکانی (خوێندکار) [+سیاسی جیاواز + ڕەسەن].

بەتەماشاکردنی هەریەک لە سیما لاوەکییەکانی هەردوو وشە دەردەکەوێت، کە هەریەکەیان بەکارهێنانی جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە سیمای جیاوازی [+سیاسی جیاواز] وشەکان لەوەدا دەردەکەوێت، کە (قوتابی) لەلایەن هەندێک کەس و لایەن و ناوچەوە بەکاردێت، کە ئایدۆلۆژیایەکی جیاوازیان هەیە، لەوانەی، کە وشەی (خوێندکار) بەکاردەهێنن، ئەم سیمایەش وەکو، جۆرێک لەواتای (بارکراوی دەرونی)[1]دەردەکەوێت، لەلای ئەو کەسانەوە، لەکاتی بەکارهێناندا، نیشاندانی شێوازە جیاوازەکانی ئەو وشانەیە، کە لە سیمای [+سیاسی جیاواز]دا بەدەردەکەوێت. بۆ نموونە: **یەکێتی قوتابیان/ کۆمەڵەی خوێندکاران**، دوو دەستەواژەی جیاوازن، لە ئەنجامی بەکارهێنانی جیاواز و هۆکاری سیاسی جیاواز سەریانهەڵداوە، ئەمەش هۆکاری پێدانی سیمای لاوەکی [+ سیاسی جیاواز] جیاوازە بەو دوو وشەیە.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جۆرەکانی واتا و واتای دەرونی بڕوانە: (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ١١٢).

لەلایەکی دیکەوە هەریەکە لەو دوو وشەیە خاوەنی سیمای لاوەکی [±ڕەسەن]ی، جیاوازن، بەجۆرێک، کە وشەی (خوێندکار) پێکهاتە و ڕەگ و ڕیشەی ڕەسەنی زمانی کوردییە، بەڵام بۆ (قوتابی) جۆرێکی دیکەیە و شێوازی سەرهەڵدانی وشەکە و لەدایکبوونی جیاوازە.

لەبەرئەوە، بەپێی ئەم تیۆرە ئەگەر تەواوی سیماکان بکرێتە پێوەر بۆ وشەکان ئەوا هەردوو وشەی (قوتابی، خوێندکار) نابن بە هاوواتای تەواو.

**/شمشاڵ=بلوێر/**

١- شمشاڵ [+ئامێر +دەنگ +مۆسیقا +فوودار +لولەیی +کوندار +لێدان].

٢- بلوێر [+ئامێر +دەنگ +مۆسیقا +فوودار +لولەیی +کوندار +لێدان].

هەریەکە لە وشەکانی سەرەوە لە سیما سەرەکییەکاندا، وەکو یەک ڕەفتار دەکەن، بەگوێرەی تیۆری سیماکان و دەبن بە هاوواتای تەواوی یەکتری؛ چونکە هەمان بەهایان لە زماندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی سیمای هاوبەشن، **بۆ نموونە: شوانەکە شمساڵ/بلوێر لێدەدات.**

ئەگەر سیماکانی ئەم وشانە وردتر بکەینەوە، ئەوا بێگومان هەڵگری سیمای لاوەکی جیاوازن، ئەمەش وادەکات وشەکان، لەگەڵ ئەوەی، کە هاوواتان، بەڵام ناتوانرێت بە هاوواتای تەواوی یەکتری هەژمار بکرێن، بۆ ڕوونکردنەوە: وشەی دووەم (بلوێر) بەهۆی فروانبوونی واتاکەی، لێکچوونی لە فۆڕمدا واتاکەی گوازراوەتەوە، یان فراوانبووە، بۆ ئەو (بلوێر)ەی، کە لانکەی منداڵی ساوا دەخرێت، بۆ ئەوەی منداڵەکە خۆی تەڕنەکات لەو کاتەی، کە لەسەر لانکەیە، بۆیە وشەی (بلوێر) هەڵگری سیمای لاوەکی [+فرەواتا]یە، بەهۆی فراوانبوونی واتاکەیەوە.

هەروەها سیمای [+شێواز] دەکرێتت، وەکو سیمایەکی لاوەکی لە هەریەکەیاندا، وشەکان بکاتە هاوواتای ناتەواو، چونکە بەکارهێنانە جیاوازەکانی بەپێی شێوازی ناوچە جیاوازەکان وادەکات، کە ئەم پەیوەندییە بەو شێوەیە نیشانبدرێت.

بەپێی تیۆرەکە، پێویستە وشە هاوواتاکان لە تەواوی سیماکانیاندا هاوبەشبن، ئینجا وەکو دوو وشەی هاوواتای تەواو سەیر دەکرێتن، ئەمەش ئەستەمە، کە بتوانرێت دوو وشە، یان زیاتر لە زمانێکدا هەبن لە تەواوی سیما سەرەکی و لاوەکییەکانیاندا کتومت وەک یەکتری بن.

## ٢-٣/٣: هاوواتایی ناتەواو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

**/سێبەر=نیسێ/**

١- سێبەر [-هەتاو +فێنک +شێوازی جیاواز +میتافۆڕ].

٢- نیسێ [-هەتاو +فێنک +شێوازی جیاواز -میتافۆڕ].

بەسەرنجدان لە وشەکان دەردەکەوێت، کە هەردووکیان لە سیما سەرەکییەکانی [- هەتاو +فێنک]دا، هاوبەشن، ئەوەی وایان لێدەکات وەکو دوو وشەی هاوواتای ناتەواو دەربکەون، سیما لاوەکییەکانی[±شێواز ±میتافۆڕ]ە، کە وشەی یەکەم (سێبەر) لە ئەنجامی زۆری بەکارهێنانی لە زماندا، وەکو وشەیەکی باوی زمانی کوردی دەردەکەوێت، هەروەها ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی، کە واتایەکی فراوانتری هەبێت، وەکو میتافۆڕێک لەگەڵێک بواری دیکەدا بەکاربێت، بۆ نموونە: (**سێبەری واتایی**)[1]، لقێکی واتایە لە زانستی واتاسازی، هەروەها **سێبەری وێنە** لە هونەری وێنەکێشاندا، یان **سێبەری نووسین** بەتایبەتی لە نووسینی کۆمپیوتەریدا، ئەم وشەیە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە چاو وشەی دووەم (نیسێ)، کە سنوری بەکارهێنانی تەسکترە.

لەگەڵ ئەوەشدا، سیمای [±شێواز] بەپێی بەکارهێنان و شێوازە جیاوازەکانی قسەکردن و دەوروبەرە جیاوازەکان دەگۆڕێت، واتە مەرج نییە لە هەموو شێوەزار و ناوچەکاندا یەکێکیان بەکاربێت و ئەوی دیکەیان پشتگوێ بخرێت، بەڵکو مەبەست لەم سیمایە ئەوەیە، کە هەریەکەیان لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراو بەکارهێنانیان زیاترە، ئەمە بۆ سیمای [±میتافۆڕ]یش، هەروایە.

وەکو دوو وشەی هاوواتای یەکتری سەیردەکرێتن، بەپێی تیۆری سیماکان، چونکە لە سیمای سەرەکیدا هاوبەشن، بەڵام دەگونجێت وەکو هاوواتای ناتەواو ئاماژەیان بۆ بکرێت.

**/کۆڕۆنا=کۆڤیدنۆزدە/**

١- کۆڕۆنا [+نەخۆشی +ڤایرۆس +بڵاوبوونەوە +ترس +خواستراو +نیشانەنەکراو].

٢- کۆڤیدنۆزدە [+نەخۆشی +ڤایرۆس +بڵاوبوونەوە +ترس +ئاوێتە +نیشانەکراو].

ئەگەر سەرنجێکی وردی وشەکان بدرێت، دەردەکەوێت، کە هەردوو وشە لە زۆربەی سیماکاندا، هاوشانن، تەنها سیماکانی [+خواستراو +نیشانەنەکراو] وشەی یەکەم (کۆڕۆنا) جیادەکاتە لە وشەی

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (سێبەری واتایی) بڕوانە: (سروه خدر حمد: ٢٠١٤).

دووەم، چونکە وشەی (کۆڕۆنا) وشەیەکی تەواو خواستراوی زمانی ئینگلیزییە بۆ زمانی کوردی تەنها بە ڕێنووسی کوردی و ئەکسێنتی کوردی گۆدەکرێت، بەڵام دووەم (کۆڤیدنۆزدە)هەڵگری سیمای [+ ئاوێتە]یە، لەڕووی فۆڕمەوە تێکەڵبوونی هەردوو وشەی (کۆڤید)ی ئینگلیزی و ژمارە (نۆزدەی) کوردییە، بۆیە سیمای[+ ئاوێتە]ی، وەرگرتووە.

بەدەرلەوەش سیمای [+نیشانەکراو] لە (کۆڤیدنۆزدە)دا، جیاوازیەکی دیکەیە لە سیما جیاوازەکانی ئەم دوو وشەیە، چونکە (کۆڤیدنۆزدە) بریتییە لە جۆرێکی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، نەک هەموو جۆرەکانی، ئەمەش دیاردەی نیشانەکراوی وشەکەیە، لە بەرانبەر (کۆڕۆنا) کە سیمای [+ نیشانەنەکراوی]هەڵگرتووە، چونکە ئاماژە نییە بۆ یەک جۆری ڤایرۆسەکە، بەڵکو بەکارهێنانێکی گشتییە لەبری هەموو جۆرەکانی کۆڕۆنا، لەبەرئەوە بەپێی ئەم تیۆرە هەردوو وشە دەبن بە هاوواتای ناتەواوی یەکتری چونکە بەکارهێنان و سیمای جیاوازیان لە ناوەرۆکدا هەیە.

**/فریشتە=پەری=مەلایکەت/**

١- فریشتە [+ئاسمانی +نەبینراو +لەئاگر -مرۆڤ +ڕەسەن -فراوانبوونی واتا].

٢- پەری [+ئاسمانی +نەبینراو +لەئاگر -مرۆڤ +ڕەسەن +فراوانبوونی واتا].

٣- مەلایکەت [+ئاسمانی +نەبینراو +لەئاگر -مرۆڤ -ڕەسەن - فراوانبوونی واتا].

هەرسێ وشەکە خاوەنی کۆمەڵێک سیمای سەرەکی هاوبەشن، کە وادەکات وەکو هاوواتای یەکتری ئاماژەیان بۆ بکرێت، بەڵام هەبوونی سیمای [+فراوانبوونی واتا]ی، لە وشەی (پەری)دا، نەبوونی لە هەردوو وشەی (**فریشتە و مەلایکەت**) وشەکان دەکات بە هاوواتای ناتەواو، چونکە وشەی (پەری) لە دەستەواژەی (پەری دەریا)دا فراوانبوونی واتایە، ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی جیاوازی ئەم وشەیە لەگەڵ وشەکانی دیکەدا، هەروەها سیمای [+ڕەسەن] لە هەریەکە لە وشەکانی (فریشتە و پەری) و نەبوونی ئەم سیمایە لە وشەی (**مەلایکەت**)، کە وشەیەکی خواستراوە و لە زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە نێو زمانی کوردی، پەیوەندییەکەی کردووە، بە پەیوەندی هاوواتایی ناتەواو لە نێوان هەرسێ وشەدا.

## ٣-٣/٣: هاوواتایی دەوروبەربەند بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

/پارە = نرخ/

١- پارە [+بەها   + مامەڵە  +بەرجەستە   ±کاغەز ].

٢- نرخ [+بەها  –مامەڵە  –بەرجەستە   –کاغەز].

ئەگەر سەیری سیمای واتایی وشەکان بکەین، دەردەکەوێت، کە تەنها یەک سیمای واتاییان هاوبەشە، بە پێچەوانەوە لە تەواوی سیماکاندا جیاوازن، بەڵام بەپێی ئەو دەوربەرەی تێیدا دەردەکەون، دەبن بە هاوواتای یەکتری، بۆ ڕوونکردنەوە سەیری نموونەکان بکە:

**١-پارەیەکی باشم داوەتێ.**

**٢-نرخێکی باشم داوەتێ.**

ئەوەی ئەم دوو وشەیە دەکاتە هاوواتای یەکتری تەنها ڕۆڵی دەوروبەرە، ئەگەرنا لەڕووی سیمای واتاییەوە، تەواو لە یەکتری دوورن، چونکە (پارە) لە ڕووی هەبوونەوە کەرەستەیەکی بەرجەستە (مادده)یە، بەڵام (نرخ) وشەیەکی هۆشەکی (ئەبستراکت)ە، کە سیمای واتایی [–بەرجەستە]ی، بۆ دادەنرێت، لە بەرانبەر (پارە)دا، [+بەرجەستە]یە.

لەبەرئەوە ناتوانرێت، لە هەموو دەوروبەرێکدا شوێنی یەکتری بگرنەوە، بۆ نموونە:

**پارەیەکی باشی هەیە ≠ نرخێکی باشی هەیە.**

/مووچە = نان/

١- مووچە [+بژێوی   +پارە    +فەرمانبەر].

٢- نان    [+بژێوی  – پارە  –فەرمانبەر  +فراوانبوونی واتا].

بە سەرنجدان لە سیمای واتاییەکانی وشەی (١، ٢)دا دەردەکەوێت، کە وشەکان تەواو لە یەکتری دوورن، بەڵام بەکارهێنانی هەردوو وشە لەیەک دەوروبەردا وشەکان دەکاتە هاوواتای یەکتری.

**١-مووچەی کابرایان بڕی.**

**١-نانی کابرایان بڕی.**

بەتێڕامان لە سیمای واتایی وشەکانی (مووچە، نان) نیشاندەدرێت، ئەوەی کۆیاندەکاتەوە، تەنها سیمای واتایی [+بژێوی]یە، لە سیماکانی دیکەدا، پێچەوانەی یەکتر دەوەستنەوە، بۆ نموونە (مووچە) سیمای واتایی [+پارە] وەردەگرێت، بەڵام (نان) ئەم سیمایە وەرناگرێت، چونکە (نان) بریتی نییە لە پارە، بەڵام بەهۆی فراوانبوونی واتاکەیەوە، نزیک دەبێتەوە لە (مووچە) ئەگەرنا (نان) لە بنەڕەتدا

بەواتای نانی ئاسایی دێت، بەڵام لێرەدا مەبەست لە (نان)بژێوی ژیانە، لەگەڵ ئەوەشدا، مەرج نییە ئەو کەسەی نانی دەبڕدرێت، مووچەخۆری فەرمی بێت، چونکە دەگونجێت ئەو کەسە پیاوی کەسێک بێت، یان زۆرجار ئەو کەسانەی، کە پیشەی (شوانکارە)یی دەکەن، نان و بژێوییان لەسەر ئەو پیشەیە.

کەواتە ئەوەی ئەم جووتە وشەییەی کردووە بە هاوواتای یەکتری، تەنها ڕۆڵی دەوروبەرە، ئەگەرنا وشەکان لە بنەڕەتەوە لە ڕووی واتا و کێڵگەی واتاییەوە، ناکەونە یەک کێڵگەی واتایی و سەر بە دوو کێڵگەی جیاوازی واتایین.

**/مێشک = ئەقڵ/**

١- مێشک [+ئەندام +گۆشت و خوێن +بەرجەستە ±مرۆڤ ±ژیری +ڕەسەن].

٢- ئەقڵ [-ئەندام -گۆشت و خوێن -بەرجەستە + مرۆڤ +ژیری - ڕەسەن].

وشەکانی (مێشک و ئەقڵ) وەکو دوو فۆڕمی زمانی کوردی، جیاوازن لە ڕووی واتای فەرهەنگی و ناوەڕۆکی واتایی؛ ئەم ڕاستییەش لە ئەنجامی نیشاندانی سیما واتاییەکانیان زیاتر دەردەکەوێت، بەڵام لە ئەنجامی بەکارهێنانیان بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەردەکەون لە هەندێک باردا، وەکو دوو وشەی هاوواتای دەوروبەربەند دەردەکەون، بۆ نموونە سەیری بەکارهێنانەکانیان بکەین لەم ڕستانە خوارەوەدا:

**١-کەسێکی زۆر بێ مێشکە.**

**٢-کەسێکی زۆر بێ ئەقڵە.**

لەم دوو نموونەیەدا (مێشک، ئەقڵ) بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەردەکەوتوون، بە هاوواتای یەکتری دەژمێردرێن، چونکە هەمان مەبەست دەگەیەنن، ئەگەرنا وەکو پێشتر نیشاندرا، سیما واتاییەکانیان زۆر لێکدورن، بۆ نموونە، (مێشک) شتێکی بەرجەستەیە و ئەندامێکی لەشی مرۆڤ و ئاژەڵە، بۆیە سیمای واتایی [±مرۆڤ]ی وەرگرتووە، چونکە ئاژەڵیش مێشکی هەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە (ئەقڵ) سیمای واتایی [-ئەندام -بەرجەستە +هۆشەکی +مرۆڤ]ی، وەرگرتووە، چونکە (ئەقڵ) شتێکی ئەبستراکتە و لایەنی هۆشەکی دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەستە بە توانای ژیری مرۆڤەوە؛ جگە لەوەش سیمای [+ڕەسەن] بۆ (مێشک) و [- ڕەسەن] بۆ ئەقڵ یەکێکی دیکەیە

له سیما جیاکەرەوەکان؛ کەچی، لە ڕستەکانی (١، ٢)دا، وەکو دوو هاوواتای یەکتری دەژمێردێن، لەو دەوروبەرەدا.

واتە بەپێی تیۆری سیماکان، کاتێک دوو وشە هەمان بەکارهێنانیان هەبێت، لە ئەنجامی بەکارهێنانە هاوبەشەکانیان، وشەکان لە هەندێک سیمادا هاوبەشبن، یان تاڕادەیەک نزیکایەتییەک لە سیمایەک، یان چەند سیمایەکیاندا هەبێت، ئەوا دەبن بەهاوواتای دەوروبەربەند.

## ٣/٣-٤: هاوواتایی شاراوە بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

/ئاسک = فڕۆکە (تەیارە)/

١- ئاسک [+ئاژەڵ +توخم +زیندوو +جووڵە +خێرایی -فڕین...].

٢- فڕۆکە [+تەن -توخم +بێگیان +جووڵە +خێرایی +فڕین].

وشەکانی (ئاسک، فڕۆکە) وەکو دوو وشەی فەرهەنگی زمانی کوردی جیاوازن لە ڕووی واتای فەرهەنگی و سەر بە دوو کێڵگەی واتایی جیاوازن، هەروەها سیما سەرەکییەکانیان تەواو لێکدوورن و پەیوەندیی واتاییان بەیەکەوە نییە، بەڵام سیما لاوەکییەکانیان، کە واتای شاراوەی وشەکان نیشان دەدەن، لە هەندێک دەربڕیندا بەتایبەت لە واتای پڕاگماتیکدا بۆ هەندێک باری تایبەت لەبری سیفەت بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنرێن، یەکێک لەو سیما شاراوەیەش سیمای [+خێرایی]یە، کە وەکو واتایەکی لاوەکی (سەربار) دەچێتە چوارچێوەی سیما لاوەکییەکانی هەردوو وشە، بۆ نموونە، لە ڕستەکانی:

**١- هێندە خێرایە، دەڵێی ئاسکە دەڕوات.**

**٢- هێندە خێرایە، دەڵێی فڕۆکە (تەیارە)یە، دەڕوات.**

جووتە وشەکە، وەکو دوو وشە واتای شارەوایان وەکو یەکە، چونکە لە بری سیفەتی (خێرایی) بۆ مرۆڤ بەکاردەبرێن، بۆیە وەکو هاوواتای شاراوە، ئاماژەیان بۆ دەکرێتت.

/مانگ = گوڵ = نوقڵ/

١- مانگ [+هەسارە +ئاسمان +ڕووناکی +جوانی].

٢- گوڵ [+ڕووەک +زەوی +بۆن +جوانی].

٣- نوقڵ [+خواردن +دەم +تام +جوانی].

هەر سێ وشە لە واتای فەرهەنگیدا، سێ وشەی جیاوازن و دەکەونە سنوری کێڵگەی واتایی جیاوازەوە؛ بەڵگەش بۆ ئەمە سیما واتاییە سەرەکییەکانی هەرسێ وشەکەی سەرەوەن، چونکە سیماکانیان تەواو جیاوازن، بەڵام زۆرجار هەرسێ وشە لە واتای پڕاگماتیکیدا بەگوێرەی تایبەتمەندیان لە سیمای لاوەکیدا، واتا شارەوەکانیان وەکو یەکە، چونکە هەرسێ وشە لە هەندێک دەوروبەردا، چەمکی (جوانی) دەگەیەنن، ئەم چەمکەش وەکو سیمای لاوەکی لە هەرسێ وشەدا، ڕەنگیداوەتەوە، بۆ ڕوونکردنەوە، بڕوانە ڕستەکانی خوارەوە.

**١-کچەکە، دەڵێی، مانگە.**

**٢-کچەکە، دەڵێی، گوڵە.**

**٣-کچەکە، دەڵێی، نوقڵە.**

/شۆفڵ = بەراز/

١- شۆفڵ [+ئامێر +بێگیان +تایە +بەهێز].

٢- بەراز [+ئاژەڵ +گیاندار +لاق +بەهێز]٠

نموونەکانی (١، ٢) دوو فۆڕمی جیاوازن، هەروەها، هەریەکەیان هەڵگری واتای جیاواز و سەربەخۆی خۆیەتی و لە فەرهەنگدا بە جیا نیشاندەدرێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەکەونە سنوری کێڵگەی واتایی جیاوازەوە، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی هەبوونی سیما واتاییە جیاوازەکانیان لە ناوەڕۆکی وشەکاندا، کە هەڵگری سیمای واتایی جیاواز و دوور لە یەکترین، بەڵام بەگوێرەی بەکارهێنانیان لە دەوروبەری زمانیدا لەبری یەکتری، چونکە واتا شاراوەکانیان، کە خۆی لە سیما لاوەکییەکاندا دەبینێتەوە، زۆر لێکنزیکن، ئەمەش پەیوەستە بەلایەنی پڕاگماتیکی وشەکان لە کلتور و شێوازی بەکارهێنانی زمانی کوردیدا، زۆرجارئەم وشانە لەبری یەکتری بەکاردەبەن، وەکو دوو چەمکی هاوبەش لە واتای لاوەکیدا، کە خۆی لە سیمای واتایی [+بەهێز] دەبینێتەوە، چونکە ئاخێوەری کوردی، بۆ مەبەستی نیشاندانی هێز و توانا، هەردوو وشەی (شۆفڵ، بەراز) بەکاردێنێت، بۆ نموونە دەگوترێت:

**١-فلانەکەس، دەڵێی شۆفڵە.**

**٢-فلانەکەس، دەڵێی بەرازە.**

هەریەکە لە بەکارهێنانەکان، وەکو دوو واتای شاراوە، جێی یەکتری دەگرنەوە لەبری سیفەتی (بەهێزی، بەتوانایی) مرۆڤ، لەکاتی کارکردندا.

لەبەرئەوە بەگوێرەی ئەم تیۆرە، هەر کاتێک دوو وشە لە سیمای لاوەکیدا هاوبەشبوون، ئەوا دەگونجێت، سیما لاوەکییەکان، ببن بەواتای شاراوە بۆ مەبەستی بەکارهێنان، لە دەوروبەری زمانیدا هەندێکجار بەکاردەهێنرێن و پێیاندەگوترێت، هاوواتای شاراوە.

بەپێی تیۆری سیماکان هەر کاتێک دوو وشە، یان زیاتر، لە سیما سەرەکیی و لاوەکییەکاندا وەکو یەکبوون، ئەوا دەبن، بەهاوواتای تەواوی یەکتری؛ بەڵام ئەگەر هاتوو لە سیمای لاوەکیدا جیاوازبوون ئەوا دەبن بەهاوواتای ناتەواو، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک جۆری هاوواتاییدا، زۆرجار وشەکان تەنها لە یەک سیمای لاوەکیدا، یان لە هەندێک سیمای شاراوەدا وەکو یەکبن، ئەوا دەبن بە هاوواتای یەکتری، کە خۆی لە چەند چەشنێکی هاوواتایی، وەکو هاوواتای دەوروبەربەند و شارەوەدا دەبینێتەوە.

## ٤/٣: دژواتایی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

بەگوێرەی ئەم تیۆرە دوو وشە، یان دوو چەمک لە یەکێک، یان لە چەند سیمایەکی سەرەکیدا هەمبەر بەیەک پێچەوانە وەستانەوە ئەوا دەبن بە دژواتای یەکتری، بۆ نموونە:

**/سەڵت × خێزاندار/**

١- سەڵت [+مرۆڤ ±نێر -هاوسەر -منداڵ].

٢- خێزاندار [+مرۆڤ ±نێر +هاوسەر ±منداڵ].

چەمکەکانی (سەڵت، خێزاندار) لەگەڵ ئەوەی لە هەندێک سیمای سەرەکیدا وەکو یەکن، بۆ نموونە لە سیماکانی [+مرۆڤ ±نێر]، بەڵام بەشێک لە سیما سەرەکی و لاوەکییەکانیان هەمبەربەیەک پێچەوانە دەوەستنەوە، وەک سیماکانی [±هاوسەر ±منداڵ]، چونکە کەسێک سەڵت بێت، ناگونجێت لە هەمانکاتدا، خاوەنی هاوسەر و منداڵ بێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، بۆیە وەکو دوو وشەی دژواتا هەژمار دەکرێن.

## ٣/٤-١:دژواتایی تەواو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

**/شەو×ڕۆژ/**

١- شەو [+کات +تاریکی +ناو +ترس].

٢- ڕۆژ [+کات -تاریکی +ناو -ترس].

ئەگەر سەیری سیما سەرەکییەکانی هەردوو وشە بکەیت، دەبینیت جووتە وشەکە لە سیماکانی [+کات +ناو]دا هاوبەشن، ئەوەی ئەم جیاوازی و دژیەکییەی بەرهەمهێناوە ئەوەیە هەردووکیان لە سیمای [±تاریکی ] پێچەوانەی یەکتر دەوەستن، ئەمەش هۆکاری دژیەکی ئەم دوو یەکە زمانییەیە لە بەرانبەر یەکتری.

جگە لەوەش وشەی یەکەم (شەو) هەڵگری سیمای لاوەکی [+ترس]ە، چونکە ئەم وشەیە لەلای مرۆڤ، هۆکارێکە بۆ ترس و دڵەڕاوکێ، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ هەرخۆی ئەو سیمایەی پێبەخشیوە، ئەگەرنا ئەویش وەکو (ڕۆژ)تەنها بریتییە لە بەشێکی ئەو کاتەی مرۆڤ ژیانی تێدا بەسەردەبات، لەبەرئەوە (شەو) لەو سیمایەشدا پێچەوانەی (ڕۆژ)ە، بۆیە دژبەرییەک لە نێوان وشەکاندا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت و وەکو دوو وشەی دژواتا لە فەرهەنگی زماندا جێیان بۆ کراوەتەوە.

/گیاندار × بێگیان/

١- گیاندار [+زیندوو ±مرۆڤ +جووڵە -پلەدار].

٢- بێگیان [-زیندوو -مرۆڤ +شت -جووڵە -پلەدار].

بەگشتی هەردوو وشە لە تەواوی سیماکاندا پێچەوانەی یەکتر وەستاونەتەوە، بۆیە وەکو دوو وشەی دژیەک لە فەرهەنگدا دەستنیشاندەکرێن، بۆ نموونە:

**مرۆڤ گیاندارە. ئاژەڵ گیاندارە. گیانداریماڵی بەرد بێگیانە.**

هەروەها دەکەونە چوارچێوەی سنوری دژواتایی تەواو، چونکە هیچ پلەیەک لە نێوان وشەکاندا نییە، ناوهێنانی یەکێکیان ڕاستەوخۆ ڕەتکردنەوەی ئەوی تریانە. بۆ نموونە هیچ کاتێک ڕستەی لەو جۆرە لە زمانی کوردیدا بەرچاو ناکەون:

**١-مەڕ گیاندارترە، لە بزن. (نالۆژیکی)**

**٢-سەیارە بێگیانترە، لە شاخ. (نالۆژیکی)**

**/کوڕ × کچ/**

١- کوڕ [+مرۆڤ +نێر ±هەراش −پلەدار].

٢- کچ [+مرۆڤ +مێ ±هەراش −پلەدار].

وشەکانی (کوڕ، کچ) بەگوێرەی سیماکانیان دوو وشەی دژواتان لە زمانی کوردیدا، چونکە لە سیما سەرەکییەکانی [+نێر +مێ]دا، پێچەوانەی یەکتر ڕادەوەستن، لەهەمانکاتدا، وەکو دوو وشەی دژواتای تەواو هەژماردەکرێتن، چونکە لە سیمای [−پلەدار]یدا، وەکو یەکتر ڕەفتار دەکەن، هیچ پلەیەک لە نێوانیاندا نییە، ناکرێت پلەدار بکرێن؛ لەبەرئەوەی ناوهێنانی یەکێکیان ڕەتکردنەوەی ئەوی تریانە، بۆ نموونە سەرنجی ڕستەکانی خوارەوە بدە.

**١-منداڵەکە کوڕە. (لۆژیکی)**

**٢-منداڵەکە کچە. (لۆژیکی)**

**٣-ئازاد کوڕترە لە نەوزاد. (نالۆژیکی)**

**٤-ناسکە کچترە لە شیلان (نالۆژیکی)**

واتە بەپێی تیۆری سیماکان، هەرکاتێک دوو وشە لە سیمایەکی سەرەکی، یان زیاتر پێچەوانەوەی یەکتر وەستانەوە، هیچ پلەیەک لە نێوانیاندا نەبوو، نەتوانرا دوو وشەیان پێ بەراورد بکرێت، ئەوا وەکو دوو وشەی دژواتای تەواو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش بە پشتبەستن بە سیمای [−پلەدار]ی، لە بەکارهێنانە جیاوازەکاندا ڕووندەکرێتەوە.

## ٢-٤/٣: دژواتایی پلەدار بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

**/ورد×درشت/**

١- ورد [+تەن +بچوک +قەبارە +هاوڵناو + پلەدار].

٢- درشت[+تەن +گەورە +قەبارە +هاوڵناو + پلەدار].

وشەکانی (ورد، درشت) وەکو دوو یەکەی زمانی دژواتا دەردەکەون، چونکە لە سیمای [+بچوک +گەورە] پێچەوانەی یەکترن، هەرئەوەشە بۆتە هۆکاری دژواتایی لە نێوان ئەو دوو یەکە زمانییەدا، چونکە جووتە سیمای [+بچوک +گەورە] لە فەرهەنگدا دوو چەمکی دژبەیەک بەرهەمدێنن؛ هەروەها وەکو دوو وشەی دژواتای پلەدار ڕەفتار دەکەن، ناوهێنانی یەکێکیان ڕەتکردنەوەی ئەوی تریان نییە،

چونکە پلە لە نێوان هەردوو وشەکەدا هەیە، بۆ نموونە: **برنجی خۆماڵی وردترە لە برنجی هیندی**. ئەوە مانای ئەوە نییە، کە برنجی خۆماڵی زۆر ورد بێت، بەڵکو لەچاو برنجی هیندی وردترە.

کەواتە بەپێی تیۆری سیماکان جووتە وشەکە دەبن، بە دژواتای پلەدار.

**/گەنج×پیر/**

١- گەنج [+تەمەن +ساڵ -بەتەمەن +چالاکی + وزە].

٢- پیر[+تەمەن +ساڵ +بەتەمەن -چالاکی -وزە].

بەسەرنجدان لە دوو وشەکە، جیاوازی لە زۆربەی سیماکاندا بەدیدەکرێت، جگە لە سیمای [+تەمەن +ساڵ]، کە هەردوو وشە کۆدەکاتەوە، بەو واتایەی، کە هەردووکیان ماوەی تەمەنیان بەساڵ هەژمار دەکرێتت و دەپێورێت، ئەگەرنا لە تەواوی سیماکانی دیکەدا دژی یەکتر دەوەستنەوە، بۆ نموونە:

(گەنج) هەڵگری سیماکانی [+چالاکی +وزە -بەتەمەن]ە، ئەمەش پێچەوانەیە لە کەسێکی (پیر)دا، هەروەها وەکو دوو وشەی دژواتای پلەدار ڕەفتار دەکەن، چونکە لە نێوان جووتە وشەکەدا پلە هەیە، واتە دەگونجێت وشەکان بۆ مەبەستی بەراوردی لە نێوان مرۆڤەکاندا بەکارببرێن، چونکە ناوهێنانی یەکێکیان ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکەیان نییە، بۆ نموونە: **باوکم گەنجترە لە مامم**. ئەمە مانای ئەوە نییە، کە (مامم) زۆرپیر بێت، بەڵکو (باوک)م، گەنجترە.

**/تاریک × ڕووناک/**

١- تاریک [+شەو -ڕۆژ +ترس +پلەدار].

٢-ڕووناک [+ڕۆژ -شەو -ترس +پلەدار].

بەسەرنجدان لە سیما واتاییەکانی (تاریک، ڕووناک) دەردەکەوێت، کە دوو وشەی دژواتان، چونکە لە تەواوی سیما سەرەکی و لاوەکییەکاندا، هەمبەر بەیەک پێچەوانە دەبنەوە، تەنها لە سیمای [+پلەدار]یدا نەبێت.

بۆ نموونە، وشەی (تاریک) ئاماژەیە بۆ تاریکی لەشەودا، ڕێک پێچەوانەی (ڕووناک)، کە ئاماژەیە بۆ ڕووناکی لە ڕۆژدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی وشەی (تاریک) لە سیمای لاوەکی [+ترس]یشدا، پێچەوانەی (ڕووناک)ە، چونکە مرۆڤ ئەو سیمایەی وەکو واتایەکی لاوەکی لە وشەکە بارکردووە، کە

(تاریکی) ئاماژەیە، بۆ ترس لای مرۆڤ، لە شەودا، ئەوەی ئاماژەیە بۆ هاوبەشی ئەم دوو وشەیە لە ژێر پۆلی دژواتایی پلەدار سیمای [+پلەدار]یە، چونکە دەکرێت، وشەکان پلەدار بکرێن و چەمکی سەرەکی وشەکانیان پێی بەراوردبکرێن، بۆ نموونە:

**١-ئەو ژوورە تاریکترە.**

**٢-ماڵی ئێمە ڕوناکترە لە ئێرە.**

لەڕوانگەی تیۆری سیماکان، کاتێک دوو وشە دژبەری لە نێوان سیما سەرەکییەکاندا هەبوو، توانرا وشەکان چەمک و دەستەواژەی دیکەیان پێ بەراورد بکرێت، ئەوا دەبن بە دژواتای پلەدار، ئەو سیمایەش لە ناوەڕۆکی وشەکاندا هەستی پێدەکرێت و دەچێتە ڕیزی سیمای واتایی وشەکان.

## ٣-٤/٣: دژواتایی ئاڕاستەدار بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

**/هەوراز×نیشێو/**

١- هەوراز[+ئاڕاستە +بۆسەرەوە +ڕۆیشتن +پەند].

٢- نیشێو[+ئاڕاستە –بۆسەرەوە +ڕۆیشتن +پەند].

هەریەکە لە وشەکانی (١، ٢) وەکو وشەی دژواتای ئاڕاستەیی دەردەکەون، بەگوێرەی سیما سەرەکییەکانی وەک [±بۆسەرەوە ±بۆخوارەوە] چونکە وشەکان لەو دوو سیمایەدا پێچەوانە و دژی یەکتر، دەوەستنەوە، لەبەرئەوەی (هەوراز) ئاڕاستەیە بەرەوسەرەوە، بەڵام (نشێو) بە پێچەوانەوە ئاڕاستەیە، بەرەوخوارەوە، هەربۆیە، هەردوو وشە وەکو دوو وشەی چالاکی زمانی کوردی دژبەیەکتر دەوەستنەوە لە بەرهەمهێنانی پەندێکی، وەک: (**هەوراز و نشێو بەرانبەرن**)، کە بۆئەوە بەکاردێت مەرج نییە مرۆڤ هەمیشە سەرکەوێت، یان کاتێک لەسەرکەوتندایت، بیری ئەوەش بکەوە، کە دابەزینەوەش هەیە لە ژیاندا؛ بۆیە وەکو واتایەکی لاوەکی سەرباری واتا سەرەکییەکەی لە وشەکان بارکراوە، ئەوەش بەڵگەی بوونی سیمای لاوەکی [+پەند]ە، لە هەردووکیاندا.

**/ڕۆژهەڵات×ڕۆژئاوا/**

١- ڕۆژهەڵات [+ئاڕاستە +جەمسەر +ڕۆژ +دەرکەوتن –ئاوابوون].

٢- ڕۆژئاوا [+ئاڕاستە +جەمسەر +ڕۆژ –دەرکەوتن +ئاوابوون].

جووتە وشەکە وەکو دوو وشەی دژواتای ئاڕاستەیی ئاماژەیان بۆ دەکرێتت، چونکە بەگوێرەی تیۆری سیماکان لە سیما سەرەکییەکانی [±دەرکەوتن ±ئاوابوون]ی، تیشکی ڕۆژدا، پێچەوانەی یەکتر دەوەستنەوە، ئەمەش هۆکاری دژواتایی نێوان هەردوو وشەکە نیشاندەدات؛ چونکە (ڕۆژهەلات) جەمسەری دەرکەوتنی تیشکی ڕۆژە لە بەرانبەر ئاڕاستەی جەمسەری ئاوابوون لە خۆرئاوادا.

**/ڕاست × چەپ/**

١- ڕاست [+ئاڕاستە +لا +ئاماژە -چەپ].

٢- چەپ [+ئاڕاستە +لا +ئاماژە -ڕاست].

ئەوەی ئەم دوو وشەیە دەکاتە دژواتای ئاڕاستەیی، تەنها دژبەرییە لە سیمای [-چەپ] بۆ وشەی یەکەم و سیمای [-ڕاست] بۆ وشەی دووەم، چونکە وەکو دوو وشەی دژواتای ئاڕاستەیی ئاماژەن بۆ دوو ئاڕاستەی پێچەوانەی یەکتری، ئاماژەن بۆ دوولای جێگەیەک، لەهەمبەریەکتریدا. دوو سیما دژەکەش لە کرۆکی وشەکاندا ڕەنگدەدەنەوە، بۆیە چەمکەکان هەر بۆ خۆشیان بوونە سیمای سەرەکی لە وەسفی خۆیاندا و بە یەکتری بەراورد دەکرێتن.

لێکدانەوەی تیۆرەکە بۆ دژواتایی بەجۆرێکە هەرکاتێک دوو وشە لە سیمایەکی سەرەکی، یان زیاتر پێچەوانەی یەکتر وەستانەوە، ئەوا ئەو جووتە وشە وەکو دوو چەمکی دژبەر لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێتن.

## ٥/٣: بەرانبەری واتایی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

هەموو ئەو وشانەی، کە دەچنە سنوری بەرانبەری واتایی وەکو پەیوەندییەکی دووسەرە[١] بەرانبەر یەکتر دەوەستنەوە، بەجۆرێک، کەمەرج نییە هەمیشە سیماکانیان بەتەواوی دژی یەکتر بوەستنەوە، یان بە ئاشکرا هەست بەو جیاوازییە بکرێت، بەڵکو پەیوەندییەکە لە شێوەی دوو سەرەییدا لەیەک کاتدا لە نێوان جووتە وشەکەدا دروستدەبێت، کە دەگونجێت سیمای هاوبەش و پێچەوانەشیان تێدا بێت.[٢] واتە پەیوەندییەکە بەجۆرێکە، کە هەردوو وشەکە لەیەک ڕووداودا بەرانبەر یەکتر دەوەستن، لە بەکارهێناندا لەیەک چالاکیدا بەشدارن.

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کورش سەفەوی: ٢٠٢٠: ١٠٥).

[٢] (بڕوانە: بەشی یەکەم: ٤/١-٤).

/ کوڕ ⟵⟶ باوک/

١- کوڕ[+مرۆڤ +نێر ±هەراش]

٢- باوک [+مرۆڤ +نێر +هەراش]

وشەکانی (١، ٢) وەکو دوو وشەی فەرهەنگی لە زماندا تۆمار کراون، ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوانیاندایە بەهۆی سیما واتاییەکان دەردەکەوێت، کە لە پەیوەندی بەرانبەریدان، پەیوەندییەکەش بەجۆرێکە، کە تەنها سیمای [±هەراش] بۆ (کوڕ) و سیمای [+هەراش] بۆ (باوک) نیشاندراوە، ئەگەرنا لە تەواوی سیماکانی دیکەدا هاوبەشن، بۆیە مەرج نییە سیمای دژ و پێچەوانە لەم پەیوەندییەدا هەبێت، چونکە دەگونجێت (کوڕ)یش سیمای واتایی [+هەراش] وەربگرێت، واتە کوڕێکی پێگەیشتوو بێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم پەیوەندییە، سەیری نموونەکان بکە:

**١-زانا کوڕی نەوزادە.**

**٢-نەوزاد باوکی زانایە.**

پەیوەندییەکە بەجۆرێکە دەگونجێت سیماکانی (باوک) بۆ (کوڕ)یان بە پێچەوانەوە بۆ یەکتری بگوازرێنەوە، چونکە تەنها لە چەمکە سەرەکییەکەدا جیاوازن، ئەوەش لە بەکارهێناندا زیاتر دەردەکەوێت.

/ ژن ⟵⟶ مێرد/

١- ژن [+مرۆڤ +مێ +هەراش +شوکردن +هاوسەر +فرەواتا].

٢- مێرد [+مرۆڤ +نێر +هەراش +ژنهێنان +هاوسەر -فرەواتا].

وشەکانی (ژن و مێرد) وەکو دوو دوانەی دوو سەرە لە پەیوەندی بەرانبەریدان، چونکە سیمای هاوبەش و بەرانبەر بەیەکیان تێدا هەستپێدەکرێت، بەشێوەیەک، کە لە زۆربەی سیما سەرەکییەکاندا هاوبەشن، تەنها لە سیمای سەرەکی [+مێ، +نێر]دا، نەبێت، کە جیاوازییەکەی، لە نێوان جووتە وشەکەدا بەرهەمهێناوە. بۆ ڕوونکردنەوە سەرنجی نموونەکان بدە:

**١-شەونم ژنی دلێرە.**

**[+یەک چالاکی/کات].**

**٢-دلێر مێردی شەونمە.**

سەرەڕای ئەوەش پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێت، کە وشەی (ژن) سیمای لاوەکی [+فرەواتا]یی، هەڵگرتووە، کە وەکو زاراوەیەکی دووسەرە خۆی دەنوێنێ بەوەی، کە ((ژن لەچەمکی گشتیدا، ئاماژەیە بۆ چینێکی مێ لە کۆمەڵدا، کە بەرانبەرەکەی چینێکی نێر هەیە، کە بە پیاو ناسراون. ژن لە چەمکی تایبەتیدا ئاماژەیە بۆ چینێکی بچوکتر، کە مەرجی شووکردنیان تێدا بێتەدی.)) **(یوسف شەریف سەعید: ٢٠٠٠: ٤٥)**، کە لە بەرانبەر مێردا دەوەستێت، لەوەشدا بەرانبەر وشەی (مێرد) دەوەستێت، کە سیمای [-فرەواتایی] پێدەدرێت.

**/بەهەشت ⟵⟶ دۆزەخ/**

١- بەهەشت [+بۆمرۆڤ -کافر +خۆشی +نەمری +پاداشت].

٢- دۆزەخ [+بۆمرۆڤ +کافر +ئازار +نەمری +سزا].

هەریەکە لە وشەکانی (١، ٢) بەگوێرەی سیماکانیان بەرانبەر یەکتر دەوەستنەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە هەردوو وشە لە تەواوی سیماکاندا هاوبەشن، تەنها لە سیمای [+کافر + ئازار +سزا] بۆ (دۆزەخ) پێچەوانەی ئەوە سیمای [-کافر +خۆشی +پاداشت] بۆ وشەی (بەهەشت) نیشاندراون، لەبەرئەوە بەپێی تیۆری سیماکان جووتە وشەکە، دەچنە خانەی ئەو وشانەی لە پەیوەندی بەرانبەری واتاییدان، چونکە پەیوەندییەکە دوو سەرەیە و کاتی ڕوودانیان یەکە.

تێڕوانینی تیۆرەکە بۆ پەیوەندی بەرانبەری بەجۆرێکە دەشێت هەندێک لە سیماکانیان هەمبەربەیەک بوەستن لە چالاکییەکدا یەکتری تەواو بکەن، کە مەرج نییە هەمیشە سیماکان، دژ و پێچەوانەی یەکتری بوەستنەوە.

## ٦/٣: هایپۆنیمی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

لێکدانەوەی ئەم پەیوەندییە بەجۆرێکە، کە سیما سەرکییەکانی وشەی (سەرخان) ڕەنگیداوەتەوە، لە وشە ژێرخان (کۆهایپۆنیم)ەکاندا، بەڵام مەرج نییە تەواوی سیما سەرەکییەکانی وشەی سەرخان لە دانە بە دانەی کۆهایپۆنیمەکاندا هەبن، بەڵام هەندێک لە سیما سەرەکییەکان دەبنە جەمسەر لە گرێدانی هەریەکە لە سەرخان و ژێرخانەکان؛ بە پێچەوانەی ئەوەوە هەریەکە لە سیما سەرەکییەکانی وشە کۆهایپۆنیمەکان ڕەنگیداوەتەوە لە وشەی سەرخاندا، بەجۆرێک وشەی سەرخان هەڵگری تەواوی سیما سەرەکییەکانی وشە (ژێرخان-کۆهایپۆنیم)ەکانە.

خاڵی کرۆکی لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە، کە پێویستە بەلایەنی کەم هەریەکە لە کۆهایپۆنیمەکان لەیەکێک لە سیما سەرەکییەکاندا، وەکو یەکبن، ئینجا ئەم پەیوەندییە سەرهەڵدەدات، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر وشەی سەرخان، وەکو سیما دیارییبکەین، ئەوا دەبێت لە هەموو کۆهایپۆنیمەکاندا سیمای [+] وەربگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی کۆهایپۆنیمەکان دەبێت سەربەیەک کێڵگەی واتایی بن، بۆ ئەوەش سەرنجی نموونەکانی ٦/٣-١، /٦/٣-٢، بدە.

## ٦/٣-١: هایپۆنێمی داخراو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

- **هایپۆنێمی (کتێبە ئاسمانییەکان)**، جۆرێکە لە هایپۆنیمی داخراو، چونکە ژمارەی کۆهایپۆنیمەکانی سنوردارن و بە ویستی مرۆڤ ناتوانرێت، ژمارەیان زیادوکەم بکرێت.

کتێبی ئاسمانی[1]

| (قورئان) | (ئینجیل) | (تەوڕات) | (زەبوور) | (سوحوف) |
|---|---|---|---|---|
| +جیهانی | -جیهانی | -جیهانی | -جیهانی | -بەنوو ئیسرائیل |
| +ئیسلام | +مەسیحی | +جولەکە | +جولەکە | +جولەکە |
| +قسەی خوا | +قسەی خوا | +قسەی خوا | +قسەی خوا | +قسەی خوا |
| +بۆ محەمەد | +بۆ عیسا | +بۆ موسا | +بۆ داود | +بۆ ئیبراهیم |
| +بۆ مرۆڤ | +بۆ مرۆڤ | +بۆ مرۆڤ | +بۆ مرۆڤ | +بۆ مرۆڤ |
| +تائاخر زەمان | -تائاخر زەمان | -تائاخر زەمان | -تائاخر زەمان | -تائاخر زەمان |
| +چاکە | +چاکە | +چاکە | +چاکە | +چاکە |
| -خراپە | -خراپە | -خراپە | -خراپە | -خراپە |
| +عەرەبی | -عەرەبی | -عەرەبی | -عەرەبی | -عەرەبی |

کۆهایپۆنیم-وشەی ژێرخان

هێڵکاریی ژمارە (١٤) هایپۆنێمی (کتێبی ئاسمانی)

لە نموونەکەدا، وشەی (کتێبە ئاسمانییەکان) سەری قوچەکەکەی گرتووە، لەبەرئەوە وەکو وشەی سەرخان دەبێتە هایپۆنیمی هەریەک لە کۆهایپۆنیمەکانی ئاستی خوارتر، کە بەشێوەی ستوونی هەریەکە لە (قورئان، ئینجیل، تەوڕات، زەبوور، سوحوف)ی، لە خۆگرتووە.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: (عفیف عبدالفتاح طبارە: ٢٠٠٠أ: ١٥٧ -٣٤٥ /ب: ٩٣-١٢١)

هـەروەها هەریـەکـە لـە کۆهایپۆنیمـەکان، هـەڵگری کۆمـەڵێک سـیمای سـەرەکین، کـە لـە وشـە سـەرخانەکەدا، بەدیدەکرێت، چونکـە هەریەکـە لـەو سـیمایانە، بەسـیمای سـەرەکی وشـەی سـەرخان هـەژماردەکرێتن، چونکـە ئەگـەر، وشـەی سـەرخان وەکـو سـیمای سـەرەکی بـدەین، بـە هەریەکـە لـە کۆهایپۆنیمەکان، ئەوا دەبێتە سیمای [+] پۆزەتیڤی، بۆ هەریەکەیان بەبێ جیاوزی، بـەڵام هەردانەیـەک لـە کۆهایپۆنیمـەکان، مـەرج نییـە تـەواوی سـیماکانیان وەکـو یـەکتری بـن، بـەڵکو گرنگـی پەیوەندیەکـە لەوەدایە، کە هەریەکە لە دانەکان لە بەشێک لە سیماکانیاندا جیاواز دەربکەون و خاوەنی تایبەتمەندی و سیمای واتایی خۆیان بن. ئەگەر (قورئان) وەکو، نموونـە وەربگرین، بەشـێک لـە سـیما واتاییـەکانی زۆر جیاوازن لەوانی دیکە، بۆ نموونە، (قورئان) سیمای واتـایی [+ئیسـلام +محەمـەد +ئاخرزەمـان + جیهانی +عەرەبی] وەردەگرێت، کە زۆر جیاوازە لە ئەوانی دیکە، چونکە ئەم کتێبە ئاسمانییە تـەنها بۆ (محەمـەد) هـاتووە و تایبەتـە بـە ئـاینی ئیسـلام و بـە زمـانی عـەرەبی دابـەزیوە، بـۆ مرۆڤایـەتی بـەبێ جیاوازی، کە جیای دەکاتەوە لەوانی دیکە، کـە بـۆ پێغەمبـەرەکانی دیکـە و بـە زمـانی تـر، هـەروەها بۆ کۆمەڵێک خەڵکی دیاریکراو و میللەتی دیاریکراو هاتوونەتە خوارێ، نـەوەک بـۆ تـەواوی سـەرزەوی و مرۆڤایەتی، لەبەرئەوەشە، کە (قورئان) سیمای واتایی [+ئاخرزەمان (کۆتایی دونیا)]ی پێدراوە، چونکە دواهــەمین، کتێبــی ئاســمانییە، کــە جیــای دەکاتــەوە لــەوانی دیکــە، تەنانــەت ئــەم ســیمایە وەکــو دەستەواژەیەکی خوازەیی زۆرجار قسـەکەرانی زمـانی کوردی بـەکار دەهێنن لـە گفتوگۆی ڕۆژانـەدا لەبەرانبەر یەکتری، کە بە کەسێک دەگوترێت، کارێکت پێی دەبێت و بۆت جێبـەجێ ناکـات، دەگوترێت: **خۆ دونیا ئاخر زەمان نییە**. ئەمەش دەچێتە خانەی سیمای لاوەکی، بۆ خودی دەستەواژەکە خۆی.

٣- **هـایپۆنیمی (پۆشەرەشـانە)**، ئەمـەش یەکێکـە لـە جـۆری هـایپۆنیمی داخـراو، کۆهایپۆنیمـەکانی سنووردارن، بەشێوەیەک ژمارەی دانەکانی دیاریکراون، چونکە لە توانای مرۆڤدا نییە.

پۆشەرە شانە

| (موو) | (خوری) | (مەرەز) | (پوولەکە) | (پەڕ) |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| +داپۆشین | +داپۆشین | +داپۆشین | +داپۆشین | +داپۆشین |
| ±مرۆڤ | +مەڕ | +بزن | +ماسی | +باڵندە |
| +ڕەنگاوڕەنگ | +ڕەش و سپی | +ڕەنگاوڕەنگ | –ڕەنگاوڕەنگ | +ڕەنگاوڕەنگ |
| +بڕین | +بڕینەوە | +بڕینەوە | –بڕینەوە | +بڕین |
| +تاشین | –تاشین | –تاشین | –تاشین | – تاشین |
| –ڕستن و چنین | +ڕستن و چنین | +ڕستن و چنین | –ڕستن و چنین | –ڕستن و چنین |
| –بەکارهێنان | +بەکارهێنان | +بەکارهێنان | –بەکارهێنان | +بەکارهێنان |
| +پاراستن | +پاراستن | +پاراستن | +پاراستن | +پاراستن |
| +میتافۆڕ | –میتافۆڕ | –میتافۆڕ | –میتافۆڕ | +میتافۆڕ |

کۆهایپۆنیم/وشەی ژێرخان

هێڵکاریی ژمارە (١٥) هایپۆنیمی (پۆشەرەشانە)

لەم نموونەیەدا، دەردەکەوێت، کە وشەی سەرخان، بەگشتی هەڵگری تەواوی سیما سەرەکییەکانی (وشـە ژێرخان/کۆهایپۆنیم)ەکانـە، چونکـە سـەرجەم سـیماکان لـەخۆدەگرێت، بـەڵام هەریەکـە لـە کۆهایپۆنیمـەکان لەگەڵ ئەوەی لە بەشێکی زۆری سیماکانیاندا هاوبەشن، بەڵام لە هەندێک سیمادا جیاواز دەردەکەون و خاوەنی سیما و تایبەتمەندیی خۆیانن، کە جیای دەکاتەوە لە وشەکانی دیکە.

واتە بەپێی لێکدانەوەی سیماکان بێت، هەریەکە لە کۆهایپۆنیمەکان، جۆرێکن لە وشەی سەرخان، چونکە ڕەنگدانەوەی سیما واتاییەکانی وشەی سەرخان لەهەریەکەیاندا بەڕوونی دەردەکەوێت، بەڵام ڕەنگدانەوەکـە بەشـێوەیەکە، کـە سـیما واتاییـەکانی وشـەکە دابەشـبووە بەسـەر تـەواوی وشـە کۆهایپۆنیمەکاندا بەشێوەیەکی ستوونی، بەجۆرێک هەریەکە لە وشەکان بەگوێرەی تایبەتمەندیی خۆی سـیماکانی هـەڵبژاردووە، کـە بگونجێت لەگـەڵ تایبەتمەنـدی و چـەمکی وشـەکە، واتـە پەیوەندییەکـە بەجۆرێکە، ئەگەر وشەی سەرخان وەکو سیمای سەرەکی دیاریبکەین، ئەوا بەشێوەی [+] لە هـەموو کۆهایپۆنیمەکاندا دەردەکەوێت، لەلایەکی دیکەوە هەریەکە لە وشەکانی (موو، پەڕ) لەگەڵ ئەوەی، کە کۆمەڵێک سیمای سەرەکی لەخۆدەگرن، سەرباری ئەوەش، هەڵگری سیمای لاوەکین، بۆنموونە (مـوو)

زۆرجار لە ئیدیۆمێکی وەک: (**مووی لووت**)، کە بە کەسێک دەگوترێت، کە زۆربێزارکەر بێت، دەگوترێت: **(دەڵێی مووی لوتی/ مووی لوتە)**، هەروەها وشەی (پەڕ) لە میتافۆڕێکی وەک: **(هەرکەسێک ماڵی ئەوە بخوات پەڕی لێدەڕوێت.)**، کە بە کەسێک دەگوترێت، زۆر ڕەزیل بێت و دڵی بە ماڵەکەیەوە بێت.

## ٢-٦/٣: هایپۆنیمی کراوە بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

### ٤- هایپۆنیمی (پەخشان)

پەخشان وەکو جۆرێک لە هایپۆنیمی کراوە، سنوری کۆهایپۆنیمەکان کراوەن و دەگونجێت زیادوکەم بکەن.

**پەخشان**

| (ڕۆمان) | (چیرۆک) | (کورتە چیرۆک) | (حیکایەت) | ... |
|---|---|---|---|---|
| +ڕووداو | +ڕووداو | +ڕووداو | +ڕووداو | ... |
| +بۆمرۆڤ | +بۆمرۆڤ | +بۆمرۆڤ | +بۆمرۆڤ | ... |
| +فرەڕەگەز | +فرەڕەگەز | -فرەڕەگەز | -فرەڕەگەز | ... |
| +درێژ | ±درێژ | -درێژ | ±درێژ | ... |
| +نوسراو | +نوسراو | +نوسراو | ±نوسراو | ... |
| -فۆلکلۆر | ±فۆلکلۆر | ±فۆلکلۆر | +دەماودەم | ... |
| +زانیاری | +زانیاری | +زانیاری | +فۆلکلۆر | ... |
| ±تراژیدی | ±تراژیدی | ±تراژیدی | ±تراژیدی | ... |
| ±ڕاستی | ±ڕاستی | ±ڕاستی | ±ڕاستی | ... |
| | +فراوانبوونی واتا | | + ئیدیۆم | ... |

کۆهایپۆنیم/ وشەی ژێرخان

هێڵکاریی ژمارە (١٦) هایپۆنیمی (پەخشان)

بەسەرنجدان لە سیما واتاییەکانی هەریەکە لە کۆهایپۆنیمەکان دەردەکەوێت، کە تەواوی سیماکانیان لە وشەی سەرخاندا ڕەنگیداوەتەوە، لەبەرئەوە وشەی سەرخان سەرجەم کۆهایپۆنیمەکان دەگرێتەخۆی، بۆیە هەریەکەیان دەبن بەجەمسەرێک، یان جۆرێکی وشەی سەرخان، بەڵام مەرج نییە هەریەکە لە وشە کۆهایپۆنیمەکان لەگشت سیماکانیاندا هاوبەشبن و وەکو یەکبن، هەر ئەوەشە جیاوازی لە نێوان کۆهایپۆنیمەکاندا هێناوەتە ئاراوە، چونکە هەریەکەیان هەڵگری جۆرێک لە تایبەتمەندی، یان سیمای واتایی تایبەتن، کە لە وشە کۆهایپۆنیمەکانی هاوشانیدا نییە، لەگەڵ ئەوەی هەریەکە لە کۆهایپۆنیمەکانیش هاوبەشی لە بەشێک لە سیماکانیاندا کۆیاندەکاتەوە،

ئەمەش هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەم پەیوەندییەیە، کە لە نێوان وشەی سەرخان و کۆهایپۆنیمەکانیدا سەریهەڵداوە، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر وشەی (پەخشان) وەکو سیما دیاریبکەین، ئەوا لە هەموو کۆهایپۆنیمەکاندا بە سیمای [+پەخشان] دەردەکەوێت.

لەسەرێکی دیکەوە، هەندێک لە کۆهایپۆنیمەکان جگە لە سیما سەرەکییەکان، هەڵگری سیمای لاوەکین، بۆ نموونە: چیرۆک، واتاکەی فراوانبووە زۆرجار لەبری ژیانی ئاسایی کەسێک دەگوترێت؛ **چیرۆکی ژیانی فلان کەس**، هەروەها حیکایەت، جگە لە سیما سەرەکییەکانی، سیمای لاوەکی [+ئیدیۆم]ێکی کوردی هەڵگرتووە، کە زۆرجار بەکەسێک دەگوترێت، کە شتێک زۆر دووبارە بکاتەوە، پێی دەڵێن، کردی بە **(حیکایەتی میشێ.)** واتا زۆری گوتەوە.

**٥- هایپۆنیمی(ئامێرە مۆسیقییەکان)**(١)

بەشێوەیەکی گشتی ئامێرە مۆسیقییەکان ژمارەیان زۆرە، بەڵام لەم تەوەرەیەدا، تەنها بەشێک لەو ئامێرانە، لەگەڵ سیماکانیان دەخرێنەڕوو، وەک جۆرێک لە هایپۆنیمی کراوە.

(1) wikizero.com/ckb/زانیاری
wiki<https://ckb.m.wikipedia.org




هێڵکاریی ژمارە (١٧) هایپۆنیمی (ئامێرە مۆسیقییەکان)

نموونەی (٣) جیاواز لە نموونەی (١) هایپۆنیمی (ئامێرە مۆسیقییەکان) بەشێوەیەکی ستوونی دوو کۆمەڵە وشەی ژێرخان (کۆهایپۆنیم) لەخۆدەگرێت، لە (خێزانی ژێدارەکان، خێزانی فوودارەکان، خێزانی ڕیتمییەکان)، هەریەکە لە کۆهایپۆنیمەکان (کەمانچە، چەلۆ، ساز، کلارنێت، فلوت، شمشاڵ، دەف، تەپڵ، دەهۆڵ، دڕامس) لەخۆدەگرن، بەمەش جارێکی دیکە هەریەکەیان دەبن بە کۆهایپۆنیمی ئامێرە مۆسیقییەکان، چونکە هەڵگری بەشێک لە سیما واتاییەکانی ئامێرە مۆسیقییەکانن.

بەگوێرەی سیمای واتایی کۆهاپۆنیمەکان دەردەکەوێت، کە وشەکان جۆرێکن لە ئامێری موسیقی، چونکە سەرجەم سیماکانیان ڕەنگیداوەتەوە لە وشەی سەرخاندا، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. هەروەها کۆهایپۆنیمەکانیش لەنێوخۆیاندا، هاوبەشی و جیاوازی لە سیماکانیاندا پەیوەندی هایپۆنیمی بەرهەمهێناوە، چونکە چەمک و سیما سەرەکییەکانی وشەی سەرخان بەشێوەیەکی ستوونی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆهایپۆنیمەکان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە بەشێکی سیما واتاییەکان، لەهەریەکەیاندا جیاوازی واتایی بەرهەمهێناوە لە نێوان کۆهایپۆنیمەکاندا.

بەپێی تیۆری سیماکان، وشەی سەرخان، تەواوی سیما سەرەکییەکانی وشە کۆهایپۆنیمەکانی هەڵگرتووە، چەمکی سەرەکی وشەکە (سەرخان) دەبێتە سیمای سەرەکی بەشێوەی [+] لەتەواوی وشە کۆهایپۆنیمەکان، بەبێ جیاوازی؛ بەڵام مەرج نییە سەرجەم سیما واتاییەکانی وشەی سەرخان، لە یەکەبەیەکەی کۆهایپۆنیمەکان، هەستی پێبکرێت، چونکە وشە (ژێرخان)ەکان جۆرێکن لە وشەی سەرخان و هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و سیمای واتایی خۆیەتی، کە جیای دەکاتەوە لەوانی دیکە؛ ئەوەی پەیوەندییەکەشی دروستکردووە، داپۆشینی کۆهایپۆنیمەکانە، بەشێوەی ستوونی لەلایەن وشەی سەرخان، لەبەرئەوەشە کە سەرجەم کۆهایپۆنیمەکان لە سنوری یەک کێڵگەی واتایی کۆدەبنەوە و دەکەونە کێڵگەیەکی هاوبەشی واتایی.

## ٧/٣: میرۆنیمی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

لە پەیوەندیی میرۆنیمیدا، سیما سەرەکییەکانی وشەی گشت (هالۆنیم)، ڕەنگدەداتەوە لە (پارەوشە -کۆمیرۆنیم)ەکاندا، بەڵام مەرج نییە تەواوی سیما واتاییەکانی وشەی گشت لەهەریەکە لە کۆمیرۆنیمەکاندا دەربکەوێت، بەڵکو بەشێوەی هەڕەمی دابەشی سەر کۆمیرۆنیم/ بەش و پارەکان دەبێت، ئەمەش مانای وایە، تەواوی سیمای واتایی کۆمیرۆنیمەکان، بەتەواوی لە وشەی گشت

(هالۆنیم)دا، هەڵگیراوە بەشێوەیەکی چەسپاو، بۆیە کۆمیرۆنیمەکان بەشێکن لە وشەی گشت و سیمای واتایی هەموو پار و بەشەکان لە چوارچێوەی چەمکە سەرەکییەکە کۆدەبێتەوە، کە بە پەیوەندیی میرۆنیمی هەژمار دەکرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەرنجی نموونەکانی ٣/٧-١، ٣/٧-٢ بدە:

## ٣-٧-١: میرۆنیمیی داخراو بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

### ٦- میرۆنیمی (مێشکی مرۆڤ)[١]

مێشک جۆرێکە لە میرۆنیمی داخراو، چونکە سنوری بەشەکانی دیاریکراو و داخراون و زیاد و کەم ناکەن، چونکە سروشتییە و لە ئەزەلەوە پێکهاتەیەکی نەگۆڕی هەیە.




هێڵکاریی ژمارە (١٨) میرۆنیمی (مێشکی مرۆڤ)

پەیوەندیی میرۆنیمی لەم نموونەیەدا، بە جۆرێکە، کە سیما واتاییەکانی هەریەکە لە کۆمیرۆنیمەکان بەشێوەیەک دابەشبوون، کە جیاوازییەکی تەواو بەدیدەکرێت لە نێوان

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محەمەد عودە ئەلریماوی: ٢٠١١: ٢٨-٣٣). (babet<https://hojan.org)

کۆمیرۆنیمەکانی بەشێوەیەک، کە بەشێک هەڵگری کۆمەڵێک سیمای واتاییە لە ئەرک و فەرماندا، زۆرجیاوازە لە بەش و پارەکانی دیکە، ئەوەی ئەم پەیوەندییەی دروستکردووە، ئەوەیە، کە هەریەکەیان وەکو بەش (پارەوشە-کۆمیرۆنیم)ی، وشەی گشتن، کە مێشکە، هەروەها هەریەکە لە سیمای کۆمیرۆنیمەکان لە وشەی گشت (هالۆنیم)دا، ڕەنگیداوەتەوە، بەجۆرێک، کە وشەی سەرەکی هەڵگری تەواوی سیمای واتایی کۆمیرۆنیمەکانە.

**٧- میرۆنیمی (درەخت)**

درەخت لە جۆری میرۆنیمی داخراو هەژماردەکرێتت، چونکە ژمارەی کۆمیرۆنیمەکانی دیاریکراو و سنوردارن، لەبەرئەوەی پێکهاتەیەکی سروشتی هەیە، مرۆڤ ڕۆڵی لە گۆڕانکاری و زیادوکەم کردنی کۆمیرۆنیمەکانیدا نییە.

**درەخت**

| **(ڕەگ)** | **(قەد)** | **(لق)** |
|---|---|---|
| +ژێرزەوی | +دەرەوە | +دەرەوە |
| +خۆراک | +گواستەوە | +گواستنەوە |
| +پاراستن | +ڕاگر | +هەڵگر |
| +بڵاو | +ڕێک | +بڵاو |
| +تەڕ | +تەڕ | +تەڕ |
| ± سپی | ± سەوز | ±سەوز |
| +بەش | +بەش | +بەش |

کۆمیرۆنیم- پارەوشە

هێڵکاریی ژمارە (١٩) میرۆنیمی (درەخت)

لەسەر ئەم بنەمایە، ئەگەر سەیری وشەی سەرەکی (درەخت) بکەین، دەبینین لە کۆمەڵێک (کۆمیرۆنیم- پارەوشە)ی سەرەکی پێکدێت، کە هەریەکەیان هەڵگری زۆرێک لە سیمای واتایی

جیاوازن لەنێوان خۆیاندا، لەگەڵ ئەوەی، کە دەگونجێت لە هەندێک سیمادا هاوبەشیی سیمای واتایی کۆیان بکاتەوە، بۆ نموونە لە سیمای [+دەرەوە +گواستنەوە +تەڕ ±سەوز] لە نێوان (قەد، لق) هەروەها [+بڵاو +تەڕ] لە نێوان (ڕەگ، لق)دا، لەگەڵ ئەوەشدا، هەریەکە لە (ڕەگ، قەد) لە سیمای واتایی [+تەڕ]یدا هاوبەشن.

بەشێوەیەکی گشتی سەرجەمیان هەڵگری سیما واتاییە جیاوازەکانی وشەی گشتن، هەریەکەشیان وەکو بەشێکی سەرەکی دەبن بە کۆمیرۆنیمی درەخت، چونکە سیمای [+بەش] کۆیاندەکاتەوە.

## ٢-٧/٣: میرۆنیمیی کراوە بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

**٨- میرۆنیمی (کۆمپیوتەر)**

کۆمپیوتەر جۆرێکە لە میرۆنیمی کراوە، چونکە کۆمیرۆنیمەکانی، سنورێکی کراوەیان هەیە و دەگونجێت زیادوکەم بکرێن، بەگوێرەی سەردەم و جۆری کۆمپیوتەرەکان.




هێڵکاریی ژمارە (٢٠) میرۆنیمی (کۆمپیوتەر)

بەگوێری تیۆری سیماکان، ئەگەر سەیری سیما واتاییەکانی هەریەکە لە کۆمیرۆنیمەکانی وشەی گشت (هالۆنیم) بکەیت، دەبینیت تەواوی سیماکان لە وشەی گشتدا هەستی پێدەکرێتت، بەلام بەپێچەوانەوە سیما واتاییەکانی کۆمیرۆنیمەکان جیاوازن، هەریەکە لە پارەوشەکان چەند سیمایەکی بۆخۆی ڕاکێشاوە، کە لەگەڵ تایبەتمەندی و ئەرکی خۆیدا بگونجێت، هەروەها خاڵی سەرەکی جیاوازی لەگەڵ هایپۆنیمدا ئەوەیە، کە لە میرۆنیمدا کۆمیرۆنیمەکان، بەشێکن لە وشەی گشت، نەوەک جۆرێک بن لە وشەکە. لەسەرێکی دیکەوە جیاوازییەکی تەواو لە سیما واتاییەکانی وشەکەدا بەدیدەکرێت، بەشێوەیەک، کە هەریەکە لە کۆمیرۆنیمەکان لە هیچ یەکێک لە سیماکاندا هاوبەش نین، تەنها سیمایەک، کە کۆیان بکاتەوە ئەوەیە، کە بەشێکن لە وشەی گشت، کە دەتوانرێت سیمای واتایی [+بەش] بدرێت بە هەریەکە لە کۆمیرۆنیمەکان، لەبەرئەوە بەپێی تیۆری سیماکان ئەم چەمکە (کۆمپیوتەر) وەکو پەیوەندیی میرۆنیمی هەژمار دەکرێتت.

**٩- نموونەی (ئۆتۆمبێل)**

یەکێکە لە میرۆنێمی کراوە، چونکە دەگونجێت، کۆمیرۆنیمەکانی زیادوکەم بکرێن، بەگوێرەی پێویستی و سەردەمە جیاوازەکان، لەبەرئەوە هەندێکک لە کۆمیرۆنیمەکانی، وشەی گشت لەگەڵ بەشێک لە سیما واتاییەکانیان نیشان دەدرێت.




هێڵکاریی ژمارە (٢١) میرۆنیمی (ئۆتۆمبێل)

هەندێک لە کۆمیرۆنیمەکان، لە وشەی (ئۆتۆمبێل)دا، بەجیا هەڵگری چەند سیمایەکی واتایی جیاوازن لە بەرانبەر کۆمیرۆنیمەکانی دیکەی هەمان ئاستی ئاسۆیی، بە شێوەیەک، کە هەردانەیەکیان، بەشێک لە سیما واتاییەکانی وشەی گشت (هالۆنیم)یان، بۆ خۆیان ڕاکێشاوە، چونکە وشە گشتەکە، خاوەنی سەرجەم سیما واتاییەکانی کۆمیرۆنیمەکانە، لەبەرئەوە هەریەکەیان دەبن بەبەشێک لە وشەی گشت.

بۆنموونە، سیما واتاییەکانی (تایە) بریتین لە [+لاستیک +خڕ +جووڵە +هەوا...]، کە جیای دەکاتەوە لە سیمای واتایی کۆمیرۆنیمەکانی دیکە، بەڵام گرنگی پەیوەندییەکە لەوەدایە، کە سەرجەم کۆمیرۆنیمەکان لە سیمای واتایی [+ئۆتۆمبێل]دا، هاوبەشن ئەگەر وشەی ئۆتۆمبێل وەکو سیمای واتایی بدەین بە هەریەکە لە بەشەکان، چونکە سەرجەمیان بەشێکن لە ئۆتۆمبێل، ئەمەش هۆکاری دروستبوونی جۆری پەیوەندییەکەیە.

بەگشتی تێڕوانینی تیۆرەکە بۆ ئەم پەیوەندییە، بەشێوەیەکە نیشاندانی سیمای واتایی هەر کۆمیرۆنیمێک ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندی بەش بەگشتەوە، چونکە سیما واتاییەکانی وشەی گشت، بەشێوەی ستوونی دابەشی سەر سەرجەم کۆمیرۆنیمەکان بووە، بەگوێرەی تایبەتمەندی کۆمیرۆنیمەکان و جۆری پەیوەندییەکە. دەکرێت بڵێین سیمای [+بەش] لە هەریەکە لە کۆمیرۆنیمەکان، ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی پەیوەندییەکە.

## ٨/٣: جیاوازیی واتایی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

ئەم جۆرە پەیوەندییە واتاییە کاتێک پەیدا دەبێت، کە جیاوازی و نەگونجان لە نێوان دانە، یان (کۆهایپۆنیم، کۆمیرۆنیم)ی چەمکێکی گشتی، کە وەک سەرخان، یان وشەیەکی گشت بەشێوەی ستوونی چەند بەش و جۆرێکی هەبێت، جیاوازییەکە لە نێوان کۆهایپۆنیم و کۆمیرۆنیمەکانی ئەو پەیوەندییانە سەرهەڵدەدات، کە بێجگە لە هەندێک سیمای واتایی هاوبەش، سیمای واتایی جیاواز لە نێوان خۆیاندا هەیە. وەک: (وەرزەکانی ساڵ، ڕۆژەکانی هەفتە، جۆرەکانی دانەوێڵە، بەشەکانی خانە...)

دەگونجێت بگوترێت جیاوازی واتایی لە نێوان ئەو وشانە دروستدەبێت، کە بەشێوەی ئاسۆیی لە ژێریەک چەتر، یان چەمکی دیاریکراودا کۆدەبنەوە، وەک (جیاوازی نێوان کۆهایپۆنیمەکان، کۆمیرۆنیمەکان، ...)، واتە لە هەندێککیاندا دەشێت کۆهایپۆنیم و کۆمیرۆنیمەکان بەشێک، یان جۆرێک

بن لە هایپۆنیم و میرۆنیم، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمانە پەیوەندی کۆهایپۆنیم وکۆمیرۆنیمەکان، وەکو پەیوەندیی جیاوازی لە بەرانبەر یەکتریدا بەپێی سیماکانیان شیبکەینەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەرنجی نموونەکان بدە.

### ١٠- جیاوازی واتایی (وەرز)

**وەرز**

| (بەهار) | (هاوین) | (پایز) | (زستان) |
|---|---|---|---|
| +سێ مانگ | +سێ مانگ | +سێ مانگ | +سێ مانگ |
| +مامناوەند | +گەرم | +مامناوەند | +سارد |
| +سەوز | −سەوز | +زەرد | +وشک |
| +باران | −باران | +باران | + باران |
| ± بەفر | −بەفر | ± بەفر | +بەفر |
| +گەشت | ± گەشت | ± گەشت | ± گەشت |
| +نوێبونەوە | +وشکبوون | +هەڵوەرین | +پوکانەوە |

پەیوەندیی جیاوازیی واتایی بەشێوەی ئاسۆیی لە نێوان وەرزەکانی ساڵ

هێڵکاریی ژمارە (٢٢) جیاوازی واتایی (وەرزەکانی ساڵ)

بەتێڕوانین لە هەریەکە لە سیما واتاییەکانی وەرزەکانی ساڵ دەبینرێت، کە جیاوازی لە نێواندا بەدیدەکرێت، بەوەی کە هەر وەرزێک لەچەند سیمایەکدا جیاوازە لە وەرزەکانی دیکەی ساڵ، ئەم جیاوازییەش لە ئەنجامی سیمای واتایی جیاواز و دژبەیەک لە نێوان هەریەکەیاندا سەریهەڵداوە، لەبەرئەوە دەگونجێت بگوترێت تیۆری سیما واتاییەکان بەو شێوەیەی نیشاندراوە لێکدانەوە بۆ ئەم پەیوەندییە دەکات.

## ١١- جیاوازی واتایی (ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ)

**ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ**

| (چاو) | (دەم) | (دەست) | (لاق) | ... |
|---|---|---|---|---|
| +بینین | +خواردن | +جووڵە | +جووڵە | |
| +جووت | + تاک | +پێگرتن | +ڕۆیشتن | |
| +ڕەنگاوڕەنگ | -ڕەنگاوڕەنگ | -ڕەنگاوڕەنگ | -ڕەنگاوڕەنگ | |
| +برژانگ | +زمان | +پەنجە | +پەنجە | |
| +فرمێسک | +قسەکردن | +نینۆک | +نینۆک | |

پەیوەندیی جیاوازیی واتایی بەشێوەی ئاسۆیی لە نێوان بەشێک لە ئەندامانی لەش
هێڵکاریی ژمارە (٢٣) جیاوازی واتایی (ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ)

لە نموونەی (٢) بەشێک لە ئەندامانی لەشی مرۆڤ لەژێر چەمکێکی گشتی بەشێوەی ستوونی کۆبوونەوە و هەڵگری چەند سیمایەکی واتایی جیاوازن. خاڵی جیاوازی لەنێوان کۆمیرۆنیمەکان لە نێوان سیما جیاوازەکانیاندا بەشێوەی ئاسۆیی هەستی پێدەکرێت، بەجۆرێک، کە بەشێک هەڵگری چەند سیمایەکی جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی هاوڕێی، لەگەڵ ئەوەی، کە لە هەندێک سیمای واتایشدا هاوبەشن، بەڵام سیمای جیاواز هۆکاری سەرهەڵدانی پەیوەندییەکەیە بەشێوەی ئاسۆیی.

دەشێت وشەکانی کۆمیرۆنیم بەشێک بن لە میرۆنیم، بەڵام ئێمە مەبەستمانە پەیوەندی کۆمیرۆنیمەکان، وەکو جیاوازی لە بەرانبەر یەکتریدا بەپێی سیماکانیان شیبکەینەوە، هەرئەوەشە، کە بەپێی تیۆری سیماکان جیاوازی لە نێوان سیمای کۆمیرۆنیمەکان، وەکو پەیوەندیی جیاوازیی واتایی، لە نێوان خۆیاندا هەژماردەکرێن، یان دەگونجێت بگوترێت تیۆری سیماکان بەو شێوەیەی لەسەرەوە نیشاندراوە، لێکدانەوە بۆ ئەم پەیوەندییە دەکات.

١٢- جیاوازیی واتایی لە نێوان کۆهایپۆنیمەکانی، هایپۆنیمی (باڵندە)

باڵندە

| (کۆتر) | (مریشک) | (کەڵەشێر) | (باز) | ... |
|---|---|---|---|---|
| +باڵ | +باڵ | +باڵ | +باڵ | |
| +فڕین | −فڕین | −فڕین | +فڕین | |
| ±ماڵی | +ماڵی | +ماڵی | −ماڵی | |
| +دەندوک | +دەندوک | +دەندوک | +دەندوک | |
| −پۆپنە | +پۆپنە | +پۆپنە | −پۆپنە | |
| ±نێر | −نێر | +نێر | ±نێر | |
| −ڕاو | −ڕاو | −ڕاو | +ڕاو | |
| | | | +چاوتیژ | |

پەیوەندیی جیاوازیی واتایی بەشێوەی ئاسۆیی لە نێوان بەشێک لە جۆرەکانی باڵندە.

هێڵکاریی ژمارە (٢٤) جیاوازیی واتایی هایپۆنیمی (باڵندە)

جۆری پەیوەندییەکە، بەشێوەی ئاسۆیی لە نێوان کۆهایپۆنیمەکانی جۆری هەندێک لە (باڵندەکان)دا، دەبینرێت، بە نیشاندانی سیما جیاوازەکانی هەر جۆرێک لەوانەی نیشاندراون؛ لەگەڵ ئەوەی لە بەشێک لە سیماکانیاندا هاوبەشن، چونکە جۆری پەیوەندییەکە لە سەرەتا لەسەر بنەمای هایپۆنیمی سەریهەڵداوە، کە هەریەکەیان جۆرێکن لە باڵندە، بەڵام جیاوازیی واتایی لە نێوان سیمای هەریەکەیاندا بەدیدەکرێت. بۆ نموونە، سیما واتاییەکانی (کۆتر) جیاوازن، لە مریشک، چونکە (کۆتر) سیمای [+فڕین ±ماڵی ±نێر −پۆپنە] جیای دەکاتەوە لە (مریشک)، کە سیما واتاییەکانی بریتیین لە [−فڕین +ماڵی −نێر +پۆپنە] چونکە (مریشک) توانای فڕینی وەکو (کۆتر) نییە، هەروەها (مریشک) تەنها جۆری (ماڵی) هەیە، بەڵام (کۆتر) هەردوو جۆری (ماڵی، کێوی) هەیە، جگە لەوەش (مریشک) توخمی مێیە و پۆپڕە دارە، ئەوەش جیای دەکاتەوە لە (کۆتر) کە هەردوو توخمی هەیە و بێ پۆپنەیە.

ئەم جۆرە بەراوردکردنە بۆ ئەوانیتریش دروستە لە نێوان خۆیاندا، بۆ نموونە سیمای سەرەکی، کە (کەلەشێر) لە (مریشک) جیادەکاتەوە سیمای توخمە، چونکە (کەڵەشێر) سیمای واتایی [+نێر]ە، بەپێچەوانە (مریشک) [+مێ]یە، هەروەها ئەوەی (باز) لە ئەوانی دیکە جیادەکەنەوە، هەریەکە لە سیما

واتاییەکانی [+ڕاو +چاوتیژ]ییە، چونکە ئەم دوو جۆرە توانایە لەوانی دیکەدا بەدیناکرێت، ئەمە سەرەڕای هەبوونی جیاوازی لە سیما واتاییەکانی دیکە، لە نێوان باڵندەکاندا.

کەواتە تیۆری سیماکان، لەسەر بنەمای ئاستی ئاسۆیی جیاوازی لە نێوان وشەکانی سەربەیەک چەمکی گشتی نیشاندەدات، بە پشتبەستن بە سیما واتاییە جیاوازەکانی نێوان هەر وشەیەک لەگەڵ وشەکانی دیکەی هاوڕێی. کاتێک دوو وشە، یان زیاتری هاوئاست لە سیمایەک، یان چەند سیمایەکی واتایی جیاوازبوون لەسەرباری ئاسۆیی ئەوا پەیوەندیی جیاوازیی لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدات؛ وشەکان دەچنە خانەی پەیوەندیی جیاوازیی واتایی، واتە دەکرێتت سیمای[+جیاوازی] بدرێت بەهەریەکەیان بۆ نیشاندانی جۆری پەیوەندییەکە.

## ٩/٣: ئەندام وشەیی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

پەیوەندی نێوان ئەندام وشەکان لەم پەیوەندییە واتاییەدا، پلەی ئەندامێتیە لە دەوری چەمکێک، یان وشەیەکی سەرخان، کە هەریەکە لە ئەندامەکان بەگشتی لە بەهای ئەندامێتیدا هاوتان، لەگەڵ ئەوەی هەندێککجار لە هەندێک پەیوەندیدا جیاوازییەکی کەم لە بەشێک لە سیما واتاییەکانیاندا دەردەکەوێت، واتە زۆرجار پلەی ئەندامێتیان بەپێی ئەرکیان تاڕادەیەک جیاوازە، بەڵام ئەمە ڕێژەییە و لەهەندێک پەیوەندیدا بەدیدەکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی تیۆری سیماکان لەم پەیوەندییەدا لێکدانەوەی بۆ ئەندامەکان بەجۆرێکە زۆرجار دەکرێتت سیمای واتایی ئەندامێک بکرێتە نموونە بۆ تەواوی ئەندامەکانی ئەو گروپە، بەڵام ئەمەش ڕێژەییە، نەوەک بەشێوەیەکی ڕەها، بۆ زانیاری زیاتر سەرنجی چەند نموونەیەک بدە.

**ئەندام وشەیی لە (پۆلێک فێرخواز)دا.**




هێڵکاریی ژمارە (٢٥) ئەندام وشەیی لە (پۆلێک فێرخواز)دا

چەمکی سەرەکی لەم پەیوەندییەدا (پۆلێک فێرخواز)ە، کە وەکو وشەی سەرخان خاوەنداریێتی کۆمەڵێک دەکات، هەر ئەندامێک لە ئەندامەکانی بەشێوەی ستوونی لە ژێر چەتری وشەی سەرخاندا کۆبونەتەوە، هەریەکەیان هەڵگری سیما واتاییەکانی وشەی سەرخانن.

ئەگەر سەرنج لە نموونەکە بدەین، دەبینیت بەهای هەر ئەندامێک لە گروپەکەدا وەکو یەکە و هەڵگری هەمان سیمای واتایی هاوبەشە، کە لە هاوڕێ فێرخوازەکانیدا لە پۆلەکەدا هەیە.

لەبەرئەوە بەپێی ئەم تیۆرە لەو کۆمەڵەدا، ئەندامەکان سیمای واتایی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بەبێ جیاوازی لە پلەی ئەندامێتیدا، چونکە سیمای واتایی لەهەریەکەیاندا وەکو یەکە، بۆیە دەبن بە ئەندام لە کۆمەڵەکەدا بەبێ جیاوازی لە سیما سەرەکییەکانیاندا، لەبەرئەوە ژمارەی ئەندامەکان هەرچەندێک بێت هەڵگری هەمان سیمای واتایین، کە لە ئەندامەکانی هاوپۆلیدا هەیە.

**ئەندام وشەیی لە (سوپا)دا.**

**سوپا**

| (سەرباز) (١) | (سەرباز) (٢) | (سەرباز) (٣) | (سەرباز) ... | (ئەفسەر) (٤) | (ئەفسەر) (٥) | ... |
|---|---|---|---|---|---|---|
| +مرۆڤ | +مرۆڤ | +مرۆڤ | | +مرۆڤ | +مرۆڤ | |
| ±نێر | ±نێر | ±نێر | | ±نێر | ±نێر | |
| +ئەندام | +ئەندام | +ئەندام | | +ئەندام | +ئەندام | |
| +خزمەت | +خزمەت | +خزمەت | | +خزمەت | +خزمەت | |
| +هێز | +هێز | +هێز | | +هێز | +هێز | |
| +چەکدار | +چەکدار | +چەکدار | | +چەکدار | +چەکدار | |
| +بەرگری | +بەرگری | +بەرگری | | +بەرگری | +بەرگری | |
| –فەرماندان | –فەرماندان | –فەرماندان | | +فەرماندان | +فەرماندان | |
| –پلەدار | –پلەدار | –پلەدار | | +پلەدار | +پلەدار | |

هێڵکاریی ژمارە (٢٦) ئەندام وشەیی لە (سوپا)دا

نموونەی دووەم بریتییە لە هەمان پەیوەندی، واتە ئەندام وشەیی. وشەی (سوپا) وەکو وشەی سەرخان سەری هەرەمەکەی گرتووە، هەریەکە لە ئەندامەکانیش لەژێر هەرەمەکەدا، هەڵگری سیمای واتایی هاوبەشن، هەریەکە لە سەربازەکان هەڵگری کۆمەڵێک سیمای واتاییە، کە لە ئەندامەکانی هاوشانیدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە: سەربازی(١) هەڵگری کۆمەڵێک سیمایە، هەمان سیما لە سەربازی (٢)دا، بوونی هەیە بەبێ جیاوازیی واتایی، ئەمە بۆ سەربازەکانی (٣، ٤، ٥، ...هتد)دروستە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم نموونەیەدا، جیاواز لە نموونەی یەکەم، ئەوەیە جیاوازی لە هەندێک سیمای واتاییدا لەنێوان ئەندامێک بۆ ئەندامێکی هاوڕێی لە کۆمەڵەکەدا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە پلەی سەربازی ئەندامێکی ئاسایی وەکو سەرباز، جیاوازە لە پلەی سەربازێکی پلەداری وەکو (ملازم،

نەقیب، عەمید. ...) بەوەی، کە سەربازی ئاسایی تەنها پلەی ئەندامێکی ئاسایی هەیە، بەڵام ئەوەی دیکە هەڵگری سیمای واتایی [+پلەدار]ە، هەروەها پلەدارەکە هەڵگری سیمایەکی دیکەی وەکو [+فەرماندان]ە، کە جیای دەکاتەوە، لە سەربازی ئاسایی، کە سیمای واتایی [−فەرماندان]ە.

بەپێی تیۆری سیماکان، لە وشەی (سوپا)دا، هەموو ئەندامەکان لە بەهای ئەندامێتیدا و هەروەها زۆرینەی سیماکاندا خاوەنی سیمای واتای هاوبەشن و هەمان بەهای واتاییان هەیە، تەنها لە سیمای واتایی [±پلەدار ±فەرماندان]دا، جیاوازن.

**ئەندام وشەیی لە (ڕەز)دا**




هێڵکاریی ژمارە (٢٧) ئەندام وشەیی لە (ڕەز)دا.

پەیوەندیی ئەندامێتی لە وشەی (ڕەز)دا، بریتییە لە پلەی مێوێتی، واتە هەریەکێک لە دارمێوەکانی ڕەزێک دەبن بەئەندام، ئەگەر هاتوو سیما واتاییەکانی وشەی سەرخان وەربگرین، کە بەگشتی هاوبەشی سیمای واتایی کۆیاندەکاتەوە، کە لە وشە سەرخانەکەدا بوونی هەیە و بەشێوەی هەڕەمی

و بەیەکسانی دابەشی سەر ئەندامەکان دەبێت بەبێ جیاوازی لە پلە و بەهای ئەندامێتیان بۆ ڕەزێکی تری.

ئەگەر سەرنج لە سیما واتاییەکانی مێوی (١) بدەیت، دەبینیت بەشێوەی ئاسۆیی دەگونجێت هەمان سیمای واتایی لە مێوەکانی (٢، ٣، ٤، ... هتد) هەبێت بەبێ جیاوازی لە سیماکاندا، ئەمەش مانای وایە، کە تەواوی دارمێوەکان پلەی ئەندامێتیان پێدەبەخشرێت لە کۆمەڵەی ڕەزێکی تری بەبێ جیاوازیی واتایی، ئەوەی جیاوازییەکە دروست دەکات لەوانەیە سیمای واتایی [±گەورە] بێت لە نێوان دارمێوەکاندا، چونکە دەگونجێت دارێک گەورەتر، یان بچوکتربێت لە یەکێکی دیکە.

ڕوانگەی تیۆرەکە بۆ ئەم پەیوەندییە، نیشاندانی سیما واتاییەکانی هەر ئەندامێکە لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراودا، دواتر لە ئەنجامدا دەگاتە ئەو ئاستەی، کە هەر یەکە لە ئەندامەکان هەڵگری سیمای سەرەکی وشەی سەرخانن، زۆرجار ئەندامێک بۆ سەرجەم ئەندامەکانی دیکە دەبێتە نموونە، چونکە سەرجەمیان هاوسیمان بەبێ جیاوازی، بەڵام ئەمەش ڕێژەییە، چونکە هەندێککجار جیاوازیی واتایی، لە پلەی ئەندامێتییان دەکرێتت، بەهۆی بوونی سیمایەکی واتایی جیاوازەوە. واتە خاڵی سەرەکی تیۆرەکە پێدانی پلەی ئەندامێتییە، بە هەریەکە لە دانەکان، واتە دەبێت هەموو ئەندامەکان لەگشت سیماکاندا هاوبەش بن ئینجا دەتوانن ببن بە ئەندام لە یەک وشەی گشتدا.

## ٣/١٠: تاک وشەیی بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان:

تێڕوانینی تیۆرەکە، بۆ ئەم پەیوەندییە بەجۆرێکە، هەبوونی سیمای واتایی هاوبەشە لە نێوان وشەکاندا، واتە ئەو وشەیەی دەبێتە تاک وشە و یەکەی پێوانە بۆ وشەکانی دیکە، مەرجە سیمای هاوبەش و ئاوێتە لە نێوانیاندا هەبێت، چونکە پێچەوانەی ئەمە، نەگونجانێک سەرهەڵدەدات لەڕووی لۆژیکییەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەرنجی نموونەکان بدە.

**/لیتر/**

سیما واتاییەکانی [+پێوانە +شلەمەنی +کێش +قەبارە].

(لیتر) وەکو یەکەیەکی پێوانە دەبێتە تاک وشە، بۆ زۆرێک لە ماددە شلەکانی، کە لە سروشتدا هەن، بە سەرنجدان لە سیما واتاییەکانی ئەو یەکەیەش، دەکرێت بڵێین، شلەکانی وەک (ئاو، بەنزین، نەوت، گاز...)، بەهۆی ئەو یەکەوە دەپێورێن، چونکە هەریەکە لەو شلەمەنیانە، هەڵگری سیما

واتاییەکانی تاک وشەی (لیتر)ن، لەبەرئەوەیە، کە گونجانێک لە ڕووی لۆژیکییەوە لە نێوان تاک وشەکەو وشەکانی هاوڕێیدا دروست دەبێت؛ وەکو؛ **بیست لیتر ئاو/ بەنزین/ گاز.**

لەگەڵ ئەوەشدا، وەنەبێت، (ئاو، بەنزین، نەوت، گاز...) تەنها یەک تاک وشەیان هەبێت، بەڵکو دەگونجێت لە تاک وشەیەک زیاتریان هەبێت، بە مەرجێک هاوبەشی لە سیما واتاییەکانیاندا هەبێت، بۆ نموونە: بێجگە لە (لیتر) (تانکی، بەرمیل، تانکەر) دەبن، بە تاک وشە بۆ کەرەستە شلەکانی، کە ئاماژەیان بۆ کراوە. وەک:

**١-بەرمیلێک ئاو/ نەوت / گاز.**

**٢-تانکییەک ئاو/نەوت/گاز.**

چونکە سیمای واتایی تاک وشەکان، یەکانگیر دەبێتەوە لەگەڵ وشەکانی، کە دەبن بە کەرەستەی پێوانەکە، بۆ نموونە:

**تانکی، بەرمیل، تانکەر،** سیما واتاییەکانیان بریتین لە [+پێوانە +شلەمەنی +کێش +قەبارە...].

**/مسقاڵ/**

سیما واتاییەکانی [+پێوانە +کێشان +ڕەق +قەبارە +گرانبەها...].

یەکەیەکی پێوانەییە دەبێتە تاک وشە بۆ (زێڕ) چونکە وشەی (زێڕ) بەو یەکەیە دەپێورێت و دەکێشرێت، هۆکاری ئەمەش بوونی سیمای هاوبەشە لە نێوان تاک وشەکە و وشەی مەبەست. بە نموونە، سیما واتاییەکانی وشەی (زێڕ) بریتین لە [+ڕەق +قەبارە +کێش + گرانبەها] ئەمەش وەنەبێت، ئەم کەرەستەیە تەنها یەک تاک وشە (یەکە)ی هەبێت بۆ پێوانەکردنی بەڵکو هەریەکە لە (گرام، کیلۆ، ئۆنسە)ش، دەبن بە تاک وشەی زێڕ، بەڵام (مسقاڵ) وشەی سەرەکی و باوی نێو خەڵکە. وەکو:

**١-پێنج مسقاڵ زێڕم کڕیوە.**

**٢-بیست مسقاڵم فرۆشت.**

**/مەتر/**

سیما واتاییەکانی [+پێوانە +ڕووبەر +چێوە +درێژی +پانی...].

(مەتر) تاک وشەیەکی زمانە، وەکو یەکەیەکی زمانی بۆ بەشێک لە کەرەستە و وشەکانی نێو زمان، دەبێتە پێوانەیەکی سەرەکی بۆ ڕوونکردنەوە و نیشاندانی بڕی ئەو وشانە بە مەتر، بۆ نموونە (زەوی، قوماش...) بەو یەکە سەرەکییەی زمان دەپێورێن، چونکە لە ڕووی لۆژیکەوە گونجانێک لە نێوان سیما واتاییەکانی تاک وشە (یەکە)کە، لەگەڵ وشەکانی هاوڕێیدا هەیە، بۆ نموونە هەریەکە لە (زەوی، قوماش) سیما واتاییەکانیان بریتین لە [+ڕووبەر +چێوە +درێژی +پانی...].

ئەوەش هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو پەیوەندییەیە لە نێوان وشەکاندا. وەنەبێت، ئەم یەکە تەنها لەگەڵ ئەو دوو وشەیە هاوڕێ بێت، بەڵکو لەگەڵ زۆرێک لە وشەکانی دیکە، هاوڕێیەتی هەیە، بۆ نموونە: (تەختە، فەرش، کۆمبار، دیوار...) بەپێچەوانەشەوە، هەریەکە لە وشەکان لەگەڵ چەند تاک وشەیەکی دیکەدا دێن و دەبن بە تاک وشە بۆیان، وەکو (سم، دۆنم...)، بۆنموونە:

**١-دۆنمێک زەوی.**

**٢-دە سم تەختەم بۆ ببڕە.**

بێگومان هۆکاری ئەم گونجان و هەڵکردنەش، پەیوەندی بە بوونی سیمای واتایی هاوبەشەوە هەیە لە نێوان تاک وشەکان و وشە پێوراوەکان.

تێڕوانینی تیۆرەکە، بۆ ئەم پەیوەندییە، هاوبەشی و گونجانی نێوان تاک وشەکە و ئەو وشانەیە، کە دەبن بە کەرەستە بۆ ئەو یەکەیە، ئەوەش پەیوەندی بە هەڵکردن و گونجانی سیمای واتایی نێوان وشەکانە لەگەڵ یەکتری، ئامانجی سەرەکی تیۆرەکەش ئەم پێکەوە گونجانەیە؛ بۆ نموونە، وشەیەکی وەکو (گەنم) کۆمەڵێک تاک وشەی وەک (تەنەکە، فەردە، کیلۆ، تەن...)ی، هەیە، بێگومان هۆکارەکەی ڕوونە، کە پەیوەندی و گونجانی سیماکانی ئەو وشەیە لەگەڵ تاک وشەکانی، بەڵام هەرهەمان وشە (گەنم) ناکرێت، بە یەکەی (مەتر، مسقال، تۆپ...) بپێوێن. بە پێچەوانەشەوە، وشەیەکی وەک (قوماش) بێجگە لە تاک وشەکانی وەک (مەتر، تۆپ، پارچە) بە یەکەکانی وەک (مسقال، کیلۆ، لیتر) ناپێورێت، چونکە سیما واتاییەکانیان جیاوازن.

# ئەنجام

## ئەنجام

١) پەیوەندییە ناوەکییەکان لەنێوخۆی یەکەکاندا سەرهەڵدەدەن و ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ناوەڕۆکی یەکە زمانییەکانەوە و پەیوەندیی ناوەکین، بەڵام پەیوەندییە دەرەکییەکان، پەیوەندی نێوان یەکەکانە، واتە پەیوەندیی یەکەیەک لەگەڵ یەکەیەکی دیکەدا.

٢) تیۆری سیما واتاییەکان یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی لێکدانەوەی واتا، دەتوانێت زۆربەی پەیوەندییە واتاییەکان لێکبداتەوە و واتای وردی یەکە زمانییەکان دیاریبکات؛ چونکە زۆربەی پەیوەندییە واتاییەکان لە شیکردنەوەی واتایی وردەوە وەردەگیرێن.

٣) لێکدانەوەی تیۆرەکە بۆ وشە هاوبێژەکان بەجۆرێکە، هەرلەگەڵ دیاریکردنی یەکەم سیما دەشێ واتاکان هەستیان پێبکرێت، چونکە تیۆرەکە کار لەسەر چەمکە وردە پێکهێنەرەکانی واتا دەکات، فۆرم تەنها نیشاندەری چەمکەکانە، بە پێچەوانەوە لە فرەواتاییدا فۆرمەکان لەهەندێک سیمای سەرەکیدا هاوبەشن بۆیە دەبن بە فرەواتا، لەبەرئەوە لەگەڵ دیاریکردنی سیمای واتایی هەریەکەیاندا لێڵی واتایی وشەکان دەڕەوێتەوە.

٤) بەپێی تیۆرەکە، هەر کاتێک دوو وشە، یان زیاتر لە سیما سەرەکی و لاوەکییەکاندا وەکو یەکتری بوون دەبن بە هاوواتای تەواو، بەڵام ئەگەر هاتوو لە سیمای لاوەکیدا جیاواز بوون، ئەوا دەبن بە هاوواتای ناتەواو، بەڵام لە هەندێک جۆری هاوواتاییدا وشەکان تەنها بەهۆی سیمای لاوەکی و شاراوە دەبن بە هاوواتای یەکتری ئەمەش خۆی لە چەند چەشنێکی هاوواتایی وەکو هاوواتای دەوروبەربەند و شاراوەدا دەبینێتەوە.

٥) لێکدانەوەی تیۆری سیماکان بۆ وشە دژواتاکان، بەشێوەیەکە هەرکاتێک دوو وشە لە سیمایەکی سەرەکی، یان زیاتر پێچەوانە و دژ وەستانەوە، ئەوا ئەو دوو وشەیە وەکو دوو وشەی دژیەک لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن، بەپێچەوانەی ئەمە لە بەرانبەریدا وشەکان بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی هەیانە لە هەموو بارێکدا دژی یەکتر ناوەستنەوە، چونکە مەرج نییە هەمیشە سیمای دژبەری لە نێونیاندا هەبێت.

٦) لە هایپۆنیمیدا تەواوی سیما واتاییەکانی وشە کۆهایپۆنیمەکان لە وشەی سەرخاندا هەستی پێدەکرێت، بەڵام مەرج نییە سەرجەم سیما واتاییەکانی وشەی سەرخان لە دانەبەدانەی

کۆهایپۆنیمەکاندا ڕەنگیدابێتەوە، بەڵکو بەشێوەی ستوونی دابەشی سەر سەرجەم کۆهایپۆنیمەکان دەبێت، هەروەها چەمکی سەرەکی وشەی سەرخان دەبێتە سیمای سەرەکی بەشێوەی [+] لە تەواوی کۆهایپۆنیمەکاندا.

٧) لە میرۆنیمیدا سەرجەم سیما واتاییەکان لە وشەی گشتدا بەدیدەکرێت، بەڵام مەرج نییە تەواوی سیما واتاییەکان لە یەکەبەیەکەی وشە کۆمیرۆنیمەکاندا ڕەنگیدابێتەوە، چونکە بەشێوەی ستوونی دابەشی سەر سەرجەم کۆمیرۆنیمەکان دەبێت.

٨) لێکدانەوەی تیۆرەکە بۆ هایپۆنیم و میرۆنیم جیاوازە بەشێوەیەک لە هایپۆنیمیدا، کۆهایپۆنیمەکان جۆرێکن لە وشەی سەرخان، بۆیە سیمای [+جۆر]ی، دەردرێت بەهەریەکە لە کۆهایپۆنیمەکان، بەڵام لە میرۆنیمیدا، کۆمیرۆنیمەکان بەشێکن لە وشەی گشت، لەبەرئەوە سیمای [+بەش]، دەدرێت بەهەریەکە لە کۆمیرۆنیمەکان، هەروەها لە هایپۆنیمیدا، هەریەکە لە کۆهایپۆنیمەکان بەلایەنی کەم لە یەکێک سیما واتاییەکاندا هاوبەشن؛ بەڵام لە میرۆنیمیدا مەرج نییە هەمیشە سیمای هاوبەش لە نێوان کۆمیرۆنیمەکاندا هەبێت ئەوەی، کە ئەم پەیوەندییە دروستدەکات، هەبوونی سیمای [+بەش]ە، لەهەریەکە لە کۆمیرۆنیمەکاندا.

**٩)** جیاوازیی واتایی لەنێوان دوو وشە، یان زیاتر لە نێوان کۆهایپۆنیم و کۆمیرۆنیمەکاندایە بەشێوەی ئاسۆیی سەرهەڵدەدات، ئەگەر هاتوو لە سیمایەک، یان چەند سیمایەکی واتایی جیاواز بوون لە ئەندام وشەییدا، بەشێوەیەکە، لە هەندێک باردا سیمای واتایی ئەندامێک دەکرێتە پێوەر و نموونە بۆ سەرجەم ئەندامەکانی دیکەی هاوڕێی، بەڵام ئەوەش ڕێژەییە نەوەک بەشێوەیەکی ڕەها ڕوانگەی تیۆری سیماکان بۆ لێکدانەوەی تاک وشەیی، هەبوونی سیمای واتایی هاوبەشە لە نێوان تاک وشەکە و ئەو وشانەی لە ڕێگەی تاک وشەکانەوە دەپێورێن.

# لیستی سەرچاوەکان

# لیستی سەرچاوەکان

**١٣-  سەرچاوەکان بە کوردی:**


١) ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف، (١٩٧٥)، وشـەی زمـانی کـوردی، چاپخانـەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغداد.

٢) ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف، (٢٠١٤)، فەرهـەنگی زاراوەی زماننـاسـی، چـاپی دووەم، چاپخانـەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣) ئارام قادر خەلەکانی، (٢٠١٠)، شرۆڤەی لۆژیکی بۆ زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٤) بەشدار محەمەد ئیبراهیم، (٢٠١٤)، واتاسازیی بەرهەمهێنان و لێکدانـەوە، نامـەی ماسـتەر سکۆڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٥) بـەکر عومـەر عـەلی، (٢٠٠٠)، میتـافۆر لـە ڕوانگـەی زمانییـەوە، نامـەی دکتـۆرا، کـۆلێژی زمـان، زانکۆی سلێمانی.

٦) بێخـاڵ عبداللـە سـعید، (١٩٨٩)، واتاسـازی وشـە، نامـەی ماسـتەر، کـۆلێژی ئـاداب، زانکـۆی سەلاحەدین.

٧) پەروین عوسمان مستەفا، (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێران، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٨) تابان محەمـەد سـەعید، ( ٢٠١٤)، کێڵگە واتاییەکان لـە ڕکێفە مـەودای کۆمەڵـەوە، نامـەی دکتـۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٩) تاڵیب حوسێن عەلی، (٢٠١١)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٠)تاڵیب حوسێن عەلی ، (٢٠١٤) أ، هەندێک لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١١) تاڵیـب حوسـێن عـەلی، (٢٠١٤) ب، زانسـتی زمـان و زمـانی کـوردی، چـاپی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٢) تریفە محسین أحمد، (٢٠١٦)، چەمکی ڕێزمانێتی لە تیۆری بەرهەمهێناندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٣)حاتـەم وليـا محەمـەد، (٢٠٠٩)، پەیوەندییـە ڕۆنانییـەکانی نواندنـە سینتاکسـییەکان، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

١٤) خەبات هادی جەمیل، (٢٠١٥)، فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لە زمانی کوریدا، نامەی ماسـتەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٥) دارا حەمید محەمەد، (٢٠١٠)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ژێر، سلێمانی.

١٦)دارا حەمیـد محەمـەد، عومـەر ئەحمـەد عـەزیز، (٢٠١٩)، زمـان لـە دیـدی فەلسـەفەی گریکـی و فەلسەفەی لۆجیکی شیکاریدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی.

١٧)دیـار عـەلی کـەمال، (٢٠٠٢)، ڕێزمـانی کـوردی ڕوانگـەیـەکی بەرهـەمهێنان و گوێزانـەوە، نامـەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

١٨) سـازان رضـا معـین، (٢٠٠٥)، واتـا و دەوروبـەر، نامـەی ماسـتەر، کـۆلێژی پـەروەردە، زانکـۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٩) سـروە خـدر حمـد، (٢٠١٤)، سـێبەری واتـایی لـە زمـانی شـیعردا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێژی زمـان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢٠) سـلێمان هشـیارمحەمەد، (٢٠١٦)، پەیوەنـدییا بـەش و گشـت، د زمـانێ کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێژا پەروەردا بنیات، زانکۆی دهۆک.

٢١) سـەباح ڕەشـید قـادر، (٢٠٠٩)، هەنـدێک لایـەنی ڕێزمـانی دەسـەلات و بەسـتنەوە (GB) لـە زمـانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٢)سەلام ناوخۆش، (٢٠٠٨)، پوختەیەک لە زماننـاسی، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

٢٣) شـادان حەمەئـەمین محەمـەد، (٢٠١٦)، پەیوەندییـە واتاییـەکانی نـاو مۆرفێمـە بەنـدەکان لـە زمـانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فەکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٢٤)شێروان حوسێن خۆشناو، (٢٠١١)، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سـینۆنیم لـە زمـانی کوردیدا، چاپخانـەی دیلان، سلێمانی.

٢٥)شـێروان حوسـێن خۆشـناو، (٢٠١٦)، توانـای مـۆرفێمی بەنـد لـە دەوڵەمەنـدکردنی فەرهـەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

٢٦)شێرزاد سەبری عەلی، (٢٠١١)، واتا دناڤبەرا سیمانتیک و پراگماتیکیدا، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا خانی، دهۆک.
٢٧) شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٢)، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٢٨) صباح رشید قادر، (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٢٩)عبدالرحمن حاجی مارف، (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، ناو، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٣٠) عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠٠٤)، واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٣١)عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٣)، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.
٣٢)عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٤)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی سێیەم، هەولێر.
٣٣)عبدالواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٥)، زانستی سیمانتیک، چاپی یەکەم، هەولێر.
٣٤)عەبدولباقی اکرم احمد، (٢٠١٢)، واتا و مەبەست لە پەندی پێشینانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٣٥)عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد، (١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.
٣٦) عەبدوڵلا عزیز محەمەد بابان، (٢٠٠٥)، هایپۆنیم و هەندێک پێوەندی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٣٧)عەفیف عبدالفتاح طبارة، ٢٠٠٠أ، لەگەڵ پێغەمبەران لە قورئانی پیرۆزدا، وەرگێڕانی کاوە مصطفی محمد، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.
٣٨)عەفیف عبدالفتاح طبارة، ٢٠٠٠ب، لەگەڵ پێغەمبەران لە قورئانی پیرۆزدا، وەرگێڕانی کاوە مصطفی محمد، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.
٣٩)غازی فاتح وەیس، (١٩٨٤)، فۆنەتیک، چاپی یەکەم، مطبعة، الادیب، البغدادیة.

٤٠) فاروق عومەر سدیق، (٢٠١١)، لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٤١) فاروق عومەر سدیق، (٢٠٢٠)، قەرزی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

٤٢) فەتاح مامە عەلی، (١٩٨٩)، هاودەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٤٣)فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٠)، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤٤)قەیس کاکل تۆفیق، (٢٠٠٠)، ژن و ئافرەت لە دیدی سیما پێکهێنەرەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤٥) قەیس کاکل تۆفیق، (٢٠٠٢)، پەیوەندییەکانی نێودەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤٦) کاروان عومەر قادر، (٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٤٧)کلۆد جێرمان، ڕیمۆلۆبلان، (٢٠٠٦)، واتاسازی، وەرگێڕانی، یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٤٨) کوروش سەفەوی، (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی واتاسازی، وەرگێڕانی، دلێر سادق، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٤٩)کورش سەفەوی، (٢٠٢٠)، ناسینی واتاسازی، وەرگێڕانی، شێروان حوسێن خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر.

٥٠) کۆمەڵێک زمانەوان، (٢٠٠٩)، مۆدیل و مۆدیلەکانی ڕێزمان، وەرگێڕانی، محەمەدی مەحوی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٥١) محمد معروف فتاح، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥٢)محەمەدی مەحوی، (٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥٣)محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٦)، ئاوەزدارایی و ڕێزمانی ناوەڕۆک – وابەستە، زانکۆی سلێمانی.

٥٤)محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٨)، أ، زانستی هێما هێما، واتا و واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.
٥٥) محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٨) ب، فۆنەتیک، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.
٥٦) محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٨) پ، فۆنۆلۆژی، بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی.
٥٧) محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٩)، زانستی هێما هێما، واتا و واتا لێکدانەوە، بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند.
٥٨)محەمەد مەحوی و هاوەڵەکانی، (٢٠١٠)، دروستەی کردار بنەما و دیاردە، زانکۆی سلێمانی.
٥٩) محەمەدی مەحوی، (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.
٦٠)محەمەد عودە ئەلریماوی، (٢٠١١)، لە دەرونزانی منداڵدا، وەرگێڕانی ئاری عوسمان خەیات، چاپی دووەم، چاپخانەی نارین.
٦١) مسعود بكر احمد، (٢٠١٥)، دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی (گۆڕان)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٦٢) مەسعود محەمەد، (٢٠١١)، هەندێک بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٦٣) نەریمان حەسەن حەمەکەریم، (٢٠١٥)، دروستەی سیمانتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فەکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٦٤) نەوزاد ئەنوەر – شێروان حسێن حمد، (٢٠١٥)، لێکدانەوەیەکی پراگماتیکی بۆ واتای مۆرفیمە وشە داڕێژەکان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٢)
٦٥) هەژار (عبدارحمان شرفکندی)، (١٣٨٨)، هەنبانە بۆرینە، چاپی شەشەم، سروش، تهران.
٦٦) هۆگر مەحمود فەرەج، (١٩٩٣)، بوارە واتاییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٦٧) وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٦٨) وریا عومەر ئەمین، (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٦٩) یوسف شەریف سعید، (١٩٩٠)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێک لایەنی ڕستەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٧٠) یوسف شەریف سەعید، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٧١)یوسف نووری محمد ئەمین، (٢٠١٥)، ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

١) إبراهيم أنيس، (١٩٧٦)، دلالة الألفاظ، الطبعة الثالثة، مكتبة الأنجلو، المصرية.
٢) احمد مختار، (١٩٨٢)، علم الدلالة، الطبعة الأولى، مكتبة دارالعروبة للنشر و التوزيع، الكويت.
٣) أف. أر. بالمر، (١٩٨١)، علم الدلالة، ترجمة، مجيد عبدالحليم الماشطة، كلية الأدب، الجامعه المستنصرية.
٤) بنعيسى عسو أزاييط، (٢٠١٦)، الوجيز فى علم الدلالة، الطبعة الأولى، مطبعة الأمنية، الرباط، منشورات دار الأمان.
٥) رولان بارث، (١٩٨٧)، مبادىء فى العلم الأدلة، ترجمة، محمد البكري، الطبعة الثانية، دار الحوار للنشر و التوزيع، السورية.
٦) ستيفن اولمان، (١٩٩٧)، دور الكلمة فى اللغة، ترجمة، كمال محمد بشير، مكتبة الشباب.
٧) فردينان دى سوسور، (١٩٨٥)، علم اللغه العام، ترجمة، يوئيل يوسف عزيز، سلسلة كتب شهرية تصدر عن دار افاق عربية، عنوان، افاق العربية- بغداد.
٨) محمد على الخولى، (٢٠٠١)، علم الدلالة، دار الفلاح للنشر و التوزيع، الأردن.
٩) محمد محمد يونس، (٢٠٠٧)، المعنى و ظلال المعنى، الطبعة الثانيه، دار المدار الأسلامى.
١٠) منقور عبدالجليل، (٢٠٠١)، علم الدلالة، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

**سەرچاوە فارسیەکان:**

١) فاطمه مدرسیی، (١٣٨٦)، اواج تا جمله، فرهنگ زبانشناسی-دستوری، چاپ اول، نشر چاپار، تهران.

٢) کامبیز محمود زاده، (١٣٩٤)، فرهنگ زبانشناسی کاربردی، چاپ اول، انتشارات علمیه تهران.

٣) کورش صفوی، (١٣٨٧)، درآمدی برمعنی شناسی، چاپی سوم، انشارات سوره مهر، تهران.

٤) محمد راسخ مهند، (١٣٩٤)، فرهنگ توصیفی مکاتب زبانشناسی، چاپ دوم، انتشارات علمی، تهران.

٥) محمد دبیر مقدم، (١٣٨٦)، زبانشناسی نظری، پیدایش و تکوین دستور زایشی (ویرایش دوم) سمت، چاپ دوم، تهران.

**English References:**

1) Aitichison. Jean, (1992), Linguistics, Fourth edition, British Library Cataloguing in Publication Data.

2) Chomsky. Noam, (2012), the science of Language, First Published, Printed in the United Kingdome at the University Press, Cambridge.

3) Chomsky. Noam, (1985), Syntactic Structures, Fourteen Printing, Printed on acid free paper.

4) Chomsky. Noam, Halle. Morris, (1968), the sound pattern of English, Printed in the United States of America.

5) Crystal. David, (2008), Dictionary Of Linguistics and Phonetics, Sixth edition, Black wall Publishing Ltd.

6) Clark.John and Yallop. Colin, (1999), An introduction to Phonetics and phonology, second Edition, backwall Poblishers, Ltd.

7) Cowie. Antonymy, (2013), Semantics, Fifth Published, Printed in the Spain by Orymu. S. A.

8) Finch. Geoffery, (2005), key conception language and linguistics, second editions, printed in Great Britain by Creative print and design (Wales) Ebbw Vale.

9) Jackendoff. Ray, (1983), Semantics and Cognition, The MIT press, Cambridge, Massachusetts London, England.

10) Jacobson. Pauline, (2014), Compositional Semantics, First Edition, Printed and bound by (UK) Ltd.

11) Karim Nazari Bagha, (2011), Generative Semantics, Published by Canadian Center of Science and Education.

12) Katz. Jerrold J and Postal. Paul M, (1964), An Integrated Theory of Linguistic Description (Cambridge, MA: The MIT Press, 1964)

13) Katz. Jerrold. J. Fodor, Jerry. A, (1963), the structure of a semantic Theory, Published by Linguistic, Society of America.

14) Leech. Geoffrey, (1981), Semantics, Second edition revised, by Richard clay Ltd.

15) Lobner. Sebastian, (2002), understanding semantics, Distributed in the united states Of America by oxford university press in New York.

16) Lyons. John, (1979), Semantics, Volume2, reprinted, Printed in Great Britain at University press, Cambridge.

17) Lyons. John, (1990), Language and Linguistics, Twice reprinted, Printed in Great Britain at University press Cambridge.

18) Lyons. John, (1996), Linguistic semantics, Cambridge university press.

19) Lyons. John, (2009), Semantics, Volume 1, Cambridge University.

20) Misbah Mohmood, (2016), Semantic and Pragmatics, Copyright Lebanese French University, Erbil, Kurdistan.

21) Parker. Frank and Riely. Kathryn, (2012), Linguistic, fifth Edition, Printed in the United State Of America.

22) Roach. Peter, (2010), English Phonetics and Phonology, Fourth editions, printed in the United Kingdom at university Press.

23) Saeed. John. I, (2009), semantics, Third editions, Blackwell, Publishers Ltd.

24) Yule. George, (2010), The Study of Language, Fourth edition, printed in the United Kingdom at the university press Cambridge.

**Internet Resource:**

25) Katz. Jerrold. J. (2005), https//www.researchgate.net/publication/ 287491126. 15/11/2020

26) wikizero.com/ckb/ زانیاری

27) wiki<https://ckb.m.wikipedia.org.

28) babet<https://hojan.org.

**حكومة إقليم كوردستان – العراق**

**وزارة التعليم العالي و البحث العلمي**

**جامعة رابرين**

**كلية التربية... القسم اللغة كوردديية**

# تحليل العلاقات الدلالة بحسب نظرية السمات الدلالية

رسالة

**محمد قادر محمدامين**

مقدمة الى مجلس كلية التربية... قسم اللغة كوردديية في جامعة رابرين كجزء من متطلبات نيل شهادة الماجستر في اللغة الكوردية/لغة

بإشراف

**أ. م. د. شيروان حسين حمد**

**١٤٤٣ هـ** **٢٧٢١ ك.** **٢٠٢١ م.**

# الخلاصة

البحث هو تحت عنوان (تحليل العلاقات الدلالية بحسب نظرية السمات الدلالية) فهذا تدخل في مجال علم الدلالة. الرسالة خصصت لتحليل بعض العلاقات الدلالية بحسب نظرية السمات الدلالية، لأن هذا البحث ليعمل على المبدأ الذي كيف وبأي شكل يمكن أن يعين المميزات المتركبة لكل واحد عن العلاقات. كان البحث هو في إطار اللهجة الكرمانجية الوسطى من اللغة الكردية. ومنهج البحث هو عبارة من نهج وصفي تحليلي. بهدف معالجة أزمة تداخل علاقات الدلالية، ويتابع اختلاط الحدود فيما بينها لكل واحد منها، وبهدف التشخيص وعلاج تلك الأزمة والإعاقة، ويتخذ إحدى النظريات منطلقا له كي يعين في طريقه طبيعة كلا من العلاقات وحدودها.

البحث باستثناء المقدمة والخاتمة وقائمة المصادر والمراجع، يحتوي على ثلاثة أقسام: **القسم الأول** تحت عنوان( علاقات الدلالي وعلاقة المضمون والظاهر) على العموم هو مضمون الجانب النظري للبحث و يحتوي عدة مباحث ومنها المفهوم والتعريف للعلاقات الدلالية ونوع لكل واحدة من هذه العلاقات الدلالية مثل: (المشترك اللفظي، والتعدد في المعانى، والترادف، والتضاد، والتقابل المعاني، والإشتمال، علاقة الجزء بالكل، اختلاف المعنى، الجنس، الفصل) و**القسم الثاني**: تتضمن هذا القسم النظريه الرئيسية للبحث و اسمها، و اهمية النظرية في تأويل و تفسير المعاني تحت عنوان (نظرية السمات الدلالية و تحليل الدلالي) و تحتوي على عدة بحوث. **القسم الثالث:** هو الجانب التطبيقي للبحث بعنوان (نظرية السمات الدلالية وتحليل علاقات الدلالية)، في هذا القسم تمت الإشارة بشكل عملي الى كل من العلاقات والنوع والأمثلة لهذه العلاقات بحسب مميزاتها وتم تحل كل واحد منها.

Kurdistan Reiginal Government

Ministry of Higher Education and Scientific Studies

The Head of the Raparin University

Collage of Education/ Kurdish Language Department

# Invistigation of Semantic Relations Based on the Semantic Features Theory

This is Letter that

**Mohammed Qadir Mohammedamin**

Dedicated to the Collage of education/ Kurdish language Department, Raparin University as a part of the requirments to obtaining master degree in Kurdish Language.

**Supervisor**

**A.P. Sherwan Hussain Hamad**

2021 ad 2721 Kurdish

# Abstract

The research is entitled of (analysis of semantic relations based on the semantic features theory). It goes into the field of semantics. The research is dedicated to analysis and rectifies some of the semantic relations, according to the semantic features theory. Because this research works on that base in which how and in what way we can determine the feature makers of each relation. This research is in the frame of Kurdish language and dialect of middle Kurmanji. The research method is the method of description analysis. The research is intended to solve the problem of interfering semantic meanings combinations, and mixture of each borders, in a way that for solving this problem take one of the theories as the base, till based on that determine the nature and the border of each relations.

Except the introduction, result and list of the resources the research consist of three sections. **Section one**: entitle of (semantic relations and internal and external relations), in general includes the theatrical side of the research and consist of some issues, among them: concept and definition of semantic relations, the type of each one of the semantic relations such as (Homonymy, Polysemy, Synonymy, Antonymy, Semantic Opposition, Hyponymy, Meronymy, Incompatible, member collection, Portion mass)

**Section two**: It is dedicated to pointing to the main theory of the research and the basis and importance of the theory in analysis of the meaning. Under the title of (the theory of features and analisis of meaning), it contains some basis.

**Section three**: The practical side of the research, entitled of (theory of features and investigating of semantic relations). In this section in a practical way mentioned each of the relations and the format and example of these relations, and according to their features they have been investigated and analized.